# گەڕانەوەیەك بۆ سەرەتاكانی ئیسلام

# گەڕانەوەیەك بۆ سەرەتاکانی ئیسلام


## کورت فریشلر

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

## حەمەی حەمە سەعید

پێداچوونەوە و پێشەکی

شوان ئەحمەد


سلێمانی ٢٠٠٣

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی سەردەم ژمارە (٢٣٣)**

# گەڕانەوەیەك بۆ سەرەتاکانی ئیسلام

**بابەت: مێژوویی**

**نوسینی: کورت فریشلر**

**وەرگێڕانی: حەمەی حەمە سەعید**

**پێداچونەوەی: شوان ئەحمەد**

**تیراژ: ٥٠٠دانە**

**ژمارەی سپاردن: ٨٦ ی ٢٠٠٣**

www.sardam.net

# ناوەڕۆك


| | | |
|---|---|---|
| | پێشەکی | ٩ |
| | ڕونکردنەوەی وەرگێڕی فارسی | ١٣ |
| ١ | ڕای بەرپرسی پۆلیسی نهێنی مەعاویە دەربارەی ئامادەکردنی ئەم سەرگوزشتە | ١٧ |
| ٢ | ژنە جوان و گەنجەکەی ئەبوبەکر لەنێوان مردن و منداڵ بووندا. | ٢٠ |
| ٣ | ئەوشەوە کە عائیشە لە دایك بوو، لەماڵی محەمەد (د.خ) چ خەبەر بوو. | ٢٤ |
| ٤ | لێکۆڵینەوە لەگەڵ ( شنفرە ) شاعیری ناسراو دەربارەی عائیشە. | ٣٥ |
| ٥ | ئەوکاتەی محەمەد (د.خ) بانگەوازی خەڵکی کرد بۆسەر دینی ئیسلام . | ٤٥ |
| ٦ | کۆچی دوایی ( خەدیجە ) هاوسەری پێغەمبەر (د.خ). | ٦٢ |
| ٧ | زەماوەند و شوکردنی حەزرەتی فاتمە ( ع ). | ٧١ |
| ٨ | نەخۆشی و کۆچی دوایی کچی پێغەمبەر (د.خ). | ٧٩ |
| ٩ | داواکردنی عائیشە. | ٨٥ |
| ١٠ | هەوڵی کوشتنی پێغەمبەر (د.خ) لەماڵی خوادا. | ٩٠ |
| ١١ | شوکردنی عائیشە بە محەمەد (د.خ). | ٩٩ |
| ١٢ | محەمەد (د.خ) و ئەبوبەکر لە ئەشکەوت دا. | ١١٠ |
| ١٣ | پێش بینیەکانی پێشەوای یەهودیان سەبارەت بە پێغەمبەری ئیسلام و هاوسەرەکەی. | ١٢١ |
| ١٤ | ئەو شەوەی کافرەکان عەلی ( ع ) یان لە باتی محەمەد (د.خ) بینی. | ١٣٥ |
| ١٥ | شێوەی ژیانی عائیشە لە مەدینەدا. | ١٣٩ |
| ١٦ | مشت و مڕی یەهودیەکان لەسەر وشەی ڕەحمان. | ١٤٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٧ | هۆی خۆشەویستی عائیشە. | ١٥١ |
| ١٨ | پیشەكارانی ئێرانی لە خزمەت موسڵماناندا. | ١٥٦ |
| ١٩ | نامەی پێغەمبەری ئیسلام بۆ پادشای ئێران. | ١٦٢ |
| ٢٠ | ڕووداوی معراج. | ١٦٦ |
| ٢١ | عومەری كوڕی خەتاب. | ١٧١ |
| ٢٢ | ئەوژنانەی كە موسڵمانانیان لە ڕەگەز خستنەوە خست. | ١٧٥ |
| ٢٣ | دروست كردنی تۆمەتی ناڕەوا بۆ عائیشە و سەلماندنی بێ گوناهی ئەو. | ١٨٢ |
| ٢٤ | كێشەی ون بوونی عائیشە و دابەزینی چەند ئایەت سەبارەت بە پاكی ئەو. | ١٩٨ |
| ٢٥ | پەیوەندیكردن بە حسەینی كوڕی عەلیەوە. | ٢٠٧ |
| ٢٦ | وردەكاری شەهید كردنی عەلی كوڕی ئەبوتالب ( ع ) لە زمانی حسەینی كوڕییەوە. | ٢١٧ |
| ٢٧ | چۆن چۆنی كوڕی ئەبوبەكریان بە لێوی تینوەوە سەربڕی. | ٢٢٧ |
| ٢٨ | شەڕی قوستەنتەنیە ( ئەستنبوڵ ). | ٢٣٣ |
| ٢٩ | ژن هێنانەكانی تری پێغەمبەری ئیسلام (د.خ). | ٢٤٠ |
| ٣٠ | نێردراوانی پێغەمبەر (د.خ) لە دەرباری ڕۆم دا چیان چاو پێكەوت. | ٢٥١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣١ | فەرمانی زۆر لێ نەکردن و تەنگەتاونەکردنی یەهودیەکان و نەسرانیەکان. | ٢٧٢ |
| ٣٢ | ژیانی سادەی پێغەمبەر (د.خ). | ٢٧٧ |
| ٣٣ | نەخۆشی و کۆچی دوایی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ). | ٢٨٣ |
| ٣٤ | وتوێژ لەسەر جێ نشینی پێغەمبەر (د.خ). | ٢٩٦ |
| ٣٥ | لێکۆڵینەوە لەگەڵ ( عبدالله )ی سەرۆکی هۆزی ( خزرج ) دا | ٣٠٣ |
| ٣٦ | راپۆرتی لێپرسراوی دەزگای نهێنی مەعاویە دەربارەی دەست بەسەرکردنی عائیشە. | ٣١٥ |
| ٣٧ | وتوێژی عەلی و ئەبوبەکر دەربارەی عائیشە. | ٣١٩ |
| ٣٨ | عومەری کوڕی خەتاب چۆن بە خەلافەت گەیشت. | ٣٣١ |
| ٣٩ | لەوپەڕی سادەیدا عومەر گەیشتە ( بيت المقدس ). | ٣٣٧ |
| ٤٠ | نامەی فەرماندەی سوپای ئیسلام سەبارەت بە گرتنی میسر. | ٣٤٦ |
| ٤١ | نامەی سەعدی وەقاص دەربارەی گرتنی ئێران. | ٣٥٠ |
| ٤٢ | ناڕێك و پێکی سەربازانی عەرەب لە دیمەشقدا. | ٣٦٢ |
| ٤٣ | خزمەتی کەشتیوانانی ئێرانی بە ئیسلام | ٣٦٧ |
| ٤٤ | عائیشە داوای لە عومەر کرد مووچەی زیاد بکات. | ٣٧١ |
| ٤ | چۆنیەتی کوشتنی (عومەر)، لە زمانی سەلمانی فارسیەوە. | ٣٧٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥ | | |
| ٤ ٦ | عومەری كوڕی خەتابیان چۆن كوشت؟ | ٣٨٨ |
| ٤ ٧ | هەوڵدانی عائیشە بۆ بە خەلافەت گەیشتنی عوسمان. | ٤٠٤ |
| ٤ ٨ | هەڵسانی خەڵكی ئازەربایجان دژی عەرەب. | ٤١٣ |
| ٤ ٩ | ئایەتەكانی قورئان چۆن كۆكرانەوە؟ | ٤٢٠ |
| ٥ ٠ | سەرەتای تێكچونی عائیشە لە گەڵ عوسمان. | ٤٢٦ |
| ٥١ | شۆڕشی خەڵكی، دژی عوسمان و كوشتنی. | ٤٣٤ |
| | گەمارۆدانی خەلیفە و كوشتنی لە كۆشكەكەیدا. | ٤٤٢ |
| ٥ ٢ | سەرەتاكانی خەلافەتی عەلی كوڕی ئەبوتالب. | ٤٥٠ |
| ٥ ٣ | چۆنیەتی كوشتنی عوسمان و تالاَن كردنی (بیت المال). | ٤٦٣ |
| ٥ ٤ | خەلافەتی عەلی كوڕی ئەبوتالب. | ٤٧٦ |
| ٥ ٥ | سەرەتایی موخالەفە لەگەڵ خەلافەتی (عەلی)دا. | ٤٧٦ |
| ٥ ٦ | جەنگی (جەمەل). | ٤٩٤ |
| ٥ ٧ | جەنگی (صفین). | ٥٠١ |
| ٥ | موحاكەمە و كۆچی دوایی عائیشە. | ٥٠٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ۸ | | |

# پێشەكی

مێژووی ئیسلام هەمیشە جێگای سەرنج و بایەخپێدانی مێژوونووسان و لێكۆڵیار و ئەو قەڵەمانە بووە كە سەرقاڵی هەڵسەنگاندن و تاوتوێكردنی ئیسلام بوون، وەك یەكێك لە مەزنترین ئایینە یەكتاپەرستییەكانی سەرگۆی زەوی. لەم سەروبەندەشدا یەكێك لەو لایەنانەی بە درێژایی چوار سەدەی رابردوو بە مێژووی دوور و درێژی ئیسلام و گەلانی ئیسلامییەوە خەریك بووە، رۆژئاوا بووە..

رۆژئاوا لە رێی گەڕیدە زۆر و زەوەندەكانی و لە رێی پرۆژەی رۆژهەڵاتناسیەوە، هەوڵێكی بێوچانی داوە و كاتێكی زۆری بە خەرج داوە، بۆئەوەی شارەزاییەكی تەواو لەسەر ئیسلام و كلتور و مێژووی ئایینی ئیسلام پەیدا بكات و لە ورد و درشتی نهێنییەكانی ئەو پەیامە ئاسمانییە تێبگات كە خۆی وەك تەواوكەری هەموو ئایین و پەیامە ئاسمانییەكان نیشان دەدات.

ئەم كتێبەش بەرهەمی پرۆژەی رۆژهەڵاتناسیە و هەوڵێكە لە لایەن رۆژهەڵاتناسی ئەڵەمانی "كۆرت فریشلەر"ەوە، بۆ ئاشنابوون بە قۆناغێكی دیاریكراوی مێژووی ئیسلام كە قۆناغی لە دنیادەرچوونی پێغەمبەری ئیسلامە (د.خ)، تا سەردەمانی حوكمڕانی "مەعاویەی كوڕی ئەبو سوفیان". ئەڵبەتە، ئەگەرچی ئەم قۆناغە قۆناغێكی كورتە بە بەراورد بە مێژووی چواردە سەدەی ئیسلام، بەڵام نكوڵی لەوە ناكرێت كە ئەو ماوە كورتە بە یەكێك لە هەرە قۆناغە گرنگ و چارەنووسسازەكانی مێژووی ئیسلامی دەژمێردرێت.

گرنگ و چارەنووسساز بەو مانايەى كە ئەو قۆناغەيە دواجار كۆى مێژووى ئيسلامى ڕەنگڕێژ دەكات و تەواوى ئەو ناكۆكى و ململانێ و دابەشبوونە مەزهەبى و شكڵ گرتنەى ئيسلام هەم وەك كلتور و هەم وەكى ترداسيۆن، لەو قۆناغ و سەردەمەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئەوەى لەم ماوە مێژووييەشدا "كۆرت فريشلەر" بە شێوەيەكى تايبەت لە سەرى ڕادەوەستێت و هەڵوێستەى لە ئاستدا دەكات، ئەو ڕۆڵە ديار و بەرچاوەيە كە "عايشە"ى خێزانى پێغەمبەر (د.خ) لە بوارى سياسەتدا گێڕاويەتى و نيشاندانى نەخشى ئەوە لەسەر دياريكردنى ئاڕاستەى ڕووداوەكان لە كاتى لە دنيادەرچوونى پێغەمبەرى ئيسلامەوە (د.خ)، تا سەردەمانى "مەعاويەى كوڕى ئەبو سوفيان".

بۆ هەموو ئەوانەى دەيانەوێت بە شێوەيەكى زانستى و بە ئينسافەوە باس لە مێژووى ئيسلامى بكەن و حوكم بەسەر ڕووداوەكانى ناو ئەو مێژووەدا بدەن، پێويستى زۆريان بە خوێندنەوە و تاوتوێكردنى ڕوداو و بەسەرهاتەكانى ئەو مێژووە هەيە، بە تايبەت قۆناغەكاتى سەرەتا و ئەو سەردەمە گرنگ و پڕ ڕوداوانەى كاريگەرى ديار و چارەنووسسازيان لەسەر سەرتاپاى مێژووى ئيسلامى هەبووە. زۆرێكى زۆر لەم كتێبانە، بە تايبەتى ئەوانەى بە پێنوسى كەسانى پسپۆڕ و شارەزا نوسراون و بە شێوەيەكى ئەكاديميانە خۆيان لە قەرەى ئەو مەسەلانە داوە، تا ئێستا بۆ زۆر لە زمانە زيندووەكانى جيهان وەرگێڕدراون و وەك سەرچاوەگەلێكى دەگمەن و ناوازە كتێبخانەى زۆر لە ميللەتانى دنيايان ئاوەدان كردۆتەوە و دەرگاشيان بە ڕووى زۆر لە ڕاستى و ڕووداوى مێژووى گرنگدا كردۆتەوە، كە بەبێ بوونى ئەو كتێبانە كارێكى لەم جۆرە ئەستەم بوو.

ئەم كتێبەى ڕۆژهەڵاتناسى ئەڵەمانيش "كۆرت فريشلەر"، يەكێكە لەو سەرچاوە گرنگانەى پەنجەرەيەكى ديكەمان بەسەر مێژووى پڕ لە ڕووداوى ئيسلاميدا بۆ دەكاتەوە و بە ماجەراى قۆناغێكى چارەنووسسازى ئەو

ئاینەمان ئاشنا دەكات. لەم ڕووەوە هەوڵی كاك "حەمەی حەمە سەعید" بۆ وەرگێڕانی ئەم كتێبە لە زمانی فارسیەوە بۆ سەر زمانی كوردی جێگەی دەستخۆشیە. بە تایبەت كە كتێبخانەی كوردی لە بوونی ئەم جۆرە سەرچاوانەدا زۆر فەقیرە و بۆشاییەكی زۆری پێوە دیارە.

بە ئومێدی ئەوەی ئەم كتێبە خزمەتێكی تر بە خوێنەر و كتێبخانەی كوردی بكات و گفتوگۆی جدی و بە بڕشت بخاتەوە...

**شوان ئەحمەد**

٢٠٠٣/٥/١

## ( ڕونكردنەوەی وەرگێڕی فارسی )

ئەم كتێبە كە پێشكەش بە خوێنەرانی بەڕێز دەكرێت، پێكهاتووە لە هەموو ڕووداوەكانی دنیای ئیسلام، لەكاتی لە دنیا دەرچوونی حەزرەتی محەمەد (د.خ) تاسەردەمی خەلافەتی مەعاویەی كوڕی ئەبوسوفیان. لەڕاستیدا ئەم كتێبە لە ڕووی مێژووییەوە تەواوكەری كتێبێكە بەناونیشانی (محمد پیغمبری كە از نوباید شناخت)، هەركەس ئەو كتێبەی خوێندبێتەوە دەبێت ئەمەش بخوێنێتەوە.

ئەم كتێبە لە زمانی (ثابت بن ارطاة) سەردەستەی پۆلیسی نهێنی مەعاویەوە تۆمار كراوە، لە جیهانی ئیسلامدا مەعاویە یەكەمین خەلیفەیە كە پۆلیسی نهێنی دامەزراند.

بەو شێوەیە لە بابەتەكانی ئەم كتێبەوە تێدەگەین كە دایكی موسڵمانان و هاوسەری نێردراوی خودا (د.خ) لە هەموو ڕووداوە سیاسییەكانی دوای لە دنیا دەرچوونی محەمەد (د.خ) ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستی هەبووە، لەبەرئەوە ناوی (عائیشە بعد از پیغمبر)م بۆ ئەم كتێبە هەڵبژارد.

(( ڕوون كردنەوە: ئەمە ڕەئی زەبیح الله خۆیەتی- چونكە ئەو شیعە مەزهەبەو ناوی ئەسڵی ئەم كتێبە بە زمانی ئەڵمانی ( عائیشە هاوسەری خۆشەویستی پێغەمبەرە) وەرگێڕی كوردی)).

شێوەی ڕێكخستنی بابەتەكانی ئەم كتێبە بە جۆرێكە كەخوێنەر هیلاك ناكات، بە پێچەوانەوە دوای هەربابەتێك حەزدەكات بابەتی دواتر بخوێنێتەوە.

لەناو ئەم كتێبەدا بابەت هەن بۆ ئێمە تازەن، چونكە لەسەرچاوەیەكەوە وەرگیراون دەستی ئێمەیان پێ ناگات. بەشێكی زۆر لە كتێبەكانی ئێمە لە سەردەمی (سەفەویەكانەوە) تا ئەمڕۆ لە ئێراندا براونەتە دەرەوە، لە

مۆزەخانــەکانی ڕۆژئــاوادا دانــراون و (کــورت فریشــلر) نوســەری ئــەڵمانی ئــەم بیرەوەریــە مێژوویی‌یانــەی لەوانــەوە وەرگرتــووە، لەگــەڵ ئەمەشــدا کــەڵکی لــە سەرچاوەی تر وەرگرتووە.

ئەم کتێبە پێش ئەوە بە جیا چاپ بکرێت، لەناو گۆڤاری ( خاندنیها ) دا بلاّو کراوەتەوە، کاتی بلاّو بوونەوەی لەلایەن خوێنەرانی بەڕێزەوە ئاگاداریان کردین کە جیاوازی مێژوویی هەیە لەهەندێ ڕووداوی ئەم ناوەرۆکەدا.

لەوانە ( زید بن حارث ) خولاّمی ئازاد کراوی محەمەد (د.خ) لە شەڕی ( موتە ) دا لەساڵی هەشتەمی هیجریدا کوژراوە و لە ژیاندا نەماوە تا لەسەردەمی خەلافەتی مەعاویەدا ( ثابت بن ارطاة ) لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکات. سەلمانی فارسی لە ساڵی (٣٥) ی کۆچیدا مردووە، لەدەورەی خەلافەتی مەعاویەدا نەماوە تا زانیاری خۆی پێشکەش بە ( ثابت بن ارطاة ) بکات.

من لە کاتی بلاّوکردنەوەی ئەم کتێبەدا ڕوونکردنەوەیەکم لەو گۆڤارەدا بلاّوکردەوە و ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم: مێژووی مردنی بەشێك لە مەعاریفینی ئیسلام لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا جیاوازی تێدایە. ئەم جیاوازیانە بە ئەندازەیەکە تەنانەت سەبارەت بە مێژووی لە دنیا دەرچوونی محەمەد (د.خ) ئێمەی شیعە دەڵێین پێغەمبەری ئیسلام لە ثلثی سێ‌هەمی مانگی سەفەردا کۆچی کردووە، موسڵمانانی تر دەڵێن مێژووی لە دنیا دەرچوونی محەمەد (د.خ) لە ثلثی سێ‌هەمی مانگی ربیع الاول دا بووە. جیاوازی مێژووی کۆچی هەندێ لە سەرناسانی ئیسلام لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا وەك هەندێ لە هاوسەرەکانی پێغەمبەر (د.خ) دەگاتە پەنجا ساڵ.

( کورت فریشلر ) لەبارەی ( زید بن حارث ) و (سەلمانی فارسیەوە) کەڵکی لەو سەرچاوانە وەرگرتووە کە مێژووی مەرگی ئەوانیان دواتر دیاری کردووە، ئاسایی‌یە ئێمە ڕێز لە ڕای هەندێ لەو ڕەخنەگرانە دەگرین، چونکە ناتوانین نەڕای ئەوان ڕەد بکەینەوە نە ڕای نوسەری ئەم کتێبە.

( كورت فریشلر ) نوسەری ئەم كتێبە ئەڵمانییە و بە ئەڵمانی نوسیویەتی، بەلاّم من لە ناوەڕۆكی ئینگلیزی ئەم كتێبە كەڵكم وەرگرتووە. ناونیشانی ئەم كتێبە بە زمانی ئەڵمانی بەم شێوەیەیە ( عائیشە هاوسەری خۆشەویستی محەمەد). هیچ كتێبێك نییە بەدەربێت لە ڕەخنە، ئەمەش بەهەمان شێوە. بەلاّم ئەو زانیاریانە لەم كتێبەدا كۆكراونەتەوە بەشێوەیەكی زۆر ڕەنگاوڕەنگن كە ڕەخنەگرانی بە ئینساف دانی پێدا ئەنێن. خوێندنەوەی ئەم زانیاریانە كە ڕووداوی سەردەمی خولەفای ڕاشیدینن تا سەردەمی مەعاویە، زۆر گرنگ و بەكەڵكن لەگەڵ ئەو نەخشانەی دایكی موسڵمانان هەیبوە لە هەموو ڕووداوەكانی ئەو سەردەمەدا وە گەنجێگە لە هەواڵ و مێژووی سەردەمی كۆچی محەمەد (د.خ) تا سەردەمی خەلافەتی مەعاویە كە تائێستا زۆر كەس نەی بیستووە.

**ذبیح الله منصوری**

## ڕای بەرپرسی تەشكیلات....

مـن كـە نـاوم ( ثابـت بـن ارطـاة )ە لەسـەردەمی خەلافـەتی مەعاویـەی كـوڕی ئەبوسوفیان دا ، بەرپرسی پۆلیسی نهێنی ئەو بووم. ئەمەی لێرەدا بەیانی دەكەم بریتی‌یـە لـەو نوسـینانەی لەسـەردەمی بەرپرسـایەتیم دا دەرم هێنـاون یـان ئـەو بابەتانەن كە بەگوێی خۆم بیستومە، لەو كەسانەی لێكۆڵینـەوەم لەگـەڵ كـردوون. جێگەی كاری من ( دیمەشق )بوو كە ناوەندی خەلافەتی مەعاویە بوو، لەوكاتـەدا بەرپرسـی نهێنـی بـووم، زۆرتـر لەگـەڵ مەعاویـەدا پەیوەنـدیم هـەبوو، پێكـەوە سـەبارەت بـەكاری جیاجیا قسـە و باسمـان دەكـرد. كاتێك بـۆ كارێك لـە دیمەشـق دوور دەكەوتمەوە، بەهۆی تەتەرەوە كە سواری حوشتری مێ بوو لەگەڵ مەعاویەدا نامەمان دەگۆڕیەوە.

ڕۆژێـك لـە دیمەشـق مەعاویـە بـانگی كـردم، وتـی مـن لـە بـارودۆخی مەدینـە نیگـەرانم و ئـەو هـەواڵ و ڕاپۆرتانـەی تـا ئێسـتا پێـت داوم سـەبارەت بـە مەدینـە خـەیاڵی مـن ئاسـودەناكەن. تـۆ دەڵێیـت نـابێ لـە عائیشـە بترسـم، لەگـەڵ ئەمەشـدا لەچەند سەرچاوەكی ترەوە هەواڵم بۆ دێت كە دەبنەهۆی نیگەرانی و ترس بۆ من.

تـۆ دەزانـی (ئەبوسـوفیان)ی بـاوكی مـن پیاوێـك بـوو بـە پشـودرێژ و قارەمـان، پێش ئەوەی بمرێت پێی وتم ئەی مەعاویە: من ئەوەندەی لە عائیشە ئەترسم لە جەهەنمی خوا ناترسم، چونكە عائیشە ژنێكە جوان، خاوەن هـۆش و ئیرادە و لـە ئیشەكانیشـیدا. قـایم كاتێك نیـاز دەهێنـێ كارێك جێبـەجێ بكـات دانانیشـێ تـا تەواوی نەكات.

ئەمە قسەی باوكم بوو بۆ من كە جێگەی ڕێزە. ماوەیەك لەمەو بەر لەنامەیەكدا بۆ منت نوسیوە ئەگەر من ڕازی بم ئەتوانی بەهۆی غولامێكەوە كە ئیسلام نیە و لە دەزگـا نهێنی‌یەكـەی تـۆدا كاردەكـات عائیشـە تـیرۆر بكـەیت، چـونكە مەحاڵـە

كەسێكی موسڵمان ڕازی بێت بە تیرۆر كردنی دایكی موسڵمانان. من لە وەڵامی تۆدا نوسیم نامەكەی تۆ بەڵگەیە بۆئەوەی عائیشە خاوەنی جەماوەرێكی گەورەیە، چونكە لە دنیای بەربڵاوی ئیسلام دا ناتوانرێت كەسێك پەیدا بكرێت ڕازی بێت بە كوشتنی عائیشە، نیشانەی ئەوەیە هەموو موسڵمانان بوونی ئەو بە پیرۆز دەزانن.

ئەمڕۆ هەر موسڵمانێك لە هەر خاڵێكی جیهانی ئیسلامیەوە بڕوات بۆ مەدینە، تا ساتێك لەلای گۆڕ پێغەمبەری ئیسلام دا ئارام بگریٚ، خۆی بە بەرپرس دەزانیٚ تا سەر بدات لە ماڵی ( عائیشە ) دایكی موسڵمانان و ببینیٚ.

ماڵی عائیشە لە مەدینەدا دەزگایەكی خەلافەتە و ڕێك و پێك ترە لە دەزگای خەلافەتی من، بیستومە چەند هەزار كەس لە دەور و بەری عائیشەدان ئامادەن بۆ جێبەجێكردنی فەرمان و خزمەت كردنی.

ئەی ( ثابت بن ارطاة ) شێوەی بیركردنەوەی تۆ وەك بیركردنەوەی باوباپیرانی ئێمەیە كەلە بیابانەكانی عەرەبستاندا لە ژێر دەواردا ژیاون و شیری حوشتریان خواردووە، تۆ وەك باوباپیرانی دەشتەكی ئێمە بیردەكەیتەوە كە بۆ چارەسەركردنی هەركێشەیەك پەنایان بۆ شمشێر بردووە و خوێنیان ڕشتووە. لەگەڵ ئەوەشدا هەمووكاتێك شمشێر چارەسەری كێشەناكات، ئێمە ئەمڕۆ ناتوانین عائیشە بكوژین، چونكە ئەوەندە پاسەوانی هەیە مەحاڵە تیغی بكوژ بگاتە ئەو. با وای دابنێین كە ئەتوانین بیكوژین، ئەوە جگە لەوەی هەموو ئیسلاممان كردۆتە دژی خۆمان چ كارێكی ترمان نەكردووە، عائیشەش بكوژرێت هەمووان دەزانن من كوشتومە و هەموو موسڵمانان ڕقمان لێهەڵدەگرن.

من پێت دەڵێم: شمشێر و خوێن ڕشتن بخەرە لاوە، چونكە چەكێكە ئەمڕۆ كار لە عائیشە ناكات.

دەبیٚ وەك ئێرانیەكان و ڕۆمیەكان سیاسەت بكەین، كە بەشمشێر شەڕ لەگەڵ نەیاری خۆیاندا ناكەن، بەڵكو لە پێشەوە هەوڵ ئەدەن دەستیان بگاتە لای نەیارەكە و خاڵی لاوازی بدۆزنەوە، دوای ئەوەی خاڵە لاوازەكانیان دەستنیشان كرد و ئیتر بەچەند هێرشێك لەناوی دەبەن.

بۆ لەناوبردنی نەیار، دەبێت نەیارەکەت بناسی. ئێمە عائیشە ناناسین و زانیاری تۆش لەسەر عائیشە کەبەرپرسی دەزگای نهێنی منی، لە زانیاری کەسێك کە ئەوەتا لە بازاڕی دیمەشقدا ڕێ دەکات زیتار نیە.

عائیشە ئەمڕۆ لە بەرچاوی ئێمەدا وەك ئەو ئەهرامانەیە کە من لە میسردا دیومە و وەك کێو دێتە بەرچاو. من ئەو ئەهرامانەم بینی درزێکی تێدا نەبوو، نەمتوانی بزانم چۆن دروست کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئەهرامە یەکسەر لە زەوی‌یەوە دەرنەهاتووە، بەڵکو بەرە بەرە بنییان ناوە و بەرز کردووەتەوە.

ئێمە لەبەرئەوەی زانیاریمان لەسەر ڕابووردووی دایکی موسڵمانان نیە، ئەو وەك ئەو هەڕەمە دێتە پێش چاومان، بەڵام ئەگەر لە سەر ڕابووردوی ئەو زانیاری بەدەست بهێنین، ئەوکات تێدەگەین چۆن دەبێت ئەو بکوژین. لەبەر ئەوە من تۆ ڕادەسپێرم لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ڕابوردوی دایکی موسڵمانان بکەیت، زانیاری کۆ بکەرەوە و بیناسە و پەیوەندی بکە لە گەڵ ئەوکەسانەی لە نزیکەوە و لە کۆنەوە عائیشە دەناسن.

من فەرمان ئەدەم لە خەزێنەی خەلافەت تا پەنجا هەزار دینار بخەنە ژێر دەستی تۆ، تا لە پێناوی ناسینی عائیشەدا سەرفی بکەیت و ڕابووردویشی بەهۆی جارچی و خەتیبەکان و کەلام خوێن و کەسانی ترەوە، وەك ئێرانیەکان و ڕۆمیەکان سیاسەت بکەین و عەیبە و کەم و کورتیەکان بگەیەنینە خەڵك. ئەوەی ئەمڕۆ وەك کێو بەرچاو دەکەوێت، بلەرزێنین و کە لەبەرچاو موسڵمانانیشدا ناشیرین بوو، ئیتر ئەوکات دەتوانین بەهۆی شمشێرەوە لەناوی بەرین.

## ژنە جوان و گە نجەكەی ئەبوبەكر لە نێوان مردن و منداڵ بوون دا

یەكەم كەس لە لایەن منەوە لێكۆڵینەوەی لەگەڵدا كرا ژنێكی مامان بوو بەناوی ئەسماء كچی (ام عمرو)، لەبەر ئەوە لێكۆڵینەوەم لەگەڵ كرد. دایكی (ام عمرو) مامانی عائیشە بووە، شاهیدی چۆنیەتی لەدایك بوونی بووبوو.

من دوای وەرگرتنی فەرمانی مەعاویە تێگەیشتم ئەو كاتێك دەیەوێت كەسێك بناسێت، وەك ئێرانیەكان و ڕۆمەكان لێكۆڵینەوە لەسەر ئەو كەسە لە دەورەی منداڵیەوە دەست پێ دەكات.

ئەسماء كە ئەمڕۆ ژنێكە مامان، قسە بۆ من دەكات و دەڵێ: دایكم (ام عمرو) مامان بوو، لە نێوان ئەو ژن و پیاوانەدا ئەمڕۆ لە مەككەدا دەژین كەم كەس هەیە بە یارمەتی دایكم لە دایك نەبووبێ دایكم جگە لەوەی مامانی دەكرد، كیژۆڵەكانیشی خەتەنە دەكرد. لەو ڕۆژەوە دایكم (ام عمرو) دەناسم، جگە باسی ئاوس بوونی ژنان و خەتەنەكردنی كچان هیچی ترم لێنەبیستووە.

دایكم لەگەڵ هەركەسدا قسەی دەكرد سەبارەت بەم دووشتە ئەدوا، هەركاتێكیش هاودەمی نەبوایە لەگەڵ مندا كە منداڵ بووم ئەم قسانەی دەكردەوە. بەجۆرێك من لە منداڵییەوە دەمزانی لە ژنانی ئاوسدا هەندێكیان بەهۆی تایبەتمەندی لەشەوە بەئاسانی منداڵیان دەبێت و هەندێكی تر لە كاتی منداڵ بووندا دووچاری مەترسی دەبن. ڕۆژێك غولامێك لەلایەن ئەبوبەكرەوە هات بۆ ماڵمان و وتی بەدایكم: مەولام داوای كردووە بێیت بۆ ماڵیان و زەینەبی ژنی سەیر بكەیت. ئەوكات من حەوت ساڵان بووم، دایكم بۆ هەركوێ دەڕۆیشت منی لە گەڵ خۆی دەبرد و ئەو كەل و پەلانەی لەكاتی مامانیدا بەكاری دەهێنان هەڵم دەگرتن.

زەینەب ژنی ئەبوبەکر زۆر جوان بوو، من هەرچەندە منداڵ بووم دەمزانی یەکەم جارە منداڵی دەبێت. جوانی زەینەب لەگەڵ جوانی ژنانی مەککەدا جیاوازی هەبوو، چونکە زەینەب خەڵکی میسر بوو. ئەبوبەکر لە ئەسکەندەریە ئەوی هێنابوو. دایکم دوای ئەوەی تەماشای زەینەبی کرد بە ئەبوبەکری وت: ئەم ژنەی تۆ کاتی منداڵ بوون تووشی مەترسی دەبێت، چونکە مەسافەی نێوان ئێسقانی ئەو کەمە. من ئەتوانم لەشی ئەو لەت بکەم و منداڵەکەی بە زیندویی لێدەربهێنم، بەلاّم خۆی دەمرێت.

دایکم زیرەك بوو، دەیتوانی لەشی ژنی حامیلە بدڕێت تا ساوا بە زیندوویی بێتە سەردنیا. ئێستا هەندێ پیاو لە مەککەدان، بەوجۆرە بەدەستی دایکم لە دایك بوون. کاتێك ئەبوبەکر زانی زەینەب دووچاری مەرتسی دەبێت لە کاتی منداڵبووندا زۆر شڵەژا، لەبەرئەوە ژنە جوانەکەی زۆر خۆش دەویست. لەبیرم دێ ژنانی مەککە دەچوونە ماڵی ئەبوبەکر تا سەیری جوانی زەینەب بکەن.

ئەبوبەکر بە دایکمی وت (ام عمرو) من پیاوێکی دەستەلاّت دارم چەندە زێڕت بوێ ئەدەمێ، بە مەرجێك زەینەب بە سەلامەتی منداڵەکەی لێدەربهێنرێت و خۆی بمێنێ. بەلاّم دایکم نەیدەتوانی ئەو بەڵێنەی بداتێ. ئەو ڕۆژە تێپەڕی و دایکم خەریکی کاری ئاسایی خۆی بوو، ڕۆژانی دواتر ڕۆژی واتە (٢٣ )ی مانگی ڕەمەزان پێش نیوەڕۆ غولاّمێك لەماڵی ئەبوبەکرەوە هات و بە دایکمی وت: زەینەبی خێزانی ئەبوبەکر ژانی هەیە و دەبێ زوو بێیت بۆ ماڵی مەولام.

من هەستام و دایکم بوخچەی کەل و پەلی کارەکەی دایە دەستم، لەگەڵ دایکم بە بەر هەتاودا بە کۆلاّنەکانی مەککەدا کەوتینە ڕێ بۆ ماڵی ئەبوبەکر و کاتێك گەیشتینە ئەوێ لەزەتم لە فێنکی ناو ماڵەکە بینی، سەیرم کرد زەوییەکە فەرش کراوە و شمشێر و قەڵغانی جوان بە دیوارەکاندا هەڵواسرابوون.

چونکە نیوەڕۆ بوو دایکیشم مامانی باش بوو، ئێمەیان بردە ژوورێکی تر و گۆشتی مەڕو خورما و ماستیان داینێ. لە مەککەدا ڕێ و ڕەسم وایە مامان پێش دەست بەکار بوونی کارەکەی خواردنی باشی ئەدەنێ، بۆ ئەوەی بتوانێ بە چاکی

كارەكەی بكات. كاتێك ئێمە خەریكی نانخواردن بووین چەند جارێك هاواری زەینەب بەرگوێمان كەوت دایكم هیچ گوێی نەدایە تاتەواو خواردنمان خوارد.

كاتێك ژن منداڵی دەبێت نابێت پیاوان لەو جێگەیەدا بن، بەڵام كاتێك من و دایكم چووینە ژوورەكەی زەینەب تێگەیشتم ئەبوبەكر لەوێیە، بەڵام لە پشتی پەردەیەكدا وەستابوو. زەینەبیان لەسەر جێگەیەكی نەرمدا خەواندبوو، من هەرچەندە بچوك بووم دەمزانی بەرگی ئەو جێگە نەرمە ئاوریشمە، چونكە لە ماڵی دەوڵەمەندەكانی مەككەدا ئاوریشمم بینی بوو دەم ناسی. كەنیزەیەكی ڕەش پێستی تەمەن منداڵ لەلای جێگەكەی زەینەبدا دانیشتبوو، ئەو بە باوەشێنێك كەلە لق و پۆپی دارخورما دروست كرابوو باوەشێنی زەینەبی دەكرد.

پاش چوونە ژوورەوە دایكم سەیری زەینەبی كرد و وتی: تەختێك بهێنن و زەینەب هەڵسێنن و لەسەر ئەو تەختە ڕای كشێنن، خزمەت كارەكەی ئەبوبەكر تەختێكی هێنا و زەینەبیان بە جێگەكەیەوە بەرز كردەوە و لەسەر ئەو تەختە خەواندیان.

زەینەب جار جار دەیناڵاند و سەرەجوانەكەی خۆی كە خاوەنی زوڵفی خورمایی بوو بەلای ڕاست و چەپدا ئەجوڵاند و دوایی ئارامی دەگرتەوە، چونكە ژن لەكاتی منداڵ بووندا ئازاری بەردەوام نیە مەگەر ئەو سەعاتەی ساواكە بێتە دەر. تا ڕۆژ لە ناوەڕاستی ئاسماندا بوو دایكم هیچ كارێكی نەكرد، جگە لەوەی جار جار دڵی زەینەبی ئەدایەوە. پاش ئەوەی خۆر لە ئاسمان ئاوابوو، دایكم بەهاوكاری چەند كەس لە خزمەت كارەكانی ماڵی ئەبوبەكر زەینەبیان بەست بەو تەختەوە لە سەری ڕاكشابوو. زۆری نەبرد شەوی بیست و چوارەمی مانگی ڕەمەزان هاتە پێش. پاشان ئازار بەسەر زەینەبدا زاڵ بوو بۆ یەك سات ئارامی نەبوو. دایكم لە لای تەختەكەی زەینەبدا هەستاو چووە نزیك ئەو پەردەیەی ئەبوبەكری لە پشتەوە وەستابوو، لەسەرخۆ و هێواش پێ‌ی وت: مەولای من وەرە بۆ دواجار هاوسەرەكەت ببینە، چونكە من ناچارم بۆ ئەوەی ساواكە بە زیندویی دەربهێنم، بەم چەقۆ پۆڵاینەی لە دیمەشق دروست كراوە زەینەب لەت بكەم،

ئەبوبەکر لە پشت پەردەکەوە دەرچوو هاتە پێش بۆ نزیك زەینەب و لەوکاتەدا ئەوەند ئازاری هەبوو نەیدەزانی ئەبوبەکر نزیکیەتی، دایکم لەناو ئەو بوخچەیەی من هەڵمگرتبوو چەقۆ گەورە و زۆر تیژەکەی دەرهێنا و خۆی ئامادە کرد بۆ هەڵدڕینی زەینەب.

ئەبوبەکر وتی ئەی (ام عمرو) ئەتەوێ چی بکەیت؟ وتی دەمەوێ زەینەب هەڵدڕم بۆ ئەوەی ساواکە بە زیندوویی ڕزگارکەم. ئەبوبەکر بە شڵەژاوی وتی: شتی وا نەکەی. دایکم وتی ئەگەر ئەم کارە نەکەم هەردووکیان دەمرن هەم ساواکەو هەم دایکی، بەڵام بەم کارەی من ساواکە دەمێنێ و دایکی دەمرێ. وتی ئەی (ام عمرو) ئەگەر ئەم هاوسەرەم بمرێت، تۆ بە زیندویی لەم ماڵە ناچیتە دەرەوە، دایکم هیچ ترسی لەم وتەیە نەبوو، چونکە دەیزانی ئەو پیاوانەی کاتێ هاوسەرەکانیان دووچاری ترس دەبن لەکاتی منداڵبووندا ئەو هەڕەشانە دەکەن، بەڵام دوایی جێبەجێی ناکەن، چونکە دەزانن مامان گوناهی نیە.

دایکم چەقۆکەی خستەوە ناو بوخچەکە و پیێ وت: مەولای من ژنەکەی تۆ و ساواکەی هەردوکیان لەوپەڕی مەترسیدان بمرن، من ناتوانم هاوسەرەکەت ڕزگار بکەم، بەڵام دەتوانم ساواکە بە سەلامەتی ڕزگار بکەم دوا بڕیاری خۆت بدە چی بکەم؟ وتی من ڕازی نیم زەینەب بە دەستی تۆ بکوژرێت، وەك بڵێیت ئومێدێکی پەیدا کردووە وتی دەبێ ئاگاداری خەدیجە بکەین. دایکم وتی: کام خەدیجە دەڵێیت، ئەبوبەکر لە وڵامدا وتی: خەدیجە خێزانی محەمەد ئەمین (د.خ) هەستە بڕۆ بە خەدیجە بڵی بێت تا ئێرە، بەڵکو بتوانێت زەینەب لە مردن ڕزگار بکات. دایکم ئەم قسەی پیێ ناخۆش بوو، چونکە دەیزانی خەدیجە مامان نیە و لەکاری مامانی هیچ نازانێ. دایکم نەیدەویست ڕازی بێت بە هاتنی خەدیجە، چونکە دەیزانی شارەزا نیە، بەڵام ئەبوبەکر وتی: من نامەوێ لە مامانی خەدیجە کەڵك وەرگرم چونکە دەزانم ئەو مامان نیە، بەڵام ئەو خاوەن نەفەسێکی گەرمە و دەستێکی سوکی هەیە، کاتێك دەچێتە سەر سەرینی نەخۆش، نەخۆشەکە وا هەست دەکات چاك بووەتەوە و کاتێکیش لە تەنیشت ژنی حامیلەوە دەوەستێ

ئەو ژنە بەبێ ترس منداڵەکەی دەبێت. جا لەبەر ئەوە من داوات لێدەکەم بڕۆ داوای لێبکە بێ ساتێك دواکەوتن بگاتە ئێرە، بەڵکو زەینەب لە مردن ڕزگار ببێت.

دایکم بانگی کرد ئەسماء وەرە بڕۆ بۆ ماڵی خەدیجە و بڵی زەینەب لە مەترسیدایە و ئەبوبەکر داوات دەکات، وەرە بۆ ئێرە. من دەمزانی ماڵی خەدیجە لە کوێیە و ناوی هاوسەرەکەیم محەمەد ئەمین (د.خ) بیستبوو، دەمزانی بازرگانەو زیاتر ئاوریشم دەفرۆشێت.

خەدیجە ژنێك بوو لەو بەروارەدا پەنجا ساڵە و دایکی چوار کچە. دایکم (ام عمرو) مامانیان بووە، ئەوکات من لە دایك نەبووم. خەدیجە ژنێکی میهرەبان و بەردەوام جل و بەرگی زەردی دەپۆشی، چونکە دەیزانی محەمەد ئەمین (د.خ) حەزی لە ڕەنگی زەردە. بە کۆڵانە تاریکەکانی مەککەدا بە ڕاکردن چووم بەرەو ماڵی خەدیجە.

## شەوێك كە عائیشە لە دایك بوو، لە ماڵی محەمەد (د.خ) چ خەبەر بوو

کاتێك گەیشتمە ماڵی خەدیجە پیاوێك کە بۆنێکی خۆشی لێوەدەهات دەیویست بچێتە ئەو ماڵەوە. پیاوەکە باڵایەکی ناوەنجی هەبوو، ئاگای لێ نەبوو منیش دەمەوێ بچمە ئەو ماڵەوە. من تا ئەوکاتە محەمەد ئەمینم (د.خ) نەدیبوو، هەستم کرد ئەو پیاوە (محەمەد ئەمین)ی (د.خ) هاوسەری خەدیجەیە.

لە پشتی محەمەدەوە (د.خ) وەستابووم دەم و چاویم نەدەبینی، بەڵام بەڕێگە ڕۆیشتنەکەیدا هەستم دەکرد کە ماندووە. چووە ناو حەوشەکەوە من لە تەنیشتی‌یەوە چوومە ناو حەوشەکە، بینیم محەمەد (د.خ) بەرە و لای ئەو ژوورە دەڕوات کەمن گومانم هەبوو ژنەکان لەوێ دانیشتبن. دەنگی پێی محەمەد (د.خ) هات و خەدیجە ئاگادار بوو بەرە و دەرگای ژوورەکەهات، چاوم لێبوو کاتێك محەمەد (د.خ) گەیشتە ئەوێ ئەوەندە ماندووبوو نەیتوانی بوەستێ، خەدیجە خۆی گەیاندێ و دەستی گرت و وتی ئەی محەمەد (د.خ) چیتە؟ بۆچی وا بەم

شێوه پەرێشانی، ئایا هەست بە نەخۆشی دەکەیت؟ تۆ قەت دوای گەڕانەوە لە ئەشکەوت تووشی ئەم حاڵەتە نەبوویت. (مەبەست ئەشکەوتی حەڕایە).

محەمەد (د.خ) وتی ئەی خەدیجە من زۆر جار دەچمە ئەشکەوت وام لێ نەهاتووە، بەڵام ئەمجارە ڕووداوێکی سەیر لە ئەشکەوتدا بۆ من پێش هات، فریشتەیەك خۆی پێشاندام. خەدیجە کاتێك ئەم قسانەی بیست دەستی خستە سەر دەم و چاوی و وتی تۆ زۆر ماندویت دەبێت پشوو بدەیت و خۆشحاڵم کە هەست بە تای تۆ ناکەم. وەرە تا جێگەت بۆ ڕاخەم، ئومێدەوارم پاش پشوودان باش ببیت و ماندویەتیت دەرچێت. خەدیجە مێردەکەی بردە ژوورێکەوە منیش چوومە ناو ئەو ژوورە. محەمەد (د.خ) ئەوەندە هیلاك و ماندوو بوو خەدیجە شانی گرت و لەسەر خۆ دانیشت و بەڕێز و خۆشەویستی‌یەوە پی‌ی وت (دان بەخۆتدا بگرە) بکە تا جێگەت بۆ چاك بکەم، ئایا تینو و برسی نیت؟ محەمەد (د.خ) وەڵامی دایەوە نەء. خەدیجە ویستی لە ژورەکە دەربچێت بۆ هێنانی جێگا لەو کاتەدا من کەوتمە بەر ڕووناکی چراکە و بینیمی، پێی وتم تۆ کچەکەی (ام عمرو) نیت؟ وتم بەڵی دایکم منی ناردووە لە لایەن ئەبوبەکرەوە دەڵێ پێی بڵێ بەبێ دواکەوتن بگاتە ماڵی ئەبوبەکر. پرسی بۆچی دایکت داوای کردووە من بێ دواکەوتن بگەمە ماڵی ئەبوبەکر؟ وتم لەبەر ئەوەی زەینەب خێزانی ئەبوبەکر ناتوانێ منداڵەکەی ببێ، لە وانەیە بمرێ، لە بەر ئەوەی دەستی تۆ شفا بەخشە بەڵکو لە مردن ڕزگاری بکەیت.

چونکە ئەوکات منداڵ بووم نەمئەتوانی بەم شێوە قسە بۆ خەدیجە بکەم، بەڵام مەبەستەکەم تێ گەیاند.

بە جۆرێك خەدیجە مێردەکەی خۆش دەویست هەرچەند گوێ‌ی لەم قسانەی من بوو زانی زەینەب لە مەرتسی مردن دایە ڕووی لە من وەرگێڕاو گەڕایەوە بۆ لای محەمەد (د.خ) بە خۆشەویستی‌یەوە پی‌ی وت هەر ئێستا جێگەی خەوت بۆ ئامادە دەکەم، ئەو کات لە ژوورێکی تەنیشتەوە جێگەی بۆ ئامادە کرد و یارمەتی دا تا محەمەد (د.خ) هەستێ و بڕوات بۆسەر جێگەکەی. تا ئەوکات محەمەد (د.خ)

لەتاو هیلاكی كەوشەكانی دانەكەندبوو، خەدیجە كەوشەكانی لەپێ داكەند و عەباكەی لەسەر شانی كردەوە و بردی بۆ ژوورەكەی تر و لەسەر جێگەكەی دایپۆشی، ئینجا گەڕایەوە بۆ ئەوژوورەی منی لێ بووم.

وام زانی خەدیجە ئامادەیە تا پێكەوە لەماڵ دەرچین و بەرەو ماڵی ئەبوبەكر بڕۆین بەڵام ئەو بانگی كرد ڕوقیە ...... ڕوقیە ......ئەم زانی ڕوقیە كچی دووەمی خەدیجەیە و جوانی هەموویانە، ڕوقیە دووچاوی ڕەش و هەردوو زوڵفی ڕەش و درێژ و مەوج مەوج بوون، زۆرم حەز دەكرد زوڵفەكانم وەك ئەوەی ڕوقیە بونایە. خەدیجە بە ڕوقیەی وت ئەبوبەكر ئەم كچەی ناردووە بە دوام دا كچی ( ام عمرو ) تا بچم بۆ ماڵیان، چونكە زەینەب تووشی منداڵ بوونی نائاسایی بووە و هیوادارم ئامادە بوونی من لەو ماڵەدا ببێتە هۆی منداڵ بوونەكەی بە سەلامەتی، بەڵام تامن دەگەڕێمەوە ئاگات لە باوكت با ئەم كچەش لێرە بێت لای تۆ بێت تا من دێمەوە بە دایكی دەڵێم دڵگران نەبێت بۆ كچەكەی. وام زانی خەدیجە لە گەڵ خۆیدا دەمباتەوە بۆ ماڵی ئەبوبەكر، مانەوەی من لە ماڵی ئەواندا چاوەڕوان نەكراوبوو دەبوو من ڕازی نەبم. بە پێچەوانەوە دڵخۆش بووم، چونكە دەم زانی تا ئەو دەگەڕێتەوە من كات لەگەڵ ڕوقیەدا بەسەر دەبەم و زیاتر سەیری زوڵفە جوانەكانی دەكەم.

بەڵام هەر دوای دەرچوونی خەدیجە ویستم لەگەڵ ڕوقیەدا قسە بكەم، كەچی ئەو كچە پەنجەی خستە دەم و بە هێواشی وتی قسە نەكەی بێ دەنگ بە باوكم دەیەوێت بخەوێت، قسە كردنی تۆ دەبێتە هۆی خەو پێدا نەكەوتنی.

هەرچەندە ڕوقیەم خۆش دەویست و ئەمویست قسەی لەگەڵدا بكەم، بەڵام نەم وێرا و هەردوكمان بێ دەنگ بووین. من كەوتمە بیری زەینەبەی ژنی ئەبوبەكر و دایكم، ئەترسام زەینەب بمرێت و ئەبوبەكر دایكم بكوژێت.

بەڵام ئومێدەواریش بووم مادام قەدەمی موبارەكی خەدیجە لەوێیە زەینەب بە سەلامەتی ڕزگاری بێ و منداڵەكەی ببێ. كاتێك لە بیری دایكمدا بووم لەناكاو لەو ژوورەوە كە محەمەد (د.خ) لێی خەوتبوو، دەنگی لەبەیك بەرزبووە و من و ڕوقیە گوێمان گرت و بیستمان دووبارە وتی لەبەیك ........ لا اله الا الله.

من لە بیستنی ئەو دەنگە ترسام چونکە نەم دەزانی چۆن محەمەد ئەمین (د.خ) باوکی ڕوقیە لە کاتی خەوتندا قسە دەکات، بەلاّم دوایی تێگەیشتم محەمەد (د.خ) لەخەودا نییە و هەستاوە و کەوشەکانی کردە پێ و عەباکەی دابە شانداو جارێکی تر وتی لەبەیك ...... لا الە الا الله کەوتە ڕێ. ڕوقیە زانی باوکی لەماڵ دەرئەچێ، پرسی بابە بۆکوێ؟ دایکم تۆی بە من سپاردووە و وتوویەتی ئاگام لێت بێت، بەلاّم محەمەد (د.خ) وەك ئەوەی گوێی لە دەنگی کچەکەی نەبووبێ دووبارەی کردەوە لەبەیك ...هاتم ...هاتم پێێ نایە ناو حەوشەکەوە لە حەوشەکەش دەرچوو، ڕوقیەش دوای کەوت. منیش نەمتوانی تەنها لەو ماڵەدا بمێنم کەوتمە دوای ڕوقیە هێشتا مانگ هەڵنەهاتبوو، بەلاّم ڕووناکی ئەستێرەکان کۆلاّنەکانی مەککەیان ڕووناك کردبووە. لەبەرئەوەی شارەزای هەموو کۆلاّنەکان بووم، کەڵکم لە ڕووناکی ئەستێرەکان وەردەگرت. هەروا ڕۆیشتین تا لەناو شاری مەککەدا دەرچووین و کەوتینە دەشت. من گەیشتبوومە لای ڕوقیە و پێکەوە هەنگاومان دەنا، جار جار دەنگی محەمەد (د.خ) دەهات. ئاشکرا بوو ئەو قسە دەکات، بەلاّم ئێمە نەماندەزانی لەگەڵ کێ قسە دەکات. کەس نەبوو یان ئەو کەسە دیار نەبوو ئێمە ببینین. کاتێك گەیشتینە دەشت محەمەد (د.خ) ڕۆیشتنی خێرای دەست پێ کرد، ڕوقیەش بە دوایدا و منیش بەدوای ڕوقیەدا. جارجار سەرم بەرز دەکردەوە تابزانم لە کام لاوە مانگ هەڵدێت و بیابان ڕووناك دەکاتەوە، جار جاریش محەمەد (د.خ) لێمان دیار نەدەما. من نەمدەزانی ئەو شەوە لە شەوەکانی کۆتایی مانگە و مانگ دەمەو بەیان هەڵدێت. پرسیم ڕوقیە بەم تاریکییە بۆ کوێ؟ وتی دایکم پێش ئەوەی بڕوات باوکمی بە من سپاردووە و ناتوانم تەنها بەجێی بهێڵم، دەبێ بیگەمێ و ئەو ئاگام لێی بێ، وتم لەم بیابانە تاریکەدا نایدۆزینەوە با بگەڕێینەوە، ڕوقیە وتی دەزانم باوکم بۆ کوێ دەچێت لەبەرئەوە ئەیدۆزینەوە. کەمێکی تر ڕێگەمان بڕی و کێوێك دەرکەوت، ڕوقیە وتی باوکم لەسەر ئەو کێوەیە. وتم باوکت بەم شەوە بۆ دەچێتە سەر ئەو کێوە؟ وتی لەوێ ئەشکەوتێکی لێیە باوکم بۆ ئەوێ چووە. پاشان ڕوقیە ویستی بچێتە سەر

کێوەکـە، مـن ترسـام وتم کچـیّ بـا نـەڕۆین گیانلەبـەری دڕنـدە دەمـان خـۆن. وتـی مەترسـە لێـرەدا گیـان لەبـەری دڕنـدە نـین. دەسـتی گـرتم و چـووینە سـەرکێوەکە (دانیشتوانی مەککە بە گردۆڵکەش دەڵێن کێو).

کاتێك گەیشتینە سەر کێوەکە چاومان کەوت بە محەمەد ئەمین (د.خ) ڕوقیـە بـە منی وتبوو لەوێدا ئەشکەوتێك هەیە و باوکی لە ئەشـکەوتەکەدا ئەبینینـەوە، بـەڵام محەمەد(د.خ) لەپـەنا ئەشـکەوتەکەدا لـە سـەر بـەردێك دانیشـتبوو هـەردوو دەسـتی بـەرز کردبـووەوە بـەرەو ئاسـمان. هەنـدیّ شـتی دەوت لەبـەر ئـەوەی ئێمـە لێیـەوە دووربووین نەمان دەزانی چی دەڵێت، من سـەیرم کـرد محەمـەد(د.خ) بـەبیّ ئـەوەی هـەردوو دەسـتی دابنـیّ ڕوو وەردەگێـڕی بـۆ هـەر چـوارلای جیهـان و سـەیری هـەر چــوارلای ئاسمــان دەکــات. ســەیربوو بــەو تاریکــە شــەوە مــن لــە ڕوونــاکی ئەستێرەکاندا دەم و چاویم دەبینی، بـە هێواشـی وتم ڕوقیـە دەبینـی، دەم و چـاوی باوکت چ ڕوناکـە؟ وتـی بـەڵیّ هـەرگیز وا بـە ڕونـاکی نـەم دیـوە. مـن لـە جوڵـەکانی محەمەد (د.خ) دەترسام بـە جۆرێك خـۆم دابـووە پـەنای ڕوقیـە، ڕوقیـە بـانگی کـرد باوکە ......باوکـە چـی دەکـەی بۆچـی نەگەڕێینـەوە مـاڵ بخـەوی. ئـەم شـەو کـاتی پشـودانی تۆیـە دەبـیّ بخـەوی دەنـا نـەخۆش دەکـەوی، بـەڵام محەمـەد (د.خ) وەك گـوێی لیّ نـەبیّ هـەروا دوودەسـتی بـەرەو ئاسمـان بـەرز کردبـووەوەو ئـەو شـتانەی دەیوت من حاڵی نەدەبووم کێیان؟

ڕوقیە لەمن دوورکەوتەوە و چووە نزیك باوکیەوە، گوێم لیّ بوو پـیّی دەوت بابە بۆچی نەگەڕێینەوە ماڵ و بخەوی ...... بەڵام دووبارە وەڵامی نەدایەوە وەك بڵێـی گـوێی لیّ نـەبووە. مـن نـەموێرا بـڕۆم بـۆلای ڕوقیـە و نزیـك ببمـەوە لـە محەمـەد ئەمین(د.خ) جگە لـەوەش لـەم لاوە دەترسـام کاتێـك لـەو تاریکیـەدا سـەیری ئـەم لاو ئەولام دەکرد وەك ئەوەبوو گیان لەبەرانی دڕندە لە کـەمین دابـن و پـەلامارم بدەنیّ. ڕوقیـە گـەورە تـر بـوو نەدەترسـا، نزیـك بـاوکی بـوەوە و هـەردوو دەسـتی گـرت و چاوم لێبوو هەردوو دەستی دانایەوە و وشەی ناڵە ئاسایەك لە دەمی دەرچوو. من دەنگـی ناڵـەی محەمـەدم (د.خ) دەبیسـت، چـاوم لێبـوو ڕوقیـە دانەویـەوە و چـەند

ساتێك سەیری باوكی دەكرد، پاشان وتی باوكم لە هۆش چووە. من لە ترسا نەمتوانی خۆم بگرم وتم ڕوقیە ....من دەترسم وەرە بابڕۆین. ڕوقیە وتی من ناتوانم باوكم بەتەنها جیٚ بهێڵم، چونكە لە هۆش خۆی چووە و ئەگەر تۆ ناتوانی لێرە بمێنیتەوە بگەڕێرەوە.

وتم بەتەنها ناتوانم ئەترسم، ئەبیٚ تۆ لە گەڵمدا بیت تاشار. من لەبەر ترس و لەبەر دڵ تەنگی دەستم كرد بە گریان، لە لایەكەوە لەو كێوە دەترسام و لە لاكەی ترەوە ترسی دایكمم هەبوو ئەبوبەكر بیكوژێت، چونكە وتبووی زەینەبی خێزانی بمریٚ دایكم دەكوژیٚ. لەوكاتەدا دەگریام ئاگام لێنەبوو ڕوقیە هەوڵ ئەدات باوكی بهێنێتەوە هۆش. لەبەر گریان و لەبەر تێپەڕبوونی بەشێكی شەو خەوم پێدا كەوتبوو. كاتێك خەبەریان كردمەوە خەدیجە و ئەبوبەكرم بینی وام دەزانی ماڵی خەدیجە یان ماڵی ئەبوبەكرە. كاتێك سەیری دەورو بەرم كرد و چاوم كردەوە سەیرم كرد هەر لەسەر كێوەكەین. من نەم دەزانی چی بووە خەدیجە و ئەبوبەكر بۆ هاتوون بۆ ئەویٚ، لەگەڵ خەدیجەم بینی ڕام كرد بۆلای و چاكی كراسەكەیم گرت و پرسیم دایكم زیندووە یان نا؟ وتی نەترسی دایكت زیندووە، محەمەد ئەمین (د.خ) هاتبووە وە هۆش بەلاٌم زۆر ماندو بەرچاو دەكەوت لە قسە كردنی خەدیجە و ئەبوبەكر و ڕوقیەدا تێگەیشتم بۆچی هاتوون بۆ ئەویٚ.

ئەو شەوە كاتیٚ خەدیجە ویستویەتی لەماڵی ئەبوبەكر بگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆیان، ئەبوبەكر لەگەڵیدا هاتووە بۆ ئەوەی تا ماڵی محەمەد ئەمین (د.خ) ڕەوانەی بكات. كاتیٚ دەگەنە ماڵ سەیر دەكەن نە محەمەد (د.خ) و نە ڕوقیە كەسیان لە ماڵەوە نین، خەدیجە لە كەنیزەكەیان دەپرسیٚ محەمەد (د.خ) و ڕوقیە كوان و ئاسما چی لێهات؟ وەلاٌمی دابوەوە كە محەمەد (د.خ) لە ماڵ دەرچووە و ڕوقیە بەدوایدا و ئەسماش دوای ڕوقیە كەوتووە و تا ئێستاش نەگەڕاونەتەوە. خەدیجە بە ئەبوبەكری وتبوو بێشك محەمەد (د.خ) بۆ ( جبل النور ) ڕۆیشتووە كە ئەشكەوتی حەراء لەویٚیە و مادام ڕوقیە و ئەسما نەگەڕاونەتەوە ئەترسم شتێك ڕووی دابیٚ. بیٚ دواكەوتن ئەبوبەكر دوو وشتر دەگریٚ و هەردووكیان سوار دەبن و

دێن بۆ ئەو كێوە. لە خوارەوە وشترەكان دەخەوێنن و خۆیان سەردەكەون، من لەسەر ڕێگاكەیاندا بووم خەبەرم دەكەنەوە. زانیم محەمەد (د.خ) لە گەڵ بینینی ئەبوبەكر و خەدیجە لەو كێوەدا سەری سوڕما و چاوەڕێی نەدەكرد ئەوان لەوێدا ببینێ، دوایی لەنێوان خەدیجە و ئەبوبەكر و محەمەد (د.خ) گفتوگۆیەكی درێژ دەستی پێكرد سەبارەت بەو فریشتەی خوا كە ناوی جەبرەئیلە و كەلامی خوای هێناوە بۆ محەمەد ئەمین (د.خ). نەم ئەتوانی پەی بە گرنگی ئەو قسانە بەرم، چونكە تێ نەدەگەیشتم و منی هیلاك دەكرد، بەڵام دوای ئەوەی قسەكان گەیشتنە سەر زەینەبەی ژنی ئەبوبەكر گوێی خۆم كردەوە و باش دەمزانی چی دەڵێن. ئەبوبەكر وتی ئەی محەمەد (د.خ) ئەمشەو خەدیجە گیانی ژن و منداڵەكەی منی كڕییەوە، ئەگەر ئەو نەهاتایە بە بەرەكەت و سوك دەستی خۆی منداڵ بوونی زەینەبی ئاسان نەكرادایە زەینەب دەمرد، بە لاّم بەداخەوە كچمان بووە و بە تەمام بەیانی زیندەبەچاڵی بكەم.

محەمەد (د.خ) فەرمووی ئەی ئەبوبەكر ئەو كارە نەكەی، من بۆ خۆم باوكی چوار كچم و هەرچواریانم وەك گیانی خۆم خۆش دەوێت. هەروەك چۆن كوڕ عەزیزە كچیش بەهەمان شێوە عەزیزە، ئەگەر كچ نەبوایە من و تۆ چۆن دەبووین. تا كچ نەبێت، ژن نەبێت پیاو چۆن دەبێت. پاشان محەمەد (د.خ) بە زەردەخەنەوە وتی ئایا كچەكە جوانە یان نا؟ ئەبوبەكر وتی جوانە، بەلاّم نیشانەیەكی سەرسوڕهێنەری هەیە ئەویش ئەوەیە موی سەری پڕە و ڕەنگیان سوری خەنەییە، من وا هەست دەكەم هەر سەدساڵ جارێك لە ناوئێمەی عەرەبدا منداڵێكی وا لە دایك دەبێت كە موی سەری پڕ و خەنەین.

محەمەد (د.خ) وتی ئەی ئەبوبەكر پێ و قەدەمی ئەم منداڵە بە موبارەك بزانە، چونكە ئەم كچەی تۆ لە شەوێكدا لە دایك بووە كە جارێكی تر جەبرەئیل لە منەوە دەركەوت. پاش ئەم قسانە لە كێوەكە گەڕاینەوە و ئەبوبەكر وشترەكەی خۆی دایە محەمەد (د.خ) سوار بوو.

خەدیجەش سواری وشترەکەی خۆی بوو من لە پێشەوە و ڕوقیە لە دوایەوە بەرەو شار کەوتینە ڕێ هەرچەندە منداڵ بووم، بەڵام ئەو شەوە تێگەیشتم کە ئەبوبەکر زۆر ڕێزی محەمەد (د.خ) دەگرێت. هەرچەندە پیاوێکی دەوڵەمەند بوو بەڵام وشترەکەی خۆی دا بە محەمەد (د.خ) و خۆی پیادە ڕێگای شاری گرتە بەر. کاتێ گەیشتینە شار ئەبوبەکر پێی داگرت دەبێ وشترەکان بچنە بەردەرگای ماڵی محەمەد (د.خ) و لەوێ دابەزن، پاش دابەزینی ئەوان ئەبوبەکر سواری وشترێکیان بوو منیشی‌لە باوەشی خۆیدا دانا و وشترەکەی تری بەست بەمەی ژێریەوە و گەڕاینەوە بۆ ماڵی خاوەن وشترەکان.

پاش گەیشتنمان بۆ ماڵی ئەبوبەکر من چووومە لای دایکم و سەیرم کرد هەندێك لە کەنیزەکانی ماڵی ئەبوبەکر دەوریان داوە و دەربارەی منداڵ بوونەکەی زەینەب قسە دەکەن. دایکم دەیوت ئەم شەو زەینەب بەهۆی زیرەکی و لێهاتوویی منەوە بە بێ منداڵەکەی بوو، خەدیجە خێزانی محەمەد (د.خ) بچوکترین کاریگەری نەبوە لەسەر منداڵ بونەکەی چونکە لە مامانی بێ ئاگایە.

کەنیزەکەکان قسەکانی دایکمیان تەئید ئەکرد، من سەیرێکی دایکمم کرد و زانیم شەرابی خواردوەتەوە و مەستە. ئەو کات من منداڵ بووم شەراب لە مەککەدا زۆر گران بوو، چونکە تۆش دەزانی ئەی ( ثابت بن ارطاة ) لە مەککەدا باخی مێو نیە تا بتوانن لە ترێی مەحەلی شەراب دروست بکەن.

لە دەورو بەری مەککەش دا ترێ نیە مەگەر لە ( طائف ) دا ئەویش ئەوەندە نی‌یە تا شەرابی لێدروست بکرێت. من بۆ ئیمڕۆ قسەناکەم چونکە ئەمڕۆ لە هەموو جیهانی ئیسلام دا شەراب حەرامە و هیچ موسڵمانێك شەراب دروست ناکات، تەنها قەومەکانی تری وەك یەهودیەکان و عیسایی‌یەکان کە لە ولأتە ئیسلامی‌یەکان دا شەراب دروست دەکەن، ئەو کات من منداڵ بووم هێشتا شەراب حەرام نەکرابوو.

( ڕوون کردنەوەی ذبیح الله : هەندێك لە زانایانی ئێمە لەو باوەڕەدان هەرچی لە دینی ئیسلام دا حەرام کرابێ لەوانە شەراب هەر لە سەرەتای دروست بوونی

مرۆڤەوە لە لایەن خواوەندەوە بۆ جۆرێك لە مرۆڤ حەرام كراوە هەروەها بە بڕوای زانایان شەراب حەرام كراوە بۆ یەهودی و عیسایش ).

لەو سەردەمەدا هەژارەكان نەیان ئەتوانی شەراب بخۆنەوە، چونكە توانای كڕێنی شەرابیان نەبوو ، من ڕقم بوو لە شەراب خواردنەوەی دایكم، چونكە پاش نۆشینەوەی شەراب چاوی سور و بچوك دەبوونەوە هەندێ جار لەكاتی مەستیدا بێ هۆ لە من توڕە دەبوو. بەلاّم ئەو شەوە توڕە نەبوو. بە دایكمم وت ئەمەوێ بچم كچەكەی زەینەب ببینم، وتی بۆچی ئەتەوێ بیبینی؟ وتم لە ئەبوبەكرم بیست دەڵێت موی سەری سوری خەنەییە، لەبەر ئەوە تائێستا كچی موسورم نەدیوە ئەمەوێ بیبینم. دایكم وتی زۆر باشە بڕۆ بیبینە، بەلاّم ئاگات لێبێ زەینەب و كچەكەی خەوتون پێویستیان بە خەو هەیە، ئەگەر لەو ژوورەی ئەواندا قەسە بكەیت بە خەبەر دێن، بە هێواشی چوومە پێشەوە و دەم و چاوی كچەكەم بینی زۆر سپی بوو/ بەلاّم نەمتوانی موی سەری ببینم چونكە سەری بەسترا، بوو لەبەرئەوەی لە خەو بەخەبەر نەیەت سوك گەڕامەوە دواوە و لە ژوورەكە هاتمە دەرەوە. دایكم پرسی موی سەریت بینی، بە درۆوە وتم بەڵێ بینیم.

كاتێك من و دایكم لە ماڵی ئەبوبەكر بەرە و ماڵی خۆمان گەڕاینەوە، خۆر هەلاّتبوو، پاش ئەوەی گەیشتینە ماڵ من خەوتم و كاتێك لەخەو هەستام ڕووداوی شەوی پێشووم هێنایەوە یاد بۆم دەركەوت ئەگەر خەدیجە نەچوایە بۆ ماڵی ئەبوبەكر بەرەكەتی ئەو نەبوایە زەینەب دەمرد. من دەزانم دایكم مامانێكی زیرەك و لێهاتووە، ئەگەر بڵێیت هەر ژنێكی ئاوس كاتی منداڵ بوون دەمرێت یان دەبێ بە چەقۆ لەت بكرێت تا ساواكەی دەربهێنرێت بێ شك دەبێ وابكات ئەگینا ئەو ژنە دەمرێت، شەوی پێشوو دایكم وتبووی زەینەب دەمرێت ماو نەمرد كەچی دایكم ئەیەوێت مانەكەی بخاتە ئەستۆی خۆی، بەلاّم من زانیم مانی زەینەب و منداڵەكەی هۆكەی ئامادەبوونی خەدیجە بووە لەو ماڵەدا.

دایكم منی لەگەڵ خۆیدا بردەوە بۆ ماڵی ئەبوبەكر، ئەمجارە توانیم مووی سوری خەنەیی سەری كیژۆڵەكە ببینم كە ناوی نرا بوو عائیشە، دایكم سەری

سورنەدەما لە موی سوری سەری عائیشە و دەیوت زەینەب خەڵکی ئەسکەندەریەیە و بەشێك لە خەڵکی ئەسکەندەریە لە نەژادی یۆنانیەکانن و موی سەریان یان سورە یان زەرد. هەرچەندە موی سەری زەینەب سور نیە، بەڵام یان باوکی یان دایکی یەکێکیان موی سەریان سوور بووە. ئەم مووە سورانەی عائیشە لە باپیرە یان نەنکی لەسەری دایکیەوە بە میرات بۆی ماوەتەوە.

هەرچەندە عائیشە گەورەبووایە جوانتر دەبوو، بەجۆرێك لەناو کچانی مەککەدا ئاماژەی بۆ دەکرا تا باوکی ئەوی کردە دەستگیرانی محەمەد (د.خ). ئەی (ثابت بن ارطاة) تۆ دەزانی تا خەدیجە زیندوو بوو محەمەد (د.خ) ژنی تری نەهێنا، بەڵام پاش مردنی خەدیجە چەندین ژنی تری هێنا لەوانە عائیشە. عائیشە بووبە خێزانی پێغەمبەری خوا (د.خ) منداڵی لێی نەبوو.

دوای ئەوەی ساڵێك عائیشە ژنی محەمەد (د.خ) بوو، جارجار دەچوومە ماڵی محەمەد (د.خ) تا عائیشە ببینم. دایکم مرد بوو من لەباتی ئەو مامانیم دەکرد و لەکاری خۆم دا زیرەك بووم. دوای ئەوەی موسڵمانان لەمەککەوە بۆ مەدینە کۆچیان کرد، منیش موسڵمان بوو بووم و چووم بۆ مەدینە و لەوێ عائیشەم دەبینی. چەندین هەوڵم دا عائیشە ئاوس بێت نەبوو، هەرچەندە کاتێك بووە ژنی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) لەوپەڕی جوانی و کچێنیدا بوو من دەمزانی ئاوس نەبوونی عائیشە پەیوەندی بە پێغەمبەری ئیسلامەوە (د.خ) نیە، چونکە پێغەمبەر لە خەدیجە منداڵی هەبوو.

هەرچەندە عائیشە منداڵی نەبوو، بە لام خۆشەویستی ئەو لە لای پێغەمبەری خوا (د.خ) کەمی نەدەکرد. بەڵام لەبەرچاوی ژنەکانی تردا بە جۆرێك هەڵسوکەوتی نەدەکرد لە گەڵ عائیشە تا ئەوانی تر پێیان ناخۆش بێت، چونکە پێغەمبەری خوا (د.خ) لەگەڵ ژنەکانیدا بە عەدالەت دەجوڵایەوە.

کاتێك قسەکانی ئەسماء کچی ( ام عمرو ) گەیشتە ئێرە، پێم وت ئاسماء ئەو شتانەی تۆ باسی دەکەیت دەکەیت لە نێوان موسڵماناندا زانراون و هەموو کەس دەزانێ کە پێغەمبەری ئێمە (د.خ) عائیشەی زۆر خۆش دەویست، چونکە

جوانترین و گەنج ترین ژنی بوو. ژنەكانی تری پێغەمبەری ئێمە پێش ئەوەی شوو بە محەمەد (د.خ) بكەن هەموو بێوەژن بوون، تەنها عائیشە بە كچیەتی چووە ماڵی پێغەمبەر. هەموو موسڵمانانیش دەزانن و ئاگادارن كە پێغەمبەری ئێمە لەبەر ئەوە عائیشە موی سور بوو پێی دەوت (حمیرا).

ئەو بەشەی قسەكانی تۆ كە پەیوەندیان بە وەزعی منداڵبوونی زەینەب و، هاتنی خەدیجە و سەلامەتی زەینەبە و ساواكەیبە هۆی بەرەكەت و نەفسی گەرمیەوە، بۆ ئێمە تازەن و موسڵمانان لەم ڕووداوە ئاگادارنین. بەڵام سەبارەت بەوەی پێغەمبەر (د.خ) عائیشەی خۆش دەویست و .......هتد ئەمانە بەشێكن لەو قسانەی هەموو موسڵمانان دەیانزانن و بۆ من چ كەڵكێكی نییە.

من لەبەر ئەوە لێكۆڵینەوەم لە گەڵ تۆدا كرد، چونكە مامانێك كە لە ناو عەرەبدا لەناو هەموو خێزانەكاندا مەحرەمی و هەموو سڕو نهێنییەكی كچان و ژنان دەزانن تۆ ژنێكی كچەكان خەتەنە دەكەیت و نهێنییەكانیان لە زمانی خۆیانەوە دەبیستی.

تۆ ژنێكی هاوكاری ژنانی ئاوس دەكەیت لە كاتی منداڵبووندا ئەوانە هەندێ شت بۆ تۆ باس دەكەن نە بۆ دایك نە بۆ شوەكانی خۆیان نە بۆ كەسی تر باسی ناكەن، من دەمەوێ تۆ هەندێ نهێنیم بۆ ئاشكرا بكەیت. دەبێ پێم بڵێیت ئەوكاتانەی دەچوویت بۆ ماڵی محەمەد (د.خ) بۆ چارەسەری عائیشە بۆ ئەوەی سكی بێت دایكی موسڵمانان سەبارەت بە نەخشە سیاسیەكانی چی بە تۆ دەوت؟ ئەم پرسیارەم لە ئەسماء كرد و زوو پەشیمان بوومەوە و قسەی خۆم گۆڕی، چونكە بیرم كەوتەوە ئەو كات ئەم چووە بۆ ماڵی، دایكی موسڵمانان ژنێك بووە گەنج جوان خۆشەویستی هاوسەرەكەی لەم كاتەدا ژنی وا ناكەوێتە بیری نەخشەی سیاسی، مەگەر مێردەكەی نەخشە سیاسیەكانی پێ بڵێت. پێغەمبەری ئێمە هیچ كات نەخشە سیاسیەكانی لەلای ژنەكانی باس نەكردووە، لەبەرئەوە قسەكەی خۆم گۆڕی و وتم مەبەستم ئەوەیە عائیشە لەوكاتەدا لە چ بیر و سەبارەت بە ئایندەی خۆی چی بە تۆ دەوت؟

ئەسماء وەڵامی دایەوە لەو سەردەمەدا عائیشە هیچ بیر و ئارەزوویەکی نەبوو، جگە لەوەی منداڵی بێت. ئەو شتانەی لەگەڵ مندا باسی دەکرد هەمووی پەیوەندی بە ئارەزووی ئاوس بوون و منداڵ بوونەوە بوو. دوای ئەوەش پێغەمبەری ئێمە (د.خ) کۆچی دوایی کرد ئیتر من نەچوومە ماڵی عائیشە، چونکە هیچ بیانوویەك نەبوو بچمە ماڵی.

من زانیم ئەسما بە ئەنقەست نهێنی عائیشە لای من ئاشکرا ناکات، چونکە مەحاڵە ژنێکی مامان چەندین ساڵ بچێت بۆ ماڵی ژنێك کە ئارەزووی ئەوە بێت منداڵی بێت کەچی ئاگای لە نهێنیەکانی ژنەکە نەبێت.

من لەو باوەڕەدا بووم ئەسما یان لە عائیشە دەترسیٚ و بیردەکاتەوە کە ڕۆژێك ئەم ژنە بگات بە دەستەلاٌت و ئێستا نەوێرێت هیچ بڵێت یان ئەوەیە عائیشەی زۆر خۆش دەوێت و نایەویٚ شتێك بڵێت کە بەزیانی دایکی موسڵمانان تەداوبێت.

## لێکۆڵینەوە لەگەڵ شنفرە ..................

زانیم هیچ زانیاریەکم لای ئەسماء دەست ناکەویٚ وتم بڕۆ تا کاتێکی تر. بەڕێکەوت ئەو ڕۆژە دوای ڕۆیشتی ئەسماء پیاوێك هاتە ماڵمان و داوای یارمەتی لێکردم، پرسیم تۆ کێیت؟ وتی من ناوم (شنفرە)یە و شاعیرێکی ناسراوی عەرەبم. بڕوام نەکرد ئەوە (شنفرە) بێت، من ناوی ئەوم بیستبوو دەمزانی کە شاعیرێکی دیار و ناسراوە لە شیعر وتندا، جگە لەوەش یەکێکە لە قارەمانان و پاڵەوانان. بەلاٌم چەند ناونیشانێکی هەڵدا و چەند شیعرێکی (شنفرە)ی وت و جگە لەمانەش سەبارەت بە ڕابووردوی باوکم چەند شتێکی باسکرد. من لە باوکمم بیستبوو جارێکیان کەوتووەتە داوی چەتە و ڕێگر لە بیاباندا و (شنفرە) شاعیری گەورەی عەرەب ڕزگاری کردووە. دەرکەوت حەقی بەسەرمەوە هەیە و ناسیم کە (شنفرە)یە میوانداریم کرد و لە ماڵەوە دانیشتین.

(( ڕونکردنەوەی ذبیح الله : (شنفرە) بە زمانی عەرەبی واتە تیژڕە و کەسێك خێرا ڕێگە ببڕێت، ناوی شاعیرێکی ناسراویش بووە بە جۆرێك دانشمەندی

ڕۆمانی ( كونستان – ویرژیل – گیورگیو ) لە كتێبەكەیدا بەناوی (محەمەد (د.خ) پیغمبری ازنوباید شناخت ) ناوی بردووە ).

پـێم وت تـا ئـارەزوت هەیـە لێـرە بمێنـەرەوە، وتـی مـن نـاتوانم زۆر لـە شـار بمێنمەوە دەبیٚ بچمەوە بۆ دەشت و دەر. ( شنفرە ) چەند ڕۆژێك مایەوە و پێكەوە قسە و گفتوگۆمان كرد. بیرەوەریەكانی ڕابوردوی خۆی دەگێڕایەوە، لەوانە لە گەڵ عائیشەدا لەوبارەوە قسەم لەگەڵ كرد تا دەربارەی عائیشە شتم بۆ باس بكات، شەوێك باسی ڕابوودروی خۆی كرد و وتی:-

لەسەردەمی گەنجیدا من وشترێكی سپی تیـژڕەو و شمشـێرێكی پـۆلاینی بـە بڕشـتم هـەبوو، سـەرمایەی مـن ئـەوكات ئـەو وشـتر و شمشـێرە و دەوارێـك و كونەیەكی ئاو بوو، تا لە بیاباندا لە تینویەتیدا نەخنكێم. لە بیاباندا چەتە و ڕێگر بووم درێغیم نەدەكرد لە كوشتنی ئەوانەی بیانویستایە كەل و پەل و ماڵەكەیان نـەدەن بـەمن، بۆیـە لـە مەككـە و یـەثریـب دا ( یثـرب = مەدینـە) خـەڵاتیان دیـاریكردبوو بۆسـەرم، لەگـەڵ پارەیـەكم دەسـت كەوتایـە بیابـانی بـەربڵاوی عەرەبستانم دەبڕی و خۆم دەگەیاندە شارەكانی شام تا لەوێ پارەكە لە سەیر و سـەفای خـۆم دا سـەرف كـەم لـە لای ئـەو ژنـە شـامیانەی لـە ماڵـەكانی خۆیانـدا دەژیان. لەوێ كەس منی نەدەناسی و لەگەڵ پارەكەم تەواو دەبوو دەگەڕامەوە بۆ عەرەبستان و ڕێگری و چەتەیم دەست پێ دەكردەوە، بەڵام هەموو ساڵێك لەمانگی حەرامـدا دەسـتم لـە ڕێگـری و دزی دەكێشـایەوە و دەچـوومە بـازاڕی مـەكارە ( عكاظ).

(( ڕوون كردنەوەی ذبیح الله : عكاظ گوایە لە نزیك شاری ( طائف ) دابووە و لەسـەردەمیكۆندا گـەورەترین بـازاڕی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت و ناوبـانگی نێونەتەوەیی هەبوە و گەورەترین بازاڕی عەرەبستان بووە)).

بۆیە من هەموو ساڵێك لەو مانگەدا دەچوومە مەكارە تا شەڕە شیعر بكەم و گـوێ لـە شیعری شاعیراتی تـر بگـرم و خۆشـم شیعر بڵـێم. دەمزانـی لـەو مانگـەدا

کەس ئازاری من نادات، چونکە لە مانگی حەرامدا نە دز و جەردە ڕێگری دەکەن و نە خەڵکیش حەقی هەیە بەسەر دز و جەردەوە.

من ئەو کاتەی ڕێم دەکەوتە شام جل و بەرگم دەگۆڕی، چەندی تر لە بیاباندا بومایە جل و بەرگم نەدەگۆڕی و جاری وا هەبوو لە ڕێکەوتی وەرزی کردنەوەی بازاڕی مەکارەدا جلەکانم دڕاو پەواو بوون، بۆیە هەر بەو جلانەوە سواری وشترەکەم دەبووم و دەچووم بۆ مەکارە.

لەگەڵ بینینم لەسەر وشترەکە بازاڕی مەکارە دەیان کردە هەار و دەیان وت ( شنفرە) هات، ( شنفرە) هات. جاری وا هەبوو لە نێوان بازاڕیەکاندا دەبووە کێشە کە کامیان من بباتە چادرەکەی خۆی، بۆیە جاری وا هەبوو ناچار دەبووم من خۆم ئەو کەسە هەڵبژێرم تا لابدەمە لای و جل و بەرگی تازە و خواردنی خۆشم بداتیّ.

پاش نان خواردن و جل و بەرگ گۆڕین دەچوومە سەر سەکۆیەك و چی گەنج و پیر هەبوو لە دەورم کۆدەبوونەوە و گوێیان بۆ شیعرەکانم دەگرت.

من شیعرەکانم لە چوارچێوەی ئەوشتانەدا بوو کە دەم بینی و دەم بیست یان دەمکرد، کاتێك بە شیعر دەموت کە چۆن هێرش دەکەمە سەر کاروان چیەکان و دەیان کوژم ژنیان بێوە و منداڵیان هەتیو دەخەم، لاوەکان بە بیستنیان دەخرۆشان و هاواریان دەکرد و پیرەکانیش تەکانیان ئەدایە خۆیان. ئەی ( ثابت بن ارطاة ) ئەو ڕۆژانەی من لە بازاڕی ( عکاظ )دا شیعرم دەوت ئەو بەشەی هی عەرەبەکان بوو دادەخرا، نە فرۆشیار کەل و پەلی دەفرۆشت نە کڕیار کاڵای دەکڕیّ هەموو دەهاتن و لە دەوری من کۆ دەبوونەوە تا گویّ لە شیعرەکانم بگرن. تەنها سەودا کەرانی سوریا و یەمەن و میزۆبۆتامیاو ئەناتولی و وڵاتانی تر خەریکی کاری خۆیان دەبوون، چونکە ئەوانە وەك ئێمەی خەڵکی نیمچە دورگەی عەرەب شیعر دۆست نەبوون. (ثابت) ئێستا عەرەبستان حوکمی نیوەی دنیا دەکات، بەڵام بازاڕی مەکارە ئەوکات گەرم و ئاوەدان تر بوو لە ئێستا.

لەسەردەمی لاوێتی مندا بازاڕی مەکارە تەنها ناوەندی بازرگانی نەبوو، بەڵکو پێشانگایەکی گەورە و سەیرانگا و کۆمەڵگایەکی ئەدەبیش بوو کە وێنەی تری لە

عەرەبستاندا نەبوو. هەرچی پێویستییەكی سەیران و سەفات بویستایە لە مەكارەدا هەبوو، هەمووان دەیان توانی بە ئارەزووی خۆیان بخۆنەوە و بگوزەرێنن. لە مانگی حەرامدا ئەوەندە شەراب دەخورایەوە، ڕەنگە لە ساڵێك دا لە هەموو عەرەبستاندا نیوەی ئەو مانگە نەخورابێتەوە. لەكاتی كردنەوەی بازاڕی مەكارەدا نەك تەنها ژنە جوانەكانی سەرتاسەری عەرەبستان، بەڵكو ژنی ولاّتانی ئاسایی بچوك و شام و میسر و میزۆپۆتامیاش لە و بازاڕەدا كۆدەبوونەوە.

پیاو هەر جۆرە ژنێكی بویستایە بە ئارەزوی خۆی دەستی دەكەوت، ئەویش بە نرخی مام ناوەندی نەك گران. بازاڕی مەكارە بۆ ئەوە دروست بوو بوو كە لەوێدا هەموو كالاّكان (لە وانەش ژن) بە نرخی هەرزان دەستی كریاران بكەوێت، تەنها كالاّیەك لەو بازاڕەدا بە گران دەفرۆشرا ئەویش كالاّی شیعر و ئەدەب بوو. ئەگەر تۆ ڕێگەت بكەوتایەتە بازاڕی مەكارە دەتبینی تا چاو بڕبكات دەوار هەڵدرابوو، سەدان چێشتخانە چێشتیان ئامادە دەكرد بۆ ئەو خەڵكە جۆرا و جۆرانەی دەهاتنە ئەو بازاڕەوە هەركەسەش بە ئارەزوی ئیشتیهای خۆی. بیست جۆر شەراب و ( فقاع ) بیرە لەو بازاڕەدا دەفرۆشرا بە خەڵك.

ئەی ( ثابت ) ئەگەر بمەوێت باسی بارودۆخی بازاڕی مەكارەت بۆ بكەم، دەبێ چەندین ڕۆژ دابنیشین تا بزانی ئەو كالاّیانە دەفرۆشران چی بوون و چەند جۆر كالاّی سەیران و سەفای تێدا بووە یان چۆن چۆنی شیعریان دەخوێندەوە و هەموو تیرەیەكی عەرەب هەوڵی ئەدا شاعیری خۆی لە هەموو شاعیرەكانی تر سەركەوتوو تربێت. لە (عكاظ) قەبیلەیەك هەبوون بەهەمان ناو ڕەئیسی قەبیلەكەیان بە سەرپەرشتیاری بازاڕی مەكاریش دەژمێردرا.

ساڵێك من چووم بۆ بازاڕ خەڵكی ئاگادار بوون لە چوونەكەم و هەواڵیان دا بە سەرپەرشتیاری بازاڕ، ئەویش جاڕیدا كە ئەمجارە (شنفرە) میوانی منە و نابێ كەسی تر جگە لە من میوانداری بكات، لەبەر ئەوە ئەو خاوەن ماڵە و كەسی تر گلەیی ناكات، سەرۆك قەبیلە خاوەن ماڵی هەموو قەبیلەیە.

مـن چـەند شـيعرێكی تـازەم پـێ بـوو تـا بـۆ خـەڵكی بخوێنمـەوە، يـە كێكيـان شيوەنی چەقەڵێك بوو بۆ بە چكەكەی كە گيان لەبەرێكی تر خواردبووی، ئەوی تريان جنێو نامەيەك بوو لە زمانی چەتەيەكەوە بۆئەو ژنەی عاشقی بووە و ئەمی بە جێ هێشتووە و چووەتە شار شووی كردووە بە دەوڵەمەندێك. من شيوەنی چەقەڵەكەم پێ خۆش تر بوو، چونكە تائێستا هيچ شاعيرێكی عەرەب شتی وای نەهۆنيبوەوە.

بەڵام پێم وابوو خەڵكی شيعری دوەميان لا خۆشترە، چونكە ژنێك بێ وەفايی نواندووە بەرامبەر بە دەستگيرانەكەی پياوەكەش داويەتە بەر دەسترێژی جنێو خەڵك لە زمانی مرۆڤەوە شتی پێ خۆشترە بيبيستێ تا لە زمانی چەقەڵەوە.

ئەو ڕۆژە من لە ماڵی سەرەك خێڵ ميوان بووم، كاروانێك گەيشتە بازاڕی مەكارە كە پێك هاتبوو لە بازرگانان و شاعيرانی عەرەب لە مەككە بە سەرپەرشتی ( ابو سفيان ) باوكی خەليفەی ئەمرۆ (مەعاويە)، ئاشكرا بوو كاروانەكە سەر بە هۆزی قورەيش بوون ئەوانە خەڵكانێك بوون خۆپەرست و لە خۆبايی.

(ئەبو سوفيان)ی سەرقافڵەچی پياوێكی بەئاگابوو، شەو هاتە ئەو دەوارەی منی لێ بووم كە سەرپەرشتيكەری بازاڕ بۆی ئامادە كردبووم. ئەو شەوە پێكەوە گفتوگۆی زۆرمان كرد لە بارەی مەسەلەی جۆراو جۆرەوە، بە تايبەت سەبارەت بە دينی عيسايی و موسايی. (ئەبو سوفيان) چوو بووە ميسر ئەسكەندەريەی ديبوو، سەبارەت بە دينی ميسريەكان قسەيكرد ئەوەی من تێگەيشتم (ئەبو سوفيان) گاڵتەی بە هەموو ئايين و و پەيڕەوانانی دەكرد، دەيوت ئەو كەسانە نادان و بێ توانان كە دەبنە پەيڕەويكەری ئايين. ئەوە ئايينە مرۆڤ دوای بكەوێت كە فێر بوون و پارە و دەستەڵاتی بكەوێتە دەست. ئەو بە منی دەوت ئەگەر تۆ بە دوای پارە و دەسەڵات بكەوی بە هێز دەبيت و هەمووان حسابت لەسەر دەكەن، ئيتر پێويست ناكات بۆ مانەوە و مووچەی خۆت ببيە پەيڕەوی هيچ ئايينێك.

من و (ئەبوسوفيان) تا نيوە شەو قسەمان كرد و پاش نيوە شەو هەستا بچێت بۆ خەوتن، كاتێك هەستا وتی (شنفرە) سبەينێ لەم بازاڕەدا شيعر وتن و

وتاربێـژی دەسـت پـیٚ دەكـات، لـە نـاو كاروانەكـەی ئێمـەدا چـوار شـاعیر هـەن دیـاریترین شـاعیرن و یـەكێكیان نـاوی (لبیـد)ە، تـۆ ناویـت بیسـتووە؟ وتم نـەخێر، (ئەبوسوفیان) وتی (لبید) شاعیرێكی ناسراوە و ناسراوتریش دەبێت، وتم ئەگەر ناسراوە بۆچی تا ئـەمڕۆ من نـاویم نەبیستووە، لـە وەڵامدا وتـی تـۆ بـە دوو بەڵگـە تائێستا نـاوی ئـەوت نەبیسـتووە، یەكـەم بـەردەوام لـە دەشـت و دەریـت و لـە شـار ناژیت، دووەم تازە پیٚ دەگات بەڵام سبەینیٚ ئەو و شیعرەكانی دەبینی.

بـەیانی كاتێـك لـە خـەو هەسـتام و لـە دەوارەكـەدا چـوومە دەرەوە، لـە هەنـدیٚ ئاشـنام پرسـی (لبیـد) دەناسـن و شـیعریتان بیسـتووە؟ وتیـان (لبیـد) شـاعیرێكی لاوەو ئـەوە دوو سـیٚ ساڵە شیعرەكانی شـۆرەتیان بـڵاو بووەتـەوە. خـەڵكیش لـەو بڕوایەدان چەند ساڵێكی تـر چاكترین ڕەوان بێـژی عـەرەب دەبێت، چونكە خاوەن توانایـەكی بـیٚ ئەندازەیـە. بـازاڕی مـەكارە چـەندین مەیـدانی تێـدا بـوو هەریـەك بـۆ كارێـك بـەكار دەهـات، یـەكێك لـەو مەیدانانـە تایبـەت بـوو بـۆ بانگـەواز و وتـار خوێندنەوە. لە دەورو بەریدا كەپری زۆر گەورەیان دروست كردبوو تا گـوێگران لـە بە رخۆردا ناڕەحەت نەبن، كاتێك خەڵكی لەو مەیدانەدا كۆ دەبوونـەوە سـەرقافڵەی هەر كاروانێك ئەو شاعیرانەی دەناساند كە لە گەڵیاندا بوون.

(ئەبوسـوفیان) چـوار شـاعیرەكەی وەك سـەرۆك قافڵەچـی مەككـە ناسـاند بـە خـەڵك، مـن هەسـتم كـرد (ئەبوسـوفیان) سـەبارەت بـە هونـەری ئـەو شـاعیرانە زیادەڕۆیی دەكات. (لبید) لەبەرئەوە لە سیٚ شاعیرەكەی تـر لاوتربوو دوای ئەوان ناساندی، سەیرم كرد لاوێكی ( ٢٠ ) بیست ساڵەیە و باڵایەكی بەرز و ئەندامێكی ناسكی هەیە، جل و بەرگی گران بەهای لە بەردایە، سەرقافڵەچی مەككە لە كاتی ناساندنی ئەمدا زیاتر پێی لێهەڵبڕی و وتی لـە ناسراوترین بنەماڵەی عەرەبە و ئـەوەتا دەبیـنن لاوە و لەمـە و لا ڕەوانبێژییەكـەی بـەهێزتر دەبێـت وە شـیعری ڕەوانتر دەڵێت.

مـن لەبـەر ئـەوەی لەگـەڵ هـیچ قافڵـە چـییەك نەچـووبوومە مـەكارە لـە لایـەن بەرپرسی بـازاڕی مـەكارەوە ناسـێنرام بـە خەڵكەكـە. ئـەو شـاعیرانەی دەبـوو ڕۆژی

یەکەم شیعر بخوێننەوە تیروپشکیان بۆ کرا و ناوی هەشت شاعیر دەرچوو، من و (لبید )لەو هەشت کەسە بووین. لەو کاتەدا سەرگەرمی هەڵبژاردنی شاعیرەکان بوون یەکی پەیکێکی گەورە شەرابیان داینێ، دوای ئەوەی پەیکی خۆم لە ساقی وەرگرت وردە وردە دەستم کرد بە خواردنەوەی، دوای چەند قومێك سەیرم کرد کاری تێکردوم، هۆکەشی ئەوەبوو من قەت لە بیاباندا شەرابم نەخواردبووەوە. لەناکاو گوێم لێبوو بانگیان دەکرد (شنفرە)،... شنفرە، هەستە... تازەترین شیعری خۆت بخوێنەرەوە.

هەستام و پەیکی شەرابەکەم بە دەستمەوە بوو، دەستم کرد بە خوێندنەوەی ئەو شیعرەی بە بۆنەی عەشقی چەتەیەکەوە دام نابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی شەرابەکە نیوە مەستی کردبووم نەمتوانی ئاوازەکە بەو شێوەی خۆم دڵم پێوە بوو رێك بخەم، لە دێرێکدا وشەیەکم بەکارهێنابوو لەویێ لە جێگەی ئەو وشەدا وشەیەکی ترم بەکارهێنا. ئەو وشانەی لە شیعردا بەکار دەهێنرێن دەبێت وەك مرواری لە ناو ملوانکەدا ریز بکرێن.

ئەو هەڵەی من سریانیەکان ( واتە دانیشتوانی سوریا یان شام ) هەستیان پێنەکرد، چونکە شیعر ناس نەبوون، بەڵام عەرەبە دەشتەکیەکان لە بەر ئەوەی شیعرناس بوون زوو زانیان وشەیەکم خراپ بەکار هێناوە و شیعرەکەم لەنگ و عەیبدار بوو، هەموو بەجاریێ بانگیان کرد (شنفرە) هەڵەی کرد و نەدەبوو ئەو وشەیە بەکاربهێنیێ.

کەشیعرەکەم تەواو بوو دانیشتم لە داخا قومێکی تر شەرابم خواردەوە، پەستی من ئەوە بوو کە چۆن دەبیێ شاعیرێکی وەك من وشەیەك لە شیعرەکەی خۆی لەبیر بچێت و لە بریدا وشەیەکی تر بەکار بهێنیێ. دوای دانیشتنەوەم دانیشتوانی مەککە کە هاتبوون بۆ بازاڕی مەکارە بانگیان کرد (لبید) وەڵامی شاعیری چەتە بدەرەوە ...... شیعرێك بۆ خۆشەویستی بڵیێ لەوەی (شنفرە) جوانتر بێت. شاعیری چەتە ناوبانگی من بوو لەو وشە دڵگران نەدەبووم، چونکە پیشەی سەرەکی من رێگری و چەتەیی بوو.

(لبید) هەستاو چووە جێگەی شیعر خوێندنەوە، من لە جێگەیەك دانیشتووم دوو هەنگاو دوورتر بوو لەو جێگەیەی كە شاعیر دەوەستا بۆ شیعر خوێندنەوە. جگە لەوەی دەنگی (لبید)م بە چاكی گوێ لێبوو بە جوانیش دەمبینی. لەگەڵ دەنگی هات من لە بەخاڵەتدا هەموو لەشم دەلەرزی، چونكە (لبید) بە دەنگێكی خۆش و بە ئاوازێكی دڵنشین شیعرەكەی دەخوێندەوە. شیعر ئەگەر بە ئاوازی خۆش بیخوێنیتەوە زۆر كار دەكاتە سەر گوێگر.

لەسەردەمی لاوێتیدا دەنگی من خراپ نەبوو، بەڵام زرنگانەوە و ئاوازی (لبید)م نەبوو، ئەو باشتر دەنگی درێژ دەكردەوە. حاڵی عاشقی دەنواند و پیشانی ئەدایت چۆن بەدەم ئازارەوە ئەتلێتەوە. من چاوم لێ بوو هەندێك لە گوێگران فرمێسكیان دەڕشت. من زۆر كەم گوێگرانی خۆم گریاندووە، بەڵام چاوەڕێش نەبووم شاعیرێكی لاوی ( ٢٠ )ساڵە لەبەرچاومدا گوێگرانی خۆی بخاتە گریان. (لبید ) لە شیعرەكانیدا وەزعی لاوێكی عاشقی باس دەكرد كە شەو لە بیابان لە جێگەیەك كە شەوی پێشوو تر جێگەی بار خستن و پشوودانی قەبیلەی خۆشەویستەكەی لێبووە لەو بارەوە دەیوت: (ئەم دەشتە خاڵیە لە دانیشتوان و بایەكی سارد بەسەریدا هەڵی كردووە، جگە لە خۆڵەمێش هیچی تری لێ نابینرێ، شەوی پێشوو جێگە دەواری تۆ بوو، ئەم ئەستێرانە شاهیدن دوێنێ شەو من و تۆ چیمان دەوت؟).

( بە داخەوە ئەم با ساردە لە دوورەوە لم و خۆڵی هێنا و لێرەدا بلاوی كردەوە تا جێ پێلاوی تۆ بكوژێنێتەوە، گەرنا ئەوا ئێستا من سەیری نەخشی جێ پێلاوەكانی تۆم دەكرد و دڵم خۆش دەبوو). (كوای ئەو كچە چاو ڕەشەی دوێنی لێرە دەوارت هەبوو، بەڵام باوكت بەیانی زوو تۆی لێرە برد)..

كاتی خوێندنەوەی شیعرەكە لەلایەن (لبید)ەوە من بە وردی گوێم گرتبوو بۆ ئەوەی كەم و كورتیەكی تێدا بدۆزمەوە، بەڵام نەمتوانی. ئەو لەتەمەنی (٢٠)ساڵیدا شیعری بە كێش و سەرواو ئاواز و ڕەوانبێژیەوە دەخوێندەوە، بە

وره و تواناوه نیشانی ئەدا لە تەمەنی ( ٤٠ )ساڵیدا دەبێتەگەورەترین شاعیری عەرەب.

شیعرەکەی تەواو بوو دەنگ نەما، یەکێك لە دانیشتوانی مەککە بانگی کرد ئایا شیعرەکەی (شنفرە) خۆشتربوو یان (لبید) ، من کاتێك ئەمەم بیست لە ڕووی بەخالەتەوە و هەم مەستیشەوە ئەوشەرابەی لە پەیکەکەمدا بنی گرتبوو پڕاندم بە دەم و چاوی (لبید)دا و دەم و چاوی و جلە تازەکانی سووربوون.

دەم زانی ئەمە کارێکی خراپە سەبارەت بە (لبید) و ئەو کەسانەی لە مەککەوە هاتبوون بۆ بازاڕی مەکارە. هەرچەندە مانگی حەرام بوو، بەڵام چاوەڕێم دەکرد لەسەر ئەو خراپەیە شمشێرەکان لە کێلان دەرکرێن و خوێن بڕژێت. من حەزم دەکرد شەڕە شمشێر دروست بێت تا بزانن شاعیری ڕێگر و چەتە سەبارەت بە شاعیری مەککە کە لە چینی ئەشرافە و جل و بەرگی بێ وێنەی لەبەردایە تایبەتمەندی تری هەیە، هەروەك چۆن ڕەوانبێژە ئاوەهاش شمشێر وەشێنە.

کاتێك دەستەکان لەسەر مشتەی شمشێرەکان بوون ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو ڕوویدا، ئەویش ئەوە بوو کاتێکم زانی شتێکی سور و سەوز کەوت بەسەر منداو خۆی پێمدا شۆڕ کردەوە. کاتێکم زانی ئەو شتە کیژۆڵەیەکە جل و بەرگی ئاوریشمینی سەوز و سوری لەبەردایە و بە مشتە بچووکەکانی هەوڵ ئەدات لێم بدات. ئەو کیژۆڵەیە چووبووە سەر هەردوو شانم لەسەرئەوەی من پاشماوەی شەرابی ناو پەیکەکەم کردبوو بە دەم و چاوی (لبید) دا، بە هەردوو دەستی منی داگرتبووەوە.

لێدانی دەم و چاوم لە لایەن ئەو کیژۆڵەوە ئازاری پێنەدەگەیشت، بەڵام وەك فرفڕۆکە وابوو نارەحەتی کردبووم دەم ویست ئەو کیژۆڵە لە خۆم دوور بخەمەوە، بەڵام نەمتوانی، ئەگەر بمویستایە ئازاری بدەم دوورم دەخستەوە، نەم ویست منداڵێك نارەحەت بکەم و ئازاری پێ بگەیەنم. چونکە وام هەست دەکرد ئەوە یەکێکە لە خزم و کەسە نزیکەکانی (لبید) و بەرانبەر بەو ناحەقیەی من لەگەڵ (لبید)دا کردوومە خۆی پێرانەگیراوە و بە خاوەن حەقم دەزانی.

ئەو كیژۆڵە كاتێك دەستەكانی دەكێشا بە دەم و چاوم دا دەیوت ئەی شاعیری چەتە و سەرخۆش بۆچی سەبارەت بە (لبید) خراپە دەكەیت و شەراب دەڕژی بە دەم و چاویدا. ئەگەر كەسێك بەرامبەر بەتۆ ئەو كارەی بكردایە خۆت ڕا دەگرت؟ وا بە نینۆك هەموو دەم و چاوت دەڕوشێنم تا ژنان پێت پێ بكەنن. من وەڵامم نەئەدایەوە، لەسەر شانەكانم هاتە خوارەوە و چووە بەردەمم وەستاو بینیم كیژۆڵەیەكی ( ٨ – ٤ ) ساڵانەیە چاوەكانی گەورە و مووەكانی سەری سور و جوانە و نەمدەناسی. (ئەبوسوفیان) و خەڵكەكەی تری مەككە كاتێك بینیان ئەو كیژۆڵە لەگەڵ مندا شەڕ دەكات قاقا پێدەكەنین و منیش بێ تورە بوون هەوڵم ئەدا نەهێڵم دەمو چاوم بریندار بكات، لەم كاتەدا كەسێك لە دانیشتوانی مەككە جیابوەوە لە جەماوەرەكەو بەرەو من هات و بانگی كرد (عائیشە..... عائیشە..) ئەوە چی دەكەیت؟ واز لە (شنفرە) بهێنە و دوور بكەوە، ئەوكات زانیم ئەو كیژۆڵە كچی (ئەبوبەكرە). (عائیشە) لە باوكی پرسی بۆچی بانگم دەكەیتەوە؟ باوكی ( ئەبوبەكر ) وتی كچێ بۆچی بەرۆكی ئەو پیاوە دەگری؟ وتی بابە نابینی ئەم پیاوە چ خراپەیەكی بەرامبەر (لبید) كردم. (ئەبوبەكر) وتی بەڵێ بینیم، بەڵام ئەو كارە پەیوەندی بە ئێوەی كچانەوە نییە و پەیوەندی بە پیاوانەوە هەیە، كچ نابێ بەشداری تێدا بكات. (عائیشە) هەروا پەلاماری ئەدا و ئەیوت بە باوكی بۆچی شاعیرێك كە خەڵكی شاری ئێمەیە خراپەی بەرامبەر بكرێت بەڵام ئێمە لەسەری هەڵ نەدەینێ. ئەو ڕۆژە من تێگەیشتم كە (عائیشە) هەرچەندە منداڵە، بەڵام بە تواناو زیرەكە. (ئەبوبەكر) وتی بە كچەكەی ئیشی پەیوەندی دار بە پیاوەوە نابێ ژنان خۆیان تێ هەڵقورتێنن.

(عائیشە) بە باوكی وت بابە من ناتوانم سەبرم هەبێ كاتێك دەبینم شاعیری شارەكەم دەست درێژی دەكرێتە سەر، ڕەنگە تۆ تەحەمولت هەبێ. پاشان بانگی كرد لە (ئەبوسوفیان) و پیاوەكانی تری مەككە و پێی وتن بۆ شمشێر هەڵناكێشنو (شنفرە) بكوژن. ئەم پیاوە حەقی كوشتنە لەسەر ئەو بێ حورمەتیەی كە بەرامبەر بە شاعیری شارەكەمان كردی، لەكەی ئەم عەیبە

بشۆنەوە، من بینیم کاتێك ئەم کچە ئەو قسانەی کرد هەندێك لە پیاوەکانی (ئەبوسوفیان) دەستیان برد بۆ مشتەی شمشێرەکانیان و لەو کاتەدا (ئەبوبەکر) دەستی کچەکەی گرت و بردی و دوری خستەوە. گوێم لێبوو پێی دەوت پەشیمانم تۆم هێنایە ئەم بازارە، خۆزگە تۆم لەگەڵ خۆم نەئەهێنا. منیش دەستم برد بۆ دەسکی شمشێرەکەم و کەمێك جوڵاندم تابزانم بە ئاسانی لە کێلان دێتەدەر یا نا؟ ئەی ( ثابت بن ارطاة ) من لەو کاتەدا لە پیاوانی مەککە نەئەترسام دەمزانی ئەگەر هەموویان بە جارێ هێرش بکەنە سەرم، ئەتوانم لە خۆمیان دوور بخەمەوە.

### ( ئەوکاتەی کە محەمەد (د.خ) بانگەوازی خەڵکی کرد بۆسەر ئایینی ئیسلام )

لەوکاتەدا کە خەریك بوو شەڕ دەست پێ بکات، هاواری جاڕچی مەکارە گەیشتە گوێم. جاڕچی بازاڕی مەکارە ( عکاظ ) گوێ ڕایەڵی سەرەك هۆزی (عکاظ) بوو، بەبێ فەرمانی ئەو جاڕی نەئەدا. هەرکەسێك دەیویست بۆ مەبەستێك جاڕ بدات، دەبوو بچێت بۆلای سەرۆك قەبیلە و مۆڵەت وەربگرێت و ئەویش مۆڵەتی ئەدا جاڕ بدات. جاڕچییەکە هاواری دەکرد ئەی پیاوانی مەککە سەرۆکی بازاڕ دەڵێت مەککەییەکان لە نێوان ئێوەدا پیاوێك پەیدا بووە و ئەوەتا لە مەیدانی گەورەی بازاڕدا سەرگەرمی قسە کردنە، ئەم پیاوە قسەی سەرسوڕهێنەر دەکات و قسەکانی بە جۆرێکە، مەترسی ئەوە هەیە بازاڕ بشێوێت بەیەکدا، بێن بڕۆن ئەو لە قسە کردن بخەن و پێی بڵێن ئەگەر مەبەستی قسە کردنە ئەمە ڕێ و ڕەسمی قسە کردن نیە، جگە لەمەش مەیدانی قسە کردن تایبەتە و ئەو کەسانەی ئەیانەوێت وتار بدەن دەبێت بچنە ئەو مەیدانە. وتەکانی جاڕچی بووە هۆی ئەوەی فکری پیاوانی مەککە لەسەر من و (عائیشە) بەرە و شتێکی تر بڕوات و خەڵکی بەرە و مەیدانی گەورەی بازاڕی مەککە کەوتنە ڕێ. هەروەها ئەبوبەکریش دەستی عائیشەی کچی گرت و ڕۆیشتن.

دوای ڕۆیشتنی پیاوانیمەككە من لە قسە كردن نەكەوتم، چونكە شەرمم دەكرد سەیری دەم و چاوی (لبید ) بكەم. ئیشەكەی من سەبارەت بەو ناپەسەند بوو. بە تایبەت دوای هێرشەكەی (عائیشە) بۆ سەر من ناپەسەندیەكەم زیاتر لا ئاشكرا بوو. ئەوە بوو منیش كەوتمە ڕێ بەرەو مەیدانی گەورە تابزانم چ باسە لەوێ و بۆچی سەرپەرشتیكەری بازاڕی مەككە لە قسەی پیاوێكی مەككەیی ترساوە.

كاتێك گەیشتمە مەیدانی گەورەی بازاڕی مەكارە (عكاظ)ە بینیم پیاوێكی بالاّ ناوەنجی جل و بەرگێكی زەردی لە بەردایە و لە لایەكی مەیدانەكەوە وەستاوە. موەكانی سەری ڕەش لە هەردوو لای سەریەوە هاتبوونە سەر شانەكانی هەیكەلێكی خوێن گەرم و دڵگیر و دووچاوی گەورەو ڕەشی هەبوو، بالاّی ڕێك و پێك و شێوەی قسەكردنی ئەو پیاوە سەرنجی خەڵكی ڕادەكێشا تا مرۆڤ بوەستێ و گوێ بگرێ تابزانێ خوتبەكانی چیە و چی دەڵێت. ئەو پیاوە قسەكانی لەسەر خۆ و بە دەنگی بەرز لەسەر شێوەی لەهجەی مەككەیی دەكرد. من وەستام و گوێم لێ بوو وتی : ئەی خەڵكینە خوایەكی تر جگە لە ( الله ) نیە، من نێردراوی ئەوم و ڕاسپێردراوم بۆ ئەوەی دەستوری ئەو بە ئێوە ڕابگەیەنم و ئێوە بەرە و ڕێگەی ڕاست بەرم. ئەی خەڵكینە ئێوە بەهۆی بت پەرستی و گەندەڵیەوە بەدبەخت بوون و تووشی ڕۆژی ڕەش هاتوون، لەبەر ئەوە لەناو گوناها غەرق بوون و ئەتلێنەوە و نازانن چەندە چارە ڕەشن. من ڕاسپێردراوم بەرە و ڕزگاری و خۆش بەختی هیدایەتتان بكەم. دەست لە بت پەرستی بكێشنەوە و بەرە و لای خوای یەكتا ( الله ) بڕۆن و ئەو بپەرستن. ئەی خەڵكینە شەراب مەخۆنەوە قومار مەكەن و دور بن لە زینا كردن و سو خواردن. خەڵكینە شەراب خوراردنەوە هێزی لەشی مرۆڤ لاواز دەكات و تەمەن كورت دەكاتەوە، مرۆڤ دووردەخاتەوە لە پەیداكردنی بژێوی ژیان و قومار مرۆڤ تووشی هەژاری و زەلیلی دەكات، زیناش باوەڕی خەڵكی بەیەك ناهێڵێ و نەوەكان گەندەڵ دەكات و سو خواردنیش دەبێتە هۆی نابودی و هەژاری خەڵكی بەگشتی. ئەی خەڵكینە بتەكان لە ماڵی كەعبە و لە هەر

جێگەیەکی تر کە هەن دووربخەنەوە و لە گەڵ منداین تا من بەرە و ڕزگاری هیدایەتتان بکەم.

من باش تێنەگەیشتم ئەو پیاوە چی دەڵێت، چونکە وتەکانی بۆ من تازە بوون یەکەم جاربوو گوێم لێبێ بڵێن لە بت پەرستی دوور بکەونەوە. لەو ڕۆژەوە فامم کردوەتەوە بتەکانم دەپەرست و واشم دەزانی تا کۆتایی دنیا بت پەرستی هەردەمێنێ و جگە لە بتەکان خوایەکی تر نیە. نەمتوانی بڕوا بکەم ڕۆژێك دێت بت پەرستی لەناو عەرەبەکاندا نامێنێ و عەرەب لەباتی بتەکان شتی تر بپەرستێ. بەلاّم قسەکانی ئەو پیاوەم سەبارەت بە خواردنەوەی شەراب و قومار کردن و زینا کردن لا پەسەند بوو، چونکە ئەو ڕۆژە ئەگەر من ئەو شەرابەم نەخوارداياتەوە ئەو هەڵە گەورەیەم بەرامبەر بە (لبید) نەدەکرد، ڕەشۆی عەقڵم بەهۆی شەرابەکەوە لە دەست دابوو. بێگومان خەڵکی مەککە ئەو ڕۆژە توڕەبوون لە من، بەلاّم کە دەنگی ناڕەزایەتی بەرز نەبوەوە لەبەر ئەوەبوو منیان بە شاعیرێکی پایەبەرز لە قەڵەم دەداو بڕێکیش لە شمشێرەکەم ئەترسان.

ئەی (ثابت) من پیاوێك بووم، بوو بوومە قوربانی شەراب و قومار و زینا. هەرکات مەست دەبووم و ئەقڵی خۆمم لە دەست ئەدا، پارە و پولی خۆمم لەڕێگەی قوماردا دا ئەنا یان سەرفی زینام دەکرد و دەمدایە ژنانی لەش فرۆش، من ئەگەر ئەو کارەم نەکردایە ئەمڕۆ یەکێك دەبووم لە دەوڵەمەندەکانی عەرەبستان ناچار نەدەبووم پەنا بۆ تۆ بهێنم و داوای یارمەتیت لێ بکەم. من لەسەر دەمی تەمەنی خۆمدا بە قەد قورسایی تۆ پارە و پولم لەو ڕێگە خراپانەدا سەرف کردووە، ئەوەتا ئێستا پیر و سەرتاسەری عەرەبستان دەمناسن و بۆ بژێوی ژیان تووشی تەنگ و چەڵەمە هاتووم. من هەرگیز پارەکانی خۆمم نەدا بوو بە سو تا بزانم سو خواردن بۆ قەومی عەرەب زیان بەخشە یان نا؟ بەلاّم گومان لە قسەکانی ئەو پیاوەدا نەبوو سەبارەت بە زیانەکانی قومار و شەراب و زینا.

لە یەکێکم پرسی کە لە تەنیشتمەوە وەستابوو و گوێی بۆ قسەکان گرتبوو، ئەم پیاوە خۆش ئەندامە کێیە؟ وتی خەڵکی مەککەیە. ئەی ناوی چییە؟ وەلاّمی

دامەوە ناوی  محەمەدە (د.خ) و لە هۆزی هاشمیە. (سەرۆكی ئەو هۆزە ئەبوتالب بوو دوای من ( ابو لهب)یان دانابوو. وتم من ئەم پیاوەم هەرگیز لەم بازاڕەدا نەدیوە، پیاوەكە وتی محەمەد (د.خ) لە پێشتردا هەموو ساڵیٚ هاتووە بۆ ئەم بازاڕە، مەعامەلە چی بوو. زۆرتر خەریكی فرۆشتنی كاڵای ئاوریشمین بوو. لەو باوەڕەدام تۆ پێشتر لەناو گویٚ گرانی شیعرەكاندا بینیوتە، چونكە شیعر دۆستەو گوێی بۆ شیعری شاعیران گرتووە لەم بازاڕەدا. بەڵام دوای ئەوەی ئاڵوگۆڕ بەسەر ئەم پیاوەدا هاتووە دەستی لە مەعامەلە كردن كێشاوەتەوە و ماوەیەكە بازرگانی ناكات، لەبەر ئەوەیە نەهاتۆتە ناو ئەم بازاڕەوە، ئەوەتا ئەمساڵ دوای ماوەیەكی دوورو درێژ هاتووەتە ئەم بازاڕە.

پرسیم ئاڵوگۆڕ لە محەمەد (د.خ) چی بووە؟ وتی ئەوەیە خۆی بە نێردراوی خوا ( الله ) دەزانیٚ و بەردەوام دەڵیٚ دەبیٚ خەڵكی واز لە بت پەرستی بهێنیٚ و تەنها (خوا) بپەرستن. بەردەوام بەخەڵكی دەڵێت دەبیٚ لە شەراب خواردنەوە دوور بكەونەوە و سو نەخۆن و قومار و زینا نەكەن. من و ئەو پیاوە لە شوێنێكدا وەستابووین (ئەبوسوفیان) لە نزیكمانەوە بوو، ئاگام لێبوو بە بیستنی وتەكانی محەمەد (د.خ) (ئەبوسوفیان) ناڕەحەت بوو. جار جار لێوی خۆی دەگەست و لە دواییدا خۆی پیٚ نەگیرا و ڕوی كردە مەكەییەكی تر كە ناوی (ئەبولەهەب) بوو وتی ئەی (ئەبو لەهەب) تۆ دوای  (ئەبو تالیب) سەرەك هۆزی هاشمیت، لەسەر تۆیە كە نەهێڵی محەمەد (د.خ) لەم جێگەدا ئەم قسانە بكات. من ئەگەر لەبەر خاتری ڕێزی تۆ نەبێت خۆم بێدەنگم دەكرد.

محەمەد (د.خ) لەمەككەدا لەم قسانەی زۆر كردووە و تا ئێستا خۆمان گرتووە، بەڵام هەرگیز ڕێك نەكەوتووە لەم جێگەیەدا و لە بازاڕی مەكارەدا ئەم قسانە بكات، دەزانی ئەمە چەند بەگران لەسەر ئێمە دەكەوێت؟

هەموو هۆزەكانی عەرەب لە ماڵی كەعبەدا بتیان هەیە و بۆ كڕین و فرۆشتن یان بۆ گەشت و سەیران دێنە ئەم بازاڕەوە، ئەگەر بزانن محەمەد (د.خ) نیەتی شكاندنو فڕیٚ دانی بتەكانی ماڵی كەعبەی هەیە، ئیتر بۆ حەج كردن نایەنە

مەککــە و مامەڵــە لەگــەڵ ئێمــەدا ناکــەن. بەمــەش مەککــە چــۆڵ دەبێــت و دانیشتوانیەکەی ناچار دەبن کۆچ بکەن بۆ جێیەکی تر.

قسەکانی (ئەبو سفیان) کاریگەریان بۆسەر (ئەبو لەهەب) هەبوو، بەڵام وتی من ناتوانم محەمەد (د.خ) لە قسەکردن بخەم، چونکە گوێ بۆ قسەی من ناگرێت. ئەوەتا مانگی حەرامە ئێمەش لە بازاڕی ( عکاظ )داین، من نامەوێ بەزۆر ڕێگە بە قسەکردنی ئەو بگرم، بەڵام ئەتوانم داوا بکەم لە خەڵك گوێ بۆ قسەکانی نەگرن و لە دەوروبەریدا بڵاوە بکەن.

(ئەبوسفیان) وتی هەرچی دەکەی باشترە زوو بیکەی، چونکە وتەکانی ئەم پیاوە وەك قوڵنگە وایە بدرێت لە بناغەی ژیانی دانیشتوانی مەککە هەمووان تووشی هەڵشکان و نابودی دەکات. (ئەبولەهەب) هاواریکرد محەمەد (د.خ) ئەم قسانە مەککە یان هیچ نەبێ لەم بازاڕەدا ئەم قسانە مەککە، چونکە تۆ عەرەبی عەرەبەکانیش نابێ خواکانی باو باپیرانیان بێ نرخ تەماشا بکەن. ئەگەر ڕێز لە ئەندامانی هۆزەکەی خۆت ناگریت ڕێز لەو عەرەبانە بگرە کە لە هۆزەکانی ترن و لەم بازاڕەدان. محەمەد (د.خ) وەك ئەم قسانەی گوێ لێ نەبووبێ، بەرامبەر بە گوێگرەکان بە ڕستەی ڕێك و پێك و زۆر جوان وتی:

سەرچاوەی هەموو ڕەوشتێکی چاك و خۆشبەختییەکان ئیمانە بە خواوەندی تاك و تەنیا، سەرەتای هەموو بەدبەختیەکانیش بت پەرستییە. لەبەر ئەوە ئێوە بەدەستی خۆتان بتەکانتان تاشیوەو دروستتان کردوون، خۆشتان ڕێسا و یاساو شەرعتان داناوە و بەناوی بتەکانەوە جێبەجێی دەکەن، وەك ئەوەی ئەم بتانە قسە بکەن و گیان لەبەر بن. ئەو یاسانەش مۆڵەتی داوە بە ئێوە شەراب بخۆنەوە و زینا بکەن و سو بخۆن. ئەمە یاسای بتەکان نیە، چونکە ئەوان پەیکەرن و ئەمە یاسای خۆتانە و بەناوی ئەوانەوە ڕێبازی ژیانی خۆتان پێ بنیات ناوە، بێئاگا لەوەی کە بزانن ئەمە یاساو ڕێسای خۆتانە نەك بتەکان. ئەمەش لە لایەن متەوەلیەکانی بتخانەکانەوە دانراوە، ئەویش لە قازانج و بەرژەوەندی خۆیان و دەستەڵات دار و زۆرداراندایە، ئەی هەتیوان و بێ سەرپەرشتان ئەی بێ نەواو هەژاران، لە یاسای

بت پەرستیدا بچوكترین ئاماژە بۆ ئێوە نەكراوە. بەهۆی یاسای بت پەرستیەوە (ناس) واتە چینی هەژار و بیٚ دەستەلاٚتی كۆمەلٚ. لە ( بهائیم ) پیس ترن، بەلاٚم لە یاسای خوای تاك و تەنهادا هەموو تاكەكانی مرۆۋ یەكسانن و لە نێوان متەوەلی و دەولٚەمەند و هەژاردا هیچ جیاوازیەك نیە. ئەی خەلٚكینە خوای تاك و تەنیا لە یاسای خۆیدا دەفەرمویٚت خەلٚكی دەستەلاٚتدار و خاوەن مالٚ و ملٚك دەبیٚت بەشیٚك لە دارایی خۆی دابنیٚت و بیدات، تا سەرف بكریٚت بۆ كاروباری گشتی و بەوە پاریٚزگاری لە هەتیوان بكریٚت و خەرجی سەفەری ( ابن سبیل ) بدریٚت تاخۆیان بگەیەننەوە ولاٚت.

(( ڕونكردنەوە: (ابن سبیل) ئەو كەسەیە بە هۆی تەواو بوونی خەرجی سەفەرەوە لە ڕیٚگادا ماوەتەوە و ناتوانیٚت بگەڕیٚتەوە ولاٚت. ذبیح الله )).

ئەگەر ئیٚوە دەست لە بت پەرستی هەلٚگرن و ئیٚمان بهیٚنن بە خوای تاك‌وتەنها، ئەوا لە نیٚوان موسلٚماناندا یەك هەتیوی بیٚ سەرپەرشت و بیٚ موچەی ژیان یەك هەژار و یەك ( ابن سبیل ) نامیٚنیٚ. ئەی خەلٚكینە بلٚیٚن ( لا الە الا الله ) تا ڕزگار بن. ئەی ئەو كەسانەی وتەكانی من گویٚ لیٚدەگرن ژیانی دنیایی لە چاو ژیانی كۆتاییدا زۆر زۆر كورتە.

ژیانی دورو دریٚژی مرۆۋ لە دوای مردنەوە دەست پیٚ دەكات، ئەگەر لەم دنیادا چاكەكار بیٚت لە دنیای دوای مردندا بە خۆشی دەژی، ئەگەر لەم دنیادا گوناهباربیٚت لەو دنیادا تووشی عەزاب و ناڕەحەتی دەبیٚت. مرۆڤی عاقلٚ ژیانی بیٚ كۆتایی دنیای تر نادات بە ژیانی كورتی ئەم دنیا ز خۆی توشی عەزاب ناكات بۆ هەمیشە. ئەی خەلٚكینە لەزەتی ژیان لە میانە ڕەوی دایە هەرچی لە میانە ڕەوی تیٚپەڕبوو دووچاری ناڕەحەتیت دەكات و ژیانی مرۆۋ ناخۆش دەبیٚت.

خوای تاك و تەنیا دەلٚیٚت بخۆن و بخۆنەوە، بەلاٚم (زیادەڕۆیی) مەككەن لە پیٚویستی خۆتان زیاتر. تاموچیٚژی هەموو شتیٚك لەوەدایە كە بەپیٚی پیٚویستی و میانە ڕەوی بیٚت.

قسەکانی محەمەد (د.خ) زۆر کاریان تیٚ کردم، چونکە هەم تازە بوون و هەم بە جوانی و ڕەوانی قسەی دەکرد. ئەو کەسانەی لە بازاڕ و مەیدانی ( عکاظ ) دا گوێیان بۆ شیعری شاعیران گرتبو،و وردە وردە کەم دەبوونەوە و دەچوونە ئەو گۆڕەپانەی کە محەمەد (د.خ) قسەی لێدەکرد.

(ئەبوسوفیان) جارێکی تر بە (ئەبولەهەب)ی وت کە ڕێگە نەدا و نەهێڵێت ئەو پیاوە قسە بکات، لە وەڵامدا وتی مەگەر گوێت لیٚ نەبوو کە پێم وت لە قسەکردن واز بهێنیٚ کەچی گویٚی نەدایە. لەبەرئەوەی مانگی حەرامە ناتوانم بەزۆر لە بازاڕی ( عکاظ )دا ڕیٚ لە قسەکردنی بگرم.

(ئەبوسوفیان) وتی دەبیٚ مانگی حەرام لەلایەن هەمووانەوە ڕێزی لێبگیرێت، نەك محەمەد (د.خ) ئازاد بێت هێرش بکاتە سەر خوداکانی ئێمە و هەرچی ئەو دەیەوێت سەبارەت بەوان بڵێت و ئێمەش نەتوانین بەرگری بکەین. ئەگەر تۆ ناتوانی بەرگری لێبکەیت من پێشگیری دەکەم لە قسە کردنی. (ئەبو لەهەب) وتی دەتەوێت چی بکەیت؟ (ئەبوسەفیان) وتی من ئاگاداری دەکەم قسە نەکات و ئەگەر کردی ناچارم بەزۆر لە قسەکردنی بخەم. پاشان بانگی کرد یا محەمەد (د.خ) دەزانم کە تۆ دەزانی مانگی حەرامە لێرە قسە دەکەیت و دەعوەتی خەڵکی دەکەیت خودای تۆ ( الله ) بپەرستن.

محەمەد (د.خ) وەڵامی دایەوە (ئەبوسەفیان) من لە مانگەکانی حەڵاڵیشدا خەڵکی بۆسەر دینی خوا بانگهێشت دەکەم. (ئەبوسەفیان) وتی تا ئێستا لە بازاڕی مەکارە ئەم کارەت نەکردووە، ئەمە یەکەم جارە و ئەویش لەبەر ئەوەیە دەزانی کەس دەست ناهێنێتە ڕێگات. محەمەد (د.خ) وتی ڕاستە یەکەم جارە لێرە قسە بکەم، بەڵام لەبەرئەوە نیە لێرە پارێزراوم بەڵکو لەبەر ئەوە بازاڕی (عکاظ)م هەڵبژاردووە چونکە قەرەباڵغی زیاترە تا مەککە. لێرە لە هەموو هۆزەکانی عەرەبی لێیەو ژمارەی گوێگران زۆرن. قسە کردنی من لەبەر ئەوەنیە لێرە پارێزراوبم بەڵکو لەبەرئەوەی سەرەوەیە و کەسێك باوەڕی بە خواوەندی تاك و تەنیا بێت و پێغەمبەری ئەو بێت لە هیچ جێگەیەك ترسی لەکەس نیە.

(ئەبوسوفیان) بانگی كرد ئەی محەمەد (د.خ) تۆ ئەوەندە غەڕاو لەخۆبایی و خۆپەسەند مەبە، مەگەر تۆ ئەو منداڵە بێ دایك و باوكە نەبوویت كە لە بیابانەكانی مەككەدا بزنت دەلەوەڕاند و شوان بوویت، كەسێك كە بزنی بەخێو كردبێ نابێ ئەوەندە لە خۆ بایی بێ.

من ئەمزانی لە دەورو بەری مەككەدا گژوگیای فراوان نیە لەبەر ئەوەش دەوڵەمەندەكانی مەككە لە باتی مەڕ بزنیان ڕادەگرت، چونكە بزن ئەتوانێ بۆ تێركردنی خۆی لە بنچكە دڕكی بیابان بخوات، بەلاَم مەڕ پێویستی بە گژوگیا و ئالیكی زۆر هەیە.

محەمەد (د.خ) وتی بەڵێ من لە سەردەمی منداڵیدا لە بیابانەكانی مەككەدا بزنم ئەلەوەڕاند و ئەگەر دووبارەش بۆم پێش بێتەوە بزن دەلەوەڕێنم، چونكە لەلای بزن لەوەڕاندن و وشتر لەوەڕاندن جیاوازیان نیە.

(( ڕونكردنەوە: دەبێ بۆ تێگەیشتن لە وتەی پێغەمبەر (د.خ) لە زمانی شنفرەی شاعیری عەرەب بزانرێت كە لە كۆندا عەرەبە ڕەسەنەكانی بیابان وشتریان پەروەردە كردووە، بەلاَم عەرەبی ڕەسەن پەروەردە كردنی بزن و مەڕیان لا عەیبە بووە. ذبیح الله)).

(ئەبوسوفیان) وتی ئەی محەمەد (د.خ) تۆ لەم بازاڕەدا پارێزراوی، كەواتە ڕێزی مانگی حەرام بگرە. ڕێز و حورمەتی ئەم جێگا بگرە، ئەگەر تۆ هێرش بكەیتە سەر خوداكانی ئێمە ئێمە ناچار دەبین ڕێگریت بكەین لە قسەكردن. محەمەد (د.خ) وتی خواكانی ئێوە بوونی دەرونیان نیە تا هێرش بكرێتە سەریان، خواكانی ئێوە ئەو بتانەن بەدەستی خۆتان دروستان كردوون. پێتان دەڵێم دەبێت دەست لە بت پەرستی هەڵگرن و ئیمان بهێنن بە خواوەندی تاك و تەنیا، بەخاڵەتو ڕق و كینە لە خۆتان دوور بخەنەوە و ڕابواردن بخەنە لاوە. (ئەبوسوفیان) بانگی كرد خەڵكی مەككە گوێتان لێیە چی دەڵێت؟ ئەو هێرش دەكاتە سەر خواكانی ئێمە و سوكایەتی بە ئایینی باو باپیرانمان دەكات. محەمەد (د.خ) وتی من هێرش ناكەم و ڕاستی دەڵێم. ئایینی ئێوە و باوباپیرانتان پوچەڵە،

چونكه بت پەرستىيە، ئێوە دەبێ خوا بپەرستن و بتەكان بشكێنن و فرێ یان بدەن. (ئەبوسوفیان) بە تورەیی ڕووی لە خەڵكەكە كرد و وتی نەهێڵن لەمە زیاتر قسە بكات و بەرد بارانی بكەن.

من دەم زانی (ئەبوسوفیان) دڵی بۆ بتەكان ناسوتێ، بەڵكو لەوە دەترسا ئیتر دانیشتوانی عەرەبستان سەفەر نەكەن بۆ مەككە بۆ زیارەتی كەعبە كە جێگەی بتەكان بوو، ئەمەش ببێتە مایەی ئەوەی داهات و دارایی زۆری دانیشتوانی مەككە بڕێت. دانیشتوانی مەككە بەشێك بوون لەوانەی گوێیان بۆ وتەكانی محەمەد (د.خ) گرتبوو، دانەوینەوە و بەردیان هەڵگرت. چاوم لێ بوو هەموو بەیەكجار بەردیان هەڵنەگرت، هەندێكیان زوتر و هەندێكیان درەنگتر بەردیان بەدەستەوە دەگرت و بەرەو محەمەد (د.خ) دەیان هاویشت.

هەرچەندە محەمەد (د.خ) بووە ئامانجی بەردەكان، بەڵام لەجێی خۆیدا نەجوڵاو ڕوی وەرنەگێڕا، لە گەرمەی بەرد باران كردنەكەدا دەیوت ئەی خەڵكینە دەست لە بت بەپەرستی بەردەن و خواوەندی تاك و تەنیا بپەرستن و بڵێن ((لا الە الا اللە)).

دانیشتوانی ناوچەكانی تری عەرەبستان كەلەو كۆڕەدا گوێ گربوون بەردیان نەهاویشت، ئەوانیش بت پەرست بوون و محەمەد (د.خ) بت پەرستی ئەوانیشی ڕەتدەكردەوە. ئەوان وەك دانیشتوانی مەككە شەریكی قازانج نەبوون تا محەمەد (د.خ) بێ دەنگ بكەن. دانیشتوانی مەككە دەترسان قازانجی مادی لە دەست بدەن، لەبەرئەوە زۆر دژایەتی محەمەدیان (د.خ) دەكرد.

بەردێك بەرناوچەوانی محەمەد (د.خ) كەوت، لەبەرئەوەی لیدانەكەی بە زەبر بوو محەمەد (د.خ) تەكانێكی خوارد و سەری دانەواند و دەستی گرت بە دەم و چاوییەوە، كاتێك دەستی لابرد خوێن بە دەم و چاویا دەهاتەخوارەوە.

دانیشتوانی مەككە بەردەوام بەردیان دەهاویشت بەرەو محەمەد (د.خ)، بەڵام دوای دووسات لە بێ دەنگ بوونی محەمەد (د.خ) دووبارە وتی خەڵكینە دەست لە بت پەرستی هەڵگرن و بڵێن ( لا اله الا الله ).

لەم كاتەدا لەناكاو شتێكی سور ڕەنگ بە بەرچاومدا تێپەڕی و دوای ساتێك زانیم ئەو شتە سورە زوڵفی عائیشەی كچی ئەبوبەكرە كە بەرەو محەمەد (د.خ) ڕای دەكرد، لەبەر خێرایی ڕاكردنەكەی قژی پەرێشان بووبوون. عائیشە خۆی گەیاندە لای محەمەد (د.خ) و لە وتەیەكدا بەرامبەر بە گوێ گرەكان و بە تایبەت دانیشتوانی مەككە وتی ئەرێ شەرم ناكەن پیاوێك خەریكی قسە كردنە كەچی ئێوە بەردبارانی دەكەن؟ ئایا لەم بازاڕەدا قسەو وتاردان ئازاد نیە؟ ئەگەر ئازادە بۆ ناهێڵن محەمەد (د.خ) قسە بكات، ئەگەر ئازادیش نیە بۆ خەڵكانی تر قسە دەكەن؟ كردەوەی ئێوە ئەی مەككەییەكان لە كردەوەی (شنفرە)ە ناپەسەند ترە كە توانای بیستنی شیعرەكانی (لبید)ی نەبوو، كەچی شەرابی پژاند بە دەم و چاویدا. (شنفرە)ە خەڵكی مەككە نەبوو، بەڵام ئێوە خەڵكی مەككەن و من سەرم سوڕدەمێنی لە (ئەبولەهەب) چۆن ڕازی بوو كە محەمەد (د.خ) بەردباران بكرێت، لە كاتێكدا سەر بە هۆزی هاشمییەو (ئەبولەهەب)یش ڕەئیسی ئەو هۆزەیە، بۆیە ئەركی ئەوە پشتگیری لە محەمەد (د.خ) بكات.

من و خەڵكی تریش لامان ئاسایی بوو كە عائیشە هات و پشتگیری لە محەمەد (د.خ) كرد چونكە ڕێك دەكەوێت منداڵان پشتگیری لە گەورە ساڵان بكەن، بەڵام سەرمان سوڕدەما كە چۆن ئەو كچە بچكۆلانەیەی تەمەنی لە (١٠ – ١١)[١] ساڵانە، ئەوەندە عاقڵە ئەو جۆرە قسانە دەكات.

ئەو قسانەی ئەو لە هی ژنێك دەچوو كە باڵغ بێت، نەك هی كیژۆڵەیەك لەگەڵ بووكە شوشەدا یاری بكات. پشتیوانیەكەی عائیشە لە محەمەد (د.خ) ئەوەندە كاریگەربوو كەس نەما بەرەو محەمەد (د.خ) بەرد بهاوێت.

[١]–پێشتر دەڵێت (٤–٨ ) ساڵان لێرەدا دەڵێت (١٠–١١) ساڵان –وەرگێڕی كوردی.

کاتێك خەڵکەکە بەردیان بەرەو محەمەد (د.خ) دەهاویشت ئەبوبەکری باوکی عائیشە لەوێ نەبوو، بەڵام دوایی هات و دەموچاوی خوێناوی محەمەدی (د.خ) بینی سەری سوڕما و بە بینینی عائیشە لە پاڵ محەمەد (د.خ) زیاتر بووە جێی سەر سوڕمانی چووە پێشێ و پرسی بۆچی دەم و چاوت بریندار بووە.

محەمەد (د.خ) وتی بەردیان پیاداوم. وتی کێ بەردی پیاداوی؟ محەمەد (د.خ) وتی ئەم ناسیون و ناشمەوێ بیان ناسم. عائیشە هەڵی دایە و وتی فەرمانی بەرد هاویشتن (ئەبوسوفیان) دەری کردووە. ئەبوبەکر پرسی ئایا تۆ فەرمانی بەرد بارانی ( محەمەد )ت (د.خ) داوە؟ (ئەبوسوفیان) وتی بەڵێ لەبەر ئەوەی هێرشی کردۆتە سەر خواکانی ئێمە و ئیهانەی کردون. پێمان وتوە ئەو کارە نەکات، کەچی بەردەوام بووە. من لە تۆ دەپرسم ئەم پیاوە چی هەیە وا داوای پێغەمبەری دەکات و خۆی بە نێردراوی خوا دەزانێ؟

دوای تەواوبوونی قسەکانی (ئەبوسوفیان)، (عائیشە) بە دەنگی بەرز ئەم ڕستەیەی وت. ((والتین والزیتون وطور سینین – وهذا البلد الامین – لقد خلقنا الانسان فی احسن تقویم – ثم رددناه اسفل سافلین – الا الذین امنو وعملو الصالحات فلهم اجر غیر ممنون)).

دوای تەواو بونی ئەم ئایەتانە عائیشە ڕوی کردە ئەبوسوفیان وتی محەمەد (د.خ) ئەم شتەی هەیە. ئەی (ثابت) من شاعیرم و لە هەموو تەمەنمدا و وتەم وتوە و بیستووە، بەڵام تا ئەو کاتە وتەی وا ڕەوان و دڵگیرم نەبیستبوو. لە عائیشە لێی نزیك بوومەوە و لێم پرسی ئەم وتانە هی کێیە؟ عائیشە ئاماژەی بۆ محەمەد (د.خ) کرد و وتی هی ئەوەیە. لە محەمەدم (د.خ) پرسی ئەم وتانە هی تۆیە؟ وتی من نەموتوە، بەڵام وەسیلەی ڕاگەیاندنی ئەم وتانەم کە هی ( الله )یە. پرسیم (الله) کێیە؟ محەمەد (د.خ) وەڵامی دامەوە ( الله ) خالقی زەمین و ئاسمانە و هەموو شتێکە. وتم ئایا ئەو گەورەترە یان ( لات ) یا ( عزی ) یا ( منات )؟. محەمەد (د.خ) وتی ( لات ) بتێکە بە باوەڕی ئێوەی بت پەرست و نیشانەی خۆرە، ( عزی )ش نیشانەی مانگە. ( منات ) یش هی ئەستێرەی دەست

پێكردنی شەوە. هیچ كام لەم بتانە و بتەكانی تریش خوانین خوای تاك و تەنیا ( الله ) یە. پاشان لە عائیشەم پرسی چۆن توانیت ئەو ڕستانەی ئەو لەبەربكەیت؟ وتی هەرچی یەكجار ببیستم لەبەری دەكەم و هەرگیز لە یادم ناچێتەوە.

من ئەوكات ئیسلام نەبوم نەشم دەویست ئیسلام ببم. هەرچەندە وتەكانی محەمەد (د.خ) كە عائیشە وتنیەوە دوایی زانیم قورئانە زۆر كاری تێكردم، بەلاّم ئایینی محەمەدم (د.خ) قبولّ نەكرد. ئەمەیە ئەو یادگارەی من لەگەلّ عائیشەدا هەمە و بەچاوی خۆم بینیم كە ئەو لە بازاڕی مەكارە و لە تەمەنی منداڵیدا، ئامادەیی نائاسایی پیشان دا و هەستا بە پشتیوانی و بەرگری كردن لە دووكەس، ئیتر شتێكی ترم نیە سەبارەت بە عائیشە باسی بكەم.

ئەمە بوو وتەكانی (شنفرە) كە لەماڵی مندا گێڕایەوە بۆم و منیش نوسیمەوە و ناردنم بۆ دیمەشق بۆ (مەعاویە). (مەعاویە( لە وەلاّمی مندا بە نامەنوسیبوی ئێمە شەڕێكمان بە دەستەوەیە دەمانەوێت هێرش بكەین بۆ بیزانس واتە (ئەستەنبولّ)، بەلاّم پێش ئەم هێرشە دەبیّ ئێمە خەیاڵمان لە بارەی عائیشەوە ئاسودەبیّ و تۆ لێكۆڵینەوەی خۆت لەسەری خێراتر بكە و لەئەنجامەكەی ئاگادارم بكەرەوە. پێش ئەوەی نامەكەی مەعاویە بگاتە دەستم، لە دیمەشق كەسێكم دۆزیەوە كە لە كۆندا لە ماڵی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) خزمەتی دەكرد و خزمەتكاری فاتمەی كچی پێغەمبەر بوو.

ئەو كەسە بەناوی عەنتەر بانگ دەكرا و موسڵمان نەبوو، دەمزانی بە منداڵی ئەویان بە غولاّم كڕیبوو دەشمزانی یەهودیە و موسڵمان نیە. لەبەرئەوە دەمزانی عەنتەر سەبارەت بە عائیشە و ڕابووردوی زانیاری هەیە، داوام لێكرد كە هەرچی دەزانێت بۆم باس بكات. عەنتەر ئاوای باسكرد و وتی: -

ئەوەی پێت ئەڵێم ڕاستیە ئێمەی یەهودی ڕاستگۆین، چونكە ئەگەر درۆ بكەین ئەوا خوای قەومی ئیسرائیل سزامان ئەدات. من لە شاری (ئەنتاكیە) كە دەكەوێتە ولاّتی سوریەوە لەدایك بووم، كاتێك تەمەنم پێنج ساڵان بووە لەو شارەدا شەڕێك ڕویداوە و بە هۆی ئەو شەڕەوە (ئەنتاكیە) وێران بووە. بازرگانێكی (بوردە)

فرۆش منی فڕاندووه و له سوریەوه بردومی بۆ مەککه دوای دووساڵ و له تەمەنی حەوت ساڵیدا منی بردە بازاڕی (بوردە) فرۆشـان، لەوێ خەدیجەی خێزانی پێغەمبەر منی کڕی و بردمیە ماڵی خۆیان.

دەبێ ئەوە بڵێم لە ماڵی پێغەمبەردا هیچ کەس وەك غولام سەیری منی نەدەکرد، خەدیجە و محەمەد مێردی (د.خ) و کچەکانیان بەباشی لە گەڵ مندا هەڵسوکەوتیان دەکرد و هیچ کارێکی گرانیان پێ نەدەکردم. هاوڕێی یاریکردنی کچەکان بووم و دوای ئەوە گەورەش بووم بوومە خزمەتکاری تایبەتی فاتمە کە جوانترین کچی خەدیجە بوو، زوو زوویش نەخۆش دەکەوت بە بایەکی نەسیمی سارد نەخۆش دەکەوت. محەمەد (د.خ) کچەکانی خۆی زۆر خۆش دەویست، بەلام لە هەموویان زیاتر پەیوەندیەکی تایبەتی لەگەڵ فاتمەدا هەبوو. زۆرتر لەسەر چۆکی خۆی دایئەناو دەستی بەسەریدا ئەهێنا، وابزانم لەبەرئەوەبوو فاتمە لەش و لاری لاواز بوو و کچی بچوکیش بوو. قەدەغە بوو لە کاتی یاری کردن لەگەڵ فاتمەدا ڕاکە ڕاکە یاری بکەین، چونکە عارەقی دەکرد و دوایی نەخۆش دەکەوت. پێش ئەوەی ببمە خزمەتکاری تایبەتی فاتمە زۆرم خۆش دەویست، چونکە بەردەوام هاوکاری دەکردم و نەیدەهێشت کچەکانی تر لێم بدەن.

فاتمە دڵێکی بەسۆزی هەبوو نەك تەنها لەگەڵ مندا محەبەتی ئەنواند بەڵکو لەگەڵ هەمواندا وابوو، هەتا بەزەیی بە گیانلەبەرانیشدا دەهاتەوە. من لەسەردەمی منداڵیدا زۆرخۆربووم و فاتمە دەیزانی بەشەخواردنی ئاسایی من تێرم ناکات، بۆیە لە هەر ژەمێك دا دەیوت بەشی عەنتەر با زۆر تر بێت تا تێر بێت. جار جار نیوەی بەشە خواردنەکەی خۆی ئەدایە من دەیوت عەنتەر بخۆ باتێر بیت.

دەم بینی هەندێك کەس زۆر هاتوو چۆی ماڵی محەمەد (د.خ) دەکەن لەوانە ئەبوبەکر. تا منداڵ بووم نەم ئەزانی بۆچی دێن، بەلام زیاتر گەورە بووم و عەقڵم گرت ئەوجا زانیم ئەوانە بۆ مەسەلەی مەزهەبی دێن و ناویان (موسڵمان)ە واتە

ئەو كەسانەی ئیمان بە پێغەمبەر محەمەد (د.خ) دەهێنن. ئەبوبەكر جار جار عائیشەی كچی لەگەڵ خۆی دەهێنا بۆ ماڵی پێغەمبەر (د.خ) هەرچەندە منداڵ بووم بەڵام دەمزانی عائیشە لەگەڵ كچەكانی پێغەمبەردا جیاوازی هەیە، هەم لەباری بەژن و باڵا و هەم لەباری زوڵف و موی سەریەوە. یەكێك لەوشتانەی سەرنجی منی ڕاكێشا ڕەنگی خەنەیی قژی عائیشە بوو، لە عەرەبستاندا نەم بینیبوو ژن قژی سوور بێت.

هەرچەندە عائیشە منداڵ بوو بەڵام گەورەتر لە تەمەنی خۆی دەردەكەوت، لەگەڵ ئەوەشدا فاتمە كچی بچووكی خەدیجە بچكۆلانەتر لەتەمەنی خۆی، خۆی ئەنواند.

من نەم ئەزانی بۆچی پیاوانی مەككە سووربوون لەسەر ئەوەی محەمەد (د.خ) دەبێ لەمەككەدا كۆچ بكات و خۆیی و خێزانی دەربكەن، ئەمڕۆ تێدەگەم كە محەمەد (د.خ) موسڵمان بووە و لەگەڵ بت پەرستاندا دژایەتی كردوە و ئەوانیش بت پەرست بوون بۆیە نەیان دەویست محەمەد (د.خ) لەمەككەدا بمێنێتەوە.

ڕۆژێك وتیان دەبێ ئێمە لە مەككەدا بچینە دەرەوە بچینە ناوچەیەكی شاخاوی كە هی ئەبوتالب مامی محەمەد (د.خ) بوو، لەوێ بژین. ئەو ناوچەش ناوی (شعب). بوو ئەبوتالب هەرچەندە پیربوو، بەڵام لەگەڵمان هات. دەبێ بڵێم كە ئەبوتالب موسڵمان نەبوو، لەبەر ئەوەی هاودەردی نیشان بدا لەگەڵ محەمەد (د.خ) لە مەككە دەرچوو ژیانی لە (شعب) هەڵبژارد. دەوڵەمەندەكانی مەككە لە دەرەوەی شار لە ناوچەی شاخاویدا خانووی كوێستانیان هەبوو، (شعب) جێ هەوارگەی ئەبوتالب بوو.

دوای ئەوەی گەیشتینە ( شعب ) دەبینم ئەو كەسانەی لە مەككە هاتووچۆی ماڵی محەمەدیان (د.خ) دەكرد لەوێن، دەركەوت پیاوانی مەككەیی تەنها بەدەركردنی محەمەد (د.خ) ڕازی نەبوون و هەموو موسڵمانانیان لەوێ دەركردووە. ئەبوبەكرو عائیشەی كچی لە (شعب) پەیوەندیان پێوە كردین، دوای گەیشتن بە (شعب) چونكە خانوو كەم بوو، دەست كرا بە دروست كردنی خانوو

بە بەرد و قوڕ. ئێمە لە (شعب)دا کەم ئاو نەبووین، چونکە ڕووبارێك لە خوار ماڵەکانمانەوە دەڕۆیشت. هەرگیز وشکی نەدەکرد. جار جارە ئاوەکەی زیاد دەبوو، جارێکیان ئەوەندە زۆر بوو ترساین خانووەکانمان ئاو بیان بات.

بەڵام ئازووقەو خواردەمەنی کەم بوو. من بیستم کە پیاوەکانی مەککە لە هۆزی قوڕەیش ڕێگاو بانەکانی (شعب)یان چاودێری دەکرد تا فرۆشیارانی ئازووقە نەتوانن بگەنە (شعب). ڕۆژێك خەدیجە بانگی کردم و پێی وتم عەنتەر ئێمە موسڵمانین ناتوانین بگەڕێینەوە مەککە چونکە دەمانکوژن، تۆ موسڵمان نیت من ئازادت دەکەم بگەڕێرەوە بۆ مەککە و لەوێ لای یەکێك خزمەت بکە بالێرە وەك ئێمە تووشی برسیەتی نەبیت. وتم لێرە خواردەمەنی کەمە بەڵام ناڕەحەت و برسی نابم، دابنێین برسیش بم هیچ گلە و بۆڵە ناکەم. چونکە ئەی مەولای من تۆ بەردەوام بە چاکی ڕەفتارت لەگەڵ من کردووە، هەرچەندە من غولامێك بووم بەڵام بە چاوی غولام و بوردەوە سەیری منت نەکردووە. لەو ڕۆژەوە لە ماڵی تۆدام بەباشی ژیاوم و نابێ بۆ چەند ڕۆژێك ناڕەحەتی لێرەدا شەکوا بکەم. خەدیجە وتی نازانرێ ئەم ناڕە حەتی‌یەی ئێمە لێرەدا چەند ڕۆژ درێژە دەکێشێ و کەی دەتوانین بڕۆین. وتم تا هەرکاتێك ئێوە لێرەبن منیش لێرە دەبم وە هەموو جۆرە ناڕەحەتیەك تەحەمول دەکەم، چونکە ناتوانم لە فاتمەی کچت دووربکەومەوە و تا ئەوڕۆژەی زیندوم خزمەتی دەکەم. ئەگەر ڕۆژێکیش دەرم بکات ناڕۆم و لە پشتی دەرگاکەیدا دائەنیشم، خوم بە خزمەت کردنیەوە گرتووە و ناتوانم ئەو خووە تەرك بکەم.

خەدیجە وتی ئەی عەنتەر تۆ ئەوەندە لەگەڵ فاتمەدا نێوانت باشە بۆچی موسڵمان نابیت؟ وتم ئەی مەولام ئێمەی یەهودی دینی خۆمان واز لێ ناهێنین. پاشان وتم ئایا تۆ ناچارم دەکەیت بۆ ئەوەی موسڵمان ببم؟ خەدیجە وتی من هەرگیز تۆ ناچار ناکەم بۆ قبوڵکردنی ئایینی ئیسلام، چونکە پێغەمبەری خودا (د.خ) فەرمویەتی نابێ کەس وا لێبکەیت بە ناچاری ئایینی ئیسلام قبوڵ بکات. ئایینی ئیسلام ئایینی خوایە و دەبێ خەڵکی بە ئارەزوو پێشوازی بکەن. دوای

ئەوەی بارودۆخی ( شعب ) هەروا بە بێ ئازووقەیی مایەوە، ئێمەش بە برسیەتی مانەوە.

ئەبوتالب مامی محەمەد (د.خ) کوڕێکی هەبوو بەناوی عەلی ئەویش موسڵمان بوو، لەوکاتەدا عەلی تازە لە دەورەی منداڵیەوە پێی دەنایە دەورەی نۆجەوانی، بەڵام کوڕێکی دلێر بوو. خەدیجەش دەیوت لەبەرئەوە محەمەد (د.خ) کوڕی نیە عەلی بە کوڕی خۆی دەزانێت. ڕۆژێك کە ئیتر برسێتی زۆری بۆ هێنابووین، عەلی وتی ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ) ئایا ئیجازە ئەدەیت من بچم لە مەککە ئازووقە بهێنم. محەمەد (د.خ) وتی ئەی عەلی دەکوژرێیت. عەلی وتی لە مەککە دوکاندارێك هەیە من دەناسێ و دەچم بۆلای ئەو ئازووقە دەکڕم و دەگەڕێمەوە. لەکاتی ئەم ئیجازە وەرگرتنەی عەلی لە محەمەد (د.خ) منیش لەوێ ئامادە بووم و وتم لەگەڵ عەلی دا ئەچم بۆ یارمەتی دانی. محەمەد (د.خ) و خەدیجە ڕازی بوون من و عەلی پێکەوە بچین بۆ مەککە. محەمەد (د.خ) وتی بە عەلی مادام هەردووکتان منداڵن لە وانەیە دوای تاریکی شەو بچنە مەککەوە کەس نەتان ناسێت، ئێمەش پێش خۆرئاوا بوون لە (شعب) بەرەو مەکە بەرێکەوتین.

من وام هەست دەکرد هەندێك لە سوارانی قوڕەیش لەسەر ڕێگەی (شعب - مەککە)دا بن و ڕێگریمان لێ بکەن، بەڵام کەسمان نەبینی، دیارە هۆزی قوڕەیش بەپێویستیان نەزانیوە ئەو ڕێگە بگرن، چونکە دەرچونی موسڵمانان لە مەککەوە بەرە و (شعب) قەدەغە نەبوو یان ئەیان توانی لەمەککە دەرچن بۆهەر جێگەیەك کە خۆیان ئارەزوویان هەبووایە. بەڵام بە پێچەوانەوە هەرکەس موسڵمان بوایە و لەدەرەوە بۆ ناو مەککە بڕۆشتایە بیان گرتایە دەیانکوشت.

کاتێك نزیکی شار بووینەوە خۆر ئاوابوو، ئێمەش وەستاین تا تاریك بکات و دوایی بچینە ناو شارەوە. دوای تاریك بوونی هەروا دەورێکمان دایەوە تا لە ڕێگەیەکی ترەوە بچینە ناو شار، کەس ئێمەی نەبینی و لەبەرئەوەی منداڵیش بووین کەس هەر لێی نەپرسین. عەلی منی لە کۆڵانەکانی مەککەوە برد تا بگەینە

دوکانی بەقاڵەکە، پرسیم لێی باشە بەم شەوە دوکان هەیە؟ وتی تا بەشێکی زۆری شەو بازاڕ هەیەو دوکانەکەی داناخات.

کاتێك گەیشتینە دوکانەکە خاوەنەکەی پیاوێکی بەساڵا چوو بوو کە عەلی بینی سەری سوڕما و هەواڵی باوکی لێ پرسی، وتی بۆ هاتوونەتەوە ناو مەککە؟ عەلی وتی نەء، دوکاندارەکە وتی ئێوە هەڵەتان کردووە هاتونە ناوشار و ئەگەر بزانن ئەتان، گرن ڕەنگە لەبەر مندڵیەتی نەتان کوژن بەڵام بەرتان نادەن بە تایبەتی تۆ ئەگەر بزانن کوڕی ئەبوتالبی. پاشان دەستی بۆ لای من ڕاکێشا و لە عەلی پرسی ئەوە کێیە؟ عەلی وتی غولامێکی یەهودیە. وتی بزانن ئەمیش ئازار ئەدەن، چونکە دەزانن لە غولامەکانی موسڵمانانە. عەلی وتی هاتووین بۆلای تۆ ئازووقە بکڕین و بگەڕینەوە بۆ (شعب). دوکاندارەکە وتی ناتوانم ئازووقەتان بدەمێ چونکە بزانن ئێوە لەلای من کەل و پەلتان کڕیوە بۆ (شعب) من لە هۆز دەردەکەن و و لەم شارە دەمکەنە دەرەوە و و ماڵەکەشم داگیر دەکەن و کەلو پەلەکەشم دەستی بەسەردا دەگرن، ئایا ئاگات لەو بڕیارە هەیە کە لە خانەی کەعبە دەرچووە یا نا؟ بەهۆی ئەم حوکمەوە کەس لە مەککەدا ناتوانێت ئازووقە و کەلوپەل بفرۆشێت بە موسڵمانان یان هەر مامەڵەیەکی تر بکات لە گەڵیاندا.

عەلی وتی من ئاگادارم لەو بڕیارە. دوکاندارەکە وتی ئەی کوڕی ئەبوتالب من لەبەرئەوەی باوکت دەناسم کەلوپەلت ئەدەمێ بەلام بەمەرجێك گیرایت نەڵێی لای ئەو کڕیومە ئەگەر بشت کوژن. عەلی وتی ئەی ( عەبدالمنات ) من لە کوشتن ناترسم، بەڵام ئەگەر بگیرێم ناتوانم درۆ بکەم و دەڵێم لای ئەو کڕیومە. بەقاڵەکە وتی کوڕی ئەبوتالب زوو لێرە برۆ ئەگەر لەم ناوە بتبینن و بتناسن بۆ من خراپە. عەلی وتی من لێت ناکڕم با عەنتەر لێت بکڕێت، لەبەرئەوە ئەو یەهودیە زۆر ئاساییە تۆ ئازوقەی پێ بفرۆشیت. دوکاندارەکە وتی باشە تۆ دوور بگرە تا کەلوپەلەکە ئەدەم بە عەنتەر، با لەگەڵ ئەمدا نەتبینن. عەلی وتی عەنتەر بەتەنیا ناتوانێت لەبەرئەوە من لەگەڵیدا هاتووم تا یارمەتی بدەم ئازووقەکە بگوازینەوە بۆ (شعب)، لە کۆتایدا وا ڕێك کەوتین عەلی بچێتە قەراغ شار چاوەڕێ بکات و من

دووبار ئازووقە بكڕم ولەشار بیبەمە دەرەوە و لەوێوە لەگەڵ عەلیدا بیبەینەوە بۆ (شعب). عەلی پارەكەی دابەمن و خۆی ڕۆیشت بۆ دەرەوەی شار، من دووجار هەرجارێك هەندێك گەنم و خورما و پاقلەم كڕی و لە شار بردمە دەرەوە. جاری دووەم كاتی گەڕانەوەم پیاوە پیرە دوكاندارەكە پێی وتم بەو كوڕەی ئەبوتالب بڵێ جارێكی تر بۆ كڕینی ئازووقە نەیەتەوە بۆ لای من و تۆش نەنێرێت. ئەم قسەم گێڕایەوە بۆ عەلی و لە تاریكایی شەودا كۆڵەكانمان هەڵگرت و گەڕاینەوە بەرەو (شعب)، ئەو ئازوقەیەی ئێمە هێنابوومان زۆر نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دڵخۆش بووم چونكە دەمزانی هیچ نەبێ فاتمە ژەمێك خواردن دەخوات.

ئەی (ثابت بن ارطاة) لە كچەكانی محەمەد (د.خ) دووانیان لەوكاتەدا لە (شعب) بوون، یەكەم (ام كلثوم) دووەم (فاتمە). دووانی تریان لەبەرئەوە شوویان كردبوو لەوێ نەبوون و لەگەڵ شووەكانی خۆیاندا بوون.

(ام كلثوم و فاتمە) لە ئیش كردندا هاوكاری خەدیجەی دایكیان دەكرد هەرچەندە فاتمە لەش و لاری لاواز بوو، بەڵام هەوڵی ئەدا هاوكاری دایكی بكات. ئەو ئازوقەی ئێمە لە (شعب)ەوە هێنابوومان زوو تەواو بوو، دووبارە برسیەتی هەمووومانی گرتەوە.

(( ڕونكردنەوە: محەمەد (د.خ) چوار كچی هەبووە، ئەوەی ئێمە بزانین یەكەم زەینەب ژنی (ابو العاص ابن الربیع)ە و دووەم ڕوقیە ژنی عەتەبە (عتبە) كوڕی (ئەبولەهەب) سێهەم (ام كلثوم) دوای دەرچوونیان لە (شعب) و دوای چەندساڵێك بووە ژنی عوسمان. چوارەم فاتمە كە منداڵەكانی بوونە جێ ماوانی محەمەد (د.خ) مێژووی ئیسلام ئەوەندەی من ئاگادار بم ناوی منداڵەكانی كچەكانی تری محەمەدی (د.خ) نەنوسیوە ئاشكرایە ڕەنگە ناودار نەبووبن. ذبیح الله).

## كۆچی دوایی ( خەدیجە ) هاوسەری پێغەمبەر (د.خ)

محەمەد (د.خ) پێغەمبەری ئێوە، فەرمانی دابوو ئازووقە بە یەکسانی لە نیوان موسڵماناندا دابەش بکرێت لە (شعب). خۆیی و خەدیجەی هاوسەری فیداکاریان دەکرد و بەشە خواردنەکەی خۆیان ئەدا بە خەڵکی تر و خۆیان بە برسیەتی هەڵیان ئەکرد. محەمەد (د.خ) بە خەدیجەی دەوت تۆ لە هەموو ژیاندا بە خۆشی ژیاوی و برسیەتی لاواز و تووشی نەخۆشیت دەکات. خەدیجەش دەیوت ئەی پێغەمبەری خوا گیانی من لە گیانی تۆ زیاتر و بەنرخ تر نیە کە تۆ بەبرسیەتی ژیان دەگوزەرێنی با منیش برسی بم.

چوار ڕۆژ دوای ئەوەی ئێمە لەمەککە کەمێك ئازوقەمان هێنابوو، کاروانێك بەسەرپەرشتی ( عتبە بن ربیعە) کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی قورەیش لە لای ( شعب )ەوە تێ ئەپەڕی. عەلی لە ( شعب ) دەرچوو بۆ بینینی کاروان و منیش لە گەڵیا چووم، ( عتبە کاتێك ئێمەی بینی پرسی ئێوە لێرەدا چی دەکەن؟ عەلی بە پەنجە ئاماژەی بۆ ( شعب ) کرد و وتی لێرەدا دەژین. پاشان وتی ئایا ئەکرێت هەندێ ئازووقەمان پێ بفرۆشیت؟ (عتبە ) لەم پرسیارە سەری سوڕما و وتی مەککە نزیکە ئەتوانن چیتان بوێت لەوێ بیکڕن. بۆچی ئەتانەوێ ئازووقە لە من بکڕن؟ عەلی وەڵامی دایەوە ئێمە ناتوانین لە مەککە ئازووقە بکڕین، چونکە ( قوڕەیش ) قەدەغەیان کردووە و ناهێڵن ئێمە بچینە ناو مەککە.

(عتبە بن ربیعە) پرسیاری کرد تۆ کێیت؟ عەلی خۆی ناساند و (عتبە) لەگەڵ بیستنی ناوی باوکی عەلی وتی باوکت لە کوێیە؟ وتی لێرە و لە (شعب) دایە. ئینجا عەلی چۆنیەتی دەرکردنی موسڵمانانی لە مەککەدا بۆ (شعب) باس کرد و وتی لەبەرئەوە داوات لێدەکەم بەپێی توانا ئازوقەمان پێ بفرۆشە. (عتبە) وتی من ئەم مەوزوعەم نەبیستووە و ئەوە یەکەم جارە لەدەم تۆوە گوێم لێ دەبێ، چونکە لەسەفەر بووم. بەڵام دەش زانم کە ئەبوتالب پیاوێکی خاوەن ئیمانە و هەرگیز دینی محەمەد (د.خ) قبوڵ ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەبوتالب لە ڕابووردوودا چاکەی لەگەڵ مندا کردووە و دەبێ ئێستا پاداشتی ئەو چاکەیەی بدەمەوە.

ئینجا ( عتبه ) بڕێك گەنم و ئارد و خورمای داینێ و وتی بیبەن بۆ ئەبوتالب حەقەكەشی وەرنەگرت وتی دیاری منە بۆ ئەو لەباتی ئەوچاكەی زوو لە گەڵ مندا كردویەتی. عەلی وتی مادام تۆ دۆستی باوكمی دەتوانی جگە لەم دیاریە كە هی خۆتە بڕێك ئازوقەی ترمان بە پارە بدەیتێ؟ (عتبە) وتی مادام موسڵمانان لە مەككە دەركراون و قەدەغە كراوە ئازووقەیان پێ بفرۆشرێت من ناتوانم ئازوقە بفرۆشم بە پەیڕەوانی دینی محەمەد (د.خ)، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەبوتالب لێرەیەو چاكەی بەسەرمەوە هەیە چی ئازوقەم پێیە پێتان دەفرۆشم. من مادام دەچمەوە ناو مەككەو نزیكە پێویستم بە ئازووقە نیە. ( عتبە بن ربیعە) چونكە سەرقافڵەی كاروان بوو، وتی بە كاروانیەكان زیادەی ئازووقەكانتان بفرۆشن بەمانە. عەلی لای كاروانەكە مایەوە و من بە ڕاكردن گەڕامەوە ( شعب ) و ئاگاداری خەدیجەم كرد، ئەو كاروانەی (عتبە) جگە لەوەی هەندێ ئازووقەی بە دیاری داوە پێمان ئامادەشن ئازووقەكەی تری كە پێیان ماوە پێمان بفرۆشن، ئەویش ئاگاداری محەمەدی (د.خ) كرد و محەمەدیش (د.خ) فەرمانی دا چی ئازوقەتان پێ دەفرۆشێت و چەند نرخی لەسەر دائەنێت بیدەنێ.

( عتبە )ش زانی ئێمە زۆر برسیمانە پارەی زیادەی نەخستە سەر و ئەو ئازووقەی پێیان فرۆشتین پیاوەكان هاوكارییان كردین و گواستمانەوە بۆ (شعب)، بە داخەوە كاروانەكانی تر كە لەوێوە گوزەریان دەكرد ئامادە نەبوون وەك كاروانەكەی (عتبە) ئازوقەكانیان بفرۆشن پێمان. (عتبە) كاتێك گەرابووەوە ناو مەككە بە توندی لە لایەن سەرانی قوڕەیشەوە ئاگادار كرابوو كە بۆچی ئازوقەی بە موسڵمانان فرۆشتووە، ئەویش خۆی بێ ئاگا كردبوو وتبوی من لەسەفەر بووم و ئاگاداری ئەم بڕیارە نەبووم كە نابێ مەمەڵە لەگەڵ موسڵماناندا بكرێت. ئەوانە ئامادەبوون بە نرخی باش ئازووقەكەم بكڕن و منیش لەبەر قازانجی خۆم فرۆشتم.

بەڵام ئەو كاروانانەی لای ( شعب )ەوە تێ پەڕ دەبوون و خەڵكی مەككە نەبوون ئامادە بوون ئازوقەمان پێ بفرۆشن، چونكە ئەوانە لە قوڕەیشەكان نەدەترسان و ئێمەش پارەی زیادمان ئەدانێ. ئەگەر تێپەڕ بوونی ئەو كاروانانە نەبوایە لە نزیك

( شعب )ەوە، هەموو موسڵمانان و منیش کە لە خزمەتکاران و غوڵامان بووم لەبەر برسیەتی دەمردین. تێپەڕبوونی کاروانەکان ڕێك و پێك نەبوو، جاری وا هەبوو نزیکەی شەش هەفتە کاروان نەدەهات. ئینجا برسی بوونی ئێمە وەك ئەشکەنجە وابوو، لەو سەردەمەدا خەدیجە نەخۆش کەوت.

من نازانم هەواڵی نەخۆشی خەدیجە هاوسەری محەمەد (د.خ) چۆن گەیشتە مەککە و قوڕەیش ئاگادار بوون. سەرانی قوڕەیش خەبەریان دەنارد بۆ خەدیجە ئەگەر پاش گەزبێتەوە لە دینی محەمەد (د.خ)، ئەوا بە تەختی ڕەوان (نەقالە) دەیبەنەوە بۆ مەککە و چارەسەری نەخۆشیەکەی دەکەن. بەلاّم خەدیجە وەلاّمی دانەوە لە دینی محەمەد (د.خ) پاشگەز نابێتەوە.

وەزعی خەدیجە ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبوو، سیّ ڕۆژ پێش مردنی منی بانگ کرد بۆ ژوورەکەی خۆی و بینیم (ام کلثوم) و فاتمە و باوکیان محەمەد (د.خ) لەو ژوورەدان. خەدیجە ڕوویکردە ئەوان و وتی من لە عەنتەر زۆر ڕازیم، چونکە زۆر بە چاکی خزمەتی ئێمەی کردووە و هەموو ئیش و کارێکی ئەنجام داوە و بە تایبەت وەفادار بووە لەگەڵ فاتمەدا، لەبەرئەوە لەم ساتەوە عەنتەر غولاّم نیە و ئازادە بۆ هەرکوێ دەچێت خۆی سەربەستە. ئەی محەمەد (د.خ) تۆ بە شایەت بە کە من عەنتەرم ئازاد کردووە. محەمەد (د.خ) وتی شایەتی ئەدەم لەبەردەم مندا عەنتەرت ئازاد کردووە. منیش وتم ئەی مەولای من هەرچەندە تۆ منت ئازاد کردووە، بەلاّم منیش دەست لە تۆ و منداڵەکانت بەتایبەت فاتمە هەڵناگرم تا ئەو ڕۆژەی زیندوم خزمەتکاری تۆ و فاتمە دەکەم.

خەدیجە وتی عەنتەر تۆ لەمەولا ئیتر خزمەتی من ناکەی، من بە زوویی لەم جیهانەدا دەڕۆم. ئەگەر نیەتی خزمەتکاریت هەبوو خزمەتی فاتمە بکە، ئەویش هەمیشە لایەنگری تۆ دەکات و ئاگای لێت دەبێت. وتم ئەی مەولای من تا ئەو ڕۆژەی لە ژیاندام خزمەتی دەکەم و هەرکات پێویست بێت گیانی فیدا دەکەم.

لەوە بە دواوە تا ئەو کاتەی خەدیجە کۆچی دوایی کرد محەمەد (د.خ) و فاتمە لەلای سەرینی دوورنەکەوتنەوە، بەلاّم جار جار (ام کلثوم) کە ماندوو دەبوو

دەچوو دەخەوت. جار جار محەمەد (د.خ) بەزۆر فاتمەی دەنارد بخەوێت لەبەر فەرمانی باوکی دەچووە دەرەوە بۆ خەوتن، بەڵام ئەوەندەی نەدەبرد دەهاتەوە لای سەرینەکەی دایکی و دەستی دەگرت و دەستێکی دەخستە سەر ڕومەتی و دەیوت دایەگیان کاشکا من لە باتی تۆ نەخۆش بوومایە، من بە قوربانی تۆ دەبم بەڵکو باش بیتەوە. خەدیجە دەیوت کچی خۆم دوای مەرگی من بێ تاقەتی نەکەیت، چونکە تۆ بنیەت لاوازە بێ تاقەتی بکەیت نەخۆش دەکەویت.

هەرکات خەدیجە باسی لە مردنی خۆی دەکرد محەمەد (د.خ) و فاتمە و (ام کلثوم) دەستیان دەکرد بە گریان. دوای سێ ڕۆژ کە من لە غولامی ئازاد کرام بە یانیەك زوو شین و زاری منی لە خەو بە خەبەرهێنا و تێ گەیشتم کە هاوسەری محەمەد (د.خ) فەرمانی خوای بەجێ هێناوە، هەموو ئەوانەی لە (شعب)دا بوون دەگریان، هەتا ئەبوتالبی بە ساڵاچووش فرمێسکی دەرژاند. محەمەد (د.خ) بە دەنگی بەرز دەگریاو دەیوت خوایە خەدیجە بە هۆی نالەباری ژیانەوە لێرەدا نەخۆش کەوت و مرد، لەڕێگەی دینی تۆدا بووە قوربانی و تۆش ئەم قوربانیەی قبوڵ بکە. محەمەد (د.خ) خۆی خەدیجەی شۆرد و پاشان بە خاك سپێردرا. دوای مردنی خەدیجە هەموو ( شعب ) ماتەمینی دای گرتبوو تا خەدیجە مابوو حەلکردنی هەموو کێشەیەك ئاسان بوو بۆمان.

خەدیجە ژنێك بوو لایق، خەڵکی هان ئەدا بۆ سەبر گرتن و پێی دەوتن لە ئەنجامدا خوای محەمەد (د.خ) ڕزگارتان دەکات و داهاتویەکی درەوشاوە چاوەڕێی موسڵمانان دەکات. دوای مردنی خەدیجە موسڵمانان پشتێکی گەروەیان لە دەس دا، هەروەها دوای مردنیشی نەمبینی محەمەد (د.خ) پێبکەنێت؟ کەچی کاتێك خەدیجە لە ژیاندا بوو هەرچەندە هەمووان برسی بووین پێغەمبەری ئێوە هەمیشە زەردەی دەگرد.

محەمەد (د.خ) فاتمەی زۆر خۆش دەویست و دوای مردنی خەدیجە زیاتر خۆشی دەویست، چونکە زۆر مەلول بوو بۆ دایکی. بە جۆرێك محەمەد (د.خ) ترسی ئەوەی هەبوو ئەو کچە دیق بکات بۆ دایکی و نەخۆش بکەوێت. من بە

ڕۆژو شەو خزمەتی فاتمەم دەکرد و هەوڵم ئەدا لە خەمی کەم بکەمەوە و گەورەش بووبووم دەم ویست بزانم بۆچی لە مەککە ئێمەیان دەرکرد و لە (شعب) دەژین.

فاتمە دەیوت عەنتەر هۆی سەرەکی دژایەتی کردنی جەماعەتی قوڕەی لەگەڵ باوکم دا ئەوەیە ئەوان قازانجی خۆیان لە مەترسیدا دەبینن، پرسیم بۆچی؟ دەیوت خواوەند بە باوکمی وتوە بە موسڵمانان بڵێت بۆ کۆکردنەوەی سەروەت و سامان تەماعکار نەبن و بەشێك لە سەروەتی خۆتان بدەن بە هەژاران، بەڵام جەماعەتی قوڕەیش تەماعی کۆکردنەوەی سەروەت و سامانیان هەبوو.

باوکم دەیوت لە کۆکردنەوەی سەروەت دوور بکەونەوە و یارمەتی هەژاران بدەن، لەدەرەوەی مەککەشدا لە یەمەن و بەسرە و شام دا پڕ و پاگەندە بڵاو بوو بووەوە کە محەمەد (د.خ) دەیەوێت هەژاران و غوڵامەکان شۆڕش بکەن بەسەر دەوڵەمەندەکاندا و سەروەت و سامانەکەیان لە دەست بسێنن. باوکم ئەم بیرەی نەبوو، مەسەلەکە ئەوەبوو هەر دوو ڕۆژ جارێك کاروانێك ئەهاتە ناو مەککەوە و ئەمە جگە لەو ڕێبوارانەی بۆ خۆیان بە جیا دەهاتن، هەر کاروانێك چەند ڕۆژێك لە مەککەدا دەمایەوە چەندین هەزار درهەمیان سەرف دەکرد. کاروانی گەورە لە (١٥٠٠–٢٠٠٠) هەزارو پێنج سەد تا دوو هەزار وشتریان پێیە، ئەو پارەش لەوێ خەرج دەکرا زۆرتر دەچووە گیرفانی جەماعەتی قوڕەیشەوە. بەو بۆنەوە ئەوانە دەیانەوێت بەردەوام ئەو کاروانانە بچنە ناو مەککەوە، بەڵام سەر قافڵەکانی کاروانەکان وتبویان مادام محەمەد (د.خ) دەیەوێت هەژاران شۆڕش بکەن لە دژی دەوڵەمەندەکان و سەروەت و سامانەکەیان لێ بسێنن. ئیتر لەمەککەوە هاتووچۆ ناکەین و لە ڕێگەیەکی ترەوە تێ دەپەڕین زۆر تر لە قەراغ دەریاوە دەڕۆین.

ئەبو سوفیان و خەڵکانی تری قوڕەیش کە ئەم هەواڵەیان بیست لە دەم سەر قافڵەکانەوە، ترسیان لێنیشت نەوەك بازاڕی مەککە بخەوێت و ئەوان لەو داهاتە زۆرە بێبەش بن. ئەوە بوو لەبەر خاتری قازانجی خۆیان باوکمیان دەرکرد لەمەککە. پرسیم بۆچی باوکت ئیتر ناگەڕێتەوە بۆ مەککە؟ وەڵامی دامەوە باوکم دەیەوێت بگەڕێتەوە، بەڵام جەماعەتی قوڕەیش ناهێڵن چوون لە باوکم دەترسن.

دەزانن دوای گەڕانەوەی بۆ مەككە ئەو شتانەی پێشتر دەیوتن دوو بارەیان دەكاتەوە و دەڵێت بەشێك لە سەروەتی خۆتان تەرخان بكەن بۆ هەژاران و دوور بكەونەوە لە بت پەرستی. یەكێك لەوشتانەی قوڕەیشەكانی بە تەواوەتی لە باوكم ترساندبوو بەخشینی (مفلسە) بوو. یەكێك لەو یاسایانەی ئێستا لە مەككەدا بالاْ دەستە ئەوەیە ئەگەر كەسێك قەرز بداتە كەسێكی تر و نەیبێ بیداتەوە لە كاتی خۆیدا یان موفلیس بوویێت، خاوەن قەرز یان كابرای دەوڵەمەند قەرزارەكە دەكاتە بووردەی خۆیی و كاری پێ دەكات یان دەیباتە بازاڕی بوورده فرۆشان و دەیفرۆشێت. بەلاْم باوكی من دەڵێت ( المفلس فی آمان اللە ) واتە كەسێك قەرزاربوو نەیتوانی لەسەر مەوعید قەرز بداتەوە، لە پەنایی خوادایە و نابێ ئازار بدرێت یان لە بازاڕی بردە فرۆشاندا بفرۆشرێت.

فاتمە دەیوت لەو ڕۆژەوە جەماعەتی قوڕەیش كە ڕابەریان ئەبو سوفیانە، ئێمەیان لە مەككەدا دەركردووە و بۆ هەموو شارەكانی عەرەبستان هەواڵیان ناردووە كە محەمەدمان (د.خ) لە مەككە دەركردووە و ئەو كەسانەش لە قەبیلەی ئەون و پشتگیریان دەكرد ڕۆیشتون، لەمەولا هیچ ترسێك هەڕەشە لە دەوڵەمەندەكان و كاروانەكەیان ناكات، چونكە محەمەد (د.خ) لە مەككەدا نەماوە.

دوای مردنی خەدیجە عائیشە كچی ئەبوبەكر دەچووە لای محەمەد (د.خ)، كاتێك دەیبینی پێغەمبەر (د.خ) نارەحەتە ئایەتەكانی قورئانی بۆ دەخوێند. لە نیوان موسڵمانانیدا هیچ كەسم نەدیوە ئەوەندەی عائیشە ئایەتەكانی قورئانی لەبەربێ، هەموو ئەو ئایەتانەی تا ئەوكاتە بۆ پێغەمبەر (د.خ) هاتبوونە خوارەوە لەبەری بوون و بۆی دەخوێندەوە، دوای تەواو بوونی ئایەتەكان محەمەد (د.خ) دەیوت خواوەند ڕوو سپیت بكات.

دوای مردنی خەدیجە لە بارەی خواردەمەنیەوە وەزعمان باش بوو، زوو زوو كاروان لە قەراغ ( شعب ) ەوە تێپەڕ دەبوون و ئێمە ئازووقەمان لێدەكڕین قوڕەیشەكان دەیانزانی كاروانچیەكان ئازووقەكانیان بە ئێمە دەفرۆشن، بەلاْم نەیان دەتوانی ڕێگریان لێ بكەن لەسەر فرۆشتنی ئازووقە بە موسڵمانان، چونكە

کاروانچـیەکان بـەرە و مەککـە دەڕۆیشـتن گـوێ ڕایـەڵی فـەرمانی ئـەوان نـەبوون. فاتمەی کچی محەمـەد (د.خ) پێـی وتم: جەماعـەتی قوڕەیش حـەز دەکـەن بـاوکم و موسڵمانانی تر کە لـە ( شعب )دان تـا دوایـن درهـەمی خۆیـان بـۆ کڕینـی ئازووقـە سـەرف بکـەن و دوای ئـەوە بـۆ تێرکردنـی سـکیان سـواڵ بکـەن، چـونکە وادەزانـن ئەگـەر بـاوکم سـواڵ بکـات کـەس بـە پێغەمبـەری نازانێـت، لەبەرئـەوەی پێغەمبـەر سواڵ ناکات، بەڵام جەماعەتی قوڕەیش نـازانن کە نـە بـاوکی مـن و نـە موسـڵمانان سواڵ ناکەن، چونکە ئێمە ئەگەر لەبەر برسـیەتی بمـرین دەسـتی گـەدایی بـۆ کـەس درێـژ ناکـەین. هەرچـەندە دوای مردنـی خەدیجـە وەزعـی ئازوقـە باشـتر بـوو، بـەڵام محەمـەد (د.خ) خـواردنی نـەدەخوارد لەبـەر غـەمباری مـەرگی خەدیجـە. عائیشـەی کچی ئەبوبەکر بـە محەمـەدی دەوت ئـەی پێغەمبـەری خـودا، تـۆ بۆچـی ئەمەنـدە بـۆ مـەرگی خەدیجـە خـەمباری؟ محەمـەد (د.خ) وەڵامـی ئەدایـەوە لەبەرئـەوە خـەمبارم چونکە خەدیجە لەبەر نالەباری ژیان و برسیەتی نەخۆش کەوت و مرد، ئەگەر لە ( شعب ) دا نەبوایە نەدەمرد.

ڕۆژێ عائیشە بە پێغەمبەری (د.خ) یا ڕەسوڵ الله خێزانی تـۆ ئەگـەر نەشـهاتایە بۆ ( شعب ) لە مەککەشدا بووایە هەر بە نەخۆشی دەمردن چونکە ماوەیـەك پـێش ئـەوەی بـێین بـۆ (شـعب) لـە دەم (ام عمـرو) وە کـە مامـان بـوو بیسـتم کـە دەیـوت خەدیجـەی خێزانـی محەمـەد (د.خ) تووشـی نەخۆشـی شـێرپەنجە بـووە و ئـەو نەخۆشییەش دەیکوژێت.

کاتێك محەمـەد ئەمـەی بیسـت لـە بـاتی ئـەوەی هـێمن بێـت و سـەبوری بۆبێـت دەسـتی کـرد بـە گریـان، مـن بـە فاتمـەم وت باوکـت بـۆ مـەرگی دایکـت ئەوەنـدە خـەمبارە نـانی پـێ ناخورێـت کارێك بکە کە نـان بخـوات. فاتمە بە دەسـتی خـۆی پـاروی دەکـرد و ئەیـدا بـەدەم باوکیـەوە و محەمـەد (د.خ) لەبـەر خـاتری فاتمـە دەیخوارد، بەڵام یەك پارو زیاتری نەدەخوارد ئەویش بە بێ ئیشتیها. دەیوت کچی خۆم من لە دوای دایکت وەك بێ گیان بم وایە.

ڕۆژێك دووكەس لە ( شعب ) سەبارەت بە خەمباری پێغەمبەر(د.خ) قسەیان دەكرد بێ ئەوەی ئەوان بزانن من گوێم لە قسەكانیانە. یەكەم دەیوت دەزانی محەمەد (د.خ) چەندە خەمبارە و من دەترسم ئەگەر خەمباری ئەو درێژە بكێشێ نەخۆش بكەوێت، ئەوی تریان دەیوت ئەو لەسەردەمی منداڵیەوە ڕاهاتبوو لەگەڵ خەدیجەدا بژی و خەدیجە بۆ ئەو خێزانی بوو هەم دایك و باوكیشی بوو. محەمەد (د.خ) لەمنداڵیەوە دایك و باوكی نەمابوون لە محەبەت و سۆزی دایك و باوك بێ بەش بووە، دۆستی خەم خۆری نەبوو بەڵام خەدیجە دۆست و خەم خۆری بوو. محەمەد (د.خ) گەرچی دەیزانی دانیشتوانی مەككە هەموو دوژمنایەتی دەكەن، بەڵام لە ماڵەوە دۆستی خەم خۆری هەبوو لەگەڵ دەهاتەوە ماڵ و خەدیجەی دەبینی ناڕەحەتی لە دڵ و دەرون و لەشیدا نەدەما. ئەوەتا دوای مردنی ئەو خەمبار و بێ تاقەتە. یەكەم وتی پێشینان وتویانە چارەسەری پیاوی ژن مردوو جگە لە ژن هێنان هیچی تر نیە، ئەگەر محەمەد (د.خ) ژن بهێنێتەوە ئەوا مەرگی خەدیجەی لە بیردەچێتەوە. دووەم وتی باوەڕ ناكەم محەمەد (د.خ) بە ژن هێنان مەرگی خەدیجەی لەبیر بچێتەوە، چونكە دایكی منداڵەكانی بووە و هەركات یەكێكیان ببینێ خەدیجەی بیر دەكەوێتەوە.

ئەو پیاوەیان كە باوەڕی وابوو دەبێ محەمەد (د.خ) ژن بهێنێتەوە، وتی ئایا هەست دەكەیت لەو كاتەوە خەدیجە كۆچی دوایی كردووە، عائیشەی كچی ئەبوبەكر زۆرتر لە دەوروبەری پێغەمبەردا (د.خ) دەبینرێت؟ ئەوی تر وتی بەڵێ ئاگام لێیە، بەڵام پێغەمبەر (د.خ) لەوبارەوە بەو شێوە سەیری عائیشە ناكات. بەڵكو لەبەر ئەوەیە كە كچێكی زیرەك و خاوەن هۆش و بیرە و هەموو ئایەتەكانی قورئانی لەبەرە. ئەوی تر وتی من وای بۆ دەچم مەسەلەكە تەنها ئەوە نیە، عائیشە نیەتی وایە بێتە هاسەری محەمەد (د.خ). ئەوی تر وتی ئەگەر واش بێت جیاوازی نێوان تەمەنیان زۆرە. ئەوی لە بەرامبەردا هاوڵەكەی وتی محەمەد (د.خ) هەرچەندە بە تەمەنە بەڵام لەش و لاری هیچ شێوەی لاویەتی لە دەست نەداوە و یەك دانی نەكەوتووە، كاتێك قسە دەكات ددانە سپی و بێ عەیبەكانی بریسكە

ئەدەنەوە. من ئەگەر کچێکی لاوم هەبوایە ئەمدا بە پێغەمبەر، چونکە پێغەمبەریش نەبوایە (د.خ) هەر پیاوێکی خۆشەویستە. ئەوی تر وتی بەلاّم عائیشە بێ گانەیەو دایکی خەڵکی میسرە ئەبوبەکر لە ئەسکەندەریە هێناویەتی. ئەوی تر وتی لە نێوان موسڵمانان‌دا جیاوازی نی‌یە بێگانە و خۆیی هەریەکێکن، بە پێچەوانەی قسەکەی تۆوە عائیشە لاوە و کاتی شوویەتی و دەتوانێت شوو بکات.

مـن درێژەی قسەکانی ئەو دوانەم گوێ لێ نەبوو، چونکە کەوتنە ڕێ و ڕۆیشتن و منیش گەڕامەوە ویستم ئەوەی لەدەمی ئەو دوانەم بیست بگێڕمەوە بۆ فاتمە. بەلاّم وتم لەوانەیە فاتمە بە بیستنی ئەم قسانە خەفەت بار ببێ. من ئەوکات تەجروبەی ئێستام نەبوو، بەلاّم دەمزانی کچێکی لاوی وەك فاتمە ئەگەر بزانێ ژنێکی تر دێتە جێی دایکی ڕەنگە پێی ناخۆش بێت، لەبەر ئەوە ئەم گفتوگۆیەم بۆ فاتمە نەگێڕایەوە.

دوای مردنی خەدیجە ئەبوتالبی مامی پێغەمبەریش (د.خ) لە (شعب) مرد. دوای ئەو (ئبولەهەب) لە باتی ئەبوتالبی برای بووبە سەرۆکی هۆزی هاشمی و لەگەڵ هۆزی قورەیش دا گفتوگۆی کرد و ئەوانیش ڕازی بوون محەمەد و (د.خ) موسڵمانان بگەڕێنەوە بۆ مەککە و ئێمەش گەڕاینەوە. لەوێ لەبەر ئەوەی عائیشە و باوکی چوونەوە ماڵی خۆیان لە مەککە ئیتر کەمتر عائیشەم دەبینی، لەگەڵ ئەوەشدا جارجار لەگەڵ باوکی دەهاتن بۆ ماڵی پێغەمبەر و عائیشە ئایەتەکانی قورئانی دەخوێندەوە بۆ پێغەمبەری ئێوە (د.خ).

## ( زەماوەند و شوکردنی حەزرەتی فاتمە )

شەوێك عومەری کوڕی خەتاب هاتە ماڵی محەمەد (د.خ) و گوێم لێ بوو بە پێغەمبەری ئێوەی وت تۆ دەبێ ژن بهێنی، ئەگینا بەم جۆرە غەم و پەژارە پەکت دەخات. دوای گەڕانەوەمان بۆ مەککە ( ام کلثوم ) هەستی کردبوو کە باوکی عائیشە دەهێنێ، چونکە دەیوت باوکم هەر ژنێك بهێنێ بۆ جێی دایکی ئێمە قبوڵە جگە لە عائیشەی کچی ئەبوبەکر. فاتمە هیچی لەو بارەوە لەگەڵ من باس

نەدەكرد، بەلاَم بێگومان بووم ئەویش لەوبارەوە شتێكی بیستبوو. فاتمە چەند سەبرو تەحەمولی هەبوو ئەوەندەش عاقڵ و مەعقول بوو.

من هەرگیز گوێم لیٚ نەبووە فاتمە بڵێت من ڕازی نیم عائیشە ببێتە هاوسەری باوكم، بەلاَم هەندێك نیشانە ئاشكرایی دەكرد دوای ئەوەی لە (شعب) گەڕابووینەوە عائیشە سەبارەت بە فاتمە سارد بوو، هۆكەشی ئەوەبوو محەمەد (د.خ) زۆر فاتمەی خۆش دەویست. ئەم مەسەلەیە بۆ عائیشە كەدەنگ و باسی ئەو بلاَو بوو بووەوە شودەكات بە محەمەد (د.خ) بە بیٚ ئەوەی بەتەواوەتی بڕابێتەوە گران بوو. عائیشە بەخیلی دەبرد بەو خۆشەویستیەی محەمەد (د.خ) بۆ فاتمەی كچی و من بێگومانم ناخۆشی نێوان عائیشە و فاتمە و عەلی مێردی فاتمەو منداڵەكانی فاتمە لەوێوە دەستی پێكرد.

من نازانم محەمەد (د.خ) هەستی بەوە كردبوو كە عائیشە سەبارەت بە فاتمەی كچی غیرەی دەكرد یا نا؟ بەلاَم ئەوە دەزانم محەمەد (د.خ) پێش ئەوەی عائیشە بهێنیٚ فاتمەی دابەشوو. من ناڕەحەت بووم بۆ ئەو بەخالەت و دوژمنایەتیەی عائیشە دەرهەق بە فاتمە، چونكە دەمزانی دڵی فاتمە ناسكە و بریندار دەبێت. من دەموت هێشتا عائیشە شووی نەكردووە ئاوا دژایەتی لەگەڵ فاتمەدا دەكات ئەگەر هات و شووی پیٚ كرد دژایەتی و دووژمنایەتی لەگەڵ فاتمەدا زیاتر دەكات.

شەوێك دوای نوێژ خوێندنی محەمەد (د.خ) دایان لە دەرگا. لە مەككەدا كەس دەرگای دانەدەخست چونكە دز نەبوو تا دەرگا دابخەن و تەنها ئەو كەسانە دەرگایان دادەخست، كە ترسیان هەبوو لە خۆیان. ئێمەش لەبەرئەوە قوڕەیش دووژمنی محەمەد (د.خ) بوون دەرگامان دادەخست بە تایبەت بە شەودا. كاتێك دەرگام كردەوە عەلی ئامۆزای محەمەد (د.خ) لە پشت دەرگاكەدا وەستابوو.

عەلی لەوكاتەدا پیاوێك بوو جوان و لاو، چاوەكانی ڕەش و دەم و چاوی خوێن گەرم، لەگەڵ لەش و لارێكی جوان. وەك پێشتر وتم منی خۆش دەویست. پێم وت یا عەلی بەخێر بێیت، وتی مەرحەبا (عەنتەر) ئایا ئامۆزای من لە نوێژ بووەتەوە.

وتم بـەڵێ مۆڵـەت بـدە تـا لـە هـاتنی جـەنابت ئاگـاداری بکـەم. چـووم بـەرە و ئـەو ژوورەی محەمـەد (د.خ) لێبـوو وتم عـەلی هـاتووە، محەمـەد (د.خ) بـەدەنگی بـەرز وتی عەلی بەخێربێت من دەمویست تۆ ببینم.

عـەلی هاتـە ژوورەوە و لـەلای محەمـەد (د.خ) دانیشـت، دوای سـاتێك ئـاوی ساردم بۆ برد و دوای ئەوەی ئاوەکەی خواردەوە لـە ژورەکەدا هاتمـە دەرەوە، لـە نـاو هەیوانەکـەدا دانیشـتم و گـوێم لـە قسـەکانیان بـوو. عـەلی وتـی یـا ڕەسـوڵە الله هەرچـەندە جەماعـەتی قـوڕەیش ڕازی بـوون کـە ئێمـە لـە ( شـعب ) بگەڕێینـەوە، کەچی ئازاری موسڵمانان ئەدەن و جنێویان پێ ئـەدەن بـەردیان تـێ ئـەگرن. ئـەمڕۆ پێش خۆر ئاوابوون کاتێك مـن دەمویسـت بگەڕێمـەوە مـاڵ (لعمـة بـن وهـب)م بینـی سەری شکابوو خوێنی لێ دەچۆڕا و بە ناڵە ناڵ بەرە و ماڵی خۆیان گەڕایەوە.

لـێم پرسـی بۆچـی برینـداری؟ وتـی سـێ کـەس لـە جەماعـەتی قـوڕەیش منیـان بینی وتیان ئەمە (لعمة بن وهب)ە و بەردیان تێ گرتم و سەرم شکا دەیانوت ئەمە تازە بوەتە پەیڕەوی ئایینی محەمەد (د.خ). من دەستیم گرت و بردمـەوە بـۆ مـاڵی خۆیـان، ئـەوەتا ئێسـتا هـاتووم تـۆ ئاگـادار بکـەم لـەم ڕووداوە، تـۆ وتوتـە دەبـێ لەبەرامبـەر سەرپێچـی و تـوڕەیی جەماعـەتی قوڕەیشـدا موسـڵمانان نـەرم بـن و لەسەرخۆ بن، لەبەر ئەوەیە من ئارامیم کردوتە پیشە، ئەگەر تـۆ مۆڵـەت بـدەیت مـن بە شمشێر وەڵامیان ئەدەمەوە.

محەمەد (د.خ) وتی نا عەلی مۆڵەت نـادەم، چـونکە خواوەنـد نـەیوتووە ئێمـە بـە شمشێر شەڕ لەگـەڵ قوڕەیشـدا بکـەین. ئێسـتا ئـارامی و سـەبر داوای ئێمەیـە و تـۆ بەناوی منەوە بە (لعبة بن وهب) بڵـی دان بە خۆیـدا بگرێـت، خواوەنـد پاداشـتی بـە چاکە ئەداتەوە. عەلی وتی ئەمەی پێ ڕادەگەیەنم. پاشان محەمەد (د.خ) وتـی عـەلی مادام ئەمشە و هاتویت بۆ ئێرە شتێکم هەیە ئەمەوێت پێت بڵێم، لـە وەڵامـدا وتـی بەڵێ یا ڕەسوله الله. محەمەد (د.خ) وتی خەدیجە پێش مردنی وەسیەتی کـردووە لەبەر ئەوەی فاتمەی خۆش دەویست بە کەسێکی بدەم لە هەموو ڕوویەکەوە تەواو بێت و لـە مەککـەدا پیـاوی لـەو باشـتر نـەبێت. عـەلی وتـی لایقـی ئەوەیـە بـدرێت بـە

باشترین پیاو، چونكە خاوەن ڕەوشتی چاكە. محەمەد (د.خ) وتی خۆشحاڵم فاتمە بە خاوەن ڕەوشت و سیفاتی چاكە دەزانی و حەز دەكەم تۆ ببیتە مێردی فاتمە.

دوای ئەوەی عەلی چەند ساتێك بێ دەنگ بوو، وتی یا ڕەسولە الله ئەتەوێت كچەكەت بدەیت بە من؟ محەمەد (د.خ) وتی ئایا ناڕازیت؟ وتی یاڕەسولە الله فاتمە ئەوەندە ڕێك و پێك و چاكە پێموایە كە پیاوی وەك من لایقی شوی ئەو نیە. محەمەد (د.خ) وتی عەلی سیفات و ڕەوشتی تۆ هی چاكترین پیاوی مەككەیەو دەزانم ئەگەر كچەكەم بدەم بەتۆ هەردووكتان خۆش بەخت دەبن، چونكە هەردوكتان لاو و جوان و خاوەن كردەوە و ڕەفتاری چاكە و باشەن و دەتوانن بە باشترین شێوە بژین. عەلی وتی یا ڕەسولە الله بەم پێشنیارەت زۆر خۆشحاڵم، بەڵام دەترسم لە شوكردنی فاتمە بە من. وتی لە چی دەترسی؟ وتی لە نەبوونی سەروەت ترسم هەیە. محەمەد (د.خ) وتی ئەی عەلی ئەم قسە من دەخاتەوە بیری ئەو كاتەی خەدیجەم هێنا. دەزانی خەدیجە سەر بەهۆزی ئەسەد بوو (عمر و بن اسد) ڕەئیسی ئەو هۆزە بوو بە شوكردنی خەدیجەش ناڕازی بوو دەیوت نابێ شوبكات بە پیاوێكی بێ دەرامەتی وەك محەمەد.

ئەبوتالبی باوكی تۆ بە (عمر و بن اسد)ی وت محەمەد (د.خ) دەوڵەمەند نیەن بەڵام لاوە و لاویەتیش دەوڵەمەندیە. منیش ئەو قسە بە تۆ دەڵێمەوە كەلاوی و لاویەتیش سەروەت و دەوڵەمەندیە، دوای ئەوەی ئیشەكانت پەرەی سەند دەوڵەمەند دەبیت. من دەم زانی عەلی معامەلە چیە و وەك زۆربەی پیاوانی هاشمی و محەمەدیش (د.خ) بازرگان بوو.

عەلی ڕازی بوو بە هێنانی فاتمە و منیش بە ڕازی بوونەكەی زۆر خۆشحاڵ بووم، خۆشحاڵیەكەشم لەبەر ئەوەبوو دەمزانی ئەگەر فاتمە بچێتە ماڵی مێردی خۆی و عائیشەش بێتە ماڵی محەمەد (د.خ) ناتوانێ فاتمە ئازار بدات. پاشان محەمەد (د.خ) منی بانگ كرد و وتی فاتمەم بۆ بانگ بكەرە ئێرە، چووم فاتمەم بانگ كرد بۆ لای باوكی و چووە ژوورەوە بۆ لای هەردووكیان، كاتێك عەلی بینی

زەردەخەنەی کرد و وتی خێرهاتی عەلی...چۆنی باشی؟ عەلی وتی بحمد الله من باشم. محەمەد (د.خ) وتی کچم وەرە ئێرە و لە نزیك منەوە دانیشە، محەمەد (د.خ) دەستی هێنا بەسەر سەری فاتمەدا و وتی کچی خۆم دایکت پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات پێی وتم قاتمە زۆر هەستی ناسکە و ناتوانێت لە ماڵی هەندێ پیاودا هەڵ بکات کە هەندێك ژن لە ماڵیاندا هەڵدەکەن. دەبێ فاتمە بە کەسێك بدەیت کردەوەی باش بێت، ئەگینا کچەم لە خەفەتا دەمرێت و ڕۆحی منیش لە دنیای کۆتاییدا لەبەر بەدبەختی کچەکەم لە ئەشکەنجەدا دەبێت.

بۆیە داوات لێدەکەم فاتمە بە کەسێك بدە کە خۆشی بوێت و کردەوەی باش بێت لە گەڵیا و دڵی ناسکی کچەکەم نەڕەنجێنێ، منیش پەیمانم داوە بە دایکت وەسیەتەکەی جێبەجێ بکەم و تۆ بە کەسێك بدەم کە خۆشی بوێت و لە گەڵتا کردەوەی باش بێت و هەرگیز دڵت نەڕەنجێنێ.

ئەو پیاوەی بۆتۆم هەڵبژاردووە عەلی ئامۆزامە کە ئێستا لێرە ئامادەیە. لەو ڕۆژەوەی تۆ چاوت کراوەتەوە و ئەوت دیوە دەزانی پیاوێکی ڕاستگۆ و دروست کار و بە وەفاو خۆش خولق. هەرگیز کەس عەلی بە تووڕەیی نەدیوە، چونکە ئەوەندە دروست کار و نەفەس باشە کە ڕق بەسەریدا زاڵ نابێت. من دەزانم عەلی تۆی خۆش دەوێت و هەرگیز کارێك ناکات دڵت برەنجێت.

لەم پیاوەدا کە من بۆتۆم هەڵبژاردووە هیچ عەیبێك نیە و لەباری شێوەشەوە جوان و شیرینە، بەلاّم خۆی دەڵێت من دەوڵەمەند نیم منیش وتومە ئیشەکانت پەرەی سەند دەوڵەمەند دەبیت. ئایا ڕازیت عەلی بە مێردی خۆت قبول بکەیت؟ گوێم لێ بوو وتی ئەی باوکی خۆم تۆ چیت بوێت من قبوڵی دەکەم. محەمەد (د.خ) وتی کچی خۆم من نامەوێت تۆ تەنها گوێ ڕایەڵی فەرمانی من بیت، ئێمە موسڵمانین و بە پێچەوانەی بت پەرستەکانەوە ژنان بە شایستەی ئەوە دەزانین کە دەبێ ڕێز لە مافەکانیان بگرین و خواستەکانیان قبول بکەین.

بت پەرستان کچەکانیان لە دوای لە دایك بوونەوە زیندەبەچاڵ دەکەن، بەلاّم ئێمە دوای لە دایك بوونی کچ شوکری خوا دەکەین کە کچی بەخشیوە پێمان.

چونكە من باوكی تۆم دەمەوێت لە ئارەزوی دڵی خۆت ئاگاداربم و بزانم عەلی بۆ مێردی خۆت پەسەند دەكەی؟ وتی بەڵێ عەلیم لا پەسەندە بۆ هاوسەریەتی. ئینجا وتی عەلی فاتمە تۆیی لاپەسەندە و تۆش فاتمەت لاپەسەندە، لەبەر ئەوە ئیتر دواكەوتن جائیز نیە و دەبێ زوتر زەماوەندی ئێوە ڕێك بخرێت. ئەوەتا تەمەنی من گەیشتۆتە ئاستێك كە بەهۆی تاقیكردنەوەیەوە هەندێك شتی نادیارم بۆم ئاشكرابوو. كە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەیزانی عائیشە بە خالەتی لەگەڵ فاتمەدا هەیە، بە مەسڵەحەتی نەدەزانی ئەو دووژنە جوانە یە كیان كچەكەیی و ئەوی تر كە دەبێتە هاوسەری لە یەك ماڵدا بژین. من بێگومان بووم لەوەی محەمەد (د.خ) عەلی زۆر خۆش دەویست و حەزیدەكرد عەلی ببێ بە زاوایی و خۆشەویست ترین كچی خۆی بداتیێ.

ئەگەر مەوزوعی شوكردنی عائیشە بە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) نەهاتایەتە پێشەوە، ئاهەنگی زەماوەندی عەلی و فاتمە بۆ یەك دوو ساڵی تر دوائەكەوت.

كاتێك ئەبوبەكر زانی محەمەد (د.خ) دەیەوێت كچەكەی بدات بە عەلی، داوای لە محەمەد (د.خ) كرد كە ڕازی بێ خەرجی زەماوەندەكەیان ئەبوبەكر بیدات بەڵام محەمەد (د.خ) ڕازی نەبوو. محەمەد (د.خ) وتی ئەبوبەكر تۆ لەڕێی ئیسلام دا زۆر فیداكاریت كردووە و ماڵ و سەروەتی خۆت بۆ گەشەكردن و بەهێزی ئیسلام خەرج كردووە، بۆیە ڕازیم نیە ماڵت خەرج بكەیت بۆ زەماوەندی كچی من، نیوەی خەرجی زەماوەندەكەیان من ئەیدەم و نیوەكەی تری عەلی خۆی ئەیدات. تا ئەوێ كە من ئاگادار بم عەلی مەبلەغی ئەو پارەی لە (٥٠٠) پێنج سەد درهەم كەمتر بوو، بەناوی شیربایییەوە هێنای بۆ محەمەد (د.خ).

(ڕون كردنەوە: بەپێی سەرچاوەی شیعە حەزرەتی عەلی (علیە السلام) بۆ تەواو كردنی شیربایی فاتمە زرەكەی خۆی بە مەبلەغی (٤٨٠) چوارسەد و هەشتا درهەم لە بازاڕ فرۆشت و ئەو مەبلەغەی دا بە محەمەد (د.خ) و حەزرەتی ڕەسوڵە اللە ش بە هۆی ئەبوبەكر و بیلالەوە (بانگ دەری بەناوبانگ) لە بازاڕدا بۆ حەزرەتی زهرا (ع) كەلوپەلی بوكیان كڕی. (ذبیح اللە).

پێغەمبەری ئیسلام بەو پارە کەلوپەلی کڕی بۆ فاتمە و خەرجی میوانداری زەماوەندەکەی لە گیرفانی خۆیی و لەماڵی خۆی سەرف کرد، هەندێك ژن و پیاو لەوێ نانیان خوارد و دوای نان خواردنی ئێوارە قاتریان هێناو فاتمەیان سوارکرد. فاتمە جلی تازەی کردبووە بەر و دوو دەست بەندنی نوقرەش لە دەستیدا بوون. کاتێك لە ماڵی محەمەد (د.خ) هاتنە دەرەوە بەرە و ماڵی عەلی کەوتنە ڕێ، محەمەد (د.خ) خۆی کەوتە پێشیان و لە پێش قاترەکەوە دەڕۆیشت. هەندێك ژن و پیاویش لەگەڵ دەف لێداندا ئەم سرودەیان دەوتەوە و محەمەدیش (د.خ) لە گەڵیان دەیوتەوە.

سـرن بعون الله جاراتي     واذ كرنه من كل حالات
و اذ كرن ماأنعم ربي العلي     من كشف مكروه و آفات
وقد هدانا بعد كفر وقد     انعشنا رب السماوات
وسرن مع غير نساء الورى     تفدى بعمات و خالات
يا بنت من فصله ذو العلى     باالوصى منه والرسالات

واتە : ( ئەی دراوسێکان بەناوی خواوە بکەونە ڕێ و لە هیچ کاتێکدا زیکری خوا لەبیر نەکەن. بهێننەوە یاد کە خواوەند نعمەتی پێ داوین و ئێمە لە ناسازگاری و بەڵا ئەپارێزێت، شوکری خوا بکەن کە ئێمەی لە کفر دەرهێناو موسڵمانی کردین. ئێمەی لە پەستییەوە گەیاندە بەرزایی، ئەی دراوسێکان لەگەڵ چاکترین ژنی دنیا بکەونە ڕێ، لەگەڵ بوکێك کە هەموو دەمانەوێت گیان لەڕێیدا بەخت بکەین، کچی کەسێك کە خواوەند ئەوی دیاری کرد و وەحی بۆ ئەو ناردۆتە خواری.

منیش کە خزمەتکاری فاتمە بووم لە گەڵیا ڕۆیشتم، دوای ئەوەی ماوەیەك ئەم سرودە دەوترا ئەو کەسانەی هاوڕێیەتی بوکیان دەکرد دەستیان بە خوێندنی سرودێکی تر کرد کە زۆر تر ( زهرا ) بوون ئەم ناونیشانە بۆ فاتمە مایەوە تا ئەو ڕۆژەی لە ژیاندا بوو ئەویان بە ( فاتمە الزهراء ) ناو دەبرد.

ئەو شەوە لەوەسفی بوكدا عائیشە شیعرێكی خوێندەوە، منیش لەگەڵ فاتمەدا چوومە ماڵی عەلی. وتم فاتمە دڵ و دەرونی حەساس و هەستی ناسكە، دایكی لەكاتی شیردانی فاتمەدا شیری تەواوی نەبوو، كچە بچوكی محەمەدیش (د.خ) بوو شیری تەواوی نەخواردبوو بەو بۆنەوە پێیان دەوت فاتمە (واتە لە شیر بڕاوە). ئەم مەسەلەیە كاری كردبووە سەر مەزاجی كچی پێغەمبەر (د.خ) و دوای دوو مانگ لە شوكردنی نەخۆش كەوت، بەڵام نەخۆشیەكەی درێژ خایەن نەبوو چاك بووەوە و، پاش ساڵێك لە شوكردنی كوڕێكی بوو ناویان نا (حەسەن) و دوای ناونانی ئەو كوڕەش فاتمە شوەكەی بەناوی (ابا الحسن) وە بانگ دەكرد. محەمەد (د.خ) بەهۆی لە دایك بوونی ئەو كوڕەوە زۆر خۆش حاڵ بوو، چونكە كوڕی نەبوو وای دەزانی كوڕەكەی فاتمە كوڕی خۆیەتی.

محەمەد (د.خ) لە خەدیجە كوڕێكی بوو بەناوی (قاسم)، بەڵام بە منداڵی كۆچی دوایی كرد. ڕوقیەی كچی محەمەد (د.خ) شویكرد و ئەویش كوڕێكی هەبوو ناویان نا (عبدالله)، بەڵام ئەو كوڕە كاتێك شیرە خۆرە بوو بە شێوەیەكی ناخۆش كوژرا. ئەویش ئەوەبوو ڕوقیە ڕۆژێك ئەو منداڵەی لە ناوەڕاستی هەیوانەكەیاندا داناوە و خۆی خەریكی ئیش و كاری ناوماڵ بووە، كەڵەشێرێكی شێت دێت دەچێتە سەر منداڵەكە و بە دەنوك هەردووچاوی كوێر دەكات دوای ئەوەش وازی لێناهێنێ و ئەوەندە دەنوكی لێئەدات تا ئەمرێت. كاتێك دایكی دێت بە دەمیەوە گیانی دەردەچێت، لەبەرئەوە بە لە دایك بوونی حەسەن محەمەد (د.خ) زۆر خۆش حاڵ بوو. دوای ئەوە كوڕی دووەمی فاتمە بەناوی ( حسەین ) لە دایك بوو پێغەمبەر زیاتر خۆش حاڵ بوو و دەیوت ئومێدەوارم كە نەوەی من بەردەوام بن و بمێننەوە، ئەم دووكوڕە زامنی مانەوەی جێ ماوانی من دەبن.

عائیشە كاتێك زانی فاتمە بوەتە خاوەنی دوو كوڕ، بوو بە دوژمنی خوێنین. من بیستومە ئەمڕۆ عائیشە لەتەمەنی شەست ساڵیدایە و ژنێكی جوانە و بەژن و باڵای باریكە و هەرچەند تەمەنی كردووە بەلام ئەمە نەبۆتە هۆی قەڵەوبوونی.

لەبەرئەوەی نەزۆك بوو دەیزانی لە محەمەد (د.خ) منداڵی نابێت و نەوەی محەمەد (د.خ) منداڵەکانی فاتمەن.

ئیتر من هیچم نیە باسی بکەم جگە لەوەی نەم بینی بۆ یەك جاریش عائیشە پیێ بخاتە ماڵی فاتمە، بەلاّم فاتمە لە گەڵ منداڵەکانی دەچوونە ماڵی باوکی، و هەرجارێك محەمەد (د.خ) لەسەفەر دەگەڕایەوە پێش چوونە ماڵی خۆی دەهاتە ماڵی فاتمە و سەری لێئەدان و هەر جارێك کە دەهات دەیوت (السلام علیکم یا اهل بیت النبوە) واتە سلاّوتان لێ بێ ئەی بنەماڵەی نبوەت. دوای ئەوەی فاتمە و منداڵەکانی ناز دەکێشا ڕێگەی ماڵی خۆیانی دەگرتە بەر. من زۆر جار گوێم لێ بووە ئەو بنەماڵە دەیانوت عائیشە وتوویەتی من حەزناکەم فاتمە و منداڵەکانی بێنە ئەم ماڵە.

ئەی کوڕی ( ارطاة ) من نامەویّ لەم کاتەدا لەگەڵ تۆ سەبارەت بە کۆچی دوایی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) قسە بکەم و بڵێم کەچۆن باوکی فاتمە لە فاتمە و عەلی و منداڵەکانیان جیابووەوە. تۆ دەزانی یانزە ساڵ دوای کۆچ، پێغەمبەری ئێوە (د.خ) کۆچی دوایی کرد و لەگەڵ لە دنیا دەرچوونی باوکی فاتمەدا عائیشە بۆ دژایەتی کردنی فاتمە مەیدانی بە چۆڵی بینی و هەوڵی دا تا باوکی بکاتە خەلیفەی موسڵمانان. من نازانم تۆ ئەی کوڕی (ارطاة) لە مەسەلەی (خدك) ئاگاداری یا نا؟ ئەگەر ئاگادار نیت وا من بە کورتی بۆتی باسدەکەم.

## ( نەخۆشی و کۆچی دوایی کچی پێغەمبەر ( د.خ ) )

کاتێك محەمەد (د.خ) چوو بۆ گرتنی قەلاّکانی خەیبەر، لە نزیکی ئەو قەلاّیانەدا چەند دێیەکی یەهودی نشین هەبوون مەشهور بوون بە دێهاتەکانی (خدك). دوای ئەوەی شەڕی خەیبەر کۆتایی هات دێهاتەکانی خدك کەوتنە دەست موسڵمانان و بوون بەشێك لە دەستکەوتە جەنگیەکانی موسڵمانان. یەکێك لەو دێیانە بووە بەشی محەمەد (د.خ) پێغەمبەریش ئەو دێیەی بەخشی بە فاتمە. فاتمەش بەهۆی عەلی شویەوە ئەو دێ بچکۆلەی ئیدارە دەکرد، بەلاّم هەر لەگەڵ

كۆچی دوایی محەمەد (د.خ)دا، عائیشە باوكی ڕاسپارد ئەو دێیە لە فاتمە وەرگرێتەوە و دەیوت ڕەسوله الله (د.خ) كاتی مردنی میراتی نەبووە تا میراتی بگات بە فاتمە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دێ میراتی باوكی فاتمە نەبوو بەڵكو لەكاتی ژیانیدا ئەو دێیەی پێ بەخشیبوو لە بەشی خۆشی بوو، لەو بەشەی لە دوای هەموو شەڕێكدا لە دەستكەوتی جەنگی بەر پێغەمبەر دەكەوت. من ئەتوانم بڵێم ئەگەر لەبەر دژایەتی فاتمە نەبوایە لە لایەن عائیشەوە، ئەبوبەكر ئەو دێیەی لە ژێر دەستی فاتمەدا دەرنەئەهێنا، چونكە ئەبوبەكر پیاوێكی نەفەس باش بوو. من خۆم بینیم ڕۆژێك هات بۆ سەردانی فاتمە كاتێك نەخۆش بوو بە دەنگی بەرز گریا.

لەوكاتەدا كە ئەبوبەكر خەلیفەی موسڵمانان بوو پلەیەكی بەرزی هەبوو، لەگەڵ (عمر بن الخطاب و سالم بن معقل و ابو عبیدة جراح) بۆ سەردانی نەخۆش هاتنە ماڵی عەلی و لە پاڵ سەرینەكەی فاتمەدا دانیشتن، كاتێك ئەبوبەكر زانی وەزعی فاتمە خراپە و دەمرێت دەستی كرد بە گریان. من وا هەست دەكەم مردنی فاتمە لەوپەڕی لاویەتیدا خەتای دووشت بوو: یەكەم خەفەتی مردنی باوكی و دووەم دژایەتی كردنی خۆی و عەلی مێردی لە لایەن عائیشەوە. فاتمە زۆر باوكی خۆش دەویست و دوای ئەوەی باوكیان بە خاك سپارد هەر دوو ڕۆژ جارێك فاتمە و منداڵەكانی دەچوونە سەر مەزارەكەی، لەوێ دەستیان بە گریان دەكرد و ئێوارە پێش ڕۆژ ئاوا بوون دەهاتنەوە ماڵ.

مانگێك دوای كۆچی دوایی محەمەد (د.خ) فاتمە نەخۆش كەوت، بەلاّم نەخۆشیەكەی كاریگەر نەبوو، دەی توانی لە گەڵ منداڵەكانیدا بەهاوكاری ژنێك بەناوی (فضة) كەنیزەی فاتمە بوو بڕۆنە سەر گۆڕی پێغەمبەری ئیسلام. من دەمزانی نەخۆشیەكەی چیە، بەلاّم زوو بە زوو لاواز دەبوو. لەوكاتەدا جگە لە (فضة) ژنێكی تر كەناوی (اسماء بنت عمیس ) بوو بۆ سەرپەرشتی فاتمە دەهاتە ماڵیان.

ئەو ژنە دنیا دیدە و خاوەن ئەزموون بوو، لەو موسڵمانانە بوو کە لەسەردەمی پێغەمبەردا لە عەرەبستانەوە کۆچیان کردبوو بۆ حەبەشە تا لە لایەن ناودارانی مەککەوە ئازار نەدرێن. ئەمڕۆ من بیرم نایەت فاتمە لەچ ڕۆژێکدا کۆچی دوایی کردو مرد.

(ڕوون کردنەوە: حەزرەتی زهرا سلاوی خوای لێبێت لە ڕۆژی سێزدەهەمی جمادی الاولی لە ساڵی یانزەهەمی هیجریدا، یان بەڕوایەتێکی تر لە ڕۆژی سێیەمی جمادی الثانی لە هەمان ساڵدا لە دارالفناوە بۆ دار البقا ڕۆیشت. ذبیح الله).

بەڵام تا ماوم ئەو ڕۆژەم لە بیر ناچێ کە خۆر لە کاتی ئاوابووندا بوو. ئەو ژورەی فاتمەی لێبوو تاریك بوو، لە ناو ژوورەکەدا دوو کوڕو دوو کچەکەی فاتمەی لێبوو لەگەڵ من و فضة و اسماء هەمووومان دەگریاین.

هەردوو کوڕەکە لەم بەرو لەو بەری جێگاکەی دایکیانەوە دانیشتبوون و فرمێسکیان دەڕژاند، هەردوو کچەکە جار جار خۆیان ئەدا بەسەر دایکیاندا (فضةو اسماء) ئەوانیان لا دەبرد. لەبەر ئەوە هەموو دەمان زانی فاتمە دەمرێت و من ئەوەندە غەمبار بووم وام هەست دەکرد دیوارەکانی ژوورەکەش دەگرین. نازانم چ کات (فضة) چرای هەڵکرد و هێنابوویە ژوورەوە، لەناکاو عەلی هاتە ژوورەوە و فاتمەی بینی یەکسەر دەستی کرد بە گریان و فاتمەش هۆش و ئاگایی هەبوو دەگریا.

دوای ئەوەی هەموومان دەگریاین دیار بوو فاتمە دەیویست قسەبکات، ئێمە بێ دەنگ بووین تا بزانین چی دەڵێت. فاتمە بە عەلی وت یا (ابو الحسن): من بەم زوانە دەمرم، منداڵەکانم باپیرەیان لە دەست داوە و بێ دایکیش دەبن بۆیە ئاگادار بە دڵی منداڵی بێ دایك زۆر ناسکە و بە بچوکترین ناخۆشی ناڕەحەت و دڵ بریندار دەبن، بۆیە ئاگادار بە بە جۆرێك لە گەڵیان بجوڵێرەوە هەست بەوە نەکەن کە بێ دایکن. تەرمی منیش بەشەو بەخاك بسپێرە و نامەوێ ئەو کەسانەی دوای باوکم دژایەتیان کردووم بێنە سەر گۆڕەکەم، دوای ئەوەی من مردم تۆ ژن بهێنە

ئـەویش ( امامــە ) كـە كچـی خوشـكی منــە، چــونكە دەزانم ( امامــە ) لەگــەڵ منداڵەكانـدا پەیوەنـدی باشـە و ئـەوانی خـۆش دەوێـت ئـەو خۆشەویسـتییەی ئـەو دەبێتە هۆی ئەوەی هەست نەكەن كە دایكیان مردووە.

دوای ئەم قسانە عەلی و ئێمە هەموو پێكەوە گریاین، پاش ماوەیـەك لـە گریـانی ئێمە فاتمە چـەند جارێك لێوەكانی جوڵانـد و ئێمـە بـێ دەنگ بـووین، گـوێم لێبـوو وتی (السلام علیك یا جبرائیل – السـلام علیك یـا ملائكه ربـی) دوای ئـەوە لـە دنیا دەرچوو.

منداڵـەكانی كاتێك زانیـان دایكیـان مـردووە خۆیـان خسـت بەسـەر تەرمەكەیـدا ئێمـەش لەبـەر گریـان كـەسمان لـە بیری ئـەوەدا نـەبووین منداڵـەكان لەسـەر سـنگی دایكیان لابەین، پاش ماوەیك گریان عەلی كە دەم و چاوی تەڕ بووبوو وتـی عەنتـەر بەو شێوە كە خۆشت گوێت لێبـوو فاتمـە وەسـیەتی كـرد، دوو قەبركـەن حـازر بكـە بەم شەوە قـەبری بـۆ هەڵكـەنن تـا دوژمنـانی نەیەنـە سـەر قەبرەكـەی. لەوكاتـەدا بـە دەم گریانـەوە دوو قـەبر كـەنم ئامـادە كـرد و هـەر ئـەو شـەوە قەبرەكـەیان هەڵكـەنـد، دوای شـــۆردنی تەرمەكـــەی عـــەلی و عەباســـی مـــامی و فضـــة و ئاسمـــاء لەگـــەڵ منداڵەكاندا تەرمی فاتمەیان هێنا. جەنازەكەیان لە نزیك قەبرەكە دانا و عـەلی ڕازی بوو عەباس نوێژی بخوێنێ، چونكە لە ڕووی تەمەنەوە لـە هـەمووان گـەورەتر بـوو. دوای نوێژەكـە عـەلی تەرمەكـەی خسـتە نـاو قەبرەكـە و كاتێـك خـەریكی دانـانی ئەلحەد بوو من وتم خواحافیز ئەی مەولام، ئەم قسـە عـەلی گریانـد و وتـی فاتمـە بـە مـەرگی تـۆ دنیـا لەبەرچـاوم تاریـك بـووە و تـا لـە ژیانـدام ئـەم مەینەتیـەم لـە یـاد ناچێتەوە.

دوای دانـانی ئەلحـەد قـەبر كەنـەكان خاكەكـەیان كـردەوە بەسـەر گۆڕەكەیـدا و پاش ئـەوە عـەلی مۆڵـەتی قـەبر كەنـەكانی داو بـە مـن و عـەباس و فضـة و ئاسمـائی وت ئێوە بچنەوە و منداڵەكانیش بەرنەوە، من ئەمشەو لێرە دەبم بـە یـانی دێمـەوە. منـیش داوام كـرد نەچـمەوە و ئەمشـە و لەسـەر گۆڕەكـەی مـەولام بمێنمـەوە، عـەلی ڕازی بوو بە مانـەوەی مـن و ئـەوان منداڵـەكانیان بـردەوە. بـێ دەنگ مـن و عـەلی لـە

تاریکی شەودا لەسەر گۆڕەکەی دانیشتین. عەلی لە ناکاو بە ئاهەوە بێ دەنگی شەوی شکاند و وتی یا ڕەسولە الله دیارییەك کە شەوی بوکێنی بە منت بەخشی وا گەڕانمەوە بۆت، خۆزگەم بە فاتمە هاتەوە بۆلات و ئارەزوی خۆیشم ئەوەیە زوتر بگەمەوە لات.

من دەستم بەگریان کرد گوێشم لێبوو عەلی بە ناڵە ناڵ دەیوت یا ڕەسول الله خەمی مەرگی فاتمە گەورەیە، دوای ساتێکی تر دەیوت خۆزگە زوتر دەهاتم بۆلاتان. من لەتاو دڵتەنگی و غەمباریدا خاکی ئەو بیابانەم کرد بەسەرمدا، عەلی بێ دەنگ بوو منیش ئارام بوومەوە و پاش سەعاتێك عەلی دەستی بە پاڕانەوە کرد و وتی خوایە هەرچی تۆ بۆ منت دەوێ هەرهەمان شت و من ڕازیم هەرچەندە مەرگی فاتمەش بوو، داوام لە تۆ ئەوەیە سەبوریم بدەیت و ئەم کۆستە هەڵگرم. دوای ماوەیەکی تر پاڕانەوە بەری ئاسمان ڕووناك بوو، عەلی لەلای گۆڕەکەیدا وەستا بۆ نوێژ کردن و دوای تەواو بوونی نوێژەکە لای گۆڕەکەی دانیشتەوە تا ڕۆژ هەڵات، دوای ڕۆژ هەڵاتن هەردووکمان خواحافیزیمان لە فاتمە کرد و گەڕاینەوە ماڵەوە.

ئەو ڕۆژە گەڕاینەوە بۆ ماڵ، من هەرچەندە هۆگری منداڵەکانی فاتمە بووم، بەڵام تێگەیشتم مانەوەی من لەو ماڵەدا دوای فاتمە دژوارە. چل ڕۆژ دوای کۆچی فاتمە من داوای مۆڵەتم لە عەلی کرد لەو ماڵەدا نەمێنم، عەلی دەیزانی من ئیتر ناتوانم بمێنمەوە ڕازی بوو. خواحافیزیم لە منداڵەکان و فضة و عەلی کرد و لەو ماڵە دەرچووم. ئەمە بوو ئەو زانیاریەی من هەمبوو لەسەر عائیشە و دژایەتی کردنی لەگەڵ فاتمە.

یەکێکی تر لەو کەسانەی لەسەر عائیشە زانیاریم لێ وەرگرت (لبید) بوو کە زوتر شاعیر و ئێستا بازرگانە و لە بەسرە دائەنیشێ داوام کرد بێتە لام. کاتێك (لبید) هاتە لام وتی ئەی کوڕی (ارطاة) من وام هەست نەدەکرد تۆ سەبارەت بە عائیشە پرسیار لە من بکەیت، دڵنیام ئەگەر زانیاریت لەسەر دۆستی من و مەعاویە هەبووایە لە ڕابووردودا منت بانگ نەدەکرد بۆ ئێرە، چونکە ئێمە لە

كۆندا دۆست بووین و سەردەمی منداڵیەتیمان پێكەوە بەسەر برد. چەند ساڵێك پێكەوە بە شمشێری دارین شمشێر بازیمان كرد و دوایی ڕێرەوی ژیانمان لە یەكتر جیابوەوە، مەعاویە لە ڕێگەیەكەوە و منیش لە ڕێگەیەكی ترەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی مەعاویە بە چاكی دەناسم و دەزانم بێ جێ بە هۆی تۆوە لێكۆڵینەوە لەسەر عائیشە ناكات، بێگومان دەیەوێت لەم لێكۆڵینەوە قازانجی سیاسی بكات. ئەگەر من و مەعاویە درێژەمان بە پیشەی سەردەمی لاویەتی بدایە، ئەوا دەبوو ئێستا ئەو بازرگانی بردە فرۆشی و منیش شاعیر بومایە.

ئەی ( ثابت بن ارطاة ) ئەو پیاوە ئەمڕۆ خەلیفەی موسڵمانانە و خاوەنی سەروەت و لەشكرە، لەسەردەمی لاویەتیدا بەخیلی بەمن دەبرد، چون كە وەك من ئارەزووی شیعری نەبوو تا خەڵكی بەهۆی شیعرەوە بۆ لای خۆی ڕابكێشێ. یەكێك لەو كچانەی كەمن شیعرم بۆ وتووە عائیشە بووە، دەبێ بڵێم من و عائیشە بێگانە نەبووین بەیەك، چونكە ئەبوبەكر مامی من بوو عائیشەش بە كچە مامم دەژمێردرا، بەڵام من ئەوم نەدیبوو بۆیەكەم جار لە بازاڕی مەكارەدا ئەوم بینی.

ئەو ڕۆژە شاعیری ناسراو (شنفرە) لەو بازاڕەدا شیعری دەوت منیش شیعرم خوێندەوە، لەبەرئەوەی شیعرەكەم لەوەی ئەو باشتر بوو پەیكی شەرابەكەی خۆی پڕژاند بەدەم و چاو و جل و بەرگەكەمدا، ئەگەر ئەو ڕۆژە مانگی حەرام نەبوایە و لە بازاڕی مەكارەدا نەبوینایە خوێنی یەكێكمان یان هی هەردووكمان دەڕژا. بەڵام عائیشە هەستاو بە نینۆك دەم و چاوی برینداركرد لەسەر ئەو كردەوەیە. دوای ئەوە عائیشە لەو بازاڕەدا گەڕایەوە و منیش گەڕامەوە شیعرێكم بۆ وت، بەهۆی سەعید (مونشی) سكرتێری ئەبوبەكرەوە بۆم نارد و داوام لێكرد بیخوێنێتەوە بۆ عائیشە. بۆ بەیانیەكەی سەعید پێی وتم شیعرەكەی بۆ خوێندوەتەوە و منیش چووم بۆ ماڵی ئەبوبەكر تا عائیشە ببینم.

## (داواکردنی عائیشە)

لەبەرئەوەی ئەبوبەکر مامی من بوو بە ئاسانی ئەم توانی بچمە ماڵی، دەشم زانی مامم پەیرەوی دینی محەمەدەو (د.خ) هەرکەسیش ببینیێ داوای لێدەکات بچێتە سەر دینی ئەو. ئەو بیانوەی من بە هۆیەوە ئەو شەوە چوومە ماڵی مامم زۆر جێگەی بڕوا نەبوو، بەڵام ئەبوبەکر بۆ ئەوە کە موسڵمانم بکات زۆر خۆش حاڵ بوو بەرامبەر بە سەردانەکەم، و لەبارەی قازانج و چاکەی نوێژەوە قسەی بۆ کردم وتی: ئەی (لبید) ئیبلیس بەهۆی نەفسی خراپەوە ئێمە دەخاتە سەر ڕێی گوناهکردن و بەردەوام لە کەمیندایە تا لە ڕێگەی ڕاست لامان بدات و بمانخاتە چۆمی زەلالەت.

ئەوەتا تۆ گوێت لێیە محەمەد (د.خ) دەڵێت نوێژکردن بۆ ئەوە نیە خوای ئێمە پێویستی بە نوێژە، ئەگەر خوا پێویستی بە عیبادەتی ئێمە بوایە ئەوا خوانەبوون چونکە یەکێك لە مەرجەکانی خوایی بیێ نیازییە.

محەمەد (د.خ) بەو بۆنەوە دەفەرموێت شەو و ڕۆژێك چەندین جار نوێژ بکەن، بۆ ئەوەی ئەگەر لە مەسافەی نێوان دوو نوێژدا ئیبلیس بەهۆی نەفسی خراپەوە ئێمە بخاتە سەر ڕێی گوناه، کاتی نوێژ گەیشت و ئێمە وەستاین بۆ خوێندنی نوێژ ئەوکاتە ئیبلیس و نەفسی خراپە فەرامۆش دەکەین. ئەو نوێژەی دەیکەین بۆ خوا نیە بۆ خۆمانە، زەنگێکە لە شەو و ڕۆژێکدا چەند جارێك ئاگادارمان دەکاتەوە تا توشی خراپە نەبین. مرۆڤ بە هۆی نەفسەوە زۆر لاوازە بۆ بەهەڵەدا چوون، ئەگەر محەمەد (د.خ) بیوتایە شەو و ڕۆژێك یەك جار نوێژ بکەین ئێمە نەمان ئەتوانی تا نوێژێکی تر نەفسی خۆمان ڕاگرین و دووچاری هەڵە و گوناهی دەکردین. ئەی ( لبید) تۆ دەزانی ئەگەر برزێك (پاڵەوان–حمە) بۆ ئەوەی هێزی خۆی بهێڵێتەوە دەبیێ هەموو ڕۆژێك وەرزش بکات، ئەگەر وانەکات لاواز دەبێت و پاڵەوانێکی تر ئەیدا بەزەویدا و ئەیشکێنیێ. نوێژکردن بۆ موسڵمانان وەك وەرزش کردنی پاڵەوانە، هەرکەس بیەویێ هێزی ئیرادەیی خۆی لە بەرامبەر نەفسی

خراپەدا بپارێزێ و توشی هەڵە و گوناه نەبێت دەبێ لە شەو و ڕۆژێك دا چەندین جار بووەستێ ڕو بە ماڵی خودا بۆ نوێژ خوێندن.

كاتێك موسڵمانان بۆ نوێژ خوێندن بەرامبەر بەخوا دەوەستن و هەردوو دەست بەرز دەكەنەوە و دوعا دەخوێنن و شوكری خوا دەكەن كە دوو دەستی پێ بەخشیون، بەلأم نەك وەك دوودەستی جانەوەر ( گیانلەبەر ) چونكە ئەگەر دەستەكانی مرۆڤ وەك هی گیانلەبەر بوایە دەبوو لەكاتی ڕێگا ڕۆیشتندا كەڵكیان لێ وەرگرێ، ئەوكات نەی دەتوانی كشتوكاڵ بكات و درەخت بنێژێ و بەری بخوات، پارچە بچنێ و كەشتی دروست بكات و گیانلەبەرانی تری وەك ئەسپ و وشتر و قاتر و مەڕ و بزن گوێ ڕایەڵی خۆی بكات، چونكە دەستەكانی ئازادە ئەتوانێت ئەم كارانە بكات. ئەی (لبید) تۆ كە شیعر ئەنوسیت دەبێ بە دەست بیانوسی. كاتێك مامم ئەم قسانەی كرد من ترس دای گرتم، چونكە وام زانی سەعید پێی وتوە من شیعرێكم بەودا بۆ عائیشە ناردووە. دوایی دەركەوت من بێ جێ ترساوم و ئەو هەروا بە سادەیی ئەو قسانەی كردبوو، نەیزانی بوو من شیعرێكم بۆ عائیشە نووسیوە.

كاتێك ئەبوبەكر ئەم قسانەی بۆ دەكردم من سەیری دەرگاكەم دەكرد، چونكە بەتەمابووم عائیشە لە دەرگاكەوە بێتە ژوورەوە. بە كورتی ئەبوبەكر هەستی كردو وتی (لبید) دەڵێیت چاوەڕێی هاتنە ژوورەوەی كەسێكی؟ من وەڵأمم دایەوە نەء، بەلأم دوای چەند ساتێك عائیشە هاتە ژوورەوە پێشەكی سەلامی لە باوكی كرد و ئینجا لە من كاتێ سەلامی لە من كرد زەردەخەنە كەوتە سەر لێوانی ئینجا لە نزیك دەرگاكەوە لەسەر ڕاخەرەكە دانیشت، باوكی پێی وت تۆ چی دەكەیت لێرە پێیان نەوتویت پیاوێك لای من دانیشتووە، چەند جارێك بەتۆم وتوە نابێ وەك مندالأن ڕەفتار بكەیت ئیتر تۆ منداڵ نیت، بەلأم ئەم وشانەی لەسەرخۆ و بە گاڵتەوە بە عائیشە وت، ئەوكات عائیشە لە باتی ئەوەی هەستێ و بچێتە دەرەوە بە زەردەخەنە پیشانی دا كە باوكی گاڵتەی لەگەڵ دەكات، ئەوكات نیوەی قسەكانی لە گەڵ من و نیوەی تری لەگەڵ عائیشە هەر بەشۆخی و گاڵتەوە بوو،

وتی ئایا دەزانی (لبید) چی سەبارەت بە تۆ دەڵێت، کاتێك ببینێت کچێك بەم گەورەییە بەڵام کردەوەی منداڵانەیە؟ (پێشتر باس لەوە دەکرێت عائیشە منداڵەو کردەوەکانی هی گەورەساڵانە، کەچی لێرەدا بەناوی ئەبوبەکرەوە لبید باسی ئەوە دەکات کە بە عائیشەی وتووە تۆ گەورەیت بەڵام کردەوەت منداڵانەیە –حمە).

پاشان ئەبوبەکر ڕویکردە من تابزانیٚ قسەکانی پەسەند دەکەم، من لەباتی پەسەند کردنی وتەکانی بە عائیشە پێکەنیم. وتی ئەتەوێت بڵێیت عائیشە کیژۆڵەیە؟ من سەرم دانەواند و بە نیشانەی بەڵیٚ بە کیژۆڵەی دەزان وەلامم دایەوەم. لە ڕاستیدا عائیشە منداڵ بوو، بەڵام منداڵێکی بەژن و باڵا جوان و زیرەك. مرۆڤ کاتێك سەیری دەکرد دەیزانی چی مەرجیٚ لازمە لە ژنێکی تەواودا بێت لەودا هەبوو. پاشان عائیشە پرسیاری لە باوکی کرد کە ئایا ڕازیت (لبید) بێت لەناو باخدا پاڵ بە منەوە بنێت لەناو دیلانەکەمدا. چونکە ئەو گوریسە سورەی لە (جدە) کڕیوتە و بۆ منت هێناوە بەستومە بە دارێکەوە کەس نییە پاڵم پێوە بنێت، ئێستا (لبید) لێرەیە با بێت پاڵم بدات.

(ڕوون کردنەوە : شاری (جدە) لەسەرەتای سەرەتایی هاتنی ئیسلامدا ناوێکی تری هەبوو، نووسەری ئەم سەر گوزشتە کە ئەڵمانیە بۆ ئەوەی فکری خوێنەر نەڕوات ناوەکەی ئێستای نوسیوە. ذبیح الله).

ئەبوبەکری مامم ڕازی بوو من بچم لە دیلانێکەدا پاڵ بە عائیشەوە بنێم، ئەبوبەکر بۆیە ڕازی بوو هەم عائیشە منداڵ و هەم منیش ئامۆزایی بووم ئەگەر کەسێکی بێگانە بوایە ڕازی نەدەبوو لەگەڵ عائیشەدا بچێتە ناو باخ و لە دیلانێدا پاڵی پێوە بنیٚ. ئینجا من و عائیشە لە ماڵ دەرچووین بەرە و باخ، تازە شەو داهاتبوو مانگی چواردە ناوباخی ڕووناك کردبووەوە. عائیشە بە پێکەنینەوە دیلانێکەی پیشانی من دا و بە ڕاکردن چووبۆلای و لەسەری دانیشت و وتی (لبید) پاڵم پێوە بنیٚ. کاتێك بەرە و ئاسمان دەچوو و دەگەڕایەوە بە دەنگی بەرز دەیوت (لبید) توندتر پاڵ بنیٚ تا زیاتر دیلانێکە بەرز بێتەوە. من دەترسام توند

پاڵی پێوە بنێم، لەبەر ئەوە شەو بوو ترسام عائیشە لەناو دیلانێكەدا پەرت ببیٚ و بكەویٚ و بمرێت.

لەوكاتەدا كە عائیشە دەیوت دیلانێكەم توندتر پاڵ نیٚ كەنیزەكێك هات و وتی عائیشە...... عائیشە باوكت داوات دەكات، عائیشە وتی من دیلانیٚ دەكەم، بەلاٚم كەنیزەكەكە وتی بۆ كارێكی پێویست بانگت دەكات زوو وەرە خواریٚ. دیلانێكە هاتە دواوە من گرتم و عائیشەم دابەزاند چووینەوە ئەو ژوورەی ئەبوبەكری لێدانیشتبوو سەیرم كرد (ام عمرو) ش لەوێیە.

(ام عمرو) هەموو كەس دەیناسی دەیان زانی مامانێكی ناسراوە، من دەمزانی ژنی دووگیان لە ماڵی ئەبوبەكردا نیە تا (ام عمرو) بێتە ئەویٚ بۆیە گومانم كرد كە بۆ خوازبێنی هاتبیٚ. لە مەككەدا عادەت بوو پێش ئەوەی پیاوان سەبارەت بە خوازبێنی ژنێك قسە بكەن مامانێكیان دەنارد بۆلای ئەو ژنەی كە دەیانویست داوای بكەن. عائیشە (ام عمرو)ی دەناسی بەخێرهاتنی كرد و دانیشت، ئەبوبەكر بە ئیشارەت پێی وتم دانیشە. پاشان مامم بە عائیشەی وت: دەزانم (ام عمرو) دەناسی و دەزانی ئەوكاتەی تۆ لە دایك بوویت مامانت بووە، ئەو ڕۆژە من زۆر ترسام كە دایكت بمرێت، بەلاٚم نەمرد و تۆ لەدایك بوویت. عائیشە وتی دەزانم بیستومە شەوی لە دایك بوون خەدیجەی ژنی پێغەمبەر (د.خ) هاتوەتە ئێرە و چونكە هەنگاوی موبارەكی ئەو هاتە ئێرە دایكم لە مردن ڕزگاری بووە و منیش بە زیندویی لە دایك بووم.

(ام عمرو) ئەم قسەی پیٚ ناخۆش بوو وەك بڵێیت نایەوێت باس بكرێت و مانی دایكی عائیشە بە زیندو هاتنە دنیای عائیشە بەهۆی هەنگاوی موبارەكی خەدیجەوە بووە، وتی ئەمشەو وەختی ئەم باسە نیە من بۆ شتێكی تر هاتووم، ئەبوبەكر وتی عائیشە كچە و هەردەبیٚ شوبكات ئێستاش ئەو لە تەمەنێك دایە كاتی شوكردنیەتی. عائیشە تۆ تەمەنت سیانزەساڵانە و لێرە هەندیٚ كچ لە دوانزە ساڵیدا شوو دەكەن. ماوەیەك لەمەو بەر من سەبارەت بە شوكردنی تۆ لەگەڵ

پێغەمبەردا قسەم کردووە و ئێستاش پێغەمبەر (د.خ) (ام عمرو)ی بۆ داواکردنی تۆ ناردووە، ئایا تۆ ڕازیت ببیتە هاوسەری پێغەمبەر (د.خ)؟

عائیشە وتی پێغەمبەر (د.خ) پیاوێکە شەریف و میهرەبان و پێغەمبەری خوایە و ماوەیەکیشە من دەیناسم، ئەو ئایەتانەی دێنە خوارەوە بۆ ئەو هەموویانم لەبەرە و دەشزانم لە عەرەبستاندا لەو گەورەتر نیە، بۆیە خۆشحاڵم منی خۆش بوێت. ئەبوبەکر وتی عائیشە تۆ تا ئەمڕۆ لەبەر ئەوە هۆش و بیری تیژت هەبووە و ئایەتەکانی ئاسمانیت لەبەر بووە جێگەی هەست پێ کردنی پێغەمبەر بوویت، بەڵام لەمڕۆ بەدواوە لەبەرئەوەی دەبیتە ژنی ئەو دەبێت زیاتر جێگەی متمانە و بڕوا و هەستی بیت، دەبێ هەوڵ بدەیت غەمی پێغەمبەر بۆ مەرگی خەدیجە کەم بکەیتەوە. ئەوەش بزانە گەیشتنی تۆ بە پێغەمبەر شانازیەکی گەورەیە بۆ خێزانەکەمان، چونکە ئێمە خزمایەتی لەگەڵ پێغەمبەر دەکەین و تا ئاخر زەمان ناوی تۆ بە باشی کە خێزانی پێغەمبەری خودای (د.خ) لە گەڵ ناوی ئێمە دەمێنێتەوە. عائیشە وتی من بیستومە پێغەمبەری خوا ژنێکی هەیە ئایا ئەوە ڕاستە؟ (ام عمرو) وتی بەڵێ ڕاستە ژنێکی هەیە بەناوی (سوّدە) ئایا تۆ سەبارەت بەو ژنە ڕق هەڵدەگری؟ عائیشە وتیدەبێ یەکەم من بزانم ئەو ژنە چۆنە تا پێت بڵێم دژایەتی دەکەم یان نا؟

(ام عمرو) وتی (سوّدە) بێوەژنێك بوو پێغەمبەر هێنای و ئەمڕۆ پیرەژنێکە. کاتێك عائیشە زانی پیرەژنەو دوای مردنی خەدیجە بووەتە ژنی محەمەد (د.خ) ئاسودە بوو. باوکی بە (ام عمرو)ی وت بڕۆ هەواڵ بدە بە پیچغەمبەری خوا (د.خ) کە عائیشەی کچم ڕازیە و ئامادەیە شوی پێ بکات.

(ام عمرو) هەستاو ڕۆیشت، منیش هەستام و خواحافیزیم لە مامم و عائیشە کرد و ڕۆیشتم، ئەبوبەکر پرسی لێم ئایا بۆ ئاهەنگی عائیشە و محەمەد (د.خ) لە شاردا دەبیت تا بەشداری بکەیت؟ وتم نا ء چونکە دەبێ سەفەر بکەم. ئیتر عائیشەم نەبینیەوە تا پاش پانزە ساڵ دواتر، ئەو کاتە پێغەمبەر وەفاتی کردبوو. عائیشە لە عائیشەکەی بازاڕی مەکارە و شەوی دیلانێی ناو باخەکە جوانتر و

بەیەكێك لە دەوڵەمەندەكانیش دەژمێردرا كەمن بەتەمابووم شووم پێ بكات لە منیش دەوڵەمەند تر بوو (هەرچەندە لەماوەی ئەو پانزە ساڵەدا سەروەت و سامانم پێكەوە نابوو). بەلاَم عائیشە دوای وەفاتی پێغەمبەر ئیتر شوی نەدەكرد، چونكە (دایكی موسڵمانان بوو) موسڵمانان ناتوانن دایكی خۆیان بهێنن ئەمەیە ئەوەی من سەبارەت بە عائیشە دەیزانم.

## ( هەوڵی كوشتنی پێغەمبەر ( د.خ ) لە ماڵی خوادا )

یەكێكی تر لەو كەسانەی ئەیتوانی سەبارەت بە عائیشە زانیاریم بداتێ، كابرایەك بوو بەناوی موسا و باوكی ناسراوبوو بە (عبداللات). ئەم پیاوە خادمی كەعبە بوو دوای ئەوەی ناردم بە دوایدا هاتە لام و ئاوایی وت:-

وتی لە بەر ئەوەی باوكم خزمەتكاری كەعبە بوو زۆرتر كاتی خۆی لە كەعبەدا بەسەر دەبرد، من لەو ڕۆژەوە خۆمم ناسیوە لەناو ماڵی كەعبە یان لە دەوروبەریدا بووم، وەزعی كەعبە ئەو ڕۆژە لەگەڵ ئەم ڕۆدا جیاوازی هەیە، ئەو كات كەعبە ناوەندی بتەكان بوو بە دەوری دیوارەكانی كەعبەدا (٣٦٠) سێ سەد و شەست تاق دروست كرابوو و لە ناو هەریەكیاندا بتێك دانرا بوو ، لە ناوە ڕاستی خانەی كەعبەدا بەردێكی ڕەش دانرابوو من و هاوڕێكانم كە منداڵ بووین ئەترساین لەوەی سەیری ئەو بەردە بكەین، چونكە دەیانوت خاوەنی هێزێكی معجزەیە.

ڕۆژ نەبوو سەدان كەس لە دەوروبەری عەرەبستانەوە نەیەن بۆ زیارەتی بتەكان و قوربانیان بۆ نەكەن ، لە عەرەبستاندا هیچ هۆزێك نەبوو بتێك یان چەند بتێكی لە ماڵی كەعبەدا نەبێت. ئەو قوربانیانەی دەكرا یەكەم مەڕ بوو جگە لە مەڕ عەرەبەكان شەرابیان دەبەخشیە بتەكان و بخوردیان دەسوتاند، دانیشتوانی مەككە و خادم و پیاوەكانی كەعبە قازانجیان دەكرد لەو كەسانەی دەهاتن بۆ زیارەتی كەعبە.

له ماڵی کەعبەدا جگە لەو بتانەی هۆزەکان و چینەکانی خەڵکی عەرەب بتیش هەبوون کە نوێنەری ڕۆژ ومانگ و ئەستێرەکان و ڕووبارەکان و باخە خورماکان و دانەوێڵەی گەنم و ڕاوە ماسیش بوون.

ڕاوچیەکانی ماسی کاتێك لە قەراخ دەریاوە دەهاتنە ماڵی کەعبە، بتی خۆیان کە بتی ڕاوچیەکان بوو دەپەرست. ئەو بازرگانانەی کە مامەڵەیان لەگەڵ ئێران و ئەفریقادا هەبوو داوایان لە بتەکانی خۆیان دەکرد کە بەرەکەت و ڕەواج بخاتە بازرگانیەکەیانەوە.

ئەو بازرگانانەی کە ئیشیان کڕین و فرۆشتنی غولام بوو، بتی خۆیان هەبوو. تەنانەت چەتە و ڕێگرەکانی عەرەبستان لە ماڵی کەعبە بتیان هەبوو. لە مانگی حەرامدا کە کەس حەقی بەسەریانەوە نەبوو دەهاتنە کەعبە و قوربانیان دەکرد بۆ بتەکانیان و داوایان لێدەکردن ڕەونەق بدەن بە پیشەی ڕێگری و دزیان، ژنی نەزۆکیش لەوێ بتیان هەبوو، یەکێك لەوانە (عزی) بوو بڕوایان وابوو (عزی) ژنی نەزۆك دووگیان دەکات. ئەو ژنانە بەرامبەر بە (عزی) دادەنیشتن و داوایان دەکرد کە دووگیان ببنن ئینجا (اسفند) و (مر)یان دەسوتاند دوکەڵی دەکرد :

١-(ڕوون کردنەوە اسفند: گیایەکی خۆرسک و گوڵی سپی بچوک بچوک و تۆوی ڕەشی وردی هەیە لە ناو ئاگردا بۆ چاوەزار دەیسوتێنن –وەرگێڕ ) حمە[٢].

٢-(ڕونکردنەوە) (مر: بە کەسرەی میم و سکونی ڕا کەتیرەیەکی بۆن خۆشە لە گیا دروست دەکرێت، لەناو بخورد داندا دەیسوتێنن بۆنێکی خۆشی هەیە، لە چەند کەسی ئاسیاوم پرسی کە چون بۆ حەج ئایا ( مر )یان دیوە وتیان نازانین (مر) چییە نەمانبیستوە، بەڵام لە کۆندا لە مەککەدا بەکارهێنراوە– ذبیح الله).

ژنەکان لە کاتی سوتاندنی (اسفند) و (مر)ەکەدا زکریان دەکرد، ئێمە چونکە منداڵ بووین نەمان دەزانی چی دەڵێن و لە ئاهەنگی زکر کردنەکە بڕێك دەترساین. تا منداڵ بووین وامان دەزانی خەڵکی تەنها بۆ پەرستنی بتەکان دێن

---

[٢]–بڕوانە فەرهەنگی عمید.

بۆ كەعبە، دوایی كە گەورە بووین زانیمان تەنها بۆ پەرستنی بتەكان نیە خەڵك ڕوو دەكاتە مەككە، بەڵكو لە بەر ئەوەیە مەككە لە عەرەبستاندا لە سەر چوار ڕیانە و ڕێگاكانی كاروانی پێدا تێ ئەپەڕێت، خەڵكی زیارەتی بتەكان بە دەسكەوتێك دەزانن و لا ئەدەن تا لەوێ مامەڵە بكەن، ئەو كەسانەی مامەڵەكەرن لەوێدا یەكتری ئەبینن.

سەفەر كردن بۆ مەككە بە ناونیشانی زیارەتی بتەكان بووبووە هۆی شوكردن و ژن هێنان ، كوڕە لاوەكان و كچە لاوەكان لە مەككەدا یەكتریان ئەبینی و یەكیان پەسەند دەكرد و دوای گەڕانەوە لەو شارە شاییان دەكرد. زۆرجار گوێم لێ بووە بە یەكتریان وتووە ساڵێكی تر كاتی پێگەیشتنی خورما لێرەدا یەكتر ئەبینین یان كاتی ئاوس بوونی وشترە مێكان لێرە یەكتر ئەبینینەوە.

باوكی من (عبد اللات) دوو ئەركی هەبوو: یەكەم كاتێك خەڵكی دێن بۆ زیارەتی بتەكان لە هەریەكێك بە ناونیشانی نیازخانە مەبلەغێكی وەر دەگرت ، من وا هەست دەكەم هیچ عەرەبێك هیچ پارەیەك وەك ئەوەی قەرار دراوە بۆ نیازخانەی كەعبە بە ڕێك و پێكی نادەن ، هەتا چەتە و ڕێگرەكان پارەی نیازخانەی كەعبە بە پاكی و تەواوەتی ئەدەن. بۆ وەرگرتنی پارە باوكم قەد تووشی كێشە و دەنگە دەنگ نەهاتووە. ئەركێكی تری باوكم ئەوە بوو كەس جنێو نەدات و سەبارەت بە بێ ئەخلاقی قسە نەكرێت و كەس بتی كەسی تر بە سوكی سەیر نەكات ، بەڵام لە دەرەوەی كەعبەدا ئەم ڕێگریە نەبوو، بەردەوام ژنانی لەش فرۆش لە دەرەوەی كەعبە چاوەڕێی پیاوان بوون پاش زیارەت كردنی بتەكان بێنە دەرەوە و بیان بەنەوە ماڵەكانی خۆیان.

لەو ڕۆژەوە من فامم كردەوە تا ئەو ڕۆژەی محەمەد (د.خ) دەستی كرد بە جێبەجێكردنی پەیامەكەی ئاڵوگۆڕێك لە ماڵی كەعبەدا ڕووی نەدابوو، هەموو بتەكان لە جێگەی خۆیاندا بوون و لە وەرزە دیاری كراوەكاندا ڕەنگیان دەكردن. بتە بەردینەكانیان جەلایی دەكرد، ساڵانە لافاوی پارە بە هۆی ئەو كەسانەوە دەهاتنە زیارەت بۆ كەعبە بەڕێوە بوو. كاتێك محەمەد (د.خ) دەستی پێ كرد،

کێشه بۆ باوکم و ئەو فەڕاش و خادمانەی کەعبە دروست بوو، محەمەد (د.خ) کە خۆی خەڵکی مەککە بوو لەو شارەدا نیشتەجێ بوو، لە هەر سەعاتێکی ڕۆژدا ئەی توانی بێت بۆ ماڵی کەعبە بۆ عبادەت و لەگەڵ هاتنیشی دەستی بە قسە کردن دەکرد.

ئەی (ابن ارطاة) دەبێ بڵێم هەیکەل و شێوە و پاك و تەمیزی و قسەکانی محەمەد (د.خ) کاریگەری زۆری هەبووە بۆ سەر گوێگرەکان، محەمەد (د.خ) بەردەوام جل و بەرگی جوان و پاك و خاوێنی لەبەردا بوو ، قسەکانی دانە دانە و ئارام بوون بە جۆرێك وتەکان کاری دەکردە سەر دڵەکان. ئەو عەرەبانەی بادیە نشین کاتێك گوێیان لە قسەکان بوو لە جێی خۆیاندا دەوەستان و دەیانوت: پیاوێك بەم هەیکەلە و بەم پاك و خاوێنیە و بەو شێوە ئارامیە ئەم قسانەی بێ بناغە نیە، چونکە وتەی بێ بناغە بەم شێوە ناوترێت.

لە سەرەتادا کەس لە مەککە ترسی لە قسەکانی نەبوو، بەلاّم کاتێك سەبارەت بە بەهەشت و جەهەنەم قسەی دەکرد و دەیوت ئیمان داران بەهەشت و بت پەرستان جەهەنەمە جێگەیان خەڵکی دەترسان ، چونکە لە عەرەبستاندا تا ئێستا کەس ئەو قسانەی گوێ لێ نەبوو بوو. هەندێك لە بت پەرستان کەوتنە گومانەوە و بیریان لەوە دەکردەوە ئەگەر ئەم پیاوە ڕاست بکات جێگەمان جەهەنەمە ، چونکە باوەڕمان بە خواکەی ئەو نیە.

تا ئەو ڕۆژەی سەرانی مەککە ڕێگریان لە محەمەد (د.خ) نەکردبوو هەموو ڕۆژێ دەهات بۆ ماڵی کەعبە بۆ خوا پەرستی و عبادەت، جارجار عەلی و جارجارێك عائیشە و باوکی لەگەڵ محەمەد (د.خ) دەهاتن. من زۆر زوو تێگەیشتم کە عائیشە بۆ محەمەد(د.خ) وەك کتێب وایە ، چونکە هەموو ئایەتەکانی قورئانی لەبەرە. چەند کەسێك لە گەورە پیاوانی مەککە لەوانە ( ابو سفیان ) باوکی خەلیفەی ئێستا، بە باوکمیان وت مەهێڵن محەمەد (د.خ) بێتە ماڵی کەعبە، بەلاّم باوکم نەیئەتوانی ئەو فەرمانەی ئەوان جێبەجێ بکات، چونکە هاتن بۆ ماڵی کەعبە بۆ پەیڕەوانی هەموو دینەکان ئازاد بوو.

ڕاگەیاندنـەكانی محەمـەد (د.خ) دەوری هـەبوو لـە ژمـارەی زیـارەت كـەرانی مەككـەو مـاڵی كەعبـەی كـەم كـردەوە، (عبـد الـلات) بـاوكی مـن لـە كـەم بوونـەوەی ژمارەی زیارەت كەرەكان دڵ سارد بوو بووەوە، چونكە داهاتی ماڵی كەعبە كەم دەبـووەوە ، بـەڵام بـاوكم نەیئـەتوانی ڕێگـری بكـات لـە محەمـەد (د.خ) و نـەهێڵێ تەبلیغات بكات. معامەلەچیانی مەككە زانیـان ژمارەی زیارەت كەرانی كەعبە كەم دەبنـەوە و قازانج و بەرژەوەنـدیان لـە مەترسـیدایە ، یـەكێك لەوانـە بـە نـاوی ( ابـو الحكـم بـن هشـام ) وتـی مـن ئـەتوانم محەمـەد (د.خ) بكـوژم. بـن هشـام دەیزانـی سـەرانی قـوڕەیش ڕازیـن بـە كوشـتنی محەمـەد (د.خ) و بـیری كردبـووەوە ئەگـەر بیكوژێت كەس نایكوژێتەوە، تەنها خوێنی لێدەسێنن و پارەی خوێنەكەش پیاوە گەورەكانی قوڕەیش ئەیدەن.

(بـن هشـام) لـە بیابانـدا بـەردێكی ڕەشـی هێنـابوو لـە جـۆری ئـەو بەردانـەی لـە دەوروبـەری مەككـەدا زۆرن، پیشـانی سـەودا كـەرانی دابـوو وتبـوی مـن محەمـەد (د.خ) بـەم بـەردە دەكـوژم تـا ئیـتر نـەمێنێ نـەتوانێ قسـە بـە بتـەكانمان بڵێـت. ئـەم نیەتەی بن هشام ئاشكرا بوو لەلای هەموو معامەلەچیەكانی مەككە.

من ئەمزانی باوكم ئاگادارە لەو نیەتەی بن هشام، هەرچەندە من لەو بارەوە پرسـیارم لێ نـەكردبوو، دەشـم زانـی بـاوكم بـە كوشـتنی محەمـەد (د.خ) ڕازییـە، چـونكە دەیزانـی بـە كوشـتنی محەمـەد (د.خ) داهـاتی مـاڵی كەعبـە وەك جـارانی لێدێتەوە.

ڕۆژێك بن هشام خەبەری دابوو بە دۆستەكانی خۆی كە نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی كاتێك كە محەمەد (د.خ) دێتە ماڵی كەعبە بۆ خوا پەرستی بە دەستی (ابو الحكم بن هشام) دەكوژرێت. بۆ ڕۆژی دوایی سەرانی قوڕەیش و چەندین معامەلەچی هـاتبوون بـۆ مـاڵی كەعبـە تـا بـە چـاوی خۆیـان كوشـتنی پێغەمبـەری خـوا ببینـن. هەموو دەیانزانی محەمەد (د.خ) لە كاتی نوێژ كردندا دەكوژرێت، چونكە ئەو كات بـۆ نوێـژ بـەرەو ڕووی خـوای خۆیـەتی و ئاگـای لـە دەوروبـەر نـامێنێ، بـە تایبـەت دوای ئەوەی ئەچێتە سوجدەوە ئاگای لە خۆی نامێنێ.

ئەی ( ثابت بن ارطاة ) لەوانەیە لێم بپرسی ئایا کە تۆ ئەتزانی ئەو ڕۆژە نیەتیان وایە محەمەد (د.خ) بکوژن بیرت لەوە نەکردەوە نەهێڵیت؟ لە وەڵامدا پێت دەڵێم من ئەو کات منداڵ بووم و منداڵ عەقڵی نیە، گوێڕایەڵی دایك و باوکی خۆیەتی بۆیە وەك باوك و دایکی خۆی بیر دەکاتەوە. وتم باوکم لای من هیچی نەوتبوو، بەڵام دەمزانی بە کوشتنی محەمەد (د.خ) ڕازیە وەك معامەلەچیەکانی مەککە. بیرم دەکردەوە و وام دەزانی کوشتنی محەمەد (د.خ) پێویستەن چونکە بە قازانجی معامەلەچیەکان و ماڵی کەعبەیە.

کەمێك بەر لە نیوەڕۆ محەمەد (د.خ) هاتە ماڵی کەعبە و ابوبکر و عائیشەی لەگەڵدا بوو، لە جێگەیەکدا وەستان پێنج هەنگاو لە (حجر الاسود) دوور بوون، بێ وەستان دەستیان بە خوێندنی نوێژ کرد. محەمەد (د.خ) ئاسایی کاتێك بۆ نوێژ وەستا ئاگای لە هیچ نەبوو ئەبوبەکر و عائیشەی کچی دەستیان بە نوێژ خوێندن کرد، لەو کاتەدا (بن هشام) بەردەکەی بە هەردوو دەست هەڵگرتبوو بەرەو محەمەد (د.خ) کەوتەڕێ.

هەموو ئەوانەی لە ماڵی کەعبەدا بوون هەناسەیان لە سنگیاندا ڕاگرتبوو، بێگومان بوون کە ئێستا(ابو الحکم) محەمەد (د.خ) دەکوژێت. لەو کاتەدا (ابوالحکم) نزیکی محەمەد (د.خ) بوو بووەوە نە محەمەد (د.خ) و نە ئەبو بەکر سەریان لە سوجدە بەرز نەکردەوە، (ابو الحکم) بەردەکەی بە هەردوو دەست لە سەر سەری محەمەد (د.خ)وە ڕاگرتبوو تا بەری بدات و سەری پان بکاتەوە. لەو کاتەدا من نازانم چی ڕوویدا عائیشە سەری لە سوجدە بەرز کردەوە، ئیتر ئایا گوێی لە تەپەی پێی بن هشام بوو یان چاوی لە پێی بوو بە هەر حاڵ لە جێگەی خۆی هەستا و توند قیژاندی.

بە جۆرێك قیژەی عائیشە لە ناو ماڵی کەعبەدا دەنگی دایەوە هەموومان ترساین، دوای قیژەکەش هێرشی کردە سەر (ابو الحکم)، و ئەویش بە هۆی هێرشی عائیشەوە غافڵ گیر بوو بەردەکە لە دەستی بەربوو دای بە تەختی کەعبەدا، ترس (بن هشام)ی داگرت و لە کەعبەدا ڕایکرد و هەڵهات.

ئەوانەی لەناو كەعبەدا بوون و بە تەمای كوشتنی محەمەد (د.خ) بوون بینیان لە ئەنجامی قیژە و هێرش كردنی عائیشە دا ئەو پیاوە بەردەكەی بەرداو هەڵهات، لەویٚ چونە دەرەوە و پێیان وت ئایا تۆ لە قیژەی عائیشە ترسای بەردەكەت بەردایەوە و نەتتوانی بیكوژیت؟ ئایا ئەمە بوو ئەنجامی لافلێدان و خۆهەڵكێشان؟ تۆ ئەگەر ئەمەندە ترسنۆكی بۆ ئەتوت محەمەد (د.خ) دەكوژم، لە بیابانەوە بەردت هێناو پیشانی هەموو كەست ئەدا؟ (ابو الحكم بن هشام) وتی ئەی خەڵكینە ئێوە نەتان دیوە ئەو كاتەی عائیشە هات بۆم قیافەی چەندە ترسناك بوو، بە جۆرێك قیافەی عائیشە ترسناك بوو لە ترسی تووڕەیی و ڕقیدا من نەمتوانی خۆم بگرم، لەو ماڵە ڕامكردە دەرەوە و وا هەستم ئەكرد توانام نیە چاوە ترسناكەكانی عائیشە ببینم.

قسەیەكی تر هەیە بیكەم ئەویش ئەوەیە لەگەڵ قیژە و هێرشی عائیشە و هەڵهاتنی (ابو الحكم بن هشام)دا، محەمەد (د.خ) سەری لە سوجدە بەرز نەكردەوە تا تەواو بوونی سوجدەكەی، چونكە كاتێك دەستی بە نوێژ كردن دەكرد ئاگای لە دەوروبەر نەبوو و هیچ ڕووداوێكیش نە ئەبووە هۆی ئەوەی ئەو وا لێبكات واز لە نوێژ خوێندن بهێنیٚ، بەڵام ئەبوبەكر پاش قیژاندنەكەی عائیشە سەری لە سوجدە هەڵبڕی و ویستی یارمەتی كچەكەی بدات، بەڵام فریای (بن هشام) نەكەوت چونكە ڕایكردە دەرەوە.

دوای ئەوەی محەمەد (د.خ) نوێژەكەی تەواو كرد لە چۆنیەتی ڕووداوەكەی پرسی، عائیشە وتی من تێگەیشتم (بن هشام) نیەتی كوشتنی (پێغەمبەری خوا)یەتی بۆیە قیژاندم تا ئەو وریا بكەمەوە، ئەگەر نەمقیژاندایە ئەوا بەردەكەی فڕیٚ نە ئەدا و ڕابكات و محەمەدی (د.خ) دەكوشت، عائیشە وتی كاتێك بۆی چووم ئەوەندە تووڕە بووم ئەگەر چەقۆم پێبوایە دەمكوشت. محەمەد (د.خ) وتی عائیشە ئێرە ماڵی كەعبەیە و نابیٚ خوێنی تێدا بڕژیٚ، عائیشە وتی ئەی پیچغەمبەری خوا (د.خ) ئەی ئەوان چۆن دەیانەوێت تۆ لە ماڵی كەعبەدا بكوژن؟

محەمەد (د.خ) وتی ئەوان بت پەرستن و ناتوانن پەی بە گەورەیی خوای ئەم ماڵە بەرن ، بەلاّم ئێمە موسڵمانین و دەبێ لە هەموو کاتێك دا ڕێزی ئەم ماڵە بگرین.

ئەبوبەکر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ) ئەم وتەیەی تۆ وای لە من کرد کە داوای ڕوونکردنەوە بکەم لە خادمی کەعبە، بپرسین ئایا ئاگاداربووە لە نیەتی (بن هشام) و ئێمەی ئاگادار نەکردووە یان ئەویش بێ ئاگا بووە.

ئەگەر ئاگادار بووە چۆن بە ئێمەی نەوتووە؟ ئەگەر نەیزانیوە چۆن لە ئامادە بوونی (ابو الحکم بن هشام) و معامەلەکەرانی مەککە لێرەدا گومانی نەکردووە؟ یان پێی نەوتون بۆچی بەم شێوەیە ئەمڕۆ لێرەدا کۆبوونەتەوە؟

لەو کاتەدا ئەبوبەکر چاوی بە من کەوت و وتی کوڕەکە وەرە نزیك بکەوەرەوە، لێی نزیك بوومەوە و پرسیم ناوت چیە؟ وتم (موسا)م ناوە. وتی باوکت کێیە؟ وتم کوڕی (عبداللات)م خادمی کەعبە. وتی دەمەوێت باوکت ببینم، پێی بڵێ بێ دوا کەوتن بێتە لام. من ڕۆیشتم و بە باوکم وت ئەبوبەکر داوات دەکات بڕۆرە لای، باوکم کەوتە ڕێ و منیش هاوشانی ڕۆیشتم تا گەیشتینە لای ئەبوبەکر. لە باوکمی پرسی ( عبداللات ) تۆ ئەمڕۆ لە کۆبوونەوەی معامەلەچیانی مەککە و (بن هشام) گومانت نەکرد لەم ماڵەدا؟ باوکم خۆی بێ ئاگا کرد و وتی ئێرە ماڵی کەعبەیە و هەموو کەس ئەتوانێ بێت و بڕوات، بەیانی تا ئێوارە دەرگای کراوەیەو لە هاتنی کەس گومان ناکەین.

ئەبوبەکر ئاماژەی بۆ بەردە ڕەشەکە لە دەستی (بن هشام) کەوتبوو کردو وتی کاتێك هەڵگری ئەم بەردە هاتە ژوورەوە لێت نەپرسی بۆچی ئەو بەردە دەهێنیتە ژورێ؟ باوکم وتی من دوای قیژەکەی عائیشە ئەم بەردەم دیوە بەدەستی (ابو الحکم بن هشامەوە) و پێش ئەوە نەم دیوە، کاتێ هاتوەتە ژورێ لە ژێر عاباکەیدا شاردویەتیەوە.

ئەبوبەکر وتی ئەی (عبداللات) تۆ دەزانی و خادمی ئەم جێگە پیرۆزەی نابێ دوو کەس لێرەدا دەنگیان بێت نەوەك ئێستا هەستن بە نیەتی کوشتنی پێغەمبەری خوا (د.خ)، نابێ بهێڵی (بن هشام) دۆستانی جارێکی تر بێنە ناو ماڵی کەعبە. باوکم وتی ئەی ئەبو بەکر ئەم ئیشە بە من ناکرێت، تەنها شورای

(دار الندوة) (واتە شورای بالآی قورەیش لە مەککە–ذبیح الله) ئەتوانیٚ ڕیٚگری لە هاتنی ئەوانە بکات بۆ ناو مالّی کەعبە.

باوکم دەیزانی هەرگیز شورای (دار الندوة) ڕیٚگری ناکات لە هاتنی سەودا کەران و (ابو الحکم بن هشام) بۆ ناو مالّی کەعبە، چونکە پشتگیر و قەلّغانی ئەوان بوو. پیاوانی قورەیش کە هەمووشیان ئەندامی شورای دار الندوە بوون هەولّیان دا و ویستیان محەمەد (د.خ) بکوژن، پاش ئەمە محەمەد (د.خ) و ئەبو بەکر و عائیشەی کچی هەستان و ڕۆیشتنە دەرەوە لە مالّی کەعبەدا، باوکیشم چوو بەردەکەی هەلّگرت و لە مالّی کەعبە بردیە دەرەوە.

من وام هەست دەکرد ئیتر محەمەد (د.خ) دوای ئەو ڕووداوە پیٚ ناخاتە ناو کەعبە، بەلاّم بە سەر سوڕمانەوە ڕۆژی دوایی هات بۆ نویٚژ کردن بۆ کەعبە. لیٚی نزیك بوومەوە و لە ڕووی دلّسۆزیەوە لیٚم پرسی یا محەمەد (د.خ) بۆچی ئیمڕۆ هاتوویت بۆ ئیٚرە، مەگەر نازانی دویٚنیٚ ویستیان بتکوژن لیٚرەدا؟ محەمەد (د.خ) بەردەوام دەهات بۆ ناوکەعبە و منی دەناسی‌ن پیٚی وتم موسا لەم سەر زەویەدا هیچ شتیٚك نی‌یە موسلّمان بترسیٚنیٚ و دوای بخات لە نویٚژ کردن، کەسیٚك ئیمانی بە خوا هەبیٚ لە هەموو کاتیٚك دا نویٚژی خۆی هەر دەکات ئەگەر بشزانیٚت دەکوژریٚت. من ئیتر عائیشەم نەبینیەوە تا پاش چەندین سالّ لەگەلّ محەمەد (د.خ) هاتە ناو مەککە، ئەوکات ئیتر منیش مندالّ نەبووم لە باتی باوکم لە ناو مالّی کەعبەدا خزمەتم دەکرد.

من هەرگیز هاتنی محەمەد (د.خ) و عائیشەم لە بیر ناچیٚتەوە بۆ ناو مالّی کەعبە، چونکە دوای ئەوەی هاتنە ناو کەعبە فەرمانی شکاندنی بتەکانی داو لە ناو مالّی کەعبە دووریان خستنەوە. ئەرکی شکاندن و دوور خستنەوەیان سپیٚردرا بە (عەلی کوڕی ابی طالب) کە زۆر خۆشەویست بوو لای پیٚغەمبەر (د.خ)و زاواشی بوو.

ئەمەیە ئەوەی من لە بارەی عائیشەوە دەیزانم، جگە لەمە شتیٚکی تر نیە کە باسی بکەم.

## شو کردنی عائیشه به محەمەد (د.خ)

من (ثابت بن ارطاة) که بەر پرسی پۆلیسی نهێنی (معاویەم) و ڕاسپێردراوم لە لایەن ئەوەوە سەبارەت بە ڕابوردووی عائیشە لێکۆڵینەوە بکەم، بە پێویستم زانی لەگەڵ سۆدەی ژنی پێغەمبەریشدا(د.خ) لێکۆڵینەوە بکەم، چونکە ئەو کاتەی عائیشە بووبوە ژنی پێغەمبەری ئیسلام سۆدەش ژنی پێغەمبەری خوا (د.خ) و دایکی موسڵمانان بوو. لێکۆڵینەوە لەگەڵ سۆدەدا لە بەر ئەوەی کە خێزانی پێغەمبەر (د.خ) بوو جیاوازی هەبوو لەگەڵ کەسانی تردا، بەو بۆنەوە پێش لێکۆڵینەوەکە من لە خەلیفە (معاویە)م پرسی ئایا ڕازیە لێکۆڵینەوە لەگەڵ سۆدەدا بکەم؟ ئەگەر ئەو ڕازی نەبوایە لێکۆڵینەوەم لەگەڵ نەدەکرد، بەڵام پاش ئەوەی ئەو ڕەزامەند بوو غولامەکەی خۆم نارد بۆ لای سۆدە کە ماڵەکەی لە تەنیشت مزگەوتی مەدینەوە بوو، ئەو مزگەوتەی پێغەمبەر (د.خ) خۆی دروستی کردبوو داوام کردبوو مۆڵەت بدات من بچم بۆ ماڵەکەی و سەبارەت بە ڕابوردووی عائیشە چەند پرسیارێکی لێبکەم.

(سۆدە) ڕازی بوو بوو بە غولامەکەی منی وتبوو بە مەولات بڵێ من ناتوانم دابنیشم و لە جێگەدا کەوتوم لەبەرئەوە وا هەست نەکات ڕاکشانی من بە ئەنقەست و بەکەم سەیر کردنی ئەوە، دەمزانی سۆدە پیرە ژنێکی بە ساڵاچووە لەو کاتەدا هەشتا ساڵ لە تەمەنی تێپەڕیبوو، دەمزانی ناتوانێ دانیشی و دەبێ درێژ ڕاکشێ.

کاتێك چوومە ماڵی سەیرم کرد شێوەی لە نەخۆش ناچێت و ڕەنگ و ڕووی شاهیدی ئەدا تا چەند ساڵێکی تر دەژی، دوای ئەوە دانیشتم سۆدە بە خزمەت کارەکەی خۆی وت شەربەت بهێنن، پاش ئەوەی قومێك شەربەتی خورمام خواردەوە وتی چۆن بووە کە (معاویە) منی بیر کەوتووەتەوە تۆی ناردووە بۆلام، وتم (معاویە) ئەیەوێت سەبارەت بە عائیشە لێکۆڵینەوە بکاتن لەبەرئەوەی تۆ

عائیشە دەناسی منی ناردووە بۆلات تا ئەو زانیاریانەی لە سەر ئەوت هەیە بیان دەیت به خەلیفە.

سۆدە وتی من بیستومە نێوان (عائیشە و معاویە) باش نیە و مووچەی ئەو لە (بیت المال) نادا، وتم ئەی دایكی موسڵمانان بە هۆی یاسای شەرعەوە هاوسەرەكانی پێغەمبەر (د.خ) ئەگەر دەست كورت بن دەبیٚ لە (بیت المال) مووچە وەرگرن. بەو جۆرە كە خۆت ئاگاداری خەلیفە موچەی هەموو ژنەكانی پێغەمبەر (د.خ) ئەوانەی لە ژیاندا ماون سەرف دەكات باوەڕ ناكەم هەرگیز موچەی تۆ دوا كەوتبیٚ.

( سۆدە ) وتی نا ئەی ( ثابت بن ارطاة ) موچەی من هەمیشە لە كاتی خۆیدا گەیشتووە ، وتم بەلأم عائیشە موحتاج نیە تا لە (بیت المال) مووچە وەرگرێت. ئەو ژنێكی دەوڵەمەند و خاوەن خزمەت كارە و خەلیفە دەزانیٚ موحتاجی مووچەی (بیت المال) نیـیە بۆیە موچەی ناداتیٚ. پاشان پرسیم دایكی موسڵمانان بەو جۆرەی من بیستومە پێش ئەوەی عائیشە ببێتە هاوسەری پێغەمبەری خوا (د.خ) تۆ هاوسەری بوویت ئایا ئەمە ڕاستە؟

سۆدە وتی بەڵیٚ ئەو كەسەی بووە هۆی بەیەك گەیشتنی ئێمە (ام عمرو) مامانی مەككە بوو، ئەوە ماوەیەكە مردووە و ئێستا (اسماء) كچی لە باتی دایكی مامانی دەكات. پرسیم ئایا دەكرێت بڵێیت تۆ چۆن شوت كرد بە پێغەمبەری ئێمە (د.خ)؟ وتی كاتێك مێردی یەكەمم مرد من تەمەنم (٢٨) ساڵ بوو، حەزم نەدەكرد لەو مێردەم خوا هەردووكمان ببەخشیٚ. كاتێك شووم كرد وام دەزانی بەختەوەر دەبم، بەلأم هەر زوو زانیم مێردەكەم ناتوانیٚ من بەختەوەر بكات تا ئەو مرد، دوای مردنی مێردەكەم ڕۆژێك لە ماڵ دانیشتبووم (ام عمرو) هات و وتی سودە بۆچی غەمبار و نا ئومێدی؟ وتم لەبەر ئەوەی مێردم نیە ژنی گەنج مێردی نەبێت غەم و خەفەت بارە. وتی خەفەت مەخۆ من شویەكی باشت بۆ پەیدا دەكەم، دوای دوو ڕۆژی تر دێمەوە ڕەنگە ناوی پیاوەكەشت پیٚ بڵێم. وتم ناكریٚ ئێستا ناوەكەیم پیٚ

بڵێیت؟ وتی نا لەبەر ئەوەی دەبێ یەکەم لەگەڵ ئەو کەسەی کە ڕەنگە هاوسەری ئایندەی تۆ بێ قسە بکەمن ئەگەر زانیم ڕازیە بە ت، ناوەکەیت پێ ئەڵێم.

دوای دوو ڕۆژ (ام عمرو) هاتەوە وتی سۆدە تۆ محەمەد (د.خ) دەناسی؟ وتم کام محەمەدە(د.خ) دەڵێیت؟ وتی محەمەد مێردی خەدیجەی بازرگان دەڵێم. وتم بەڵێ دەیناسم. (ام عمرو) وتی دۆستەکانی محەمەد (د.خ) زۆریان بۆ هێناوە کە ژن بهێنێ تا لە ماڵەوە کەیبانوی هەبێ و بە تەنهایی کات بەسەر نەبات. بەڵام محەمەد (د.خ) تا ئەمڕۆ ئەوەندە بە مەرگی خەدیجە دڵگران و غەمبارە نەی توانیوە ڕازی بێت بە ژن هێنان. لە ئەنجامدا و لە ژێر زۆری دۆستەکانیدا ڕازی بووە ژن بهێنێ، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانی ئەبو بەکر دەیەوێت عائیشەی کچی بدات بە پێغەمبەر (د.خ)، وتم کەواتە ئیتر بۆ شوی پێ بکەم، (ام عمرو) وتی ئێستا بەم زوانە عائیشە ناهێنێ و ماوەیەکی زۆری پێ ئەچێت، لە ئێستاوە تا ئەو کاتە پێویستی بە ژنێك هەیە، بۆ ئەوەی ئیدارەی ماڵەکەی بدات، دووەم بەو جۆرەی من تێگەیشتووم هێنانی عائیشە لە لایەن محەمەدەوە (د.خ) زۆرتر لە بەر ئەوەیە کە ئەبوبەکر دۆستی نزیك و خزمەتی زۆری پێغەمبەری (د.خ) کردووە و ئەبوبەکریش خۆی ئەو پێشنیارەی کردووە، ئەگەر ڕازی نەبێت لەوانەیە وا تێبگەن محەمەد (د.خ) کەم تەرخەمی دەکات بەرامبەریان.

دواتر (ام عمرو) وتی من ئەمڕۆ لە ماڵی محەمەد (د.خ) بووم و سەبارەت بە ژنی ئایندەی قسەمان کردووە وتومە ئەی محەمەد (د.خ) تۆ لە هێنانی ژنی بێوەژن پەشیمانی؟ وتی نا ئەی (ام عمرو) من کاتێك خەدیجەم هێنا بێوەژن بوو، بەڵام ئەو بە یەکێك لە باشترین ژنانی دنیا دەزانم. پێم وت دەی من ژنێکی تری بێوەژنت بۆ ئەهێنم کە وەك خەدیجە و ڕەنگە لەویش باشتر دڵی تۆ ڕازی بکاو بیرت ئاسودە بکات، بەڵام وەك خەدیجە خاوەنی سەروەت و دارایی نییە.

محەمەد (د.خ) وتی من خەدیجەم بۆ سەروەت نەدەویست بەڵکو لە بەر ئەوە دڵم پێوە بوو کە نەفەس باش و مهرەبان بوو، منداڵەکانی بە پاکی و بە بڕوا گەورە کرد. وتم ئەم ژنەیش کەمن بۆ تۆم دۆزیوەتەوە وەك خەدیجە باش و میهرەبانە و

یەكێكە لە ژنە جوانەكانی ئەم شارە، ئومێدەوارم منداڵی ساڵح و چاك و باش بە بڕاوات بۆ پەروەردە بكات. ئەی ( ثابت بن ارطاة ) من بڕوام وایە كە ( ام عمرو ) هەموو ئەو شتانەی سەبارەت بە من بۆ محەمەدی (د.خ) باس كردووە بۆ منی ئاشكرا نەكردن. (ام عمرو) سەبارەت بە جوانی من زیادەی پێوە نابوو و دەبو لە بارەی نەفەس باشی و میهرەبانیەوە لەوە زیاتر باس بكات كە كردبووی، محەمەد (د.خ) ڕازی بوو مـن بهێنـیّ، دوای ئەوە \گوازرامەوە بۆ ماڵی پێغەمبەر (د.خ). میوانداریەك ڕێكخرا هەندێك لە خزمان و دۆستانی محەمەد (د.خ) لەو میوانداریەدا نانیان خوارد ، دوای نان خواردن، چاوەڕێی محەمەدم (د.خ) دەكرد كە بێتە لام، بەلاّم هەندێك موسڵمان هاتن و وتیان وەزعی مەككە خراپە و دوور نیە جەماعەتی قوڕەیش لە ناكاو هێرش نەكەنە سەر موسڵمانان و هەموومان نە كوژن.

ئەوەندەی من لە ژوورەكەی خۆمدا گوێم لە گفتوگۆی موسڵمانەكان بوو، تێگەیشتم ئەوانە لەو كاتەی شەودا هاتبوون تا مۆڵەت لە محەمەد (د.خ) وەرگرن و لە مەككە دەرچن، و ئەوەندەش پێیان دەكرێت محەمەد (د.خ) ڕازی كەن و لەگەڵ خۆیاندا بیبەن، محەمەد (د.خ) وتی من گوێڕایەڵی فەرمانی خوام چۆن فەرمان بدات ئاوا ڕەفتار دەكەین ، تا ئێستا خوا فەرمانی نەداوە بە من لە مەككەوە بچمە جێگەیەكی تر یان بە موسڵمانان بلێم بە دەستە جەمعی لەم شارە كۆچ بكەن. موسڵمانان دەیانوت ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ) لێرەدا دەكوژرێین، چارەسەرێكی ترمان نیە جگە لەوەی ئەم شارە بە جێ بهێڵین. محەمەد (د.خ) وتی خوایەك ئێمەی دیاری كردووە بە پێغەمبەر و ئێوەش بەندەی ئەون پارێزگارمانە و ناهێڵێت ئێمە بە دەستی قوڕەیش بكوژرێین.

دەستەیەك لە موسڵمانان دەڕۆیشتن و دەستەیەكی تر دەهاتن داوای مۆڵەتیان لە محەمەد (د.خ) دەكرد، مێردەكەی من بە یەك وەلاّمی هەموویانی ئەدایەوە و دەیوت خواوەند هێشتا فەرمانی پیّ نەداوە لە مەككە بچێتە دەرەوە یان فەرمانی دەرچوونی دەستە جەمعی موسڵمانان دەر بكات. تا بەیانی دەستە دەستە

موسـڵمانان دەهـاتن و داوای مۆڵـەتیان دەکـرد، بـە درێـژایی ئـەو شـەوە مـن لـە ژوورەکەی خۆم دا تەنها بووم و چاوەڕێی محەمەدم (د.خ) دەکرد تا ڕۆژ بوویـەوە. محەمەد (د.خ) و عەلی و ئەبوبەکر هـەر لـە ئێـوارەوە لـەو خـانوەدا بـوون تـا بـەیانی، بەیانی هەستان بۆ نوێژ کردن و دوای ئەوەی نوێژەکـەیان تـەواو بـوو، عـەلی و ئـەبو بـەکر ڕۆیشـتن. بـەم شـێوەیە یەکـەم شـەوی بـوکێنی مـن و زاوایـی محەمـەد (د.خ) تێپەڕی.

کاتێك من شومکرد، محەمەد (د.خ) هێشتا کچە بچوکەکەی (فاطمـة) نـەبووبووە هاوسەری عەلی، بەڵام من دەمزانی محەمەد (د.خ) دەیـەوێت بیـدات بـە عـەلی. دەڵێن مندالآنی مێرد لە لایەن باوەژنەوە خۆشەویست نین، من ئەم ڕستە پەسەند ناکـەم، چونکە لە یەکەم ڕۆژەوە من چوومە ماڵی محەمەد (د.خ) کچەکانیم خۆش دەویست بـە تایبـەتی (فاطمـة)، دەمشـۆرد و قـژەکانیم بـە دەسـتی خـۆم شـانە دەکـرد. مـن ئەمزانی محەمـەد (د.خ) هـەر عائیشـە دەهێنـێ، بەڵام پێش ئـەو هێنانـە (فاطمـە)ی کچی دا بە علی کوڕی ابی طالب.

شەوێك محەمەد (د.خ) لە ژوورەکەی مندا بوو پێم وت بڕوا ناکەم ئەو کچە مـوو سورە (مەبەستم لە عائیشە بوو) ببێتە هۆی خۆش بـەختی تـۆ، وەڵامـی دایـەوە مـن نامـەوێ بـە هـۆی هێنـانی عائیشـەوە بەختـەوەر ببم تـەنها مەبەسـتم ئەوەیـە بـاوکی ڕازی بکـەم و لـەو ئامادەیـەی کچـەکەی کـە خـاوەن هـۆش و بـیری بـەهێزە کـەڵك وەرگـرم. ئـەو کـات وتەکـەی (ام عمـرو) هاتـەوە یـادم، دەیـوت محەمـەد (د.خ) لەبـەر خاتری ئەبوبەکر کچەکەی دەهێنێ.

شـەوێك محەمـەد (د.خ) دوای ئـەوەی هاتـەوە مـاڵ هێنـدەی نـەبرد ڕۆیشـت. مـن وام هەست دەرکرد ئەوشەوە چووە عائیشە بهێنێت و دەشمزانی هێنـانی عائیشـە بـەبێ دەنگـی دەبێـت. دەف لێنادرێـت و ئـاواز ناخوێنرێـت کاتێـك دەیهێننـە مـاڵی محەمـەد (د.خ). ئەوەنـدەی نـەبرد دوو ڕوونـاکی دەرکـەوت لـە دوایانـەوە محەمـەد (د.خ) و ئەبوبـەکر دەرکـەوتن عائیشـە لـە نێوانیانـدا بـوو، سەرپۆشـێکیان دابـوو بەسەریا بۆ ئەوەی هاتووچۆکەران نەیناسن.

لە دوای عائیشەوە دوو نەفەر كە خزمەت كاری ئەبوبەكر بوون دەهاتن بەڕێوەو كەل و پەلی عائیشە كە لە ناو دوو سندوقدا بوو هەڵیان گرتبوو. ئەبوبەكر پێش ئەوەی موسڵمان بێت یەكێك بوو لە دەوڵەمەندەكانی نیمچە دوورگەی عەرەب و بە خۆشی دەژیا، بەڵام پاش ئەوەی موسڵمان بوو هەموو سەروەت و سامانەكەی سەرف كردو خۆیشی وەك موسڵمانێكی سادە دەژیا. ئەگەر پێش لە موسڵمان بوون ئەبوبەكر عائیشەی بە شوبدایە ئەویش وەك كچە سەروەت مەندەكان دەچووەماڵی زاوا ، بەڵام دوای موسڵمان بوون ئەبوبەكر لە خۆشگوزەرانی وازی هێناو هەموو سەروەتیسەرف كرد بۆ گەشەپێدانی ئیسلام.

جیازی[٣] عائیشە وەك جیازی عەرەبێكی دەشتەكی و كەمێك دەوڵەمەند بوو كە پێك هاتبوو لە دوو دەست جلی هاوینە و زستانە و دوو باڵا پۆش (بەتانی) لە خوری حوشتر و یەك پاوانە و دوو خرخاڵ ( بازنە ) و جانتایەك كە كەلوپەلی ژنانەی تێدا بوو وەك شانە و سورمە و ......هتد.

پێش ئەوەی عائیشە بێتە ژوور محەمەد (د.خ) پێی وت ئومێدەوارم هەنگاوی تۆ موبارەك بێت. (ابن ارطاة) شتێك هەیە كە دەمەوێت بۆتی باس بكەم، كەمێك دوای ئەوەی عائیشە هاتە ماڵی محەمەد (د.خ) وەحی بۆ هاتە خواریٚ، هەركاتێكیش وەحی بۆ بهاتایە وەزعی دەگۆڕا، چونكە دەنگی جەبرەئیلی دەبیست.

محەمەد (د.خ) نێردراوی خوا بوو زۆر جار خۆی دەیوت ئەویش یەك مرۆڤە، بەڵام مرۆڤێك خاوەن توانایەكی لە ڕادەبەدەر، ئەگەر خاوەنی ئەو توانایە نەبوایە لەلایەن خواوە هەڵنەئەبژێردرا، بەڵام لە بارەی (لەش و لارەوە) لە مرۆڤێك زیاتر توانای نەبوو. بەو بۆنەوە لە كاتی وەحیدا دووچاری ئاڵوگۆڕی وەزع دەبوو، چونكە بیستنی دەنگی خواوەند مرۆڤ دەلەرزێنیٚ وە وەزع و حاڵی دەگوڕێت.

---

[٣] -( جیازی : كەل و پەلی بووك كە لە ماڵی باوكیەوە دەڕوات بۆ ماڵی زاوا – وەرگێڕی كوردی).

هەر كاتێك بڕیار بوایە جەبرەئیل بێتە خوار بۆ لای محەمەد (د.خ) و لەلای خواوە پەیامی ئیلاهی بۆ بهێنێ، پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) لەرزی لێدەهات و جارجارێك دوای پەیامەكە عارەقی دەكردەوە و ئێمە ناچار عەبایەكمان ئەدا بەسەریدا. ئەو شەوەی عائیشە هاتەماڵی محەمەد (د.خ) و وەحی بۆ هات عائیشە هیچ نەترسا، ئەو دەیزانی لەرز و ئاڵوگۆڕی لەشی محەمەد (د.خ) هی ئەوەیە جەبرەئیل دێتە لای، ئەوە بوو هەستاو عاباكەی دا بەسەر یداو خۆی لە گۆشەیەكی ژوورەكەدا دانیشت. چەند دەقیقەیەكی خایاند و ژوورەكە بێ دەنگ بوو، عائیشە دەیبینی كە محەمەد (د.خ) لە ژێر عەباكەدا دەجوولاٌ وەك بلێی ناڕەحەت دەبێت.

دوای تێپەڕ بوونیچەند چركەیەك بەسەر تەواو بوونی وەحیەكەدا، محەمەد (د.خ) ئارام بوەوە و عەباكەی لە خۆی دوور خستەوە. عائیشە، بینی دەم و چاوی تەڕ بووە بە عارەق، لێی پرسی یا محەمەد وەزعت باشتر بوو یان نا؟ وتی بەڵێ ئەی حومێرا وەزعم باشە.

((ڕوون كردنەوە/ چونكە عائیشە زوڵفی سوور خەنەیی بوون پێغەمبەر (د.خ) ئەوەی بە ناوی حومێراوە بانگ دەكرد – ذبیح الله)).

ئینجا محەمەد (د.خ) وتی عائیشە دوای ئەوەی تۆ هاتیتە ئەم ماڵە خواوەند فەرمانی پێداوم كە ئاگاداری موسڵمانان بكەم لەم شارەدا كۆچ بكەن و بچن بۆ مەدینە، ئەم فەرمانە هەر ئێستا بە هۆی جەبرەئیلەوە هاتە خوارەوە بۆمن، بۆ جێبەجێكردنی فەرمانی خوا لە ماڵ دەچمە دەرەوە تا ئاگاداری موسڵمانان بكەم خۆیان ئامادە بكەن بۆ كۆچكردن (هجرت). محەمەد (د.خ) ئەمەی وتوو ژنە جوانەكەی خۆی لە ماڵ دانا و چووە دەرەوە.

دوای ئەوە عائیشە بە تەنها مایەوە، داوام لێكرد بێتە ژوورەكەی من بۆ ئەوەی بە تەنیا نەبێت، هاتە ژوورەكەمەوە و دانیشت. دوای ئەوەی لە نزیكەوە عائیشەم بینی سەیر دەكەم لەوە زۆر جوانترە كە لە دوورەوە دەبینرێت. لێم پرسی ئایا ناڕەحەت نیت یەكەم شەوی گواستنەوەتە بۆ لای محەمەد (د.خ) ئەو بە تەنها

بەجێی هێشتی و ڕۆیشت؟ وتی نا ئەی سۆدە من خۆم موسڵمانم و دەشزانم ئیشی موسڵمانان زەروری ترە بۆ محەمەد (د.خ) تا ئیش و كاری تایبەتی خۆی. پاشان سەبارەت بە جیازیەكەی پرسیارم لێكرد كە ئەبوبەكری باوكت چیٚ پێداوی؟ وتی دوو دەست جل و بەرگ و دوو بەتانی و دوو جوت پێڵاو، جگە لەمانە باوكم چی تری پیٚ نەداوم.

وتم ئەی داوات نەكرد لە باوكت زیاترت بداتیٚ؟ وتی چۆن، بەڵام باوكم وتی محەمەد (د.خ) لەمە زیاتر قبوڵ ناكات. ئیتر كەمێك بیٚ دەنگ بوو ئینجا پرسی تۆ بۆچی شوت كرد بە پێغەمبەری خوا (د.خ)؟ وتم ئەم پرسیارەی تۆ مایەی سەرسوڕمانە، هۆی شوكردنی من هەر ئەوە بووە كە ژنانی تر پاڵ پێوە ئەنێت بۆ شوكردن، ژن تا كاتێك مێردی نەبێت بەهۆی تەنیایەوە هەست بە بێزاری دەكات و ژیان بە تاریكی دەبینێت، بەڵام دوای ئەوەی بووە خاوەنی مێرد وا هەست دەكات ئیتر ڕۆژگاری تەمەنی تاریك نیە و بە ئومێدەواری و خۆش بەختی درێژە بە ژیان ئەدات.

عائیشە وتی ئەی سۆدە من لەبەر ئەوە شوم نەكردووە تا لە تەنیایی ڕزگارم بێت، لەبەر ئەوە شوم كردووە بە پێغەمبەری خوا (د.خ) تا بگەم بە ئارەزووی خۆم، پرسیم ئارەزوی تۆ چییە؟ وتی ئارەزووم بە دەستهێنانی هێز و گەورەییە، وتم ئەتەویٚ ببیتە مەلیكەی (بالمیر) یان مەلیكەی (سبا)؟

((ڕوونكردنەوە: بالمیر هەمان شاری بەناوبانگی ( پالمیرە ) عەرەبەكان لە بەر ئەوەی حەرفی ( پ )یان نیە ( ب ) بەكار دەهێنن ڕ شارێك ئاوەدان و بەناوبانگ كە دەكەوتە سەد و سیروان میلی باكوری ڕۆژهەڵاتی شاری ( دیمەشق )ی ئێستا لە سوریە وە مەلەكەی بالمیر ناوبانگی جیهانی هەبووە ڕ( سبا )ش وڵاتێك بووە لە باشوری عەرەبستان ( لە یەمەن ) و یەكێك لە مەلیكەكانی ناوی بەڵقیس بووە، بۆ ماوەیەكی كورت ژنی سلێمان بووە پاشان لە سلێمان جیا بوەوە و گەڕایەوە وڵاتی خۆی (سبا) — ذبیح الله)).

عائيشه وتی هەست ناكەم مەلەكەی )بالمير يان سبا) له من زياتر توانايان هەبووبێ و ئەگەر خوا نەيويستايه من بگەم به جێگەی گەوره و پلەی بەرز، منی ئابەم شێوه ئامادەيی‌يه دروست نەدەكرد. وتم عائيشه دانی پێدا ئەنێم تۆ جوانترين ژنی عەربستانی، وەڵامی دامەوه و وتی سۆده مەبەستی من له ئامادەيی (استعداد) جوانی نی‌یه، جوانی هەرچەنده تايبەتمەنديەكه بەڵام تا سەر نيه سەردەمی لاويەتی تێپەڕی جوانی نامێنیّ، بەڵام تايبەتمەنديەكانی مەعنەوی پاش دەورەی لاويەتی له باتی لەناو بچن بەهێزتر دەبن.

من كاتێك منداڵ بووم هۆشم هەبوو ئەوەتا پێم ناوەته قۆناغی لاويەتی و هۆشم بەهێزتر بووه، دەزانم پاش تێپەڕ بوونی لاويەتيش هۆشم بەهێزتر دەبێت. من له قۆناغی منداڵيدا نەمئەتوانی به خێرايی بنوسم ئەوەتا ئێستا به خێرايی دەنوسمەوه. له منداڵيدا من هەندێك شت تێنەئەگەيشتم ئەوەتا ئێستا تێگەيشتنم زۆر تر و بەهێزتر بووه، دوای بەسەرچوونی تەمەنی لاويەتی توانا و تێگەيشتنم بەهێزتر دەبێت. ئەمانەيه ئەو تايبەتمەنديانەی كه خوا به منی بەخشيوه و دەبیّ لەمانه و له جوانی خۆم كەڵك وەر گرم و بناغەی توانايی خۆم مەحكەم بكەم.

وتم عائيشه زۆر حەزدەكەم بزانم چۆن چۆنی بناغەی توانايی خۆت مەحكەم دەكەيت؟ عايشه وتی من گومانم نيه كه محەمەد (د.خ) نێردراوی خوايه و دينی ئەو دينی خوايه، بێگومان ئەم دينه جيهان گير دەبێت و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دنيا دەگرێتەوه. وتم ئەمه چ پەيوەندييەكی به تۆوه هەيه؟

وتی پەله مەكه تا قسەكەم تەواو بكەم. وتی دەزانی كاتێك (موسی) پێغەمبەری قەومی يەهود وەفاتی كرد كوڕی نەبوو بەو بۆنەوه پاش مردنی ڕابەری قەومی يەهود (اسرائيل) گەيشته لای خەڵكانی تر ڕ (عيسا) پێغەمبەری قەومی عيسەوی دووباره كوڕی نەبوو پاش ئەوەی لەم دنيا دەرچوو خەڵكانی تر بوونه ڕابەری قەومی عيسايی، بەڵام محەمەد (د.خ) پياوێكه تەبيعەت دروست، چونكه من كچم شوم پێكردووه دەبێته خاوەنی كوڕ و ئەو كوڕه له بەر ئەوەی له

پشتی محەمەد (د.خ) و سكی منە دێت، دەبێتە خاوەنی هەموو ئەو سیفاتە چاكانەی هەردووكمان دەبێت.

ئەو كوڕەی ئێمە لە باوكیەوە ڕاستی و دروستی و بڕوا و خواناسی بۆ دێتەوەو لە منیشەوە جوانی و هۆش و بیری بەهێز، ئەو كوڕە دوای محەمەد (د.خ) دەبێتە پێشەوای موسڵمانان و منیش لە ئیش و كاردا ڕێنیشاندەری دەبم لە ژێر دەستی ئەودا لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا حكومەت بەڕێوە دەچێت.

وتم ئایا تۆ حەز دەكەی پێغەمبەر (د.خ) بمرێت و دوای ئەو بتوانی بە دەستی كوڕەكەی بەسەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا حكومەت بكەیت؟ عائیشە وتی ئاشكرایەو بزانە من محەمەدم (د.خ) لە تۆ زیاتر خۆش دەوێت. تۆ تازە گەیشتویتە لای محەمەد (د.خ) و پێش ئەوەی ببیتە ژنی نەتناسیوە، بەڵام من لەو ڕۆژەوە لە دایك بووم دەیناسم و شەوی لە دایك بوونم خەدیجە هاوسەری محەمەد (د.خ) لە پاڵ سەری دایكمدا بووە و هەندێك بڕوایان وایە ئەگەر ئەو شەوە ئەو نەبوایە لەلای ئەو جێگەی دایكمەوە دایكم دەمرد.

لەو ڕۆژەوە كەمن محەمەدم (د.خ) دیوە ئەو ئایەتانەی خوا بە هۆی جەبرەئیلەوە نێردراوەتە خوارەوە بۆ ئەو من لەبەرم كردون، بە جۆرێك ئەو ئایەتانەی كە تا ئەمڕۆ هاتوونەتە خوارەوە هەمووم لەبەرن. كاتێك كە موسڵمانان ناچار بوون بچن بۆ (شعب) ئێمە لەوێدا بەرگەی برسیەتیمان گرت، سۆدە تۆ لە كوێ بوویت تا بزانیت ئەندازەی خۆشەویستی من بۆ محەمەد (د.خ) چەندە؟ بۆیە ناتوانی بلێیت لەمن زیاتر پێغەمبەرت (د.خ) خۆش دەوێت. من كاتێك كە قسە لە خەلافەتی كوڕی پێغەمبەر (د.خ) دەكەم لەوەوە نیە كەمن حەزم بە مەرگی ئەو بێت، بەڵام پێغەمبەر (د.خ) ئەمڕۆ پیاوێكە تەمەن پەنجاو دوو ساڵە و منیش هێشتا چواردە ساڵم تەواو نەكردووە، بۆیە بە پێی ئەو ڕەوشەی لە دنیادا هەیە من لەو زیاتر تەمەن دەكەم ، ئەگەر بڵێم من لەو زیاتر دەژیم بەڵگەی ئەوە نیە كە حەزم بە مردنی بێت و بەڵگەش نیە بۆ ئەوەی لەو زیاتر تەمەن دەكەم.

زۆر جار ڕێك کەوتووە بچوك سالآن مردون و گەورە سالآن تەمەنێکی درێژیان کردووە، مرۆڤ دەبێ بە جۆرێك بژیت بڵێت هەرگیز نامرم. من هیوادارم بتوانم چەند منداڵێکم لە محەمەد (د.خ) ببێ کە هەندێکیان کوڕ بن تا کوڕە گەورەکەم لە دوای محەمەد (د.خ) ببێتە خەلیفەی موسڵمانان بەوجۆرەی کە وتم خۆم بتوانم هیدایەتی بکەم و بە هۆیەوە بەسەر جیهاندا حوکمڕانی بکەم.

ئەی کوڕی (ارطاة) چونکە دەزانم ئەوەی لە منی ئەبیسی بۆ معاویەی دەگێڕیتەوە ،پیێ بڵێ ئەو شەوەی عائیشە بوو بە هاوسەری پێغەمبەر (د.خ) تا ئەو ڕۆژەی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) لە ژیاندا بوو، ئەو ژنە جگە لەمە ئارەزوویەکی تری نەبوو. لە سەرەتاوە عائیشە ژنێکی خۆش خولق و خەندە ڕووو بە محبەت بوو، بەلآم مەغرورو بوو. دوای ئەوەی کە تێگەیشت نەزۆکە و منداڵی نابێ گۆڕا. ئیتر لەگەڵ ئێمەدا ژنەکانی پێغەمبەر (د.خ) وەك ڕابوردوو قسەی نەدەکرد و پێنەئەکەنی، من دەمزانی بە تایبەت لەگەڵ (فاطمة)دا کە دوو کوڕی لە عەلی بوو بوو ڕقێکی توندی هەبوو. ڕۆژێك بە منی وت ئەگەر توانام هەبێ بە دەستی خۆم ئەم ژنەم دەکوشت. ئەو هەموو دژایەتیەی عائیشە لەگەڵ فاتیمە و عەلیدا، لەمەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەمە بوو ئەوەی من دەربارەی عایشە دەیزانم.

## محەمەد (د.خ) و ئەبوبەكر لە ئەشكەوت دا

بیستبووم پیاوێك هەیە لە حیجاز شوانە و لە سەرەتای ئیسلام دا عائیشەی ناسیوە، ئەو كاتیش هەر پیشەی شوانی بووە. یەكێكم نارد ئەو پیاوە بهێنن بۆ لام و خەرجی سەفەرەكەیشم دا، پیاوەكە (عمرو بن فحیل) بوو كە هات ئاوای وت:

ئەی (ثابت بن ارطاة) تۆ ناوی محەمەد (د.خ) بەرگوێت دەكەوێت و بەلاّم نازانی كێ بووە و چەند ڕەوان بێژ بووە، هەرچی دەوت یەكسەر دڵگیر دەبوو. من كاتێك چاوم پێی كەوت تەمەنی پەنجا ساڵ زیاتر بوو یەكسەر سەیری دەم و چاوی كردم و زەردەخەنەی كرد و خۆشەویستی لە دڵمدا چەسپی.

ڕەنگە تۆ بیستبێتت گەورەترین دوژمنی محەمەد (د.خ) كە نیەتی بووە بیكوژێت دوای ئەوەی چاوی پێی كەوتووە موسڵمان بووە، هۆكەشی ئەوە بووە دوژمنانی محەمەد (د.خ) هەر بە بینینی دوژمنایەتیەكەیان لە بیر چووەو موسڵمان بوون. ئەو پیاوە كاریگەری گەورەی لە سەر دەوروبەرەكەی هەبوو.

محەمەد (د.خ) سەیركردنێكی زۆر نەرم و میهرەبانی هەبوو كاتێك سەیری بەرامبەرەكەی دەكرد خۆشەویستی لە دڵ و دەرونی بەرامبەرەكەیدا جێی دەگرت، دوای ئەوەی دەمی دەكردەوە بۆ قسە كردن خۆشەویستی زیاتر لە دڵدا جێگیر دەبوو. من پیاوێكی دڵ ڕەق و قین لە دڵ بووم دوای ئەوەی چاوم پێی كەوت و قسەی لەگەڵ كردم بە تەواوەتی گۆڕام. محەمەد (د.خ) پێی وتم بە لێبوردن و كەرەمی خوا ئومێدەوار بە، هەرچەندە گوناهت كردبێت لە ڕابوردوودا لە ڕووی دڵسۆزی و نیەت پاكیەوە تۆبە بكە خوا لە گوناهەكانت خۆش دەبێ و پاش مردن دەچیتە بەهەشت. منیش بە دڵێكی پاكەوە تۆبەم كرد و موسڵمان بووم. لەوەو بە دواوە هەستم كرد پیاوێكی بەختەوەرم، چونكە ئیتر گوناح كردن دڵی ڕەش نەدەكردم و ڕق و قین بەردەوام كامی منی تاڵ نەدەكرد.

لەبەرئەوەی شوان بووم دەرو دەشت و بیابانەکانی حجاز زۆر بە باشی شارەزا بووم، ئەتوانم بڵێم جێگەیەك نەبوو من شارەزای نەبم. محەمەد (د.خ) کاتێك ویستی لە مەککە کۆچ بکات بۆ مەدینە ئاگاداری کردم کە جێگەیەکی بۆ بدۆزمەوە، لەگەڵ لە مەککە دەرچوو چەند ڕۆژێك لێی بمێنێتەوە، تا ئەو کەسانەی بیانەوێ دوای بکەون بیدۆزنەوە پێی نەزانن. پاشان لەوێوە ڕێگەی مەدینە بگرێتە بەر. لەم نەخشەی محەمەد (د.خ) چوار کەس ئاگادار بوون یەکەم عەلی و دووەم عائیشەی ژنی و سێهەم ئەبوبەکر و چوارەم من.

ئەشکەوتێك شارەزا بووم لە بیاباندا کە بە پێ شەو و ڕۆژێك لەمەککەوە دوور بوو، من لە کاتی تۆفانی (ڕەمڵ)دا مەڕەکانی خۆم بردبووە ئەو ئەشکەوتە. ئەو ئەشکەوتە لە جێگەیەکدا بوو مەسافەیەکی زۆر کەوتبوە کەنار ڕێی مەککە بۆ مەدینە، هەستم نەدەکرد دوای ئەوەی محەمەد (د.خ) لە مەککە دەرچوو ئەوکەسانەی دوای دەکەون بتوانن بتوانن ئەو ئەشکەوتە بدۆزنەوە، بەڵام من بێئاگا بووم لەوەی کە ڕەنگە چۆن من ئەو ئەشکەوتە شارەزام خەڵکانی تر هەبن لە مەککەدا شارەزای بن.

ئەی (ابن ارطاة) دەزانی چۆن محەمەد (د.خ) عەلی ئامۆزای لە مەککەدا لە جێی خۆی دانا و شەو خۆی و ئەبوبەکر لەمەککەدا دەرچوون؟ من لە گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە خۆم دەپارێزم، چونکە هەموو موسڵمانان لێی ئاگادارن. تۆ زانیاریت لەسەر عائیشە دەوێت نەك لەسەر کۆچی پێغەمبەر (د.خ). ئەو شەوە من کەوتمە پێش محەمەد (د.خ) و ئەبوبەکر، دوای یەك شەو و ڕۆژ ڕێگا برین ئێوارەی ڕۆژی دوایی ئەوانم گەیاندە ناو ئەشکەوتەکە.

دەمزانی محەمەد (د.خ) ئەبوبەکر چەند ڕۆژێك لەو ئەشکەوتەدا دەمێننەوە، بۆیە ئازووقە و ئاوی چەند ڕۆژێکم پاشەکەوت کرد. پاشان بێ خەم بووم، چونکە ئەوانم لە مەترسی ڕزگار کردبوو. پاشان بە خێرایی گەڕامەوە بۆ مەککە تا عائیشە و عەلی ئاگادار بکەم کە ئاسودەبن و نەترسن.

دەرچوونی من لە مەككە و گەڕانەوەم كەس هەستی پێ نەدەكرد، چونكە من شوان بووم هەموو جارێك لە دەشتەوە دەهاتم بۆ شار بۆ پێویستی و كەل و پەل. دوای گەڕانەوەم ویستم بچم بۆ ماڵی محەمەد (د.خ) چونكە عەلی لەوێ بوو، بەلاَم بینیم ماڵی پێغەمبەری خوا (د.خ) لە لایەن قورەیشی‌یەكانەوە گەمارۆ دراوە. لەبەر ئەوەی نەمگرن و لێكۆڵینەوەم لەگەڵ نەكەن نەچووم، ڕێگەی خۆم گۆڕی بەرەو ماڵی ئەبوبەكر بۆلای عائیشەی ژنی پێغەمبەر (د.خ).

ماڵی ئەبوبەكر كە عائیشە چووبووە ئەوێ گەمارۆ نەدرابوو. عائیشە كاتێك زانی باوكی و مێردەكەی بە سەلامەتی گەیشتونەتە ئەشكەوتەكە زۆر خۆش حاڵ بوو، پیێ وتم (عمرو بن فحیل) لەو ساتەوە زانیویانە محەمەد (د.خ) و باوكم لەم شارەدا نەماون هەلاَ بەرپابووە.

(ابو سفیان) لە قەبیلەی (امیە) جارچی نارد بۆ دەوروبەر و جاڕیان دا هەركەس محەمەد (د.خ) دەستگیر بكات (١٠٠) سەد وشتر پاداشت وەردەگرێت، ئەگەر بە كوژراویش مەیتەكەی بهێنن هەر هەمان پاداشت وەردەگرێت. ئینجا باشترین وشترە مێیەكانی خۆیانیان داو بە سوارەكانیان تا ڕێگەی مەدینە بگرنە بەر، چونكە دەزانن پێغەمبەری خوا (د.خ) و باوكم كە لێرەدا نەماون بۆ مەدینە دەچن، لەبەرئەوەی لەوێ موسڵمان زۆرترن. دوایی عائیشە لێی پرسیم ئایا بیێ خەمی لەوەی دوژمنانی پێغەمبەر (د.خ) ئەو ئەشكەوتە نادۆزنەوە؟ وتم بەڵێ ئاسودەم كە نایدۆزنەوە.

دوای ئەوە لە ماڵی عائیشە هاتمە دەرەوە و ڕۆیشتم بە كوڵاَن و جادەكانی مەككەدا كەوتمە ڕێ، ئەشمویست لە سەر وەزعی گشتی زانیاری وەرگرم، دەمبینی جار جار تاقمێك وشتر سوار لە بیابانەوە دەگەڕانەوە بۆ ناوشارو خەڵكی دەورەیان ئەدان و كۆ دەبونەوە لێیان. منیش لێیان نزیك دەبوومەوە تا بزانم چی دەڵێن گوێم لێ بوو دەیانوت لەم ڕێگەوە محەمەدمان (د.خ) دەست نەكەوتووە و گومانمان هەیە لەوەی ڕەنگە لە ڕێگەی كەنارەوە (واتە ئەو ڕێگەی لە كەنار دەریای سوورەوە تێئەپەڕێت)، بەرە و مەدینە ڕۆیشتبێت.

هەموو وشتر سوارەكان تا ئێوارەی ئەو ڕۆژە لە بیابانەوە دەگەڕانەوە هەر ئەوەیان دەوت، دەیانوت محەمەد (د.خ) لە ڕێگەی كەنار دەریاوە بەرە و مەدینە ڕۆیشتووە دەبێ لەوێوە بۆی بڕۆین. (ابو سفیان) پێی دەوتن ئەوانەی ماندوو نین نەوەستن و هەر ئەم شەو لەو ڕێگەوە تەعقیبی بكەن، ڕەنگە سبەینێ بتوانن بیگرن یان بیكوژن. هەندێك سوار وتیان هەر ئەم شەو بەرەو كەنار دەڕۆین و هەندێكیان وایان بە باش دەزانی ئەم شەو پشوو بدەن و بەیانی بەرە و ڕێگای كەنار بڕۆن، ئینجا بە درێژایی لێوار ڕێگەی باكور واتە ڕێگەی مەدینە بگرنە بەر.

عائیشە دەیوت ئەمەوێت بگەمە لای محەمەد (د.خ) و ئەبوبەكری باوكم، پێم وت لێرەوە تا ئەو ئەشكەوتەی ئەوانی لێیە زۆر دوورە و ناشتوانی بە وشتر بڕۆیت، دەبێ بە پێ ئەو ڕێگا ببڕیت. پرسی بۆچی ناتوانم بە سواری وشتر ڕێگا ببڕم؟ وتم ئەو ڕێگایە بۆلای ئەشكەوتەكە بەشێكی زۆر تەختایی و دەشتە وشتریش لە دوورەوە دیارە، ئەگەر ئێمە سواری دوو وشتر بین ئەوانە لە دوورەوە دەمان بینن و محەمەد (د.خ) و ئەبوبەكریش دوو كەسن وا دەزانن ئەوانین و دێن بۆمان كاتێك هاتن تۆ دەناسن دەزانن بۆلای ئەوان دەچیت، بەلاّم گەر پیادە بڕۆین ئەوان لە دوورەوە بە سواری وشتر ئێمە نابینن و ئێمە ئەوان ئەبینین تا ئەو كات نزیك دەبنەوە ئێمە پیادەین خۆمان حەشار ئەدەین، عائیشە وتی پیادە بە ڕێ دەكەوین.

وتم عائیشە تۆ ئەگەر ژنێكی بیابانی و لە هۆزەكانی دەشت نشین بویتایە دەموت بە پیادە ئەتوانی بگەیتە لای ئەوان، بەلاّم تۆ كچی ئەبوبەكری و بەردەوام لە سێبەرداو هەمیشە بە وشتر سەفەرت كردووە، ئێستا ناتوانی بەرگەی ناڕەحەتی پیادە ڕەوی دەشتەكانی عەرەبستان بگریت.

عائیشە پێی وتم هەرچەندە من كچی ئەبوبەكرم، بەلاّم هەر لە منداڵیەوە لەگەڵ محەمەددا (د.خ) بووم و ئەو فێری كردوم كە نابێت لەش پەروەر بم و لە زەحمەت بترسم. بێخەم بە ئەتوانم پیادە ڕەوی بكەم، وتم باشە خواردەمەنی ئامادە بكە و هەڵگرە و بەڕێ دەكەوین. عائیشە خۆی گۆڕی و جل وبەرگی ڕەشی لەبەر كردو

دوای تاریك بوون، كەوتینە ڕێ و ڕێگای ئەشكەوتمان گرتە بەر و لە مەككە دەرچووین.

لە كاتی شەودا تووشی وشتر سوار نەبووین، چونكە ڕێگەی ئێمە ڕێگای مەدینە نەبوو ،بەڵام كە ڕۆژ بوەوە چەند جارێك لەگەڵ عائیشە لە دوورەوە وشتر سوارمان ئەبینی خۆمان لە پشت تاوێرە بەرد یان بنە دڕكەوە دەشاردەوە تا تێپەڕ ئەبوون عەسر گەیشتینە ئەو جێگەیەی كە ڕانەمەڕەكەی خۆم لەلای شوانێكی تر كە شارگردم بوو لەگەڵ دوو سەگدا جێهێشتبوو.

وتم بە عائیشە ئەگەر ڕازیت مەڕێك بهێنین سەری بڕین تا ئەمشەو لە ئەشكەوتدا گۆشت بۆ باوكت و محەمەد (د.خ) ئامادە بكەین و بخۆین، وتی زۆر باشە من پێیان دەڵێم حەقی مەڕەكەشت بدەنێ مەڕێكم جیا كردەوە و چووین بەرەو ئەشكەوتەكە. كاتێك نزیك بووینەوە من سێ جار بە شێوەیەكی تایبەتی بانگم كرد تا بمان ناسن و بەردی دەمی ئەشكەوتەكە لاببەن، ئەبوبەكر بەردەكەی لادا و سەری لە ناو ئەشكەوتەكەوە دەرهێنا و وتی ئەی عمرۆ بن فحیل تۆیت؟ عائیشە وتی بەڵێ باوكە ئێمەین ئایا پێغەمبەری خوا (د.خ) سەلامەتە؟ دەنگی محەمەد (د.خ) لە ئەشكەوتەكەدا هات فەرمووی بەڵێ عائیشە من سەلامەتم. بەڵام چی بووە تۆ هاتوویت بۆ ئێرە؟ وەڵامی داوە نەمتوانی دووری تۆو باوكم تەحەمل بكەم. بەهۆی ڕووناكیەكەوە كە لە ناو ئەشكەوتەكەدا دەسوتا ئەشكەوتەكە ڕووناك بوو، عائیشە چووە ژوورەوە و منیش ویستم مەڕەكە لە دەرەوەی ئەشكەوتەكەدا سەر ببڕم، ئەبوبەكر نەیهێشت وتی بیهێنە ژوورەوە سەری ببڕە، لە دەرەوە ئاسەواری بەجێ دەمێنێت و لەوانەیە بە ڕۆژدا خەڵك لێرەوە گوزەر بكەن بەو هۆیەوە پێمان دەزانن. من ئەوشەوە نەمزانی بەیانی بۆم دەركەوت كە ئەبوبەكر چەند عاقڵانەی كردووە نەیهێشتووە مەڕەكە لە دەرەوە سەر ببڕم.

لە ژوورەوە مەڕەكەم سەر بڕی و كەوڵم كرد و هەندێك گۆشتم لەسەر ئاگر برژاندو لە بەردەم ئەبوبەكر و محەمەددا (د.خ) دامنا، پاش خواردنی خەوتن. من و عائیشەش ئەو شەوە لەو ئەشكەوتەدا خەوتین. من دەمویست لەدەرەوە پاسەوانی

بكەم، بەڵام محەمەد (د.خ) نەیهێشت و وتی ئەگەر لە دەرەوە بیت ئەو کەسانەی بەو ناوەدا تێپەڕ دەبن ئەتبینن، بۆیە منیش لە ژوورەوە لای ئەوان خەوتم.

بەیانی ڕۆژ بوەوە من مۆڵەتم لە محەمەد (د.خ) و ئەبوبەکر وەرگرت تا بڕۆم سەرێك بدەم لە ڕانە مەڕەکەم، محەمەد (د.خ) بە عائیشەی وت تۆش لەگەڵ (عمرۆ بن فحیل) بە ڕۆژدا نزیکبە لە گەلە مەڕەکە چونکە ئەگەر بتبینن وا دەزانن کچی شوانەکەی، عائیشە عاجز بوو وتی ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ) ئایا من دوور دەخەیتەوە لە خۆت؟ محەمەد (د.خ) فەرمووی نا ئەی حومێرا دەمەوێت تۆ دوور بیت لە مەترسی، خوا فەرمانی پێداوم مەککە بە جێ بهێڵم و بچمە مەدینە لەوانەیە تووشی گێچەڵێك ببین. ئەگەر تۆم لانەبێ هەرچی ڕوویدات من صبورم، بەڵام ئەگەر تۆم لەلا بیت لە کاتی مەترسی دا نیگەران دەبم بۆ تۆ و ئەگەر هەر ڕووداوێکیش بێتە پێش لێرە بە ڕۆژدا دەبێت نەك بە شەو، چونکە بە شەودا کەس دەرگای ئەم ئەشکەوتە نادۆزێتەوە، بەڵام لەوانەیە بە ڕۆژدا بدۆزرێتەوە. لەبەر ئەوە تۆ لەگەڵ (عمرۆ بن فحیل)دا بڕۆ، بە ڕۆژدا لەوێ بەو ئێوارە تاریکی کرد بگەڕێرەوە ئێرە. ئەوە بوو من و عائیشە لە ئەشکەوت دەرچووین بەرە و لای ڕانەکە، لە لەوەڕگەیەکدا دەلەوەڕا نێوان ئەو لەوەڕگەیە و ئەشکەوتەکە مەسافەیەکی زۆر بوو، لەگەڵ عائیشەدا لە دوورەوە دەرگای ئەشکەوتەکەمان ئەبینی.

(ڕوونکردنەوە: لە بیابانەکانی عەرەبستاندا جگە لە شوێنە بەرزەکان بارانی لێ دەبارێت لەوەڕگەیە و گیای لێ سەوز دەبێت لە جێگەکانی تردا لەوەڕگەی نیە، بەڵام لە حیجاز خەتێکی باریك لە خاکی عەرەبستاندا کەوتووەتە قەراغ دەریای سور، لەوەڕگە و مێرگ هەیە و هەروەها جەنگەڵیشی لێیە، لەبەرئەوە لە هەندێك شوێندا یەك مەتر چاڵ هەڵکەنی ئاوی خواردنەوە دەست دەکەوێت، جێگەی سەر سوڕمان نیە (عمرو بن فحیل) دەڵێت مێگەلەکەی لەو ناوچەدا دەلەوەڕا، چونکە لە حجاز و دەوروبەریدا لەوەڕگە هەن – ذبیح الله).

ئـەو ڕۆژە شـەش جـار وشـتر سـوار هـاتن و لـەو دەشـتەدا دەگـەڕان بـە دوای محەمـەد دا (د.خ)، هـەر هـەموویان دەهاتنـە لای ئێمـە و ناونیشـانی محەمـەدیان (د.خ) هـەڵ ئەدا و دەیـانوت ئایـا پیـاوێكی بـەم ناونیشـانەتان بـە تـەنیا یـان لەگـەڵ ئەبوبەكردا نـەدیوە؟ من و عائیشـەو ئـەو لاوەی لامـان شـوان بـوو بـە (نـەء) وەلأمـان ئەدایەوە، درۆشمان نەدەكرد چونكە ئەو ڕۆژە نەمان دیبون.

دەستەیەك لەو سوارانە ئێمەیان بەجێهێشت و بە ئاراستەیەك بەڕێكەوتن كە لـە نزیـك ئەشـكەوتەكەوە ڕەد دەبـوون، عائیشـە زۆر ترسـا و وتـی خوایـا پێغەمبـەری خـوا (د.خ) و بـاوكم بپـارێزە. ئەگـەر مـن شـەوی ڕابـوردوو مەڕەكـەم لـە دەرەوەی ئەشكەوتەكەدا سەر بڕیایە بێگومان ئەو سوارانە ئەمڕۆ شوێنەوارەكەیان دەبینـیو ئەشـكەوتەكەیان ئەدۆزیـەوە ، خـۆش بەختانـە كاتێـك سـوارەكان لـە ئەشـكەوتەكە نزیك بوونەوە نەوەستان و بە غاردان دوور كەوتنەوە.

ئێمە ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارە شڵەژا بووین ، لەگەڵ دەركەوتنی هـەر دەسـتە وشـتر سـوارێك ترسـەكەمان زیـاتر دەبـوو. یـەكێك لـەو دەسـتانە كاتێـك لـە ئێمـە دووركەوتنـەوە سـوارێكیان هـاوارێكی گـەورەی كـرد وامـان زانـی ئەشـكەوتەكەیان بینیوە، دوایی دەركەوت مارێكی زەهرداری لە بەردەم خۆیدا بینیوە. شەو كاتێك ویستمان بگەڕێینەوە ناو ئەشكەوتەكە عائیشە وتی وا باشە مـەڕێك لەگـەڵ خۆمـان بـەرین بـۆ نـاو ئەشـكەوتەكە، بـۆ ئـەوەی بـەیانی محەمـەد (د.خ) شـیرەكەی بخـوات، چونكە پێغەمبەری خوا (د.خ) شیری مەڕ هەبێت ئەیخواتەوە. من مەڕێكی شیردارم مل گرتوو بەرە و ئەشكەوتەكە ڕۆیشتین.

كاتێـك چـووینە نـاوەوە عائیشـە هـەواڵی سـەلامەتی پێغەمبـەری خـوا و بـاوكی پرسی و چاكی و چۆنی لەگەڵ كردن، وتی ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ) ئەمڕۆ ئێمـە زۆر ترساین، چونكە دەستەیەك لەو وشتر سوارانەی دەگـەڕێن بـە دواتانـدا زۆر لـە ئەشكەوتەكە نزیك بوونەوە، ئەبوبەكریش وتی ئێمـەش وامـان هەسـت دەكـرد بۆیـە چـەكەكانی خۆمـان بـە دەسـتەوە گـرت بـۆ بـەرگری لـە خۆمـان، بـۆ ئـەوەی ئەگـەر بشكوژرێین با بە خۆڕایی گیـانی خۆمـان لـە دەسـت نـەدەین. ئەوانـە ئەوەنـدە نزیـك

بوون گوێمان لە دەنگی قسە کردنیان بوو، لە ناکاو یەکێکیان وتی ئەها ئەو دوو نەفەرە سەیر کەن ئەوە ئەوانن، دوای ئەم قسانە بە ڕاکردن دوورکەوتنەوە.

ئێمە ئەو شەوە پێکەوە ڕۆژمان کردەوە، بەیانی عائیشە شیری مەڕەکەی دۆشی و پێغەمبەر (د.خ) خواردیەوە و بە ئێمەیان وت بچنەوە بۆلای ڕانەکە، ئێمەش واتە من و عائیشە مەڕەکەمان هێناو هاتینەوە بۆلای مەڕەکان. ئەو ڕۆژە بیابان چۆڵ و کەس دیار نەبوو، کاتێك خۆر هاتە ناوەڕاستی ئاسمان شەش سوار پەیدا بوون و ئێمەیان بەگیر هێنا و دەربارەی بینینی محەمەد (د.خ) و ئەبوبەکر پرسیاریان لێ دەکردین. ئێمە بێئاگایی خۆمانمان نیشان داو ئینجا لە ئێمە دوور کەوتنەوە بە جۆرێك ڕێك ڕێگەیان بەرەو ئەشکەوتەکە گرتە بەر، عائیشە ئەوەندە ترسا ناڵەی لێ بەرز بوەوە وتی خوایا ئەم جارە ئەگەر معجزەیەکی تۆ پێغەمبەری خوا (د.خ) و باوکم نەپارێزێت کوژراون.

بینیمان وشتر سوارەکان چونە نزیك ئەشکەوتەکە و وەستان و دابەزین، من و عائیشە گیانمان دەلەرزی و پاش کەمێك سواری وشترەکان بوون و لە ئەشکەوتەکە دوور کەوتنەوە و لە چاو ون بوون.

ئەو شەوە گەڕاینەوە ناو ئەشکەوتەکە، ئەبوبەکر ئەمەی بۆ گێڕاینەوە و وتی خواوەند پێش ئەوەی سوارەکان بگەنە نزیك دەمی ئەشکەوتەکە، بڕێك جاڵجاڵۆکەی نارد و دەمی ئەشکەوتەکەیان بەتاڵی چاوی خۆیان تەنی. تار هەرکەس نزیك بێتەوە وا هەست بکات دەیان ساڵە دەرگای ئەم ئەشکەوتە هات و چۆی نەبووە و نەکراوەتەوە. هەروەها لە ناو دەرگای ئەشکەوتەکەدا باڵندەیەك هێلانەی کرد و هێلکەی تێدا بوو لە سەریان نیشتبوو، کاتێك ئەو سوارانە هاتن باڵندەکە فڕی و جاڵجاڵۆکەکەشیان بینی دەستیان کرد بە قسە کردن و وتیان مەحاڵە کەس چووبێتە ناو ئەم ئەشکەوتە، ئەگینا تاڵی داوی ئەم جاڵجاڵۆکە دەپچڕاو ئەو باڵندەش لەوێدا هێلانەی نەدەکرد، بۆیە سوار بوون و ڕۆیشتن.

ئەو شەوە ئێمە لەوێ نەخەوتین و گەڕاینەوە بۆ مەککە بۆ ئەوەی دوو وشتر پەیدا بکەین بۆ محەمەد (د.خ) و ئەبوبەکر تا بەرەو مەدینە بڕۆن، من و عائیشە

گەیشتینەوە ناو شار تێگەیشتین دەنگ و باس و كەف و كوڵی خەڵكی سەبارەت بە محەمەد (د.خ) و ئەبوبەكر كەم بووەتەوە، چونكە كاروانێك لە میسرەوە هاتووە خەڵكی سەرگەرمی معامەلەن. ئەو كاروانە سێ هەزار وشتریان پێ بوو، بە بۆنەی هاتنی ئەو كاروانەوە هەركەس لە ناو مەككە دا بوو ئیشی خۆی بەجێ دەهێشت تا بچێت ئەشیا بكڕێت یان بیفرۆشێت.

ئەی (ابن ارطاة) تۆ شاری مەككەت پێش ئیسلام نەدیوە، شارێك بوو كە عەرەبە دەوڵەمەند و دیارەكان تێیدا نیشتەجێ بوون. عەرەبە دەشتەكییەكان دوو پیشەیان هەبوو یەكێك پەروەردەكردنی وشتر ئەوی تر كڕین و فرۆشتن، هەموو دانیشتوانی مەككە وشتریان بەخێودەكرد و سەودا كەریش بوون ، هەر كاتێك كاروانێك بهاتایە هەموو ئیشێكی خۆیان واز لێ ئەهێنا بۆ دواتر، ئەچون خەریكی كڕین و فرۆشتن دەبوون لەگەڵ ئەو كاروانەدا.

ئێمە بە بێ ئەوەی كەس بزانێ گەڕاینەوە ناو مەككە و ئەو ڕۆژە لەبەر هیلاكی خەوتین، شەو دوو وشتری ڕێگا بڕینم لە باشترین وشترەكانی ئەبوبەكر هەڵبژارد و لەگەڵ عائیشەدا سواربووین و ڕێگای ئەشكەوتەكەمان گرتەوە بەر، كاتێك گەیشتین محەمەد (د.خ) و ئەبوبەكر لە گەڕانەوەی عائیشە خۆشحاڵ بوون. من دەنگوباسم بۆ گێڕانەوە و وتم كەس نیە لە ڕێگاو خەڵكی مەككە وەك پێشتر بە دوای محەمەددا (د.خ) ناگەڕێن و سەرگەرمی معامەلەن لەگەڵ ئەو كاروانەی كە لە میسرەوە هاتووە. ئینجا پێم وتن بەبێ دواكەوتن سواربن و ڕێگای مەدینە بگرنە بەر، ئەم شەو هەندێك ڕێ ببڕن و بەیانی لە جێگایەكدا پشوو بدەن كاتێك ڕۆژ دەبێتەوە.

محەمەد (د.خ) پێشنیارەكەی منی بە باش زانی و بە عائیشەی وت دوای ئەوەی ئێمە ڕۆیشتین لەگەڵ (عمرو) بچۆرەوە بۆ مەككە لای سۆدە بە، دوای ئەوەی هەواڵم بۆ (عەلی) نارد ئێوە لە مەككەوە بهێنێ بۆ مەدینە، تۆ و سۆدە و فاطمە بكەونە ڕێ و وەرن بۆ مەدینە.

كاتێك ویستیان سوار بن سەیرمان كرد گوریسمان لە بیر چووە بۆ دابەستنی كونە ئاو بە كۆپانی وشترەكەوە، لە بیابانەكانی عەرەبستاندا ڕێگا بڕین بۆ ڕێبوار بەبێ ئەوەی كونە ئاوی پێ بێ دژوارە.

ئەگەر محەمەد (د.خ) و ئەبوبەكر بەبێ كونە ئاو سەفەریان بكردایە دەمردن لەبەر تینویەتی، ئەگەر چاوەڕێشیان بكردایە تا من دەگەڕێمەوە و گوریس دەهێنم ئەوا بەلانی كەمەوە دوو شەو و ڕۆژی تر دوا دەكەوتن. لە ناكاو عائیشە وتی (عمرو) خەنجەرەكەتم بدەرێ، منیش بە سەر سوڕمانەوە خەنجەرەكەم لە كێلان دەركرد و دامە دەستی، ئەبوبەكر لێی پرسی ئەتەوێ چی بكەیت؟ عائیشە دەستی دایە زوڵفە جوان و درێژەكانی وتی باوكە زوڵفەكانم دەبڕم و قەیتانیان لێ دەگرمەوە و كونە ئاوەكانی پێ هەڵدەواسم بە جهازی وشترەكاندا، محەمەد (د.خ) وتی ئەو كارە نەكەی (حمیرا) من ڕازی نیم زوڵفی خۆت ببڕی و گوریس بگریتەوە بۆ ئێمە، عائیشە وتی مادام پێغەمبەری خوا (د.خ) ڕازی نیە ئێستا لە جلەكانم گوریستان بۆ دروست دەكەم. پێغەمبەری خوا (د.خ) فەرمووی عائیشە تۆ ئەگەر جلەكانت بدڕیت و تاڵ تاڵیان كەیت تا تەناف دروست بكەیت ئەی چۆن دەگەڕێیتەوە بۆ مەككە؟ عائیشە وتی لێرە دادەنیشم تا (عمرو ) لەوێ جل و بەرگم بۆ دەهێنێ.

لە پڕ بیرم كەوتەوە كە پێستی مەڕەكەی سەرم بڕیوە ئەتوانرێ لە خوریەكەی تەناف دروست بكرێت، بە خەنجەر زەحمەتە پەشمی حەیوانی زیندوو ببڕێت، چونكە پەشمی حەیوانی زیندوو مەقەستی تایبەتی هەیە (برنگ — و. كوردی). من بە خێرایی دوكێكی بچكۆلەم بۆ عائیشە دروست كرد (دوك=تەشی— و. كوردی) لەو دارانەی لە ناو ئەشكەوتەكەدا بوون. بە خەنجەریش خوریم لە پێستی مەڕە سەر بڕاوەكە كردەوە و لەبەردەم عائیشەدا دام نا. هاوسەری پێغەمبەر (د.خ) دەستی بە خوری ڕێسان كرد و لەگەڵ پڕ بوونی دوكەكە دەستی كرد بە گرتنەوەی (قەیتان—حەبل).

ئەو قەیتانەی عائیشە گرتیەوە مەحكەم نەبوو، بەلأم لەبەرئەوەی لە خوری دروست كرا باشتر بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو باڵا پۆشەی عائیشە هەیبوو بە خەنجەر كردی بە تاڵی باریك باریك و درێژ لەگەڵ خوریەكە (گوریسی) لێ دروست كردن بۆ بەستنی كونە ئاوەكان بە وشترەكاندا. بە محەمەدی (د.خ) وت ئەم باڵا پۆشە زیادەیە لەبەرمدا و بەسەر جلەكاندا لەبەرم كردووە نەوەك لە دەشتدا سەرمام بێت، ئەتوانم بەبێ ئەم باڵا پۆشە بچمەوە بۆ مەككە لەمە تەنافێكی چاك دروست دەكەم بۆ بەستنی كونەكان. بەو جۆرە دوو تەنافی دروست كرد، یەكێكیان لە خوری و ئەوی تریان لە جلەكانی خۆی. ئینجا محەمەد (د.خ) و ئەوبوبەكر سوار بوون و كەوتنە ڕێ، پێش ئەوەی بڕۆن من بە محەمەد (د.خ) و ئەبوبەكرم وت: لە چ ڕێگەیەكەوە بڕۆن بۆ ئەوەی تووشی نێردراوانی مەككە نەبن.

دوای ئەوەی ئەوان ڕۆیشتن دووبارە من و عائیشە بەپێ گەڕاینەوە بۆ مەككە. ئەمەیە بیرەوەریەكانی من لەگەڵ عائیشەدا. ئەو كاتەی محەمەد (د.خ) دەیویست لە مەككەوە كۆچ بكات بۆ مەدینە، ئەو لەو كاتەدا جوانترین ژنی عەرەبستان بوو. من لە تەمەنمدا ژنێكم لە عائیشە جوانتر نەدیوە، جگە لە جوانی بە ئیرادە و خواڕاگریش بوو. من ئەمزانی عائیشە ژنێكە هەرچی بوێت دەیكات و ترسی لە ماندوو بوون نیە و بێ خەوی ماندووی ناكات، من پیاوێكم لە هەموو تەمەنمدا شوان بووم، كاتێك لە مەككە دەچووم بۆ ئەشكەوت یان لە ئەشكەوتەوە دەگەڕامەوە بۆ مەككە ماندوو و هیلاك دەبووم و پێویستم بە خەو و پشوودان ئەبوو، بەلأم عائیشە كاتێك دەگەیشتینە جێگەی مەبەست نە ماندوو بوو نە پێویستی بە پشوودان بوو، ئیتر من هیچم نیە سەبارەت بە عائیشە بیڵێم و كۆتایی بە قسەكانم دەهێنم.

## پێش بینیەکانی پێشەوای یەهودیاکانی ( مەدینە )، سەبارەت بە پێغەمبەری خوا ( د.خ ) و هاوسەرەکەی

یەکێکی تر کە دەبوو من لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکەم پیاوێکی پێشەوای ڕۆحانی کۆنی یەهودیەکان بوو لە مەدینە ناوی (ایسکر بن موسی)بوو، لەبەر ئەوەی عائیشەی لە کۆنەوە دەناسی و ئەکرا سەبارەت بەو زانیاریم بداتێ. ئەم ئێستا پیرەو دەبێ پیاو بچنە ژێر باڵی ئینجا بتوانێ ڕێگا ببڕێت. هەرچەندە پیریشە، بەڵام چاوەکانی بێ ئەندازە بڕ دەکەن و گوێی بە چاکی دەبیستێ. سەبارەت بە عائیشە بەم شێوەیە قسەکانی دەست پێ کرد:

وتی ئەی (ابن ارطاة) تۆ ئاگاداری ئەمڕۆ لە مەدینەدا یەك یەهودی نیە، بەلام پێش ئەوەی پێغەمبەری خوا (د.خ) لە مەککەوە بۆ مەدینە کۆچ بکات بڕێکی زۆر یەهودی لە مەدینەدا نیشتەجێ بوون و دەژیان، منیش لەو یەهودیانە بووم. من لە مەدینەدا لە ڕۆحانیەکان (زانایان)بووم و لە پەرستگاکانی خۆماندا خزمەتم دەکرد، هەرچەندە توانام لە هەموو ڕۆحانیەکان زیاتر بوو، بەلام زۆر گرنگیان نە ئەدامێ، چونکە ڕیشی سپیم نەبوو. ئێمەی یەهودی ڕێز بۆ ڕیشی سپی وەك یاسایەك دائەنێین و باوەڕمان وایە پێشەوایانی ڕۆحانی یان غەیرە ڕۆحانی دەبێ ڕیشی سپیان هەبێ. لاوێك ئەگەر هەموو عیلم و زانیاری قەومی ئیسرائیل و هەموو قەومەکانی تری جیهان بزانێ و شارەزا بێ، ناگاتە پلەی پێشەوای ڕۆحانی، مەگەر پیر بێ و خاوەنی ڕیشی سپی بێ.

من لە سەردەمی لاویەتیدا توانا و ئامادەیی باشم هەبوو ئەم توانی هەندێك ڕووداوی ئایندە بە ڕاستی پێش بینی بکەم، چونکە ئەو ڕووداوانە لام ئیلهام دەبوون، ئەگەر تۆ لەو کاتانەدا بهاتیایە بۆلام پرسیارت لێ بکردمایە ساڵێکی تر چ ڕووداوێکی گەورەت بۆ پێش دێت، من نەم ئەتوانی وەلامت بدەمەوە، چونکە پێش بینی ڕووداوەکانی ئاییندە لە ئەختیاری مندا نەبوون، بەڵکو بۆمن ئیلهام

دەبوون. بۆی هەیە هەموو كەس ئیلهامی بۆ بێت، بەڵام ئاشكرا نیە چ كاتێك ئیلهامەكەی بۆ دێت، سەبارەت بە چ مەوزوعێك ڕووداوەكە ئیلهام دەبێت، لە نێوان ئیلهام و وەحیدا جیاوازی هەیە.

وەحی تەنها بۆ پێغەمبەرەكان دێت و جگە لە پێغەمبەر (د.خ) كەس وەحی بۆ نایەتە خوار، بەڵام هەركەسێك ئامادەیی هەبێت بۆی هەیە ئیلهامی بۆ بێت. كاتێك پێغەمبەر(د.خ) بیەوێت بزانێ لە مانگی داهاتوودا یان لە ساڵی دواییدا چی ڕوو ئەدات، داوا لە خوا دەكات ئەو بابەتەی بۆ ڕوون بكاتەوە و خواش بەهۆی وەحیەوە بە شێوەیەكی ڕوون ئەو بابەتە بۆ پێغەمبەرەكەی (د.خ) خۆی ڕۆشن دەكاتەوە، بەڵام ئیلهام وەك وەحی بێ پێچ و پەناو ڕووناك نیە. ئەو كەسەی ئیلهامی بۆ دێت ئیختیار بە دەستی خۆی نیە و ناتوانێ داوا لە خوا بكات سەبارەت بەیەك بابەتی تایبەتی زانیاری بخاتە بەردەستی، بۆیە تەنها پێغەمبەری (د.خ) ئێمە ئەتوانێت قسە لەگەڵ خوادا بكات، ئەمانەم بۆیە وت تا بزانی بۆچی كاتێك لە سەردەمی لاویەتی دا ئیلهامم بۆ هات كە پێغەمبەرێك (د.خ) دێت من نەمزانی ئەو پێغەمبەرە لە كوێوە دەرئەكەوێ و ناوی چی دەبێت.

ئێمە یەهودیەكان ماوەی دوو هەزار ساڵ چاوەڕێی هاتنی ڕزگاركەرێك بووین تا قەومی ئیسرائیل لە سەرگەردانی و پەرێشانی ڕزگار بكات، ئەو كاتەی ئیلهامم بۆ هاتبوو كە پێغەمبەرێك دێت من وام بیر دەكردەوە ئەو پێغەمبەرە ئەوەیە كە یەهودیەكان دوو هەزار ساڵە چاوەڕێی هاتنی دەكەن. من ئەم مەوزوعەم بە ڕیش سپی و ڕۆحانیەكان وتبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی گەنج بووم و ڕیشم سپی نەبوو باوەڕیان بە قسەكەم نەبوو، ئەو كاتەی لە مەككەوە هەواڵیان داینێ كە پێغەمبەرێك دەركەوتووە و ئەتوانێ لەگەڵ خوادا قسە بكات و خواوەندیش بەهۆی فریشتەیەكەوە قسە لەگەڵ ئەودا دەكات، بە خەڵكی دەڵێت گوێڕایەڵی خوا بن و دەستورەكانی ئەو جێبەجێ بكەن، كاتێك من ئەو دەنگ و باسانەم بیست هەوڵم دا بزانم ئەو پێغەمبەرە ناوی چی‌یە، پێیان وتم ناوی محەمەدە (د.خ). كاتێك ئەو ناوەم زانیدووبارە ئیلهامم بۆ هات كە ئەو پیاوە بۆ ئێمەی یەهودیانی مەككە

کێشەی گەورە دروست دەکات، جارێکی تر بە ڕیش سپییان و گەورەکانی خۆمانم وت دینی یەهودیەکان لە مەککە دەکەوێتە مەترسیەوە بەهۆی محەمەدەوە (د.خ) دەبێ زوو چارەسەری ئەم پیاوە بکرێت نەهێڵرێت ئەوەندە بەهێز بێت تا ببێتە جێگای مەترسی بۆ یەهودیەکانی مەدینە.

ڕیش سپیەکان گاڵتە و پێکەنینیان بەم قسانەی من دەهات و وتیان کەس ناتوانێ مەترسی بۆسەر دینی یەهودی دروست بکات، دوای وتیان یەکێك لە باشترین دانشمەندانی یەهودی لە مەدینەوە دەنێرینە مەککە تا بچێتە لای محەمەد (د.خ) و قسەی لەگەڵ بکات و ئەو ببەزێنێ، دوای ئەوەی محەمەدی (د.خ) بەزاند (حجاب – واتە بەزاندن) ناچارە مەککە بەجێ بهێڵێت و بچێتە جێگەیەك خەڵکی نەیناسن یان دەبێ دەست لە پێغەمبەری بکێشێتەوە.

ئەی (ابن ارطاة) تۆ ڕەنگە سەرت سوڕ بمێنێ کە بۆچی یەهودیەکان هەستان بەوەی کەسێك بنێرنە لای محەمەد (د.خ) تا مناقەشە بکات و وەڵامی ئەو بداتەوەو بۆچی بیریان لەوە نەکردەوە بە شێوەیەکی تر لەگەڵ محەمەد (د.خ) مبارەزە بکەن، جا لەبەر ئەوە پێت ئەڵێم لەو سەردەمەدا قسەو مناقەشە زۆر گرنگ بوو، هەرکەس لە مناقەشەدا بدۆڕایە بە پیاوێکی شکاو دەژمێردرا و مناقەشە هەموو جۆرە قسە کردنێك بوو. نوێنەری یەهودیەکان لە مەدینەوە چووە مەککە و لەگەڵ محەمەد (د.خ) کەوتە مناقەشە، بەڵام نەیتوانی وەڵامی محەمەد (د.خ) بداتەوە و هەر ڕەخنەیەکی دەگرت وەڵامێکی مەنطقی وەردەگرت.

یەکەم ڕەخنەی نوێنەرەکەی ئێمە ئەوە بوو لە سەرەتای دنیاوە تا ئێستا هەموو پێغەمبەرەکان لە قەومی ئیسرائیل بوون و تۆ ئەی محەمەد (د.خ) لە قەومی ئیسرائیل نیت چۆن دەڵێیت پێغەمبەرم؟ وەڵامی دابوەوە، هەموو ئەو پێغەمبەرانەی لە قەومی بەنی ئیسرائیل بوون بۆ ئەوە هاتوون قەومی ئیسرائیل هیدایەت بدەن بۆ سەر ڕێگای ڕاست، بەڵام ئەرکی من جیهانیە و دەبێ هەموو نەتەوەکانی جیهان هیدایەت بدەم بۆ سەر ڕێگای ڕاست. سنوری پەیامی پێغەمبەرەکانی ئیسرائیل هەر نەتەوەی ئیسرائیل

بووە، بەلاّم سنوری پەیامی من هەموو نەتەوەكانی جیهانە، لەبەرئەوە من لە ناو قەومی بەنی ئیسرائیل دروست نەبووم.

دانشمەندە یەهودیەكە لە محەمەدی (د.خ) پرسی بوو ئەو خوایەی كە تۆ دەڵێیت لەلایەن ئەوەوە نێردراوی بە پێغەمبەری، ئایا هەر ئەو خوایەی پێغەمبەرەكانی بەنی ئیسرائیلە یان خوایەكی ترە؟ وتبوی خوا هەر یەكێكە و جیاوازی لە نێوان خوای ئەوان و خوای مندا نییە. دانشمەندەكەی ئێمە وتبووی ئەگەر خوا هەر یەكێكە بۆچی ئەوەی دەیەوێت بەهۆی تۆوە بیڵێت بەهۆی پێغەمبەرەكانی ئێمەوە نەیوتوە؟ پێغەمبەر (د.خ) وەلاّمی دابووەوە خوا ئەو ئامادەیی و توانایەی لە مندا بەدی كردووە و لە پێغەمبەرەكانی ئێوەدا بەدی نەكردووە تا ئەو ئەحكامانەی دەیەوێت بەهۆی منەوە بۆ سەر مرۆڤ ڕای بگەیێنێ بەهۆی ئەوانەوە ڕای بگەیێنێ. هەروەك چۆن هەر جۆرە درەختێك خاوەنی ئامادەییەكی تایبەتیە ، هەر جۆرە نەتەوەیەكیش خاوەنی ئامادەییەكە. قەد تۆ دیوتە خوا لە داری هەنار خورما بەرهەم بهێنێ یان لە درەختی خورما هەنار بەرهەم بهێنێ؟ لەگەڵ ئەوەشدا خوا توانای هەیە و ئەتوانێ هەر كارێك بكات ، بەلاّم داری خورما ناتوانێ هەنار بەرهەم بهێنێ. قەومی بەنی ئیسرائیلیش ناتوانێ‌و ئامادەیی ئەوەی نیە كە خوا پێغەمبەرێكیان لێ هەڵبژێرێت دینەكەی هەموو نەتەوەكانی جیهان قبوڵی بكەن.

دانشمەندە یەهودیەكەی ئێمە وتبووی ئەی محەمەد (د.خ) بە بێ ڕوونكردنەوە ئەم وتە پەسەند ناكەم ، محەمەد (د.خ) وتبووی قەومی بەنی ئیسرائیل لەو بارەوە ئامادەیی و توانای ئەوەیان نیە كە پێغەمبەرێكی ئاوا لە نێوانیاندا دروست بێت چونكە ئەوان بڕوایان بە ڕەچەڵەكی ڕەگەزی (نەژادی) هەیە و دەڵێن ئێمە قەومی لەبەرترو دیاری خواین بۆ سەروەری و سەركردەیی قەومەكانی تری جیهان هاتووین، بۆیە دەبێ هەموو نەتەوەكانی تری جیهان ژێر دەستەی ئێمە بن، هەموو پێغەمبەرەكانی بەنی ئیسرائیلیش هەمان بڕوایان هەبووە و نەیانتوانیوە قبوڵی بكەن لە نێوان قەومی بەنی ئیسرائیل و قەومەكانی تری دنیادا یەكسانی هەیە.

لەبەر ئەوەیە هەر چەندە دوو هەزار ساڵە بەنی ئیسرائیل لە میسر دەرچوون، لەو ماوە دوورو درێژەدا نەیان توانی دینەکەیان گەشە پێ بدەن و لە سنوری قەومی بەنی ئیسرائیل تێ نەپەڕی ، لەبەر ئەمە خوا بە پێویستی زانی پێغەمبەرێك هەڵبژێرێت کە لەناو قەومی بەنی ئیسرائیل دا نەبێت تا بەهۆی ئەوەوە فەرمانەکانی لەناو هەموو قەومەکانی جیهاندا بەڕێوە بچن. خوای من هەر هەمان خوای ئەوانە ، بەلاّم ئەوان توانایی ڕاگەیاندنی ئەو ئەحکامانەیان نەبووە کە بەهۆی منەوە بە خەڵکی ڕادەگەیەنرێن.

دوای ئەوەی ئەم مناقەشەی دانشمەندە یەهودیەکە و محەمەدمان بیست، من جارێکی تر پێم وتنەوە محەمەد جێگەی مەترسیە و تا زوتر پێشی بگرین باشترە، پێم وتن وامدەزانی هەمان ڕزگارکەر کە ئێمە چاوەڕێی دەکەین پێغەمبەرێکە لە مەککە دەر ئەکەوێت، بەلاّم دوایی ئیلهامم بۆ هات کە ئەو دەبێتە مەترسی بۆمان.

بەلاّم ڕیش سپییانی یەهودی وتیان محەمەد (د.خ) عەرەبە و لە مەککەدا داوای پێغەمبەری دەکات پەیڕەوانیشی لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێناپەڕن، بۆیە پیاوێکی وا ناتوانێ بێتە جێی مەترسی بۆ سەر دینی ئێمە. ڕەنگە محەمەد (د.خ) لەبەر ئەوەی پیاوێکی ڕەوان بێژ و دانایە هەندێکی تر عەرەب پەیوەندی پێوە بکەن، بەلاّم لەبەر ئەوەی ماوەی نێوان مەککەو مەدینە (١١) یانزە ڕۆژ ڕێگایە بۆ ئێمەی یەهودیانی مەدینە بچوك ترین مەترسی نیە. وتم لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەترسم ، وتیان لەچی؟ وتم لەوەی لە مەککە دەرکەوێت و یەهودیەکانی مەدینە سەرگەردان و بێ ماڵ و حاڵ بکات، وتیان ئێمە منداڵ نین ئەو بتوانێ بێ ماڵ و حاڵمان بکات ، ئەگەر ئەوەی کرد بەرگری لە خۆمان دەکەین.

ڕیش سپییەکان بێ ئاگا بوون لەوەی کە محەمەد لەناو هەندێك عەرەب دا لایەنگری هەبوون و دەیان ویست دینی ئەو قبوڵ بکەن ، عەرەبەکانی مەدینە ماوەیەك بوو نارەحەت بوون لەوەی چۆن وەك یەهودیەکان خاوەنی پێغەمبەر و کتێب نین. بەردەوام یەهودیەکان تانەو سوکایەتیان پێ دەکردن و دەیانوت ئێوە لەلایەن خواوە قەومێکی بێ ئەهمیەتن، ئەگەر خوا ئێوە بەشتێك حساب بکات

پێغەمبەر و كتێبی بۆ دەناردن. جگە لەمەش عەرەبەكانی مەدینە بەخیلیان بە سەروەت و سامان و ماڵە ڕەونەقدارەكانی ئێمە دەبرد، ئەوان لە خانوی خشت و گلّ دا بوون و ئێمەش لە خانووی دوو قات و سێ قاتی بە خشت و بەرد دروست كراودا دەژیاین. ئێمە لەبەر ئەوەی لە قەومی دیار و لەبەرتری خوا بووین، زیاتر لە قەومەكانی تر خاوەنی توانا و ئامادەییمان هەبوو خۆمان دەوڵەمەندتر و بە ڕەفاهیەت بژین، قەومەكانی تر لەوانە عەرەبەكانی مەدینە حەسودیان پێ دەبردین، وایان دەزانی دەوڵەمەندی ئێمە لە حەقی ئەوان خوراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە حەقی ئەوانمان نە خواردبوو ، خۆمان ئەهلی پیشەسازی و بازرگانی بووین.

بە هەر حاڵ دوو شت بووە هۆی ئەوەی عەرەبەكانی مەدینە و لە سەرەتاوە هۆزێك بە ناوی ( خەزرەج ) هەستان بەوەی محەمەد (د.خ) پەسەند بكەن و بە پێغەمبەری خۆیانی بزانن، یەكەم نەبوونی پێغەمبەر و كتێبی ئاسمانی و هەست كردن بە مەحرومیەت ، دووەم حەسودی بردن بە سەروەت و سامان و دەوڵەمەندی و كۆشك و تەلاری جوانی ئێمە.

عەرەبەكانی مەدینە دوو ساڵ لە سەر یەك بۆ زیارەتی ماڵی كەعبە دەچوونە مەككە و پەیوەندیان لەگەڵ محەمەد (د.خ)بەست و دڵیان چوو لە بەیان و كەلامی ڕەوانی، ئینجا هەموو هۆزی خەزرەج موسڵمان بوون، دوای ئەوانیش هۆزی (اوس). من بۆ جاری چوارەم بە ڕیش سپیانی یەهودیم وت تا ئەمڕۆ مەترسی دینی محەمەدتان(د.خ) بۆ سەر یەهودیەكانی ئێرە هەست پێ نەدەكرد ، بەڵام ئێستا ئەو مەترسیە هەست پێ دەكرێت. دوو هۆزی عەرەب موسڵمان بوون، ئێوە ئەگەر ئەم هەست پێ كردنە ئینكار بكەن دەبێ دانی پێدا بنێن كە موسڵمان بوونی ئەم دوو هۆزە تەنها بەهۆی بڕواو ئیرادەوە نیە سەبارەت بە محەمەد، بەڵكو حەسودی ئەوانە بەرامبەر بە ئێمەش كاریگەری هەیە. عەرەبەكانی مەدینە چونكە تا ئێستا خاوەنی كتێبی ئاسمانی و پێغەمبەر نەبوون زاتی ئەوەیان نەدەكرد لەگەڵ ئێمەدا دەم لە یەكسانی و بەرامبەری بدەن ، بەڵام لەم ڕۆوە خاوەنی پێغەمبەرێكن كە دەڵێت هەموو ئەفرادەكانی بەشەر یەكسانن و كەس لە كەس

زیاتر نیە ، من ئەتوانم بڵێم لە داهاتوودا لە نێوان ئێمە و عەرەبەکاندا کێشەی خوێناوی دروست دەبێت.

پرسیان چی بکەین؟ وتم بۆ ڕێگری لە دروست بوونی ناکۆکی یەکێك لەم دوو شتە بکەین، یەکەم تا بەهێزبی چی عەرەب لە مەدینەدا هەیە دەری بکەین و بچنە جێگەیەکی تر یان لە نێوان ئەو لایەی شاردا ئێمەی لێیە لەگەڵ ئەو لایەی ئەوانی لێیە دیوارێك دروست بکەین و شار جیا بکەینەوە، بەڵام هیچ کام لەم دوو پێشنیارەیان قبوڵ نەکرد هاوین هاتە پێشەوە و هەوا بە جۆرێك گەرم بوو لە ماوەی( ١٠ )دە ڕۆژدا جەماوەر تووشی سوتاندنی خۆر و نەخۆشی ئیظهالی خوێنی بوون. لە سێ ڕۆژی کۆتاییدا گەرما تینی سەند، ئەتوت چی داری خورما هەیە وشك بووە، شەوی ( ١١ )یانزەهەم شنەیەك هەڵیکرد و لق و پۆپی دارو درەختی خستە جوڵە ڕ ئەو ڕۆژە من لە نوێژخانەکەی خۆماندا دانیشتبووم لەگەڵ ئەو کەسەی نێردرابووە مەککە بۆلای محەمەد بۆ مناقەشە، قسەم دەکرد ، قسەکانمان سەبارەت بە ڕادەی زانیاری محەمەد (د.خ) بوو. لێم پرسی محەمەد لە کام خوێندنگا دەرسی خوێندووە؟ وتی محەمەد دەرسی نەخوێندووە و یەك سەعاتیش لای هیچ مامۆستایەك نەبوە و ناشتوانێ بنوسێ و بخوێنێ.

وتم چۆن یەکێك داوای پێغەمبەری دەکا و نەخوێندەواریشە؟! وتی ناتوانم بڵێم پێغەمبەرە لەبەر ئەوەی یەهودی نیە و یەکێك لە مەرجی پێغەمبەری بوون یەهودی بوونە. بەڵام بە بێگومان ئەم پیاوە خاوەنی توانایەکی لە ڕادەبەدەرە ، بەبێ خوێندەواری کاتێك قسە دەکات وا دەزانی گەورەترین دانشمەندە. لە دەمی ئەم پیاوە کەس قسەیەکی بێ مانا نابیستێ و هەرچی دەڵێت وتەی پیاوی دانا و تێ گەیشتووە ، هەموو شتەکانی و وتەکانی لە ڕووی عەقڵ و منطقة وەیە.

هەر ئەو ڕۆژە نزیکی خۆر ئاوا بوون هەواڵیان هێنا کە دوو نەفەر لە مەکەوە هاتوون و لە دێی (قوبا)ن. یەکێك لەو دوو کەسە محەمەدە (د.خ)، نێوان مەدینە و ئەو دێیە یەك سەعات ڕێگایە. ئەو ڕۆژە هەوای قوبا زۆر گەرم بوو، هەتا یەك کەس لە کۆڵان و کوچەی ئەو شارۆچکەیە دیار نەبوو، خەڵکی چووبوونە ژوورو

دەرگایان لەسەر خۆیان داخستبوو تا گەرما كاریان لێ نەكات. بەڵام پیاوێك كە پیشەی زرگەری بوو بە ناوی (ربان بن جمالیل) كە یەهودی بوو لە دوكانەكەی خۆیدا ئیشی دەكرد بینیبووی دوو وشتر سوار هاتنە ناو قوبا، وشترەكانیان سپیو جوان لە وشترە ڕەسەنەكانی حیجاز بوون، بۆیە (ربان بن جمالیل) لەگەڵ بینینی ئەو دوو كەسە زانیبووی لە دانیشتوانی مەككەن، بەڵام نەیزانی بوو یەكیان محەمەدە و(د.خ) ئەوی تریان ئەبوبەكرە.

پێش ئەوەی محەمەد (د.خ) و ئەبوبەكر لە مەككەوە بێن بۆ قوبا، لە سنوری مەدینەدا هەندێك لە موسڵمانان لە مەككەوە كۆچیان كردبوو بۆ مەدینە. چەند كەسێك لەناو ئەوانەدا بوون كە لەو كاتەدا لە ناسراوان و خەڵكی شۆرەت دار بوونو پاشان ناوبانگیان زیاتر بوو، یەكێك لەوانە ( عمر بن خطاب ) بوو كە دوایی گەیشت بە پلەی خەلافەت. ئەی (ابن ارطاة) بۆیە جگە لە موسڵمانانی مەدینە خۆی، كە هەندێك لەوانە نیشتەجێی ( قوبا ) بوون، هەندێكی تر لە موسڵمانانی مەككە لە مەدینەدا بوون ، ئەوان پێشبینیان دەكرد كە محەمەد(د.خ) لە مەككەوە دێتە مەدینە، بەڵام نەیان دەزانی مێژووی هاتنەكەی كەی دەبێت.

لە مەدینە و قبادا دەنگ و باس هەبوو كە محەمەد(د.خ) لە مەككەوە دێت و من ئاگاداری ئەو دەنگ و باسە بووم، بە ڕیش سپیانی خۆمانم وت ئەگەر محەمەد (د.خ) لە مەككەوە بێتە مەدینە من ڕۆژگاری یەهودیانی مەدینە لەو ڕۆژە بە خراپ تر دەزانم كە كەوتبوونە دەست (نبو خذ نصر) ئەسیر كرابوون و ئەوانیان بردبووە بابل و لە ئەنجام دا بە دەستی كۆرش نەجاتیان بوو.

بەڵێ (ربان بن جمالیل) زرگەری (صنعات كاری كەل و پەلی زینەتی–و.كوردی) یەهودی بۆ ئەوەی ئەو دوو كەسە بناسێت دوایان كەوتبوو، بیستبووی یەكیان ئەوی تر بە پێغەمبەری خوا بانگ دەكات، ئەو كات بۆی ڕوون بوو بوەوە ئەو پیاوە محەمەدە (د.خ).

دوای ئەوەی (بن جمالیك) گەڕابوەوە دوكانی زەڕگەریەكەی و چەكوشەكەی خۆی بە دەستەوە گرتبوو بە توندی كێشابووی بەو تەشتە مسینەدا كە لە ناو

دوكانەکەیدا بوو، تا دانیشتوانی (قبا) ئاگادار بکات. بانگی دەکرد ئەی عەرەبەکان لە ماڵ بێنە دەرەوە، چونکە محەمەد (د.خ) پێغەمبەری ئێوە گەیشتوەتە (قبا) و عەرەبەکان لە ماڵەکانەوە بە ڕاکردن هاتنە دەرەوە و یەهودیەکانیش لە ماڵەکانیانەوە هاتبوونە دەر تا چاویان بە محەمەد (د.خ) بکەوێت. من لەو کاتەدا لەناو (قبا)دا نەبووم تا بزانم وەزعی محەمەد (د.خ) و ئەبوبەکر چۆن بووە، بەڵام لە دواییدا لەو کەسانەم بیست کە لەوێدا بوون وتیان کاتێ هاتنە ناو (قبا) سواری وشتری ڕەسەنی سپی بوون و شێوە و وەزعی جوانو ڕازاوەیان هەبووە.

ئەی (ابن ارطاة) تۆ چاکتر دەزانی دوای ئەوەی محەمەد (د.خ) هاتە ناو (قبا)وە چۆن چۆنی عەرەبەکان بۆ ئەوەی میوانداری بکەن لەگەڵ یەکتردا ڕقەبەرایەتیان دەکرد، بەڵام محەمەد(د.خ) میوانداری کەسی قبوڵ نەکرد و ڕەشۆی وشترەکەی خۆی بەردا و وتی لە کوێ وەستا لەوێ پشوو ئەدەم. عەسری ئەو ڕۆژە هەواڵی هاتنی محەمەدم (د.خ) بۆ ناو (قبا) زانی، لەبەر ئەوەی ڕۆحانیەکانی یەهودی لە بیری یەهودیەکاندا نەبوون خۆم بڕیارمدا بۆ دوور خستنەوەی مەترسی محەمەد (د.خ) بۆ سەر دینی یەهودیەکان هەنگاو بنێم. ئەوە بوو ئێوارە و شەوی ئەو ڕۆژە چوومە ماڵی هەندێك لە یەهودیانی مەدینە و پێم وتن تا ئەمڕۆ موسڵمانانی مەدینە پێشەوایان نەبوو، ئەوەتا محەمەد(د.خ) هاتووە و بوون بە خاوەنی پێشەواو خۆیان بە بەهێز دەزانن، لە داهاتووشدا بە هێزتر دەبن و دەست ئەدەنە ئازاردانی ئێمە ، بۆیە وا باشترە ئێمە دەستی خۆمان پێش بخەین و ئەم موسڵمانانە لە مەدینەدا دەر بکەین.

من لەگەڵ هەرکامیاندا قسەم کرد ئامادە نەبوون هاوکاریم بکەن بۆ دەرکردنی موسڵمانەکان و دەیانوت موسڵمانان ئەمڕۆحەقیان بەسەر ئێمەوە نەبووە و، زەرەرمان لە دەستیان نەکردووە و نایکەین. ئەوان دەیانوت محەمەد (د.خ) تەنها دژایەتی لەگەڵ بتپەرستاندا دەکات و دەڵێت نابێ بت پەرستی بمێنێ و دژایەتی لەگەڵ دینی عیسایی و موسایی دا ناکات.

وتم موسڵمانان بۆیە وا دەڵێن ئێستا لاوازن كە بە قوەت بوون لە ناومان دەبەن، دەبیٚ دەست پێش بخەین و ئێمە ئەوان لە ناو ببەین. یەهودیەكان لە منیان دەپرسی بەڵگەی تۆ چیە لە سەر ئەوەی موسڵمانان ئێمە نابود دەكەن؟ وتم من ئیلهامم بۆ هاتووە كە محەمەد(د.خ) لە مەدینەدا یەهودیەكان لە ناو دەبات، یەهودیەكان دەیانوت تۆڵە كردنەوە پێش تاوان نەبووە ئێمە ناتوانین موسڵمانان لە ناو بەرین بە تاوانی ئەوەی ڕۆژێك دەبێت ئەوان ئێمە لەناو دەبەن. عەرەبەكانی ئەم شارە كە ئێستا موسڵمان بوون هەمووی بت پەرست بوون و تا ئەمڕۆ یەك كەسی یەهودی دینی ئیسلامی قبوڵ نەكردووە، تا ئێمە بەڵگەی دژایەتی كردنی موسڵمانانمان هەبیٚ. ڕاستی ئەوەیە من بۆ سەلماندنی بۆچوونی خۆم دەلیلم نەبوو تەنها بە پشتی ئیلهام نەبیٚ، ئەوەش یەهودیەكان پەسەندیان نەدەكرد.

دوای ئەوەی محەمەد (د.خ) لە ( قبا )وە هاتە ناو مەدینە توانای موسڵمانان زیاتر بوو، من پاشەڕۆژی یەهودیەكانم بە مەترسیدار دەبینی، بەڵام هەر جارێك لەگەڵ هاودینەكانی خۆمدا قسەم دەكرد و پێشنیاری هەڵسان و شۆڕشم بۆ سەر محەمەد (د.خ) دەكرد ئەوان ئامادە نەبوون پێشنیاری من قبوڵ بكەن و دەیانوت محەمەد و(د.خ) موسڵمانان بۆ سەر یەهودیەكان مەترسیان نیە.

ڕۆژێك لە ناو شار دەنگ و باس بڵاو بوەوە كە ئەبوبەكر و عومەر لە شار دەرچون بۆ پێشوازی لە ماڵ و منداڵی پێغەمبەری ئیسلام كە لە مەككەوە هاتوون، من تا ئەو كاتە نەمزانی بوو ئەبوبەكر باوكی ژنی محەمەدە و (د.خ) و محەمەد (د.خ) دوو ژنی هەیە، ژنە گەورەكەی سۆدە و ئەوی تریان عائیشەی كچی ئەبوبەكرە.

وتیان ئەبوبەكر لەبەرئەوەی باوكی خێزانی پێغەمبەرە چووە بۆ پێشوازی كچەكەی، هەم لەبەر ئەوەی زۆر ڕێزی محەمەدی (د.خ) دەگرت ویستبووی پێشوازی لە عەلی و فاتمەی ژنی بكات، كە كچی پێغەمبەر بوو، هەم بۆ ئەوەی پێشوازی لە هەردوو ژنەكەی سۆدە وعائیشە بكات. من ئەو ڕۆژە لە سەر ڕێگایاندا وەستام تاعەلی وخێزانەكانی محەمەد(د.خ) ببینم.

بیستبووم عەلی کوڕی مامی محەمەدە و لەگەڵ ئەوەشدا کە لاو بوو مووی دەمو چاوی نەڕواوە، بەلاّم توانیویەتی لە مەککە بە تەنیا دژی هەموو هۆزی قورەیش ڕاوەستێ. دەیانوت ئەو شەوەی کە محەمەد لە مەککەدا دەرچووە عەلی لە جێگەکەیدا بووە و قورەیشییەکان وایان زانیوە محەمەدە، تا ڕۆژی دوایی زانیویانە ئەو نیە. لەگەڵ ئەوەشدا ترساون لە عەلی و نەیان وێراوە هێرش بکەنە سەری. دەنگ و باس هەبوو کە هۆزی قورەیش زۆر لە عەلی ئەترسن و تا ئەو ڕۆژەی عەلی پارێزگاری لە ماڵی محەمەد (د.خ) دەکرد لە مەککە نەیانوێرا داگیری بکەن ، و ئەو ڕۆژەش عەلی بڕیاری دا خێزانی پێغەمبەر ببات بۆ مەدینە، ژنەکانی لە ماڵ هێنایە دەرەوە و سواری وشتری کردن و کەوتنە ڕێ، هۆزی قورەیشیش نەیان وێرا ڕێگەی پێ بگرن و خێزانی محەمەد (د.خ) وەك بارمتە گل بدەنەوە.

کاتی عەسر بوو لەسەر ڕێگا وەستا بووم پێنج وشتر لە ڕێگای مەککەوە گەیشتن، من سواری دوو وشتریانم بینی و زانیم کە ئەوە یەکێکیان ئەبوبەکرە و ئەوی تر عومەرە، چونکە لە مەدینەدا چاوم پێ کەوتبوون. دوو وشتری تر هەڵگری کەژاوە بوون نەمتوانی بە باشی ژنەکان ببینم لە ناو کەژاوەکەدا، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێك لە ژنەکان کە هەریەکەیان لە لنگەیەکی کەژاوەکەدا دانیشتبوو، زۆر جوان بوو زانیم ئەوە عائیشەی کچی ئەبوبەکرە و یەکێکە لە ژنەکانی محەمەد (د.خ).

کەژاوەی دووەم تایەکی ژنێکی تێدا بوو تاکەی تری پڕ بوو لە کەل و پەل ، تای کەژاوە وەك تای تەرازوو دەبێ هاوسەنگ بەرامبەر بێ، ئەو ژنەی ناو تای ئەم کەژاوەی لاواز دەهاتە بەرچاو دوایی وتیان ئەوە فاتمەی کچی محەمەدە (د.خ). لەسەر وشتری پێنجەم سوارێك سوار بوو بوو من زانیم ئەوە عەلییە، چونکە ئەو ناونیشانانەی لەسەر عەلی دابوویان ڕێك بوو، من لە دڵی خۆمدا وتم ١٧-١٩ ساڵ زیاتر نیە.

عەلی ڕوومەتی گەورە و لوتی قەڵەمی و دانی ڕێك و پێك و چاوی گەورە بوون، مرۆڤ کاتێك سەیری ئەو لاوەی دەکرد لە قیافە و هەڵس و کەوت و ڕەفتاریدا

یەكسەر دەیزانی پیاوێكی بە ئیرادەیە. من تا ئەو ڕۆژەی نێوان موسڵمانان و یەهودیەكان تێك نەچوو بوو لە مەدینەدا بە بۆنەی جۆراو جۆرەوە زۆر جار عەلیم دەبینی ، هەرگیز نەمبینی كە زەردەخەنەش بكات ، زەردەخەنە و پێكەنین یەكێكە لە عادەتی لاوان. من لە شەڕی خەیبەردا لە نێوان موسڵمانان و یەهودیەكاندا لەوێ بووم ، لەوێش نەمبینی عەلی پێكەنین بكەوێتە سەردەم و چاوی و لە شەڕی خەیبەردا عەلی تەمەنی بیست و چەند ساڵێك دەبوو.

دوای ئەوەی عەلی لە مەدینەدا نیشتەجێ بوو، من لە موسڵمانانم بیستووە كە لە سەر خۆیی و خوێن ساردی و ئازایەتی ئەو بووە هۆی ئەوەی هەموو موسڵمانان هەتا عومەری كوڕی خەتاب كە لە گەورەكانی ئیسلام بوو، بەچاوی ڕێزەوە سەیری بكەن.

ئەو ڕۆژە كە هاتنە ناو مەدینەوە هەرچەندە عەلی یەكەم جاری بوو بێتە ئەو شارە هیچ سەیر و دیقەتی ئەم لاو ئەولای نەئەدا، وەك ئەوە بوو كە پێشتر لەم شارە دا بوو بێت. پێش ئەوەی محەمەد (د.خ) و ئەبوبەكر بێنە مەدینە من موسڵمانانی ترم بینیبوو، كاتێك دەهاتنە ناو مەدینە چۆن سەریان سوڕ دەماو سەیری دەوروبەری خۆیان دەكرد و بە بینینی كۆشك و تەلاری یەهودیان سەریان سوڕ دەما ، بەلاّم عەلی وەك نە باخەكان و نە كۆشك و تەلاری ئەو شارە ببینێت تەنها چاوی لە وشترەكان بوو كە هەڵگری كەژاوەكان بوون تا بزانێ لە كوێ لا ئەدەن و كەی ئەگەنە مەنزڵ. ئیتر عەلی و ئەبوبەكر و عومەر و وشترەكانی هەڵگری كەژاوەكان دوور كەوتنەوەو لە چاو ون بوون.

لە ڕۆژەكانی هاتنی سەرتای خێزانی محەمەد(د.خ) بۆ ناو مەدینە نێوان موسڵمانان و یەهودیەكان باش بوو، مناسەبات و سەردانیش هەبوو ژنانی یەهودی دەچوونە ماڵی پێغەمبەر (د.خ) تا چاویان بە ژنەكانی بكەوێت و هەموو قسە و باسیان باسی جوانی عائیشە بوو. دەیانوت لە هەموو مەدینەدا لە ناو یەهودیەكان و لەناو عەرەبەكاندا ژنێكی وەك عائیشە جوان و ڕێك و پێك نیە، بەلاّم ڕیش سپیانی یەهودی ئەو هات و چۆیان مەنع كرد. لە بەر ئەوە هەركات عائیشە ئەو ژنانەی

دەبینی سەبارەت بە پێغەمبەر و دینی ئیسلام قسەی بۆ دەکردن و ئایەتی قورئانی بۆ دەخوێندنەوە و داوای لێدەکردن بێنە سەر دینی ئیسلام.

ڕیش سپیانی یەهودی ئەترسان تواناو قابلیەت و جوانی عائیشە کاربکاتە سەر ژنەکانیان و دینی محەمەد(د.خ) قبول بکەن، کاتێك عائیشە ئەمەی زانی هەولی دا خۆی هات و چۆی مالی ژنە یەهودیەکان بکات. پێویستە بۆت باس بکەم کە سێ هۆزی یەهودی گەورە لە ناو مەدینەدا بوون، یەکێك لەو هۆزانە هۆزی زرگەران بوون کە من لەوانم و ڕۆحانیم، ڕەنگە بپرسی ئەی بۆچی تۆ پیشەی زەرگەری خۆت بەرداو بوویتە ڕۆحانی؟ لەبەر ئەوەیە هەر لاوێك ئامادەیی هەبێ و توانای هەبێ ئەتوانێ بخوێنێ تا بگاتە پلەی ڕۆحانیەت.

لە مالی ئێمە دا دوانزە ژن هەبوو جگە لە کیژۆلەکان، ڕۆژێك ئاگادار بووم عائیشە هات بۆ مالی ئێمە، (لە مالی یەهودیەکاندا جێگەی ژیانی ژن و پیاو جیایە)، کاتێك ژنێك دێتە مال دەچێتە ئەو بەشەی ژنان بۆیە کاتێك کە عائیشە هات من نەمبینی، بەلام مندال پێیانوتم عائیشە هاتووە، زۆرم پێ ناخۆش بوو، هاتنی عائیشەم بۆ مالی خۆمان، چونکە دەمزانی دەعوەتی ژنەکان دەکات بۆسەر دینی ئیسلام.

دوای ڕۆیشتنی من لە ژنەکانم پرسی بۆچی هاتبوو؟ وتیان هاتووە داوامان لێدەکات بڕۆینە سەر دینی محەمەد(د.خ) پێمان وت ناتوانین دینی خۆمان واز لێ بهێنین ، ئەمە سەلماندی ترسی من لە هاتنی موسلمانان بۆ مەدینە بێ ئەساس نەبوو. (( ڕوونکردنەوە – بەندە بۆ ڕادەربڕین لە مەسائیلی شەرعیدا گونجاو نیم ، بەلام بیستوومە کاتێك دینی ئیسلام پەرەی سەند هات و چۆی ژنانی موسلمان لەگەل ژنانی غەیرە موسلماندا قەدەغە کرابوو، جا نازانم ئەو قەدەغە کردنە ژنانی ئەهلی کتابی دەگرتەوە یان هەر تایبەت بوو بە ژنانی بت پەرست و موشرك. بەهەر حال لەو مێژوەدا کە عائیشە ژنانی یەهودی بۆ مالی خۆی میوانداری کردووە یان ئەم چووە بۆلای ئەوان، ڕەنگە ئەو قەدەغە کردنە فەرمانی دەر نەچووبێت، یان ئەگەر دەریش چووبێت ڕەنگە ژنانی ئەهلی کتاب وەك

یەهودیەكان و عیسایەكانی نەگرتبێتەوە، ئەگینا ژنێك كە (دایكی موسڵمانان) بوو نە دەچووە ماڵی یەهودیەكان – ذبیح اللە).

من هەستام بەوەی بزانم عائیشە كاتێك هاتووە بۆ ماڵی ئێمە باسی چی لەگەڵ ژنەكاندا كردووە، بۆم دەركەوت عائیشە تەنها سەبارەت بە مەسائیلی دینی پرسیاری نە كردووە، بەڵكو هەندێ پرسیاریشی كردووە كە پەیوەندیان بە دینەوە نەبووە، بۆ نمونە پرسیاری كردووە ژمارەی ئەندامانی خێزانی ئێوە چەند كەسن؟ چەندیان ژن و چەندیان پیاون. یان ژمارەی ئەندامانی هۆزی زەرگەران چەندن و چەندیان پیاو و چەندیان ژنن؟ هەروەها عائیشە پرسیبووی ماڵی ئێمە چەند سەر وشتر و ئەسپمان هەیە، ئایا هۆزی زەرگەران چەندە وشتر و ئەسپیان هەیە؟

من ئەو ڕۆژە وام هەست دەكرد ئەو پرسیارانەی عائیشە هەروا پرسیار و قسەی ژنانەیە ، بەڵام ڕۆژێك كە نێوان یەهودیەكان و موسڵمانان تێك چوو دوژمنایەتی دەستی پێكرد زانیم ئەو پرسیارانەی عائیشە ئەو كات بۆ ئەوە بووە زانیاری سەبارەت بە چەندو چۆنی هێزی یەهودیەكان ئاگادار بێت، بۆ ئەوەی ئەگەر ڕۆژێك ئیسلام و یەهودی بوو بە شەڕیان بزانێ ئایا موسڵمانان سەركەوتوو دەبن یان نا؟

لەو سەردەمەدا عائیشە زۆر جوان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەیتوانی سەبارەت بە توانای جەنگی یەهودیەكان زانیاری دەست كەوێ. من بە ژنەكانی خۆمانم وت ئەمڕۆ تێپەڕی، بەڵام جارێكی تر ڕێگە مەدەن عائیشە بێتە لاتان و پێی بڵێن پیاوەكانمان ڕازی نین. دوایی بۆم دەركەوت ماڵەكانی تری یەهودی هەموو ئەو بڕیارەیان داوە، چونكە عائیشە دێت ژنەكانیان موسڵمان بكات. هەوڵی عائیشە بۆ ئەوی ژنانی یەهودی موسڵمان بكات، نیشانەی ئەوە بوو زۆر عەلاقە مەندە بە دینی شوەكەیەوە. ئێمە لە ناو پێغەمبەرەكانی ئیسرائیلیدا ژنێكمان نەبوو هی پێغەمبەر بێت و وەك پێغەمبەر خۆی هەوڵی بەهێزبوون و بڵاو بوونەوەی دینەكەی بدات. من ئەو كات زانیم عائیشە ژنێكی جدی و بە ئیرادە و خۆ ڕاگرە و یەكێكە لە

هـۆ سـەرەکیەکانی دەرکردنـی یەهودیـەکان لـە ناوەدینـەدا، ئەمـەبوو ئـەوەی مـن سەبارەت بە عائیشە دەیزانم.

## ئەوشەوەی کافرەکان عەلیان لە جێی محەمەددا ( د.خ ) بینی

مـن هێشـتا ڕاپـۆرتی بۆچـونەکانی (ایسـکر موسـی)ی پێشـەوای یەهودیـەکانم سـەبارەت بـە عائیشـە بـۆ معاویـەی خەلیفـەی پێنجـەم نـەناردبوو ، لـە معاویـەوە نامەیەکم بۆ هـات لـەو نامـەدا نووسـی بووی ئـەو لێکۆڵینـەوەی تـۆ لەگـەڵ سـۆدەی (دایکی موسڵمانان)دا کردوتە تەواو نیە و دەبیٚ جارێکی تـر لێکۆڵینـەوەی لەگـەڵ دا بکەیت و زانیاری تەواوی لیٚ وەرگریت. معاویە لـە نامەکەیدا بـۆمنی نوسـی بـوو وتبـووی سـۆدە لەبـەر ئـەوەی خێزانـی پێغەمبـەری ئیسـلام (د.خ) بـووە بـەردەوام لەگەڵ عائیشە پێکەوە بوون ، ئەو بە چاکی دەیناسیٚ و لـە نیـەت و نەخشـەکانی زانیـاری زیـاتر لـەوە دەزانـیٚ بـە تـۆی داوە، دەبـیٚ دووبـارە بچـیتەوە لای و لێکۆڵینـەوەی تـری لەگەڵدا بکـەیت. منـیش دەبـوو فـەرمانی ئـەو جێبـەجیٚ بکـەم، بۆیە بە ناچاری چوومەوە لای سۆدە و داوام لیٚ کرد دووبارە زانیاریم بداتیٚ.

(سـۆدە) وتـی دوای ئـەوەی پێغەمبـەری (د.خ) لـە مەککـە دەرچـوو، عائیشـە گەڕاوە بۆ ماڵی ئەبوبەکری باوکی، بەلاٚم فاتمەی کچی پێغەمبەر (د.خ) لەگـەڵ منـدا بـوو. ئـەو شـەوەی پێغەمبـەر (د.خ) لـە مەککـەدا دەرچـوو جەماعـەتی قـوڕەیش نـەیانزانی ، جارجـار دەهاتنـە پشـتی پەنجـەرەی ماڵەکـەمان، عـەلی لـەویٚ پشـتی کردبووە پەنجەرەکە و ئەویان دەبینی وایان دەزانی محەمەدە (د.خ). بەیانی ڕۆژی دوایـی زانیـان پێغەمبـەر (د.خ) لە مەککەدا دەرچووە لە دەوروبـەری مـاڵی ئێمـەدا کۆبوونـەوە، عـەلی دەرگـای کـردەوەو لێـی پرسـین چـیتان دەوێـت؟ جەماعـەتی قوڕەیش وتیان محەمەد(د.خ)مان دەوێت ببینین.

عەلی وتی پیچغەمبەر (د.خ) لە ماڵ نیە، پرسیان ئەی لە کویٚیە؟ وتی لە مەککە دەرچووە. ڕ پرسیان بۆ کویٚ چووە؟ عەلی وتی چووە بۆ ئەو شوێنەی کە خوا پیٚی وتووە. قورەیش وتیان بە عەلی چۆن دوێنیٚ شەو درۆت لەگەڵ ئێمەدا کردووە؟ کاتێك عەلی ئەمەی بیست دەم و چاوی ڕەنگی گۆڕا وتی موسڵمان درۆ ناکات، تۆمەتی درۆکردن مەدەنە پاڵ من. وتیان تۆ دوێنیٚ شەو پشتت کردبووە ئەم پەنجەرە و ئێمە کاتیٚ تۆمان دیوە وامان زانیوە محەمەدی (د.خ)، عەلی وەلاٚمی دایەوە وازانینی ئێوە بەڵگەی درۆکردنی من نیە، ئەگەر لەو کاتەدا بانگی منتان بکردایە من لام دەکردەوە ئەو کات ئەتان زانی من رسول الله (د.خ) نیم.

ئەبو سفیان کە لە جەماعەتی قوڕەیش بوو وتی عەلی تۆ دوێنیٚ شەو درۆت نەکردووە، بەلاٚم فێڵت کردووە و فێڵی تۆش ئەوەبوو عاباکەی پێغەمبەرت پۆشیوە و لە پشتی پەنجەرەکەدا دانیشتوی تا ئەو کەسانەی تۆ دەبینن وا بزانن محەمەدی (د.خ)، ئێمە چاوەڕێی ئەوە نەبووین لە کوڕی (ابی طالب) کە فێڵ بکات. عەلی وتی (ابو سفیان) من فێڵم نەکردووە، فەرمانی پێغەمبەرم بەجیٚ هێناوە، پێغەمبەری خوا (د.خ) پێی وتم عەباکەی بکەمە بەرو لە پشتی پەنجەرەکەدا دابنیشم تا ئێوە وا هەست بکەن ئەو لە ماڵەوەیە ، خۆ ئەگەر فەرمانی بدایە خۆم بخەمە ناو ئاگر خۆم دەخست وەئەگەر فەرمانی بکردایە بە شمشێر سکی خۆم بدڕم ئەم دڕی.

ئەم وتانەی عەلی زۆر کاریگەریان هەبوو بۆ سەر (ابوسفیان) و ئەو کەسانەی لەویٚ ئامادە بوون، ئیتر کەس باسی درۆو فێڵی نەکرد. دوایی (ابو سفیان) وتی ئایا عەلی تۆ دەزانی محەمەد (د.خ) بەرەو کام لا ڕۆیشتووە؟ وتی بەڵیٚ، عەلی دەستی درێژ کرد بۆلای ڕۆژئاوا و وتی بەرەو ئەویٚ ڕۆیشتووە. عەلی ڕاستی دەوت ئەو ئەشکەوتەی محەمەد (د.خ) و ئەبوبەکری لیٚ بوو کەوتبووە لای ڕۆژئاواوە.

(ابوسفیان) وتی من بیستوومە ڕێگای باکوریان گرتووەتەبەر تا خۆیان بگەیەننە مەدینە ، عەلی وتی ئەگەر دەزانی بەرەو باکور ڕۆیشتون بۆچی لەمن دەپرسی. (ابو سفیان) وتی (عەلی) تۆ بە ڕەقی لەگەڵ من قسە دەکەی، من لەگەڵ

باوکت (ابو طالب) برادەر و دۆست بووم بۆیە نامەویٚ لە بەرامبەر قسە ڕەقەکانی تۆدا ڕەق وەلاٚم بدەمەوە.

عەلی وتی (ابو سفیان) تۆو ئەوانەی لیٚرەن تۆمەتی درۆو فیٚلٚ ئەدەنە پالٚ من بە تەمان من ناڕازی نەبم ، (ابو سفیان) پرسی یاعەلی تۆ لە دوا مەنزلٚی محەمەد (د.خ) و ئەبوبەکر ئاگاداری، عەلی وتی بەلٚیٚ ئەوانە لە جیٚگایەکدان پاریٚزراون وە پیچغەمبەر (د.خ) ئەتوانیٚ دینی خۆی پەرە پیٚ بدات.

(ئەبو سفیان) وتی بەوانەی دەوروبەری، محەمەد (د.خ) و ئەبوبەکر دەیانەویٚ بگەنە مەدینە و ئەوە گومانی تیٚدا نیە، بەلاٚم عەلی کە دەلٚیٚت بۆلای ڕۆژئاوا ڕۆیشتون ئەم لاوە پیاویٚکی ڕاست گۆیە و درۆ ناکات، لەبەر ئەوە بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشتون خۆیان بگەییٚننە کەنار دەریا و لە ڕیٚگەی قەراغ دەریاوە بگەنە مەدینە.

یەکیٚك لەوانە وتی باشتر وایە ئیٚمە پرسیارو جواب لەگەلٚ ئەم ژنانەدا بکەین کە لەم مالٚدان سەبارەت بە جیٚگای محەمەد (د.خ) چونکە یەکیٚك لەمانە ژنیەتی و ئەوی تر کچی ئەمانە دەزانن بۆ کویٚ چووە. عەلی وتی کاتیٚك محەمەد (د.خ) لەم مالٚە دەرچووە ئەم مالٚەی بە من سپاردووە و منیش تا زیندووبم کەس ناتوانیٚ بیٚتە ناو ئەم مالٚەوە، (ئەبو سفیان) وتی لیٚکۆلٚینەوە سەبارەت بە جیٚگای محەمەد (د.خ) پیٚویست نیە، چونکە ئیٚمە دەزانین بەرەو مەدینە ڕۆیشتووە، بەلاٚم نازانین کام ڕیگایان گرتووەتەبەر. مادام عەلی دەلٚیٚ بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشتون دیارە ئەیانەویٚت خۆیان بگەییٚننە قەراغ دەریا و پاشان لە قەراغ دەریاوە بەرەو باکور بڕۆن تا بگەنە مەدینە، یان لە قەراغ دەریادا سواری کەشتی بن تا نزیك مەدینە و باقی ڕیٚگا بە پیادە بڕن ئەو ڕیٚگەش هەیە.

(ئەبو سفیان) بووە هۆی ئەوەی ئەفرادی قوڕەیش نەڕژیٚنە سەرمان لە ناو مالٚدا تا لیٚکۆلٚینەوە لەگەلٚ ژنان بکەن و بزانن ئایا محەمەد (د.خ) لە کام ڕیٚگاوە دەرچووە، ئەگەر بهاتنایە ناومالٚیش ئیٚمە زانیاریەکی بە کەلٚکمان نە ئەدانیٚ، لەبەر ئەوە نەمان ئەزانی محەمەد (د.خ) لە کامە ڕیٚگاوە بەرەو مەدینە ئەچیٚت.

لە حجازدا هەموو ئەزانن ئەگەر لە مەككەوە بڕۆیت بۆ مەدینە تەنها سێ ڕێگا هەیە، یەكەم/ ڕێگەی ڕاست لە مەككەوە بۆ مەدینە. دووەم/ ڕێگای قەراغ دەریا و سێهەم/ ڕێگای دەریایی. ئێمە كەسمان نەماندەزانی محەمەد (د.خ) و ئەبوبەكر كام ڕێگایان هەڵبژاردووە. من تێگەیشتم ئەگەر عەلی نەبوایە جەماعەتی قوڕەیش ئەهاتنەماڵەوە، هەرچەندە (ابوسفیان) وتی لەبەر باوكی عەلی نامەوێت بە ڕەقی قسەی لەگەڵ بكەم، بەڵام من وام دەزانی لەبەر ئەوە نەبووە بەڵكو لە عەلی ئەترسا.

عەلی ئەوە نەبوو (ئەبو سفیان) بتوانێ بەبێ خوێن ڕشتن زاڵ بێت بە سەریدا، ئەوەبوو جەماعەتی قوڕەیش بە گوێی (ئەبو سفیان)یان كرد و نەهاتنە ناو ماڵی ئێمە، بەڵام خانوەكەیان گەمارۆدا و نەیاندەهێشت نەكەس بێتە ناو ماڵ و نەكەس لەماڵ دەرچێت.

ئەو ڕۆژەی ماڵەكەیان گەمارۆدا بەشی یەك ڕۆژ زیاتر ئازووقەمان نەبوو ئەویش كەمێك خورما و نیسكی لێ نراو بوو ، لەبەر ئەوە نەوەك گەمارۆی ماڵمان درێژە بكێشێ ڕۆژی یەكەم هەریەك بە خواردنی كەمێك نیسكی لێ نراو ڕازی بووین ، خورماكان مانەوە بۆ ڕۆژێكی تر. ڕۆژی دوایی خواردنی هەر یەكێك لە ئێمە چواردانە خورما بوو بەو چواردانە خورما ئەو ڕۆژەشمان بەسەر برد. ڕۆژی سێهەم هەریەك چوار خورما و ڕۆژی چوارەم بۆ هەریەك كەس دوو خورما مانەوە ، ئەو دوو خورمایەش ڕۆژی پێنجەم تەواو بوون لەوە بە دواوە بە برسیەتی ماینەوە. قوڕەیشیەكان نەیان ئەهێشت بۆ كڕینی ئازووقە لە ماڵ دەرچین و ڕازیش نەبوون كەس ئازووقەمان بۆ بهێنێ.

ئێمە ڕۆژی پێنجەم و شەشەم ئاومان دەخوارد ، ڕۆژی حەوتەم عەلی داوای كرد لەوانەی ماڵەكەیان گەمارۆ دابوو بهێڵن یان یەكێكمان بچێتە بازار خواردەمەنی بكڕێت یان ڕێگە بدەن ئەو كەسانەی دەگەڕان خواردن بفرۆشن بێنە ئێرە تا خورماو نانیان لێ بكڕین، تا ئەم ژن و منداڵەی پێغەمبەر (د.خ) تێر بن. وتیان لەم شارە كەس بە ناونیشانی پێغەمبەر (د.خ) ناناسین، ئەگەر محەمەد (د.خ)

دەیەویت ژن و منداڵی برسی نەبن دەبێ بێت تەسلیم ببێت، ئەو کات خۆمان خواردن ئەهێنین بۆ ژن و منداڵەکەی.

لە ڕۆژی هەشتەم بە دواوە برسیەتی زۆری بۆ هێنایین، بەلاّم عەسرەکەی (ئەبو سفیان) هات وتی گەمارۆ دانی ئەم ماڵە ئیتر بێ سودە، چونکە محەمەد (د.خ) بۆ هەرجێگەیەك ڕۆیشتبێ ئێستا گەیشتووە. پاش ئەوەی دەوری ماڵیان چۆڵ کرد خورما فرۆشێکی گەڕۆك هات و عەلی بانگی کرد خورمای لێکڕی و ئێمەش برسیەتیمان نەما، پاش ئەوە بۆ ماوەی سێ حەفتەی تر لە مەککە ماینەوە ئینجا هەواڵ هات محەمەد (د.خ) و ئەبوبەکر بە سەلامەتی گەیشتونەتە مەدینە. دوای ئەوەی جەماعەتی قورەیش گەمارۆی ماڵەکەی ئێمەیان واز لێ هێنا هەموو ڕۆژێ عائیشە ئەهات بۆلامان و سەبارەت بە سەفەری ئێمە بۆ مەدینە قسەیان دەکرد.

## شێوەی ژیانی عائیشە لە مەدینەدا

عەلی ئەیوت ئەبێ بۆ ژنەکان دوو جوت کەژاوە بکڕین ، سێ وشتر پەیدا بکەین و بکەوینە ڕێ کەژاوەکان و وشترەکان ئامادەکران و شەو کەوتینە ڕێ و لە مەککە دەرچووین، بۆیە بە شەو دەرچووین بۆ کەڵك وەرگرتن لە فێنکی شەو. من و عائیشە لە کەژاوەیەك دا بووین و کەژاوەکەی تر فاتمە لە تایەکی‌داو تاکەی تری کەل و پەل و ئازووقەی تێدا بوو، جار جار عەلی وشترەکانی لێدەخوڕی. فاتمە تەنها بوو لەگەڵ من و عائیشەدا قسەی دەکرد.

ئەو شەوانەی لە دەشت ئەماینەوە ئاگرمان ئەکردەووە لە پاڵ ئاگرەکەدا دا ئەنیشتین، من دەمزانی عائیشە حەز ناکات لەگەڵ فاتمەدا قسە بکات، فاتمە دڵخۆش بوو لەبەرئەوەی لەگەڵ عائیشەدا قسەی دەکرد، بەلاّم عائیشە بە وشەی کورت کورت وەلاّمی ئەدایەوە. کاتێك سواری کەژاوەکان دەبووین عائیشە پێی خۆش بوو، چونکە ئیتر فاتمەی نەئەبینی. من لەبەر ئەوەی کەوتبوومە نێوان ئەو دووانەوە سەفەرەکە بۆمن ناخۆش بوو، فاتمەم خۆش دەویست، عائیشە حەسودی دەبرد کە بۆچی خۆشەویستی پێغەمبەرە (د.خ).

كاتێك گەیشتینە نزیك مەدینە ئەبوبەكر و عومەر هاتن بە پیرمانەوە، بەلاّم محەمەد (د.خ) خۆی نەهات چونكە ئەو سەرقاڵی ئیش و كاری موسڵمانان بوو. من كە دەڵێم خەریكی ئیش و كاری موسڵمانان بوو بۆ ئەوەی (ثابت بن ارطاة) تۆ بزانی محەمەد (د.خ) نەهاتووە بۆ پێشوازی ئێمە بە ئەنقەست نەبووە، چونكە پێغەمبەر (د.خ) لەخۆبایی نەبوو. زۆر جار ڕێك دەكەوت كە بۆ جێبەجێكردنی ئیش و كاری ناوماڵ هاوكاری منی دەكرد و ماڵیشی گسك ئەدا، بۆیە ئەو ڕۆژە كە نەهاتبوو بەدەم ئێمەوە من یەكسەر زانیم ئیشی هەبووە. كاتێك گەیشتینە مەدینە هەر لە ناو لنگەی كەژاوەكەدا بووین من لە سەیركردنی كۆشكە بەرز و باخە گەورەكان سەرسام بووم، عائیشە بە منی وت دەزانی ئەم كۆشكە بەرزانە هی كێن؟ وتم نا ڕ وتی ئەم كۆشكانە هی یەهودیەكانە. كلیمیەكان لە مەدینەدا دەوڵەمەندن و ئەم كۆشكە بەرزانەیان دروست كردووە تا هاوینان لەسەر ئەم بانە بەرزانەوە بخەون و شنەی شەماڵ فێنكیان كاتەوە. من ئەمزانی موسڵمانان لە مەككەدا لە نارەحەتیدان، بەلاّم كە لە مەدینەدا دامەزراین زانیم لەو شارەدا كەس ئازاری موسڵمانان نادات و بەڕێزیشەوە سەیر دەكرێن.

پاش جێگیر بوونمان لە مەدینەدا نەك هەر ژنانی موسڵمان سەردانیان دەكردین، بەڵكو ژنە یەهودیەكانیش سەردانیان دەكردین و بە وێنەی دۆست دیاریشیان بۆ ئەهێنان. من لە قسە كردنی ژنە یەهودیان تێگەیشتم ئەوانە ئومێدەوار بوون پیچغەمبەر (د.خ) لە نێوان عەرەب و یەهودیدا ببێتە داوەر و نەهێڵێ هەرگیز ناكۆكی نێوانیان بگاتە گرژی و شەڕ دروست بێت. وایشیان هەست دەكرد  محەمەد (د.خ) دەبێتە یەهودی، چونكە هەندێ یاسای یەهودی هەڵوەشاندبووەوە.

(( ڕوونكردنەوە : بەو جۆرە هەموو دەزانین لە ماوەی بیست و سێ ساڵدا قورئان هاتە خوارەوە بۆ پێغەمبەر (د.خ) ئەو یاسایانەی هەبوون پێشتر، بە یەكجار هەڵنەوەشابوونەوە  بەڵكو بەرەبەرە هەڵوەشانەوە و ئەحكامەكانی ئیسلام

جێگەی ئەوانی گرتەوە. ئەم شتەی سۆدە باسی دەکات پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە – ذبیح الله).

من ئەمزانی هەرگیز رسول الله دینی یەهودی پەسەند ناکات، هەرکات ژنە یەهودیەکان ئەهاتنە لام بەم جۆرە وەڵامم ئەدانەوە، بەڵام ئەوان باوەڕیان نە دەکردو دەیانوت محەمەد (د.خ) دەبێتە یەهودی، چونکە تەنها یەهودی ئەتوانێ بێتە پێغەمبەر و کەسی تر نا. من ئەمزانی ئەو ژنانەی ئەهاتنە لای من ئەچوونە لای عائیشە و لەوێش ئەو قسانەیان دەکرد، کاتێك ئێمە گەیشتینە مەدینە فاتمەو عەلی جیا بوونەوە، لە جێگایەکی تردا ئەژیان هەروەها عائیشەش جیا بووەوە. عائیشە دەیوت من هەرچەندە ڕقم لە سۆدە نیە، بەڵام دەبێ لەگەڵ ئەودا لە یەك ماڵدا نەبین و ماڵمان جیا بێت.

پێغەمبەر (د.خ) زەویەکی لە مەدینەدا کڕی و وتی دەمەوێت لێرەدا مزگەوتێك دروست بکەم و لە تەنیشت مزگەوتەکەوە خانوویەك دروست بکەم، هۆدەکانی زۆر بن تۆ لە چەند هۆدەو عائیشە لە چەند هۆدەیەکیدا دانیشین. کاتێك موسڵمانان هاتنە ناو مەدینە هەژار و بێ دەرامەت بوون و داراییان بەشی ڕۆژێکی کرێی کرێکارێ نەبوو، نەیانئەتوانی کرێکار بۆ دروست کردنی مزگەوت و ماڵەکان بگرن. پێغەمبەر (د.خ) لەسەر ڕەزامەندی موسڵمانانی مەدینە بڕیاری دا موسڵمانانی مەککە لە ماڵی موسڵمانانی مەدینەدا دابەش بن تا ئەو کاتەی خانوویان بۆ دروست ئەکرێت، موسڵمانانی مەدینە بە ئارەزووی خۆیان ئەو بڕیارەیان پەسەند کرد.

ئینجا هەموو سەرگەرمی دروست کردنی مزگەوتەکە بوون، هەرچەند بناغەی مزگەوتەکە بە بەرد دانرا، بەڵام زۆر بەرز نەبوو سەریان بە ساقی داری خورما گرتو بە خاك سەریان داپۆشی و بە قوڕ و کا سواقیان دا. ناو مزگەوتەکە زۆر گەورە بوو هەروەها هەیوانێکی گەورەشی هەبوو بەیانی تا ئێوارە موسڵمانان لەو هەیوانەدا کۆدەبوونەوە، سەبارەت بە ئیش و کاری ژیان گفتوگۆیان دەکرد و هەرکاتێك باران بوایە دەچوونە ناو مزگەوتەکە لەوێ سەرگەرمی وت ووێژ

دەبوون. خەڵكانی وەك ئەبوبەكر و عومەری كوڕی خەتاب دەوڵەمەند بوون، بەلاّم بازرگانی و سامانیان لە مەككە جیّ مابوو. كەلوپەلی ( غیر منقول )ەی ئەوان لە مەككە جیّما و دوای هاتنیان بۆ مەدینە وەك خەڵكەكەی تر بیّ سەروەت و سامان مانەوە و خواردنیان خورما و نان بوو بەبیّ گۆشت.

من گویّ قولاّخ بووم لە مەدینەدا تا بزانم ئاخۆ عائیشە لە هەموو ژیانیدا بە خۆشی ژیاوە و خواردنی خۆش و بە تامی خواردووە، ئێستا گلەیی دەكات لەم وەزعە لە ناو مەدینەدا یان نا؟ بەلاّم كاریگەری پێغەمبەر (د.خ) ئەوەندە زۆر بوو (عائیشە)ش ناڕازی نەبوو ڕۆژانە بەچەند خورما و نانێك شوكر بوو. عائیشە قسەی بۆمن دەكرد و دەیوت ئەو سەردەمەی لە (شعب) بووین خواردەمەنی ئێمە باشتر بوو تا ئێستا، چونكە مانگی حەرام بوو موسڵمانان قوربانیان دەكرد و گۆشتیان دەهێنا بۆمان یان بە برژاوی یان بە ئاو گۆشت دەمانخوارد، هەرچیشی زیاد بووایە وشكمان دەكردەوە بۆ كاتی پێویست. لە مەدینەدا گۆشتمان دەست نەدەكەوت، وەزعی فاتمە لە ڕووی خواردەمەنیەوە لە ئێمە باشتر نەبوو لەبەر ئەوە لاوازیش بوو پێغەمبەر (د.خ) جارجار لە خۆراكی خۆی دەگرتەوەو دەیبرد بۆ فاتمە.

تا دوو ساڵ لە مەدینە گۆشتمان نەخوارد لە ئەنجام دا لاواز بووین، عائیشەش كە قەڵەو بوو لاواز بوو بوو. ئەو خانوەی كە محەمەد (د.خ) دەیویست تەواو بوو، مـن و عائیشـە لـە مـاڵی موسـڵمانانی مەدینـەوە گواسـتمانەوە و چـووینە نـاو خانوەكە. خانوەكەمان بە بەرد بناغەی دانرابوو، بەلاّم ژوورەكانی زۆر بچوك بوون و سەقفەكەی نزم بوو، كاتێك بە پێوە دەوەستام دەستم بەرز ئەكردەوە ئەیدا لـە سـەقفەكە. لـە گۆشـەیەكی هەیوانەكـەوە بیرێـك هەڵكـەنرابوو لـەویّ ئاومـان دەرئەهێنا، زۆربەی ماڵەكانی مەدینە پێویستیان بە بیر نەبوو. لە شاری (یثرب) كە دواتر بە مەدینە ناوبانگی دەركرد جۆگەیەكی ئاو بە ناو ماڵەكاندا تێئەپەڕی و ماڵەكان كەڵكیان لە ئاوی جۆگە وەردەگرت، هیچ كەس نە یەهودی نە عەرەب ئاوی ئەو جۆگەیان پیس نەئەكرد و پیس كردنیان بە گوناح ئەزانی، ئەو ماڵ و

مزگەوتەی پێغەمبەر (د.خ) دروستی کردبوو لە زەویەکی بێ ئاودا بوو، بۆ ڕاکێشانی لقێکی ئەو جۆگەیە پێویستی بە ڕەزامەندی ئەوکەسانە بوو کە کەڵکیان لەو جۆگە وەردەگرت، ئەوەش پێویستی بە کات هەبوو بۆیە محەمەد (د.خ) دەستوریدا کە بیر بۆ ماڵ و مزگەوتەکە هەڵکەنن ، تا دواتر موسڵمانان و خەڵکی مەدینە بگەنە قەناعەت و لقێکی ئەو جۆگە ڕاکێشن.

ساڵی چوارەمی کۆچی شێوەی ژیانی موسڵمانان لە مەدینەدا باشتر بوو، مێردەکەم لە منداڵیەوە شوان بوو بوو حەزی لە حەیوان دەکرد و چەن سەر مەڕ و بزنی ڕاگیر کرد، بۆ ئەوەی ئێمە کەڵك لە خوری و شیر و گۆشتەکەی وەرگرین. لە مەدینە لە هەر جێگایەك دا چەند مەترێك زەوی هەڵکەندرێ ئاو دەست دەکەوێت، لەبەر ئەوە ئاوی ژێر زەوی شیرین و زۆر زۆرە ئێمە بۆ خواردن و شۆردن و تێر ئاو کردنی مەڕ و ماڵاتەکە لەو بیرە کەڵکمان وەردەگرت.

ئێمە لە مەدینەدا ساڵی سێهەم بە دواوە جارجارە گۆشتمان دەخوارد ، تا ساڵی سێهەم خاروبار لە ماڵی ئێمەدا بریتی بوو لە خورماو ئارد و لە ساڵی سێهەم بە دواوە ڕۆنی وشتر کە بە شێوەی ئاسایی لە ناو هیزەدا دەمانپاراست لە ماڵی ئێمەدا دەست دەکەوت.

((ڕوونکردنەوە: ڕۆنی وشتر ئەو ڕۆنە لە شیرەوە دەست دەکەوێت لە ناو ناوەرۆکە ئینگلیزیەکەدا بە زمانی ئینگلیزی ( camel butter ) نوسراوە کە ڕەنگە کەرەی وشتر بێت، بەلاّم لەبەر ئەوە کەرە لە ناو هیزە و گەرمای عەرەبستاندا دەوام ناکات لەبەر ئەوە کەرەی تواوە لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەڵێن (باتر) — ذبیح الله)).

کاتێك دەهاتنە ماڵی ئێمە جێگەی ژنان لەلای ڕاستەوەو جێگەی دانیشتنی پیاوان لەلای چەپەوە بوو، دەرگای ماڵمان دانەئەخست هەتا بەشەودا مەگەر ئەو کاتە دەرگامان داخستبێ کە لە نێوان یەهودی موسڵماناندا گرژی دروست بوو ، ئەویش نەوەك بەشەودا یەهودی بێتە سەرمان، تا ئەو کاتەی پێغەمبەر (د.خ) لە مزگەوت بوو موسڵمانان بۆ ئیش و کار لەوێ دەیان بینی، دوای ئەوەی دەهاتەوە

بۆ ماڵ هەركەسێ بۆ بینینی بهاتایە دەیزانی دەبێ بەرەو لای چەپ بڕوات، چونكە رسول الله (د.خ) لەوێ بوو.

لە كاتی نان خواردندا ئەو كەسانەی دەهاتن بۆلای پێغەمبەر (د.خ) بەشە خواردنەكەی چەند كەس بوونایە دەیكردە ئەوەندە بەش، جاری وا هەبوو خورمایەكی بۆ دەمایەوە یان پارویەك نان بە برسیەتی تا ژەمێكی تر دەمایەوە هەستی بە برسیەتی نەدەكرد، ئەگەر برسی بوایە بە خواردنەوەی ئاو تەسكینی برسیەتی خۆی ئەدا.

من و عائیشە پێمان وت لەلای ئێمەدا نانەكەت بخۆو دوایی بچۆ بۆ ژوورەكەی خۆت بۆ ئەوەی ئەو كەسانەی دێن بۆ بینینت ناچار نەبیت بەشە خواردنەكەی خۆتیان بدەیتێ، وتی ئەوە بەخالەتە بەرامبەر بە موسڵمان من نەك بەرامبەر ئەوان بەرامبەر بە هیچ كەس لە بەندەكانی خوا تەماع و بەخالەتم نیە. كەل وپەلی ناوماڵی من بریتی بوو لە یەك حەسیر و یەك دۆشەك لە گەڵای وشكی خورما و یەك گۆزە و قاپێكی گڵین ، كەل و پەلی عائیشە كەمێك لەوەی من چاكتر بوو، بەڵام بە پارەی ئەو سەردەمەش بایی بیست درهەم بوو.

تا ئەو ڕۆژەی پێغەمبەر (د.خ) لە ژیاندا مابوو من و عائیشە و ژنەكانی تری كە دوایی بوون بەژنی، بەو شێوە ژیاین، بەڵام ئەی (ثابت بن ارطاة) بیستومە معاویە لە شام دا لە كاخێك دا دەژی سەدو دوانزە ژووری هەیە و كەلوپەلی ناو كاخەكەشی بایی سێ هەزار كرۆر زێڕە، ئەمە لە كوێ هێناویەتی؟ تا ئەوێ من زانیاریم هەیە (ئەبو سفیان)ی باوكی دەوڵەمەند بوو، بەڵام نەك بەو ئەندازە سێ هەزار كرۆر زێڕ ئەساسی ناو كاخی (معاویە)ی كوڕی بێت.

ئەو كاتەی لەمەككەوە كۆچمان كرد بۆ مەدینە پێغەمبەر (د.خ) جگە لە من و عائیشە ژنی تری نەبوو، دوای ئەوەی ژنی تری هێنا، هەرگیز خەرجی ژنەكانی لە (بیت المال) وەرنەدەگرت، بەڵكو لەو دەست كەوتەی لە شەڕەكاندا ئەبوە نەسیبی موسڵمانان و پێغەمبەر (د.خ) بەشی بەرئەكەوت و لەو بەشەی خەرجی ئەدان. ئەگەر كراسێك یان بازنێك یان ئەنگوستیلەیەكی بە دیاری بدایە پێمان لە بەشی

دەست کەوتی جەنگی بوو ، کەچی ئەمڕۆ (معاویە) لە (بیت المال) دەرئەکات و کاخ دروست دەکات و سێ هەزار کرۆر زێڕ ئەساسی ماڵەکەیەتی.

وتم من نەهاتووم تا تۆ سەبارەت بە خەلیفە قسەم بۆ بکەیت هاتووم سەبارەت بە عائیشە زانیاریم بدەیتێ ، داوات لێدەکەم سەبارەت بە ئیش و کاری خەلیفە قسە مەکە ، دەبێ بزانی پیاوێکی وەك من چون لە خزمەتی خەلیفەدام نامەوێ ئەم جۆرە قسانەم گوێ لێبێ هەرچەندە قسەی (دایکی موسڵمانان)یش بێت.

سۆدە وتی زۆر باشە سەبارەت بە عائیشە قسەت بۆ دەکەم ، لەبەر ئەوەی کە بووین بە خاوەنی ماڵی خۆمان ئازاد تر بووین و ڕۆژانە ئەمان توانی زیاتر پێشوازی لە ژنانی موسڵمان و یەهودی بکەین. ئەو ژنانەی دەهاتنە ماڵمان زیاتر ژنانی موسڵمان و پێیان دەوتن (انصار)، ژنانی (انصار) لە دوو تایفەی گەورەی مەدینە بوون بەناوی (اوس) و (خزرج) ئەم ژنانە خۆش حاڵ بوون بە ئیسلام بوونیان و دەیانوت دوو سەد ساڵە لە نێوان (اوس و خزرج)دا شەڕ بەردەوام بووە جارێك (اوس) سەرکەوتووبووە و جارێك (خزرج).

هەر کات (اوس) سەرکەوتوو بوایە هۆزی (خزرج) خۆیان ئامادە دەکرد تا تۆڵە بکەنەوە، شەڕی نێوان ئەم دوو هۆزە وەك هاتنە پێشەوەی وەرزی ساڵ مسۆگەر بوو هەرجارە و هەندێك بێوەژن دەکەوتن و هەندێك منداڵ هەتیو.

ئیسلام بوونی ئەم دوو هۆزە ئەم جەنگەی کۆتایی پێ هێنا، ئەوەتا لە بەرەکەتی پێغەمبەر (د.خ) ئەم دوو هۆزە بە ئاشتی دەژین و شمشێر بۆ یەکتر درێژ ناکەن و خوێن ناڕژێ، یەکەم ناخۆشی لە نێوان موسڵمانان و یەهودیەکاندا لە سەر ئاوی جۆگەکەی ناو شاری مەدینە بوو کە موسڵمانان ویستیان لقێکی لێ ڕابکێشن بۆ ئەو مزگەوتەی پێغەمبەر (د.خ) دروستی کردبوو، هەروەها بۆ ماڵەکانیش کە لە دەوروبەریدا بوون. پێغەمبەر (د.خ) بە هۆی یەکێك لە موسڵمانانەوە دەستی کرد بە وتوێژ لەگەڵ یەهودیەکان تا ڕازی بن ئەو جۆگەلە ئاوە ڕابکێشن، پیاوێك بە ناوی (شاس بن قیس)ی یەهودی نوێنەری یەهودیەکان بە نوێنەری پێغەمبەری (د.خ) وتبوو، یەکەم ئەو جۆگە خاوەنی ڕێڕەوی تایبەتی

خۆیەتی و ئەگەر مزگەوت و ماڵەكانی محەمەد (د.خ) لەسەر ئەو جۆگە بوایە ئەی توانی كەڵك وەرگرێت لەو ئاوە و ئاو بە موسڵمانان بدەین، لەبەر ئەوە لەسەر جۆگەكەدا نین ناتوانین ئاویان بدەینێ، دووەم ئەو ماڵانەی لەسەر جۆگەكەن هەركەس مەبلەغێكی لێ وەردەگیرێت و ئاو بە خۆڕایی نیە، تا محەمەد (د.خ) بتوانێ بەبێ دانی مەبلەغێك لەو ئاوە كەڵك وەرگرێ.

نوێنەری موسڵمانان بە (شاس بن قیسی) یەهودی وتبوو ئەوەی من ئاگام لێیە چەند جۆگەلەیەك لەسەر جۆگەی ئەسڵیەوە وەرگیراون بۆ ئەم لاو ئەولا ڕۆیشتون، ئەبێ جۆگەلەیەكی تریش هەڵگرین و بیبەین بۆ لای ماڵ و مزگەوتەكەی پێغەمبەر (د.خ). (شاس) وتبووی ئەوە لە كۆنەوە ئەو جۆگەلانە هەڵگیراون و بۆ هەر یەكێكیش مەبلەغێكی خەیاڵی دراوە، پێغەمبەر و(د.خ) موسڵمانان هەژارن و ناتوانن حەقی ئەو جۆگەلە بدەن.

ئەو جۆگەلە لە لایەن ماڵە موسڵمانەكانی مەدینەشەوە دەڕۆیشت پێغەمبەر (د.خ) ئەیتوانی بە یەكێك لە موسڵمانان بڵێت ڕازی بێت جۆگەلەیەك لەلای ماڵەكەی ئەوەوە لا بدرێت تا بگاتە لای مزگەوتەكە، بەڵام ئەو جۆگەلە كەلای ماڵی موسڵمانێكی ئەنصارەوە بهاتایە ئاوی خوار ئەو كە دەچوو بۆ ماڵێكی یەهودی كەمی دەكرد.

پێغەمبەر (د.خ) نەی دەویست كارێك بكات پێچەوانەی وەقف نامەی جۆگەی مەدینەوە بێت، بۆیە ڕازی بوونی یەهودیەكانی بە پێویست دەزانی و ئەو جۆگەلەش بهاتایە بۆ مزگەوتەكە بەسەر زەوی دوو یەهودیدا ئەهات. یەهودیەكان حەقداری وەقف نامەی جۆگەكە بوون، وتیان ئەگەر ئەو جۆگەلە لێ بدەن بۆ مزگەوتەكە دەبێ دوو هەزار دینار حەقی بدەن، و پێنج سەد دیناریش بە دوو یەهودیەكە بدەن كە بەسەر زەویەكانیاندا ئەڕوات، دوای ئەوەش ئابونەوەی حەقی ئاو بدەن.

پێغەمبەر (د.خ) چەند موسڵمانێكی نارد لێكۆڵینەوە بكەن تا بزانن خەڵكی تر جۆگەلەی هەڵگرتووە بۆ خانو و باخەكەی و چەند حەقی داوە، دەركەوت خەڵكی

تر (٢٥٠) دوو سەد و پەنجا دیاریان داوە تەنها کەسێك سێ سەد دیناری داوە. نیەتی یەهودیەکان دەرکەوت حەقی جۆگەلەکە و هی زەوی دوو یەهودیەکەیان زۆر گران داناوە تا موسڵمانان نەتوانن ئەو حەقە بدەن، لەو کاتەشدا موسڵمانان نەیان ئەتوانی یەك لە سەر چواری ئەو حەقە بدەن، چونکە هەموو بێ دەرامەت بوون.

## مشت و مڕی یەهودیەکان لەسەر وشەی ( رحمن )

ڕووداوێکی تر لە مەدینەدا ڕووی دا نیەتی خراپی یەهودیەکانی سەبارەت بە موسڵمانان ئاشکرا کرد کە بە ڕووداوی (فتح نامەی بعاث) بەناوبانگە. نازانم ئەی (ثابت بن ارطاة) ئایا تۆ (بعاث)ت بیستوە یان نا؟ (بعاث) ناوی ئاخر شەڕی نێوان (اوس) و (خزرج)ە پێش ئەوەی موسڵمان بن و لەو شەڕەدا (اوس) سەرکەوتوو بوون. یەکێك لە شاعیرەکانی (اوس) شیعرێکی دانابوو کە باسی لەسەرکەوتنەکەیان دەکرد و پیاوانی (اوس) تا چەند مانگێك پاش لە کۆتایی هاتنی شەڕ ئەیان خوێندەوە ، بەلاَم دوای ئەوەی ئیسلام بوون ئەو شیعر خوێندنەوەش وەستا.

(شاس بن قەیس)ی یەهودی چەند منداڵێکی نەوجەوانی یەهودی ناردبوو بەرامبەر بەو شوێنەی پیاوانی (حزرج) کۆدەبنەوە ئەو شیعرە بە دەنگی بەرز بخوێننەوە، تا پیاوانی (خزرج) تورە بن و شەڕ لە نێوان (اوس و خزرج)دا دەست پێ بکاتەوە.

لە مەدینەدا هەمووی یەکتریان دەناسی، (شاس) ئەو نەوجەوانانەی لە (قبا)وە هێنابوو تا موسڵمانانی مەدینە نەیان ناسن و پێیان نەزانن کە یەهودین، ئەوانیش هاتبوونە بەرامبەر ماڵەکانی هۆزی (خزرج) شیعری سەرکەوتنەکەی (اوس)یان بە دەنگی بەرز خوێندبووەوە. پیاوانی هۆزی ( خزرج ) کە نازانن ئەوانە یەهودین

وایان زانیوە هۆزی (اوس) ئەو كارەی كردووە تا ڕایان كێشنەوە بۆ شەڕ، پیاوانی هۆزی (خزرج) خۆ كۆدەكەنەوە و شمشێر بە دەستەوە دەچنە سەر هۆزی (اوس).

كاتێك ئەمە ڕوو ئەدات كاتی نوێژی نیوەڕۆ ئەبێت و پیاوانی ( خزرج ) ناچن بۆ مزگەوت بۆ نوێژ خوێندن، لەو كاتەدا پێغەبەر (د.خ) ئەچێتە مزگەوت سەیر ئەكات پیاوانی خزرج نەهاتوون بۆ نوێژ خوێندن، هەستی دەكات ڕووداوێكی چاوەڕووان نەكراو ڕووی داوە. چەند پیاوێك ئەنێرێت بۆ گەڕەگی ( خزرج ) تا بزانیٚ چی ڕووی داوە، ئەوانیش ئەگەڕێنەوە هەواڵی ئەدەنیٚ هەموو پیاوانی (خزرج) چوونەتە سەر گەڕەكی (اوس) و داوا ئەكەن پیاوەكانیان بێنە دەرەوە و ئامادەی شەڕ بن. هەڕەشە ئەكەن كە لە ماڵەكان بێنە دەرەوە ئەگەر نەیەن هێرش ئەكەنە سەریان و هەركەس ببینن ئەیكوژن. پێغەمبەر (د.خ) ئەمەی بیست خێراو بیٚ دواكەوتن خۆی گەیاندە گەڕەكی (اوس) تا پێش گری بكات لە هەڵگیرسانی شەڕ، كاتێك بەرەو گەڕەكی (اوس) ئەچێت زانی تووڕەیی و هەڕەشەی چاوەڕوان نەكراوی لە ناكاوی پیاوانی (خزرج) بەهۆی پلانێكەوەیە، چونكە ڕۆژی پێشوو پیاوانی (خزرج) لە مزگەوت بوون و هیچ گلەیەكیان لە پیاوانی ( اوس ) نەبووە. پێغەمبەر (د.خ) كاتێك گەیشتە گەڕەكی (اوس) ڕووی كردە پیاوانی (خزرج) و فەرمووی ئەتانەویٚ چی بكەن، برا دینیەكانی خۆتان بكوژن؟ ئەتانەویٚ خوێن ڕشتنەكانی سەردەمی جاهیلیەت دووبارە بكەنەوە؟ ئێوە هەموو بەندەی خوان، لە ئومەتێكن كوشتنی بە ئەنقەستی هەر موسڵمانێك بە دەستی موسڵمانێكی تر تاوانێكە نەبەخشراو.

(خزرج) وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ) ئێمە نەمان ویستووە شەڕ بكەین، بەڵام ئەمڕۆ ئەم هۆزە هەندێك كەسی ناردووە لە بەرامبەر ئێمەدا شیعرەكەی (فتح نامەی بعاث)یان خوێندوەتەوە، لە كاتێكدا هەردوولا دوای ئیسلام بوون بڕیارمان داوە شەڕەكانی ڕابوردوو لە بیر ببەینەوە و هیچ لایەك سەركەوتنی بەسەر لاكەی تردا باس نەكات، بەڵام ئەمڕۆ (اوس) ئەو پەیمانەیان شكاندووە و (فتح نامەی بعاث)یان خوێندووەتەوە و ئێمەش ناچار بووین بۆ شەڕ خۆمان ئامادە بكەین.

پێغەمبەر (د.خ) داوای لە پیاوانی (خزرج) کرد شمشێرەکانیان بخەنەوە ناو کێلان و داوای لە پیاوانی (اوس) کرد لەماڵەکانیان بێنە دەرەوە، ئێنجا داوای لێ کردن کام لە ئێوە چون شیعری ( فتح نامەی بعاث )تان خوێندوەتەوە؟ ئەوانیش سوێندیان خوارد شیعری (فتح نامەی بعاث)یان نەخوێندوەتەوە و بە تەواوی لەو مەوزوعە بێ ئاگان، داوای لە هۆزی (خزرج) کرد ناوی ئەوانە بڵێن شیعرەکەیان خوێندوەتەوە، ئەوانیش وتیان ئەوانەی ئەو کارەیان کردووە نایان ناسن لە مەدینەدا نەیان دیون.

پێغەمبەر (د.خ) کە زانی هەردوولا ڕاست دەکەن وتی من دەیسەلمێنم ئەمە پیلانە، ویستویانە لە نێوان ئەم دوو هۆزە موسڵمانەدا شەڕ و خوێن ڕشتن دروست بکەن. داوا لە هەردوولا دەکەم بیری شەڕ لەسەرتاندا دەربەکەن و بگەڕێنەوە مزگەوت بۆ نوێژ کردن تا من لێکۆڵینەوە بکەم بزانم ئەو کەسانە کێ بوون ئەمڕۆ (فتح نامەی بعاث)یان لە گەڕەکی خەزرەج دا خوێندوەتەوە. پیاوانی هەردوولا بۆ نوێژ کردن بەیەك گەیشتنەوە لە مزگەوتدا، پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دوای نوێژ عەلی ڕاسپارد لەگەڵ چەند پیاوێکی (خزرج)دا بچنە (قوبا)، تا بزانن ئایا ئەو کەسانە لەوێ دەناسنەوە کە ئەمڕۆ ئەو شیعرەیان وتوە یان نا؟

پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دوای هەندێك قسەی (خزرج) گومانی کرد ئەو کەسانە لە دەرەوەی مەدینەدا هاتوون و لەوانەیە لە لاوەکانی (قوبا) بوبن، گومانی پێغەمبەر (د.خ) ڕاست دەرچوو. دوای ئەوەی عەلی لەگەڵ پیاوانی (خزرج) گەیشتە ( قوبا ) لەوێ چەند کەسێکیان لەو لاوانە ناسیەوە کە شیعرەکانیان خوێندبوەوە و پیشانی عەلیان دان، دەرکەوت هیچ کەسیان ئیسلام نین و کەسیان عەلی نە ئەناسی، چونکە مەحاڵ بوو یەکێك ئیسلام بێت و لە مەدینە و (قوبا) بژیو عەلی نەناسێت. دوای ئەوەی دەرکەوت ئەوانە یەهودین، بێ تاوانی هۆزی (اوس) دەرکەوت و نیەت خراپی یەهودیەکان ئاشکرا بوو، هەموو موسڵمانان تێگەیشتن کە یەهودیەکان ویستویانە نێوان ئەم دوو هۆزە تێك بدەنەوەو ئاگری شەڕ خۆش بکەنەوە.

ئەی (ثابت بن ارطاة) دوای ئەم ڕووداوە ڕووداوێكی تر ڕوویدا ئەم جارە دەركەوت یەهودیەكان بیانوو دەگرن تا لەگەڵ موسڵماناندا كێشە دروست بكەن، تۆ دەزانی هەركات وەحی بۆ پێغەمبەر (د.خ) دەهات پێش ئەوەی ئەو وەحی‌یە بگەیێنێ بە موسڵمانان دەیوت (بسم الله الرحمن الرحيم)، ئەم ڕستەیە ئەمڕۆش لە پێش هەموو سورەتەكانی قورئانەوە دەبینرێ و دەنوسرێ. زانایەكی ڕۆحانی گەنجی یەهودی بە ناوی (ایسكر بن موسی) لەسەر ئەم ڕستەیە هەراو هوریایەكی دروست كرد و دەیوت محەمەد (د.خ) ئەم وشەیەی لە یەهودیەكانەوە وەرگرتووە، وشەی (رحمن) ئەم وشە هەمان وشەی (رحمانا)یە كە لە كتێبی (تلمود كنعانی) بۆ گەورەترین ناوی خوا لە ناوەكانیدا دیاری كراوە. ((ڕوونكردنەوە: تلمود لە زمانی عبریدا واتە تەفسیر، تەفسیری تەورات كتێبی ئاسمانی یەهودیەكان... ذبیح الله).

زانایانی یەهودی ئەم مەسئەلەیان لە مەدینەدا كردە بەڵگەی مناقەشە و دەیانوت پیاوێكی غەیرە یەهودی كە داوای پێغەمبەری دەكات حەقی ئەوەی نیە ناوی گەورەی خوای یەهودیەكان لە وتەكانی خۆیدا بەكار بهێنێ، دەبێ بڵێت (بسم الله الرحيم) واتە وشەی (رحمن) بپەڕێنێت (عەلی ابی طالب) هەرچەند لاوبوو بەڵام دانشمەند بوو لە وەڵامی یەهودیەكاندا وتی وشەی (رحمن) كە لە ناو (بسم الله الرحمن الرحيم) دایە لە وشەی (رحمانا) كە لە كتێبی (تلمودی كنعانی) لە ناوە گەورەكانی خوایە وەرنەگیراوە، بەڵكو وشەیەكی عەرەبی و ڕیشەیشی (رحم)ە (الرحمن) واتە خوایەك كە ڕەحمی بە ئەندازەیەك زۆرە لە سەروی (ڕەحمی) بەشەرەوەیە، بەم بۆنەوە هەرگیز یەك مرۆڤ شایستەی (صفت)ی رحمن نیە، بەڵكو ئەم (صفت)ە تایبەت بە خوایە.

یەهودیەكان لەبەر ئەوە ئینكاریان دەكرد داوای بەڵگەیان دەكرد بۆ مناقەشە ، قەناعەتیان نەكرد و وتیان ئەم وشە لە كتێبی (تلمودی كنعانی) هەمان مانا ئەدات واتە خوایەك كە ڕەحمی لەسەروی ڕەحمی جۆرێك مرۆڤەوەیە، (عەلی) وتی ئەگەر واش بێت بەڵگە نیە بۆ ئەوەی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) وشەی (رحمن)ی لە

(تلمودی کنعانی) وەرگرتبێت، چونکە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) خوێندەواری نیە بۆ زمانی عەرەبی تا دەگات بە زمانی عبری و ناتوانیٚ (تلمودی کنعانی) بخوێنێتەوە، هەروەها عەلی ڕوونی کردەوە کە لە زمانی عەرەبی و زمانی یەهودی هەندێك وشە هەن یەك ڕیشەیان هەیە، چونکە هەردوو زمانەکە لە کۆندا یەك ڕیشەی هاوبەشیان هەبووە ، بەلاّم دوای ئەوەی هەردوو زمانەکە لە یەك جیابوونەتەوە بە پیٚی تیٚ پەڕبوونی سەردەم بەشێك لە وشە هاوبەشەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. هەروەك لە زمانی عبریدا بووەتە (رحمانا)، و لە زمانی عەرەبیدا (رحمن) لە ڕیشەی (رحم )ە، بەلاّم یەهودیەکان وشەی (رحمانا) بە گەورەترین ناوی خوا دەزانن و دەڵێن مانای ئەوەیە خوا زیاتر لە جۆرێك مرۆڤ ڕەحمی هەیە و خاوەنی ڕیشەی (رحم) نین و ئەم ڕیشە تەنها لە زمانی عەرەبیدا هەیە و (رحمن) لە ڕیشەی (رحم)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە.

ئەم ڕوونکردنەوە یەهودیەکانی بیٚ دەنگ کرد، چونکە ئەوان (رحمانا)یان هەبوو بەبیٚ ئەوەی ڕیشەی (ڕحم)یان هەبیٚ. دوای ئەوە هەرکات لە ئایەتەکانی قورئاندا وشەیەك ئەهات لەگەڵ وشەیەکی عیبریدا لەیەك ئەچوو یەهودیەکانی مەدینە ڕەخنەیان دەگرت ، ئەم بابەتە تا ئەو کاتەی یەهودیەکان لە مەدینەدا دەژیان دەبووە هۆی مناقەشە. وتم دایکی موسڵمانان ئەم قسانە تۆ دەیکەی بۆ من زۆر بەکەڵکن، هەرچەند زیاتر لەم قسانەم گویٚ لیٚ بیٚ لای تۆ حەزدەکەم زیاتر ببیستم و بمێنمەوە.

## هۆی خۆشەویستی ( عائیشە )

وتم بە سۆدە ئەی (دایکی موسڵمانان) سەبارەت بە عایشە زانیاریم بدەریٚ، وتی بەو جۆرەی کە وتم من و عائیشە لەبەر ئەوەی هاوسەری پێغەمبەر (د.خ) بووین لە مەدینەدا زۆر خۆشەویست بووین، بەلاّم خۆشەویستی عائیشە بە هۆی جوانیەکەیەوە لە من زیاتر بوو، جگە لە جوانیەکەشی عائیشە خوێندەوار بوو

كاتێك قەڵەمی بەدەستەوە دەگرت بە جۆرێك نوسراو و نوسینی دەنوسی هیچ نوسەرێك بەو خێراییەیە نەی ئەتوانی بنوسێ، نوسەرێكی بێ وێنە بوو.

من لەسەردەمی تەمەنی خۆم دا كەسم نەدیوە ئەوەندەی عائیشە هۆش و بیری تیژ بێت، ئەتوانم بڵێم جگە لە ئایەتەكانی قورئان شیعری هەموو شاعیرە عەرەبەكانیشی لەبەر بوو. ڕەنگە ئێستە لەبەر ئەوەی پیر بووە هێزی بیری لە دەست دابێت ، بەڵام لە سەردەمی لاویەتیدا ئەگەر شاعیرێك شیعرێكی پەنجا بەیتی بخوێندایەتەوە لەگەڵ لێبونەوەی شاعیرەكە عائیشە یەكسەر ئەو شیعرەی دەوتەوە، كەم كەس هەیە خاوەنی توانای وابێ.

ئەی (ابن ارطاة) تۆ هەست دەكەیت من لە دەورەی جوانی لاویەتیدا چۆن بووم ئێستا ئاوا بە پیری و پەككەوتەیی دەمبینی، من لە ژنە جوانەكانی مەككە و پاشانیش كە چووینە مەدینە یەكێك بووم لە ژنانی ڕوو سپی و جوانی ئەو شارە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمزانی پێغەمبەر (د.خ) عائیشەی لە من زیاتر خۆش دەوێ، لەسەرەتاوە وام زانی لەبەر جوانیەتی، بەڵام پاشان بەرەبەرە دەركەوت هۆی خۆشەویستی عائیشە جگە لە خوێندەواری و زانیاری و هۆش و بیری بەهێزی، قوەی (جاذبە)یەتی.

خواوەند هێزێكی (جاذبە)ی دابووە عائیشە ئەم هێزە لە هەر ژنێك دا بێت تا ئەو ڕۆژەی بمێنێ خۆشەویستە لای مێردەكەی ، لەگەڵ ئەوەشدا كردەوەی محەمەد (د.خ) بە جۆرێك بوو لەگەڵ مندا هەرگیز پێم نەوتوە كە عائیشەت لە من زیاتر خۆش دەوێت. پاشان محەمەد (د.خ) ژنی تری هێنا و لەگەڵ ژنەكانی خۆیدا بە جۆرێك ڕەفتاری دەركرد هیچكامیان نەی ئەتوانی گلەیی بكات لەوەی كە ژنێكی تریانی زۆرتر خۆش دەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەستی ژنانەی من پێی دەسەلماندم كە خۆشەویستی محەمەد (د.خ) بۆ عائیشە زیاترە لەو خۆشەویستیەی كە سەبارەت بە من هەیبوو. ئەگەر ژنێكی تر بوایە لە جێگەی من دا حەسودی بە عائیشە دەبرد، بەڵام من هەرگیز حەسود نەبووم، چونكە دەمزانی زانیاری و خوێندەواری و تواناو زیرەكی عائیشە شایانی ئەوەیە كە لە من زیاتر

خۆشەویست بێت لای پێغەمبەری ئیسلام (د.خ). زیرەکی و زانیاری ئەوەندە زۆر بوو کاتێك لە مەککەوە دەچووین بۆ مەدینە عائیشە لە بیاباندا هەندێك بەردی ڕەشی پیشان دام وتی سۆدە ئایا دەزانی ئەم بەردانە بۆچی ڕەشن؟

وتم خوا ویستویەتی ئەم بەردانە ڕەش بن، عائیشە وتی ئەم مەوزوعە بەجێی خۆی ڕاستە، بەلاّم ڕەشی ئەم بەردانە هی ئەوەیە لە کێوی گڕکاناویەوە دەرچوون. من تا ئەو ڕۆژە ناوی کێوی گڕکاناویم نەبیستبوو، پرسیم کێوی ئاتەش فەشان چییە؟ عائیشە وتی بریتیە لە چیایەك لە ناویەوە ئاگر دەرئەچێت، سەدو پەنجاو پێنج ساڵ لەمەوبەر لەو چیایەوە کە ئەوتا لە دورەوە دەیبینی (عائیشە بە پەنجە نیشانی دام) ئاگر دەرچووە و لافاوی ئاگر تا ئەم نزیکانە هاتووە، پاشان ئاگرەکە نەماوە و ئەو لافاوە ئاگراویە سارد بووەتەوە و ئەم بەردە ڕەشانە هی ئەوەن.

((ڕوونکردنەوە: عائیشە ڕاستی وتوە لە چوارسەد و شەست و حەوتی میلادیدا واتە سەدو پەنجاو پێنج ساڵ پێش لە (هجرەت) مەدینە تووشی مەترسی ئاگری بورکان بوو دووبارەو جارێکی تر لە ساڵی شەش سەدو شەست و پێنج دوای (هجرەت) بەرامبەر بە هەزار و دووسەد و شەست و شەشی میلادی هەر ئەو چیا بورکانی کردەوەو ئاگرولافاوی مەوادی تواوە تا نیو فرسەنگی مەدینە هات و لەویّ وەستایەوە و نەهاتە پێشتر، موسڵمانان دەیانوت لەبەر خاتری گۆڕی پێغەمبەری ئیسلام کە لە مەدینەدایە ئەو لافاوی کەرەستەی تواوە تێنەپەڕیوە، بەلاّم بەجۆرێك هەوای مەدینە گەرم بوو خەڵك شاریان چۆڵ کرد تا کەرەستە تواوەکە سارد بوەوە پاشان گەڕانەوە بۆ ناو شار... ذبیح الله).

من لە سەردەمی لاویەتی عائیشەدا دوو تایبەت مەندیم هەست پیّ دەکرد، کاتێك شیعری دەخوێندەوە یان سەبارەت بە زانیاری قسەی دەکرد وەك یەکێك لە دانشمەندان بوو. مرۆڤ وای هەست دەکرد کە بە ئەندازەی دانشمەندێکی بە ساڵاچوو زانیاری و ئەزموونی هەیە، بەلاّم لە زۆربەی کاتەکانی تردا عائیشە کچێك بوو وەك هاوتەمەنەکانی خۆی حەزی دەکرد گاڵتەو گەپ بکات و پیّ بکەنیّو خەڵك بخاتە پێکەنین. کاتێك ئێمە چووینە ناو مەدینە تەنها شارێکی

كشتوكاڵی بوو ئەهمیەتی بازرگانی نەبوو، بەڵام ئەو كاتەی پێغەمبەر (د.خ) كۆچی دوایی كردبوو بووە شارێكی بازرگانی و ناوەندی بازرگانی لە باكوری عەرەبستاندا.

ئەی (ابن ارطاة) ڕەنگە تۆ زانیاریت نەبێت كە مەدینە بە شێوەیەك بایەخی بازرگانی پەیدا كرد لە گرنگی مەككەی كەم كردەوە، ئەگەر ماڵی كەعبە لە مەككەدا نەبوایە خەڵكی نەدەچوون بۆ زیارەت و مەككە بە تەواوەتی وێران و چۆڵ دەبوو. دوای ئەوەی پێغەمبەر (د.خ) لە مەككەوە كۆچی كرد بۆ مەدینە ئێمە نیشتەجێی مەدینە بووین و بوو بە پایتەختی ئیسلام ، دوای ئەوەی پێغەمبەر (د.خ) كۆچی دوایی كرد ئەبوبەكر بوو بە خەلیفە و ئەشی توانی بگەڕێتەوە مەككەو بیكات بە بە پایتەختی ئیسلام كەچی نەی كرد و لە مەدینە مایەوە دوای ئەبوبەكر عومەری كوڕی خەتاب بوو بە خەلیفەو لەسەردەمی خەلافەتی ئەودا ئیسلام گەشەی كرد، لەو سەردەمەدا عائیشە قسەی بۆمن دەكرد دەیوت ئسلام بە جۆرێك گەشەی كردووە لەلای ڕۆژهەلآتەوە گەیشتووەتە ڕووباری ( جەیحون ) و لەلای ڕۆژئاواوە گەیشتووەتە نزیك سەرچاوەی ڕوباری نیل لە میسر. لەبەر ئەوەی لەسەردەمی خەلافەتی عومەردا ئیسلام زۆر گەشەی كرد وتیان بە عومەر پایتەختی ئیسلام بگوازرێتەوە جێگەیەكی تر باشترە، چاكتروایە ئەو شوێنە (مەدائین) بێت، چونكە ناوەڕاست و ناوەندی جیهانی ئیسلامییە. عومەر قبوڵی نەكرد و وتی چونكە محەمەد (د.خ) شاری مەدینەی كردووە بە ناوەندی ئیسلام، من لێرە دەبم و ناچم بۆ جێگەیەكی تر.

بازرگانەكانی مەككەش كۆچیان كرد بۆ مەدینە، چونكە لەوێ بازرگانی زیاتر پەرەی سەندبوو، دوای ئەوە عوسمان بوو بە خەلیفە درێژەی بە ڕێبازی ئەبوبەكرو عومەردا و لە مەدینەدا مایەوە، دوای عوسمان عەلی كوڕی ابی طالب بوو بە خەلیفە و ئەویش بڕوای وابوو لەبەر ئەوەی پێغەمبەر(د.خ) مەدینەی كردووە بە مەركەزی ئیسلام نابێ بگوازرێتەوە شوێنێكی تر.

عەلی ماوەیەك گواستیەوە بۆ کوفە ئەویش بە ناچاری، دەبوو بچێتە ئەویٚ بۆ سەرکوتکردنی ئەو جوولآنەوەی عائیشە لە بەسرەدا ڕێکی خستبوو، لەبەر ئەوە لە سەردەمی پێغەمبەر و (د.خ) پاشان لەسەردەمی چوار خەلیفەدا مەدینە پایتەختی ئیسلام بوو زۆر گەشەی کردوو ژمارەی دانیشتوانی گەیشتە دوو سەد هەزار کەس، بەلآم معاویە داهێنانی (بدعە) کرد و پایتەختی ئیسلامی لە مەدینەوە گواستەوە بۆ دیمەشق. ئیتر مەدینە گرنگی بازرگانی خۆی لە دەست دا. وتم ئەی دایکی موسڵمانان معاویە ماوەیەك والی سوریە بوو لە دیمەشق دائەنیشت دڵی لە دیمەشق هەڵنەئەکەندرا بۆیە پایتەختی ئیسلامی لە مەدینەوە گواستەوە بۆ سوریا، سۆدە وتی ئەم (بدعە)ی معاویە بە زیانی ئیسلام تەواو بوو،و من بڕواشم وایە (بدعە)ی تری زیان لە ئیسلام ئەدات، پرسیم (بدعە)ی تری خەلیفەی موسڵمانان چی‌یە؟ سۆدە وتی (بدعە)ی تری معاویە ئەمەیە لەسەردەمی ژیانی خۆیدا بە زۆر بۆ خەلافەتی (یەزیدی) کوڕی لە خەڵکی (بیعت)ی وەرگرت.

((ڕوونکردنەوە: معاویە ئەترسا لە دوای مردنی خۆی یەزیدی کوڕی نەبێتە خەلیفە، بۆیە لە ژیانی خۆیدا بە زۆر (بیعت)ی وەرگرت لە خەڵك بۆ خەلافەتی کوڕەکەی، بەلآم چوار کەس ئامادەنەبوون بەیعەتی پیٚ بکەن. یەکەم حسین کوڕی عەلی نەك تەنها ئامادە نەبوو (بیعت) بکات بە یەزید بۆ خەلافەت پاش مردنی معاویە، بەڵکو بەیعەتی بە معاویە خۆشی نەدا، دووەم عبدالرحمن کوڕی ئەبوبەکر خەلیفەی یەکەم ، سێهەم عبداللە کوڕی عومەر خەلیفەی دووەم، چوارەم عبداللە کوڕی زوبێر... ذبیح الله)).

ئایا تۆ تا ئەمڕۆ ئەمەت بیستوە خەلیفەیەك لەسەر دەمی ژیان و مانی خۆیدا بەزۆر (بیعت) وەرگریٚ لە خەڵك بۆ جێنشینی کوڕی خۆی، وتم ئەی دایکی موسڵمانان ڕەخنە مەگرە لە کارەکانی خەلیفە لەلای مندا، چونکە من بەرپرسی دەزگای نهێنی ئەوم ناتوانم ڕەخنەکانی تۆم گویٚ لیٚ بێت. ئەرك و لێپرسراوی من بەرگری دەکات لەوەی کە گویٚ بۆ ڕەخنەکانی تۆ بگرم. سۆدە وتی زۆر باشە، من

ئیتر ڕەخنە لە ئیش و کارەکانی معاویە ناگرم و سەبارەت بە عائیشەش قسەکانم تەواو بوو.

وتم ئەی دایکی موسڵمانان من چاوەڕێی تۆم سەبارەت بە ئیش و کارەکانی عائیشە لە پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ) قسەم بۆ بکەیت، ئەمەوێت بزانم دوای ئەوەی پێغەمبەر (د.خ) کۆچی دوایی کرد ئیشە سیاسیەکانی عائیشە چی بوون؟ سۆدە وتی من ناتوانم سەبارەت بە ئیش و کاری سیاسی عائیشە لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ) هیچ بە تۆ بڵێم، چونکە دوای مردنی پێغەمبەر (د.خ) ژنەکانی لەیەك جیا بوونەوە و من نازانم عائیشە چی کردووە. زانیاری من سەبارەت بە عائیشە لە دوای کۆچی پێغەمبەر (د.خ) هەر ئەو زانیاریەیە کە تۆو خەڵکانی تر دەیزانن، من ئیتر نەمتوانی لەوە زیاتر لە سۆدە زانیاری وەرگرم بۆیە خوا حافیزیم لێ کردو لە ماڵەکەی چوومە دەرەوە.

## پیشەکارانی ئێرانی لە خزمەت موسڵماناندا

یەکێکی تر لەو کەسانەی کەمن لێکۆڵینەوەم لەگەڵ کرد (زید) غولامی ئازاد کراوی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) بوو، دەمزانی زید پیاوێکی پیرو پەککەوتەیە و بە یەکێك لە ئەسحابەکانی پێغەمبەر (د.خ) دەژمێرێت. لەناو موسڵماناندا پلەو پایەیەکی گەورەی هەبوو. (زید) پیاوێك نەبوو کەمن بتوانم بانگی کەم بۆ شوێن کاری خۆم و لەوێ لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەم، بۆیە غولامەکەی خۆمم نارد و داوای مۆڵەتم لێ کرد کە بچمە ماڵەکەی خۆی ، (زید) مۆڵەتی داو کاتێك من چوومە ماڵەکەی ویستی بۆ ڕێز لێ نانم هەستێتە سەرپێ، بەلام من نەمهێشت.

دوای ئەوەی هۆی چونەکەم بۆلای باس کرد، پێی وتم (ابن ارطاة) من غولامی پێغەمبەر (د.خ) بووم و ئازادی کردم، شانازی بەوەوە دەکەم من سێیەمین کەس بووم کە دینی ئیسلامم قبوڵ کرد. یەکەم کەس خەدیجەی ژنی پێغەمبەر (د.خ) بوو دووەم کەس عەلی کوڕی ئەبی تالب بوو، منیش سێیەم کەس و دوای من

عبدالله کوڕی عوسمان کە ناسراوە بە (ئەبوبەکر) کە لە دوای مردنی پێغەمبەر (د.خ) بوو بە یەکەمین خەلیفەی موسڵمانان.

پێش ئەوەی محەمەد (د.خ) لەلایەن خوداوە بنێردرێت بە پێغەمبەری بازرگانی دەکرد کاڵای دەرەجە یەکی ئاوریشم بوو، ئەو ئاوریشمە لە چینەوە ئەهاتە ئێران و لە ئێرانیشەوە بۆ حجاز. بۆکڕینی ئاوریشم من چەندین جار لەلایەن محەمەدەوە (د.خ) ئەچووم بۆ ئێران و هەر جارەی ماوەیەك ئەمامەوە و زمانی ئێرانی بە پێی پێویست فێر بووم. لە وڵاتی ئێراندا لە هیچ شارێك نە ئەمامەوە و بۆ کڕینی کاڵا لە شارێکەوە ئەچووم بۆ شارێکی تر، سەیرم کرد لە شارەکانی ئێراندا سنعەت کاری دەست ڕەنگین زۆرن کە ئەتوانن هەموو جۆرە سنعاتێك بکەن، لەوانەش هەموو جۆرە چەکێك دروست بکەن. دوای کۆچی پێغەمبەر (د.خ) لە مەککەوە بۆ مەدینە دووبارە من بۆ کڕێنی ئاوریشم چوومەوە بۆ ئێران، ڕێگەم نزیکتر بوو بوەوە لە مەدینەوە بۆ سوریا و لە سوریاوە بۆ ئێران. هەر جارێك کە دەگەڕامەوە بۆ مەدینە هەستم دەکرد مەترسی دوژمنان بۆسەر ئیسلام زیاتر بووە. جارێکیان دوای گەڕانەوەم لە ئێران بە پێغەمبەرم (د.خ) وت ئەگەر ئێمە بتوانین هەندێك سنعەت کاری دروست کردنی چەك لە ئێران یان لە سوریە بهێنین بۆ مەدینە، ئەتوانین لە مەدینە هەموو جۆرە چەکێك دروست بکەین ( چونکە هەندێك وەستای ئێرانی چەك دروست کەر لە سوریادا دەژیان). وتم یا پێغەمبەر (د.خ) وا هەست دەکەم ڕۆژێك دێت کە لەگەڵ دوژمنانی ئیسلامدا بجەنگێین بۆ ئەو ڕۆژە دەبێت چەکمان هەبێت تا بتوانین بەرگری لە خۆمان بکەین و دوژمنان نەتوانن موسڵمانان لە ناو بەرن. پێغەمبەر (د.خ) ئەم قسەی منی پەسەند کردو وتی موسڵمانان دەبێت بەهێزبن، بەڵام دروست کردنی چەکیش پارەی ئەوێت، موسڵمانان ئەمڕۆ پارەیان نی‌یە بیدەن بە ئاسن و وەستایان بیتوێننەوە و چەکی لێ دروست بکەن. ئەو وەستایانە ئێرانی بن یان هەر قەومێکی تر کرێیان دەوێت، پارەش نیە تا سەرف بکرێت بۆ کرێی وەستایانی دروست کەری چەك، سەرەڕای ئەوەش هۆزی قورەیش لە مەککەدا دەژیان و مەدینەیان خستبووە ژێر گەمارۆی ئابوری،

قورەیشیەكان نەیان ئەهێشت كاروانەكانی مەدینە بەرەو باشور بۆلای مەككەوە بڕۆن و نەیان ئەهێشت ڕێگەی باكور بۆلای سوریاوە بگرنەبەر.

كاتێك پێغەمبەر (د.خ) ئەمەی زانی بڕیاریدا ئێمەش پێچەوانەی ئەوان نەهێڵین كاروانەكانی مەككە لە ناوچەی مەدینەوە گوزەر بكەن بەرەو سوریا، یان دوای گەڕانەوە لە سوریا لە مەدینەوە گوزەر بكەن بۆ ناو مەككە بەرەو باشور، موسڵمانەكان لە بەرامبەر كارەكانی ئەواندا هێرشیان كردە سەر چەند كاروانێك و دەست كەوتی زۆریان كەوتە دەست، كاتێك هەستم كرد موسڵمانان كەمێك داراییان زۆر بووە جارێكی تر پێشنیاری دروست كردنی چەكم بۆ پێغەمبەر (د.خ) كردەوە، فەرمووی من خۆم لەو بیرەدام و منی ڕاسپارد بچم بۆ ئێران و سوریا هەندێك وەستای چەك دروست كردن پەیدا بكەم و لەگەڵ خۆم بیان هێنمەوە بۆ مەدینە و هەنگاو بنێم بۆ كڕینی ئاسن ، چونكە كەرەستەی خاوی چەك ئاسنە و ئاسنیش لە مەدینەدا دەست نەئەكەوت. من ئەمزانی ئاسن لە زەویدا دەست دەكەوێت و بەردی كانزا لە ناو زەویدان بە ئاگر و ئەوانە ئەتوێنرێنەوە، ئەشم زانی یەكەم قەومێك سەركەوتوبوو لە دەرهێنانی ئاسندا قەومێك بوون لە ئاسیای بچوك. ((ڕوونكردنەوە: ئەو قەومە زەید ئاماژەی بۆ كردووە میلەتی (هاتی) بوون لە توركیای ئێستادا دەژیان.... ذبیح الله)).

بەڵام قەومی ناوبراو لە نێو چوون و لەباتی ئەوان ئێرانیەكان لەو سەر زەویەدا دەستیان دایە دەرهێنانی ئاسن و بەكاریان هێنا بۆ پێویستیەكانی خۆیان و زیادەكەشیان دەفرۆشت بە دراوسێ و دەوروبەریان ، تا ئەمڕۆش پیشەسازانی سوری ئاسن لە ئێران دەكڕن. ئێمە ئەگەر وەستاشمان بوایە لە عەرەبستانداو ئاسنیشمان لەناو جەرگەی زەویدا دەربهێنایە دووبارە پێویستمان بە ئاسنی ئێران هەر دەبوو ، چونكە لەسەر زەوی عەرەبستاندا ( معدن )ی كانزای ئاسن نیە ، بەڵام لە ئێراندا كانزای ئاسن زۆرە.

من بە پێی فەرمانی پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) دوای ئەوەی گەیشتمە ئێران چوار وەستای دروست كردنی چەكم گرت ، یەكێك لەوانە وەستای دروست كردنی

شمشێرو خەنجەر بوو، یەکێکی تریان هی دروست کردنی (زرێ) کراسی زرێ، سێهەم گوررزو کڵاوخودەی دروست دەکرد و چوارەم لە دروست کردنی تیرو کەواندا شارەزایی هەبوو. لە عەرەبستاندا ئێمە خەڵکمان هەبوو تیرو کەوانی دروست دەکرد، بەڵام وەك وەستاکانی ئێران شارەزاییان نەبوو. پێش ئەوەی بگەڕێمەوە پێم وتن هەر جۆرە کەرەستەیەکی پێویستە بۆ ئیشەکەتان لەگەڵ خۆتان بیهێنن ، چونکە ڕەنگە ئەو کەرەستەی کە ئێوە پێویستتان پێی بێ لە عەرەبستاندا دەست نەکەوێت.

یەکێك لەو شتانەی کە پێویست بوو بۆ دروست کردنی کەمانەکان داری چواله بوو کە لە عەرەبستاندا دەست نەئەکەوت ، دارچواله دارێکە لە هەندێ ناوچەی ئێراندا لە قەدپاڵی کەژو کێوەکاندا خۆڕسکە و لە هەندێك جێگەدا پێی دەوترێت بادامی کێوی. داری ئەو درەختە زۆر مەحکەم و قابلیەتی گەڕانەوەی زۆرە ، بۆ دروست کردنی کەوان چاکترین داری جیهانە. شێ و گەرما کاری لێ ناکات و ڕەنگیشی ناگۆڕێت.

بە ڕێنوێنی وەستای کەوان دروست کەرەکە هەندێك لە داری ئەو درەختەو هەندێك ئاسنم کڕی و لەگەڵ وەستاکانی تردا ڕێگەی حیجازمان گرتەبەر تا گەیشتینە مەدینە، من ئەمزانی بۆ دروست کردنی چەك وەستاو ئاسن پێویستە ئەگەر ئەو دوانە هەبێت لە مەدینەدا ئەتوانین بڕێکی زۆر چەك دروست بکەین ، چونکە هەندێك لە موسڵمانان دەبوونە شاگرد لای وەستاکان و ئەوانیش فێری هونەری دروست کردنی چەك ئەبوون. کە گەیشتینەوە مەدینە وەستاکان کورەیان دروست کردو ئاگریان کردەوە و دەستیان کرد بە دروست کردنی چەك ، زۆربەی ڕۆژەکان دوای نوێژ پێغەمبەر (د.خ) سەردانی وەستاکانی دەکرد تا بزانێ چەند چەکیان دروست کردووە، هەرکات پێش کەوتنی دەبینی ڕەزامەندی دەرئەبڕی. وەستاکان پاش ماوەیەك فێری زمانی عەرەبی بوون و هەرجارەی پێغەمبەر (د.خ) سەردانی کارگەی دەکرد لەگەڵیدا بە عەرەبی قسەیان دەکرد ، هەرچەند سەروەت‌و دارایی موسڵمانان زیاتر دەبوو ئێمە زیاتر ئاسن و داری بادامی کێویمان دەکڕی‌و

کاری چەك دروست کردن گەورەترو فراوان تر دەبوو. بڕێك لە موسڵمانان لە ئێرانیەکانەوە فێری چەك دروست کردن بوون و خۆیان کارگەی تازەیان دائەمەزراند و دەستیان بە دروست کردنی چەك دەکرد.

ڕۆژێك عائیشە داوای لە پێغەمبەر (د.خ) کرد لەگەڵ خۆیدا بیبات کاری پیشەسازانی ئێرانی ببینیٚ، ئەویش لەگەڵ خۆی بردی و کاتێك سەیری دەست ڕەنگینی کردن سەری سوڕماو بە عەرەبی قسەی لەگەڵ کردن. دایکی موسڵمانان لێی پرسین ئایا ڕازین لەم شارەدا بمێننەوە؟ لەم شارەدا خۆش گوزەرانن یان نا؟ ئەو وەستایەی کە خەریکی دروست کردنی (زریٚ) بوو و چەند شاگردێکی عەرەب لەبەر دەستیدا بوون وتی موسڵمانان خەڵکی خاوەن ڕێزو خۆشەویستین، لەو ڕۆژەوە ئێمە لەم شارەدا ماوینەتەوە نەیانهێشتوە ناخۆش گوزەران بین بە تایبەت پێغەمبەری ئێوە (د.خ) پیاوێکی ڕەئوف و خۆشەویستە.

عائیشە پێی وتن ئەگەر وایە بۆچی دینی ئیسلام پەسەند ناکەن و موسڵمان نابن، ئێوە ئەگەر پێغەمبەری ئێمە (د.خ) قبوڵ بکەن جگە لەوەی دەبنە بەشێك لە ئێمە ئیتر کەس لەم شارەدا بەچاوی بێگانە سەیری ئێوە ناکات و ئەتوانن ژن بهێنن و منداڵەکانیشتان موسڵمان دەبن. وەستای (زریٚ) دروست کردن وتی من حەز ئەکەم ئیسلام ببم بەلاٚم دەبیٚ مشوٚرەت بکەم بە هاوکارەکانم، عائیشە وتی قبوڵکردنی دینێك کە حەقە پێویست بە مشوٚرەت و ڕاوێژ ناکات، دینەکە قبوڵ بکە تا موسڵمانان ژنیشت بدەنیٚ و تۆش وەك خۆیان سەیر بکەن.

تۆ ئەگەر بزانی دینی ئێمە حەقەو دوای قبوڵکردنی ئیسلام ترست نامێنیٚ و لە سەرزەنشتی هاوکارەکانی خۆت، چونکە دەزانی کردەوەیەك کە کردوتە بەرامبەرە بە چاکەو خێرو ڕاستە، کەسێك ڕاستی پەسەند بکات لەسەر زەنشتی خەڵکانی تر ترسی نامێنیٚ. وەستای (زریٚ) دروست کەر قسەکانی دایکی موسڵمانان کاری لێکرد و لە پێغەمبەری (د.خ) پرسی بۆ ئیسلام بوونم دەبیٚ چی بکەم؟ پێغەمبەر (د.خ) وتی شایەتمان بهێنی یەکسەر ئیسلام بوویت.

کابرا بە ڕێنوێنی محەمەد (د.خ) شایەتومانی هێناو موسڵمان بوو، دوای ئەو سێ وەستاکەی تر موسڵمان بوون. دوایی ژنیان لە موسڵمانانی مەدینە هێنا، ئەو چوار کەسە ئێستا یەکیان ماوە و لە مەدینەدا دەژیت، بەڵام پیر بووە. بۆیە ئەمەم بۆ باس کردی تابزانی بۆچی موسڵمانان لە مەدینەدا بەو شێوەیە بەهێزە بوون و پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ) توانیان لەشکری گەورە چەکدار بکەن و بچنە مەیدانی جەنگەوە، دوای ئەوەی پیشەسازانی ئێرانی لە مەدینەدا موسڵمان بوون پێغەمبەر (د.خ) فەرمانی‌دا حەق دەستیان زیاد بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن ئیدارەی ژن و منداڵیان بەڕێوە بەرن. موسڵمان کردنی چوار پیشەسازی ئێرانی یەکەم خزمەتی عائیشە بە دینی پیرۆزی ئیسلام نەبوو، بەڵکو دوای ئەوەش چەندین کەسی تری لە عەرەبەکان موسڵمان کردو ئەوانی هێنایە ناو ئۆمەتی ئیسلامی. دوای ئەوەی پێغەمبەر (د.خ) لە مەککەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە، ئیش وکاری موسڵمانان ئەوەندە زۆر بوو زۆربەی کاتی بۆ ئەوان تەرخان کردبوو، ئیتر ماوەی نەما بەکاری بازرگانیەوە خەریك بێت، پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) هەموو ئیش و کارێکی بازرگانی سپارد بەمن.

لەو کاتە بە دواوە من بۆ پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) کەسابەت و بازرگانیم دەکرد و لە دەرەوە کالاو شمەکم دەهێناو دەمفرۆشت، لە دوای هەر سەفەرێك هەرچیم بفرۆشتایە وەجی ئەو شتەم بە تەواوی و بە ڕێك و پێکی تەسلیم بە پێغەمبەرم (د.خ) دەکرد. ئەویش بە ناونیشانی سەرمایەی بازرگانی بەشێکی دەخستە لاوە بۆ ئەوەی دووبارە من کەسابەتی پێوە بکەم و بەشێکیشی بە ناونیشانی حەقی زەحمەت ئەدا بە خۆم، باقیەکەی تری ئەگواستەوە بۆ (بیت المال) تا سەرف بکرێت بۆ موسڵمانان.

## نامەی پێغەمبەری ئیسلام ( د.خ ) بۆ پادشای ئێران

یەكێك لە فەرمانەكانی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) كە دەرچوو بۆم و جێبەجێم كرد ئەوەبوو لە سەفەرێكمدا بۆ ئێران بۆ كڕینی كالاَ پێی وتم، نامەیەكم نوسیوە بۆ خەسرەو پەروێز پادشای ئێران كاتێك گەیشتیتە پایتەختی ئێران نامەكەی بدەریْ. پێغەمبەر (د.خ) كەمنی بانگ دەكرد دەیوت كوڕەكەم كەم جار بەناوی (زید) بانگی دەكردم، پێی وتم كوڕم لەوانەیە تەسلیم كردنی ئەم نامە بە خەسرەو پەروێز بێتە جێگەی مەترسی بۆ تۆ ، چونكە لەم نامەدا دەعوەتی پادشای ئێرانم كردووە دینی ئیسلام قبولْ بكات و پەیوەندی بكات بە ( امت )ەوە ، هەرچەندە تۆ ئەركی تەتەرێك جێبەجێ دەكەیت و هیچ كەس سەبارەت بەنامەبەر دڵگران نابێت، بەلاَم لەوانەیە لێت توڕە بێت و فەرمانی سزادانت دەربكات.

وتم ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ) هەر فەرمانێك تۆ بۆمنی دەركەیت جێبەجێی دەكەم، هەرچەند بزانم فەرمانی كوشتنیشم ئەدەن. فەرمووی كوڕم حەز ناكەم بكوژرێیت حەز دەكەم دوای تەسلیم كردنی نامەكە كالاَكان بكڕی و بگەڕێیتەوە بۆ مەدینە ، من لە مەدینەوە كەوتمە ڕێ بۆ مەدائینی پایتەختی ئێران، لە ڕێگەی سوریاوە خۆم گەیاندە نێوان دوو ڕووبار ، بەلاَم كاتێك گەیشتمە مەقسەد وتیان خەسرەو پەروێز بەهۆی گەرمای هاوینەوە چووە بۆ كاخی شیرین (قەسرو شیرینی ئێستا... ذبیح الله)، تاكاتەكانی هاوین لەویْ بەسەر ببات.

من چەندین جار سەفەری ئێرانم كردبوو شارەزای ژیان و ڕابواردنی خەسرەو پەروێز بووم زۆرتر كاتی لە خواردن و خواردنەوەو ڕابواردندا سەرف دەكرد ، لە ئێراندا كەس ژمارەی ڕاستی ژنەكانی خەسرەو پەروێزی نەئەزانی. لە هەندێك كەس بیستبووم (٥٠٠٠) پێنج هەزار ژنن و هەندێكی تر دەیانوت (١٠) دە هەزارن، ئەو ژنانەش لە یەك جێگەدا نەبوون هەندێك لەوانە لە مەدائین دەژیان و بڕێكی تریان لە كافی شیرین و لە (ئەكباتان) هەمەدان دەژیان.

من له ئێرانیەکانم بیستبوو هیچ کەس لە پاشاکانی تری ڕابوردو له ئێراندا ڕەونەق و دەزگای ڕازاوەی خەسرەو پەروێزیان نەبووه، لە ئێراندا تەنها یەك جار خەسرەو پەروێزم دیوه لە مەدائینـدا، ئەو ڕۆژەی من چاوم پـیّ کەوت خەسرەو پەروێز بە کەژاوەی ڕەسمـی لەناو خیابانەکانی مەدائین دا تـیّ ئەپەڕی، لە پێشیەوه بیست زنجیره فیل دەڕۆیشتن، لە دوای ئەوانەوه سوارانی تایبەتی کە هەموویان له شازادەکانی ساسانی بوون ، لە دوای ئەو سواره تایبەتیانەوه دوو سەد کەس بەڕێوه بوون هەندێکیان عەتریان دەپژاند بەناو هەواداو هەندێکیان گوڵیان دەپژاند بە سەر زەویدا، ئینجا خەسرەو پەروێز بە سواری ئەسپ دەهات زینی ئەسپەکەی زێڕین و جەواهێراوی بوو له دوای ئەویشەوه دەستەیەکی تر لە سواره تایبەتییەکان له جوڵەدا بوون.

بەڵیّ دوای ئەوەی زانیم خەسرەو پەروێز چووه بۆ کاخی شیرین له مەدائینـەوه کەوتمه ڕیّ بۆ ئەویّ، بەلاّم پاش ئەوەی گەیشتمه کاخی شیرین وتیان چووه بۆ (ئەکباتان) هەمەدان، لەوێشەوه کەوتمەڕیّ بۆ ئەکباتان کاتێك بەرەو هەمەدان دەچووم پێشبینی ئەوەم ئەکرد بۆ گەیاندنی ئەم نامه دووچاری کێشەو دەردی سەری ببم ، هەرچەنده من نوێنەرێك بووم لەلایەن پێغەمبەری ئیسلامەوه (د.خ) ئەچووم بۆلای خەسرەو پەروێز، بەلاّم پێویستی ئەوەم پیّ نەبوو کە هی نوێنەرێك بێت.

بە پێی یاسایەك لە وڵاتانی بێگانەدا بەڕێوه ئەچێت نوێنەر یان نێردراو بە تەنیایی لە وڵاتی خۆیەوه ناچێت بۆ وڵاتێکی تر، لەگەڵ چەند کەسێك پارێزگارو خزمەت کاردا کە هەندێك پێش کەش و دیاریشیان پیّیە دەچن بۆلای ئەو کەسەی نێردراون بۆلای ، بەلاّم من تەنها بووم هیچ شتێکم پیّ نەبوو کەسیشم لەگەلاّ نەبوو تا بچمە لای خەسرەو پەروێز ، بەلاّم لەبەر ئەوەی زمانی فارسیم ئەزانی لەو بڕوادا بووم بتوانم نامەی پێغەمبەر (د.خ) تەسلیم بە خەسرەو پەروێز بکەم و وەلاّمیشی وەرگرمەوه.

لە هەمەدانـدا چـوومە دەربـاری پادشـای ئێـران و نـاوی خـۆم بـە پاسـەوانانی دەربار وت، وتم لە مەدینەوە هاتووم هەڵگری نامەی پێغەمبەری ئیسلامم (د.خ) كە بۆ خەسرەو پەروێز نوسراوە، وتیان نامەكەمان بدەرێ تا بیگەیێنینـە لای پادشا. وتم نـاتوانم بتـان دەمـێ دەبـێ بیدەمـە دەسـتی خـۆی، وتیـان دەبـێ سـێ ڕۆژی تـر چاوەڕێ بكەیت دوای سێ ڕۆژی تر ڕۆژی یەكەمی مانگ دێتە پێشەوە ئەو كات تۆ وەك خەڵكی تر ئەتوانی خەسرەو پەروێز ببینی و نامەكەی بدەیتێ، دەركەوت كە یاسایی خەسرەو پەروێز ئەوەیە لە ڕۆژی یەكەمی هەموو مانگێك دا هەموو كەس ئەبینێ، ئەوانەی ئەیانەوێت سەردانی بكەن بۆ تەسلیم كردنی نامە یان شكات یان هەرچی تر.

پـاش سـێ ڕۆژ ئـەو جێگـەیان پیشـان دام كـە لـەوێ خەسـرەو پـەروێز خـەڵك دەبینـێ، مـن چـووم و كـەس پێشـی نـەگرتم چـوومە نـاو هـەیوانێكی گـەورە، خەسـرەوی دووەم لـەوێ لـە ناوەڕاسـتدا دانیشـتبوو پـێش مـن سـێ كەسـی تـر هاتبوون بۆ شكات گوێی لێ گرتن و بەوانەی دەوروبەری وت كە ئیشیان جێبەجێ بكەن ، ئینجا سەرەی من هات و لێی نزیك بوومەوە، پاش ئەوەی سەیری كردم وتی ئەی كابرای عەرەب تۆ خەڵكی كام ولایەت نشینی منی؟ وتم ئەی پادشای ئێران من عەرەبم، بەلاّم نیشتەجێی ولایەتی قەڵەم ڕەوی تۆ نیم، خەڵكی مەدینەم و لەلایـەن پێغەمبـەری ئیسـلامەوە (د.خ) نامـەم بـۆ تـۆ هێنـاوە و وەلاّمـی وەرگـرم و بگەڕێمەوە دوای ئەم قسانە نامەكەی پێغەمبەر (د.خ) كە لەسەر پێست نوسرابوو دامە دەست پادشای ئێران خۆی.

سەیری نامەكەی كردو لێی ورد بویەوە، وتی من ناتوانم ئەم خەتە بخوێنمەوە بـەلاّم دەزانم خـەتی عەرەبییـە ، ئینجـا تـەرجومانی بـانگ كـرد تـا نامەكـە بخوێنێتەوەو بۆی شەرح بكات. لەو نامەدا پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەعوەتی خەسرەو پەروێزی كردبوو دینی ئیسلام قبوڵ بكات و لە ناو میللەتی خۆیدا دینـی خـوا بـلاّو بكاتـەوە و ئێرانیـەكان موسـڵمان بـن و بـۆ سـەر ڕێگـەی ڕاسـت هیدایەت بكرێن ، پاش ئەوەی تەرجومانەكە لە وەرگێڕانی نامەكە بویەوە ، پرسی

ئەی کابرای عەرەب ئەو کەسە کێیە ئەم نامەی بۆمن ناردووە؟ وتم ئەی پادشای ئێران ئەوە پێغەمبەری خوایە ، خوا وەحی بۆ دەنێرێ و ناوی محەمەدە (د.خ).

پرسی شوێنی نیشتەجێ بوونی کوێیە؟ وتم شاری مەدینە کە پێشتر پێی وتراوە (یثرب) وە لە ولاتی تۆدا پێی دەڵێن (یاتراب). خەسرەوی دووەم وتی ئایا دینی ئەم پێغەمبەرە پەرەی سەندووە؟ وتم ئەمڕۆ سەرانسەری دورگەی عەرەبی گرتوەتەوە و لەبەر ئەوە دینی خوایە لە سەرانسەری جیهاندا پەرە ئەسێنێ ڕ وتی ئەزانی هێنانی ئەم نامە لەلایەن تۆوە بۆمن (ئیهانەیە)، وتم لەم نامەدا شتێك نەنوسراوە لایەنی (توهین) بێ بە کەسێك بەڵکو ئەوە ڕابەری تۆیە بەرەو ڕزگاری.

خەسرەو پەروێز سەیرێکی کردم و ساتێك وەستا و ئینجا وتی ئەمڕۆ ڕۆژی یەکەمی مانگە و لەم ڕۆژەدا هەموو کەس ئەتوانێ بە ئازادی بێتە لای من و چی بڵێت ئازادە، ئەگینا فەرمانم ئەدا کە سەرت لە لەشت بکەنەوە. وتم ئەگەر بمکوژن شەهید دەبم هەر موسڵمانێك لە ڕێی ئەم دینە و فەرمانەکانی پێغەمبەردا (د.خ) بکوژرێت دەگاتە پلەی شەهیدی یەکسەر دەچمە بەهەشت.

وتی کابرای عەرەب نامەوێ لەمە زیاتر لێرە بوەستی بڕۆ، وتم ئێستا دەڕۆم بەلاٌم دەمەوێ بزانم بۆچی هەست دەکەیت (توهین) کراوی؟ وتی کاتێك دەعوەتی پیاوێکی وەك من بکرێت بۆ گۆڕینی دینم ئەو دەعوەتە ئیهانەیە، وتم پرسیارم تەواو بەلاٌم وەلاٌمی پێغەمبەر (د.خ) چییە؟ وتی وەلاٌمم ئەوەیە کە دینی خۆم ناگۆڕم، ئینجا من لە هەیوانەکە هاتمە دەرەوەو گەڕامەوە.

((ڕوونکردنەوە... تذکرە نوسانی ئیسلامی نوسیویانە دوای ئەوەی نامەکەی پێغەمبەر (د.خ) حاڵی بوو دڕاندی بە پێی وتەی تذکرە نووسانی ئیسلامی هۆی کوشتنی خەسرەو پەروێز ئەوە بووە نامەی پێغەمبەری گەورەی ئیسلامی دڕاندووە. بەندە کاتێك خوێندکار بووم لە مامۆستاکەی خۆم ڕەحمەتی خوای لێبێت بیستوومە دوای ئەوەی هەواڵی دڕاندنی نامەکە گەیشتە محەمەد (د.خ) فەرموویەتی چۆن نامەکەی دڕاندووە ئاوا سکی ئەدڕێت، بەلاٌم ئەمڕۆ تێ دەگەم و دەزانم کەسێك خاوەنی گەورەیی هێزی ڕۆحی حضرەتی ( رسول الله )یە (د.خ)

ئەم وشە بەدەمیا نایەت، بەلاّم مەسەلەی دڕاندنی نامەی پێغەمبەر (د.خ) لە هەموو تذكرە نوسراوەكانی مێژووی ئیسلامدا هەیە كە كاتێك (شارەبانو كچی یزد گرد) سیٚهەم پادشای ساسانی دیل كراو ئەویان بردە مەدینە بە جۆرێك بۆ بەد بەختی خۆی نیگەران بوو، باپیرەی خۆی خەسرەو لەعنەت كردو بەو شێوە خوالیٚ خۆش بوو ( ڕەحیمی صفوی ) نوسیویەتی ئەم عبارەتە لە مزگەوتی مەدینەدا كاتێك مەولایان عەلی ئەبی تالب و عومەر كوڕی خەتاب ئامادە بوون وتی (روان نیاكم پرویز را ارمش مباد كە نامە پیغمبر تازی درید و نژاد ساسانیان بدین روز نشانید)، بەلاّم بەم شێوە لێرەدا ئەخوێنینەوە (زید) غولاّمی ئازاد كرا و یەكێك بووە لە سەحابەكانی پێغەمبەر (د.خ) باس لە دڕینی نامەكە ناكات، دیارە پاش ئەوەی (زید) هاتوەتە دەرەوە خەسرەو پەروێز دوای ئەو نامەكەی دڕاندووە..... ذبیح الله). (تذكرە: یادەوەری یان كتێبێك كە شەرحی حاڵی عارفان یان دانشمەندان یان مەشایخی تێدا كرابیٚ.. فرهنگ عمید... و. كوردی).

من گەڕامەوە مەدینە و چۆنیەتی تەسلیم كردنی نامەكەم بە خەسرەو پەروێز بۆ پێغەمبەر (د.خ) باسكرد و ئەویش فەرمووی خەسرەو پەروێز هەلێكی لە دەست داوە گران بەها، بەلاّم ڕۆژێك دەبێت میللەتی ئەو موسڵمان دەبن و ئەم دینە لەسە زەوی عەجەمدا بلاّودەبێتەوە.

## ڕووداوی میعراج

(زید) وتی پێش بینی پێغەمبەر (د.خ) ڕاست دەرچوو ئێرانیەكان موسڵمان بوون، ئەوەتا لە ولاّتی ئێران دەنگی بانگ دەبیستن ، وتم (زید) تۆ لە دۆستە نزیكەكانی پێغەمبەر (د.خ) بوویت داواكارم دووبارە سەبارەت بە عائیشە قسەم بۆ بكەیت.

زید وتی شتێكی تر كە من لەسەر عائیشە بە بیرم دێت ڕووداوی (معراج)ە، پرسیم ئەو ڕووداوە چییە؟ زید پرسی ئایا تۆ ڕووداوی ( معراج )ت نەبیستووە؟

وتم ئایا کەس هەیە موسڵمان بێت و ڕووداوێکی وەك معراجی نەبیستبێ کە لە ژیانی پێغەمبەری ئیسلامدا (د.خ) گەورەترین ڕووداوە، وتی بەڵێ ڕێك دەکەوێت پیاو یان ژنێکی موسڵمان نەزانێ کە پێش کۆچ لە شەوی بیست و حەوتەمی مانگی ڕەجەب دا پێغەمبەری ئێمە (د.خ) چووە بۆ ئاسمان، من خۆم لە سەفەرەکانمدا هەندێ دەشتەکیم دیوە ئاگایان لە ڕووداوی معراج نەبووە، بەڵام کەسانی وەك تۆ کە لە ڕیزی ئەو موسڵمانانەدایت زانیاریتان هەیە لەسەر ئیسلام لەم ڕووداوە ئاگاداری دەبێ زانایانی ئیسلام ئەم ڕووداوە بە درێژی لە ناو کتێبەکاندا بنوسن تا لە دوا ڕۆژدا موسڵمانان ئاگاداری ئەم ڕووداوە بن. یەکێك لە شاکارەکانی عەلی کوڕی ئەبی تالب لەسەردەمی کورتی خەلافەتی خۆیدا ئەوەبوو هەندێك لە زانایانی ئیسلامی و ئەسحابەکانی پێغەمبەری (د.خ) کۆکردەوە تا شورایەك ڕێك بخەن و لە ژێر چاودێری خۆیدا هەموو ڕووداوەکانی سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) بنوسنەوە، تا موسڵمانان لە دوا ڕۆژدا ئاگاداری ئەو ڕووداوانە بن، بەڵام بەداخەوە سەردەمی خەلافەتی عەلی کورت بوو. دوای ئەوە معاویە بە خەلافەت گەیشت ئەوەی ئەو شورا (لیژنە) نوسیبویانەوە لێی وەرگرتن و لیژنەکەشی تێك دا، دیارە حەزی نەکرد ڕووداوەکانی سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) لە کتێبەکانی مێژووی ئیسلامدا بنوسرێنەوە چونکە نوسینەوەی ئەو ڕووداوانە بە دژی قازانجی خۆی و منداڵەکانی ئەزانی. بە هەرحاڵ یەکێك لە ڕووداوەکان دەبێ بنوسرێتەوە (معراج)ە هیچ کەسێك لە پێغەمبەرەکان جگە لە محەمەد (د.خ) نەگەیشتوەتە ئەو ئاستە، سەر کەوێ بۆ ئاسمان و لە حەوت ئاسمان تێ پەڕێت و بگاتە (سدرة المنتهی)، ئەمە تەنها بە نەسیبی پێغەمبەری ئێمە (د.خ) بووە. خواوەند ئەوەندەی خۆش ویستووە شەوی (معراج) بە ئاسمانەکاندا سەری خست و بردیە لای خۆی، من ڕووداوی ئەو شەوەم لە بیرە و لە ماڵی پێغەمبەر (د.خ)دا بووم لە مەککە، پێغەمبەر (د.خ) لە ژوورەکەی خۆیدا خەریکی خوێندنی نوێژی شەو بوو من لە نوێژ کردن بووبوومەوە و خۆم ئامادە ئەکرد بۆ خەوتن، هەرچەندە من لە ژوورەکەی خۆم دا بووم زانیم کە نوێژەکەی پێغەمبەریش تەواو

بووە و پێش بینی ئەوەم كرد كە دوای ئەوە پێغەمبەر (د.خ) مناجات ئەكات، ڕەوشی وابوو ئەو شەوانەی تەنها بوایە دوای نوێژكردن مناجاتی ئەكرد، لەو كاتەدا بە تەنها بوو خەدیجەی هاوسەری لە شعب مردبوو پێغەمبەری خوا ژنی نەبوو.

كاتێك دەستی كرد بە مناجات من گوێم شل كرد تا بزانم چی دەڵێت، گوێم لێبوو دەیوت ئەی خوا كە محەمەد (د.خ) یەكێكە لە بەندەكانی تۆ، تۆ دەزانی منیان لە هۆز دەركردووە، بەلاّم خەفەت ناخۆم بەوەی دەركراوم، چونكە دەزانم تۆی خوا بۆمن زیاتر لە خزم و هۆزو هەموو كەسی.

من ئاگاداری ئەوە بووم پێغەمبەری ئێمە (د.خ) لە هۆزی هاشم دەركرابوو ، لەوانە بوو جەماعەتی قوڕەیش بیكوژن، دوای ئەوەی مناجاتەكەی تەواو بوو لەناكاو وتی كوڕە.... كوڕە..... دامپۆشە.

من لە ژوورەكەوە ڕام كردو چوومە ژوورەكەی ئەو لە بەر ڕۆشنایی چراكەدا سەیرم كرد ڕەنگی پەڕیوە توشی شڵەژان بووە ، زانیم وەحی بۆ هاتووە هەركات وەحی بۆ ئەهات توشی ئەو حاڵەتە ئەبوو. عاباكەیم دا بە سەریاو لە ژوورەكە چوومە دەرەوە و گەڕامەوە بۆ ژوورەكەی خۆم ، نەخەوتم و دانیشتم چاوەڕێی ئەوە بووم نەوەك بانگم كاتەوە ، لە كاتی هاتنی وەحیدا بۆ پێغەمبەر (د.خ) بە هۆی جبرئیلەوە سەرتاپای عارەقی دەكردەوەو تەڕ دەبوو.

نازانم دیاری بكەم تا بزانم چەندی بێ چوو دووبارە داوای كردمەوە، بەلاّم ماوەیەكی زۆر نەبوو. چوومەوە لای عاباكەی لە خۆی دوور خستبووەوە لە دەم و چاوی عارەق دەچۆڕا نیشانەی ماندوو بوونی زۆری پێوە دیار بوو، من پارچەیەكم دەست كەوت و عارەقی سەروچاویم وشك كردەوە، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ) كەمێك ئاو بخۆیتەوە باش دەبیت ئاوت بۆ بهێنم؟ وتی نا كوڕم من ئەم شەو لە ابریق (الست) ئاوم خواردەوە، بڕۆ بۆ ماڵی عەلی بڵێ بێت بۆ ئێرە ئێنجا بڕۆ ئەبوبەكرو عائیشە بانگ بكە با بێن بۆ ئێرە.

من له ماڵ دەرچووم یەکەم جار چووم بۆ ماڵی عەلی نزیك تر بوو، پێغەمبەریش (د.خ) وتبووی ئەو لە پێشەوە ئاگادار کە ، دام لە دەرگای ماڵی عەلی دیار بوو نەخەوتبوو خۆی هات و دەرگای کردەوە پێم وت یا عەلی پێغەمبەر (د.خ) داوات دەکات. عەلی پرسی (زید) پێغەمبەر (د.خ) سەلامەتە؟ چونکە ئەو کات ترسی ئەوە هەبوو جەماعەتی قورەیش بیکوژن، وتم بەڵێ سەلامەتە، وتی خوا شوکر ئێستا ئەڕۆم تۆ دێیتەوە؟

وتم نا دەبێ بڕۆم ئەبوبەکرو عائیشەش بانگ بکەم ئینجا عەلی ڕۆیشت و منیش ڕێگای ماڵی عائیشەم گرتە بەر، کاتێك دام لە دەرگا کەنیزەکێك دەرگای کردەوە لێم پرسی عائیشە و باوکی خەوتون یان بە خەبەرن؟ وتی عائیشە خەوتووە بەڵام مەولام بە خەبەرە، وتم پێی بڵێ پێغەمبەر (د.خ) داوای دەکات لەگەڵ عائیشەی کچیدا.

وتی لە بەر ئەوە مەولام خۆی بە خەبەرە خۆت وەرە ژوورەوە پێی بڵێ، ئەبوبەکر گوێی لە تەقەی دەرگا بووبوو چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کەنیزەکە پێی بڵێت (مراجع) کێیە منی بینی وتی یا زید تۆیت؟ وتم بەڵێ یا ئەبوبەکر، ئەویش وەك عەلی شڵەژا و وایزانی لەم ناوەختەدا شتێك ڕووی داوە لە پێغەمبەر (د.خ)، ئەوم ئاسودە کردو وتم هیچ ڕووی نەداوە تەنها تۆو عائیشە داوا ئەکات.

وتی عائیشە بە خەبەر ئەکەمەوەو ئێستا ئەکەوینە ڕێ، من گەڕامەوە سەیرم کرد عەلی و فاطمە لە ژوورەکەدا لای محمد (د.خ) دانیشتون، بەڵام هەر هیلاك دێتە بەرچاو، ئینجا خێرا ئەبوبەکر و عائیشەش هاتن و لە ژوورەکەدا دانیشتن ئێنجا پێغەمبەر دەستی بە قسە کردن کرد و وتی ئەم شەو ڕووداوێك هاتووەتە پێش بۆم کە گەورەترین ڕووداوە لە ژیانی مندا و گەورەترین ڕووداویشە کە بۆ پێغەمبەرێك ڕێك کەوتووە، ئەمشەو چووم بۆ ئاسمان حەوت ئاسمانم بڕی شارەزایشم جەبرەئیل بوو.

ئینجا پێغەمبەر (د.خ) شەرحی (معراج)ی بەیان کرد و وتی چۆن لە هەنگاوی یەکەمی سەفەرەکەیدا بە شارەزایی جەبرەئیل چووەتە ( بيت المقدس ) و بیناو

كۆشكەكانی ئەو شارەی دیوە، محەمەد (د.خ) یەك یەك ناوی بیناكانی هێنا وە ئەو كەسانەی كە لەو بینایانەدا بینیونی یەك یەك ناوی بردن، پاشان بە درێژی باسی هەنگاوی دووەمی سەفەرەكەی لە (بیت المقدس)ەوە بۆ ئاسمانی حەوتەم و گەیشتن بە (سدرة المنتهی) كرد.

بە درێژایی ئەو ماوەیە پێغەمبەر (د.خ) قسەی دەكرد كەس لێوی نەكردەوە تا هەموو قسەكانی بە دورودرێژی تەواو بوو ، ئینجا بەری ئاسمان ڕووناك بوو ئێمەش دەستمان كرد بە نوێژی بەیانی و دوای نوێژ كەسمان نەمان توانی بخەوین ، لە بەر ئەوەی بە جۆرێك لە بیستنی شەرحی سەفەری (معراج) سەرسام بوو بووین كە خەو نەدەچووە چاومان.

من بۆیە ئەم باسەم كرد تا بابەتێك كە پەیوەندی بە عائیشەوە هەیە باسی بكەم، ئەویش ئەوەیە دوای ئەوەی موسڵمانان لە مەككەوە كۆچیان كرد بۆ مەدینە و لەوێ نیشتەجێ بوون، دانشمەندێكی لاوی ڕۆحانی یەهودی بە ناوی (ایسكر بن موسی) سەفەری معراجی پێغەمبەری (د.خ) ڕەد ئەكردەوە ئەیوت ئەوە ئەسڵی نیە.

ڕۆژێك لە كاتێكدا (حەمزە) لە خزمەكانی پێغەمبەر (د.خ) كە پیاوێكی پاڵەوان بوو لەگەڵ مندا لای عائیشە بووین (ایسكر بن موسی)ش لەوێ بوو باسی سەفەری (معراج) كرا، (ایسكر بن موسی) دووبارە سەفەری ناوبراوی ڕەد ئەكردەوە، عائیشە وتی ئایا تۆ دانی پێدا دەنێیت كە هەرگیز پێغەمبەری ئێمە (د.خ) نەچووەتە (بیت المقدس)؟ وتی بەڵێ چونكە تا ئەمڕۆ كەس نەیبیستووە بڵێن محەمەد (د.خ) چووەتە (بیت المقدس)، عائیشە وتی بەڵام لەو سەفەرەداو شەوی (معراج) لە هەنگاوی یەكەمیدا پێغەمبەر (د.خ) چووەتە (بیت المقدس) هەموو بینا سەرەكییەكانی ئەو شارەی دیوەو و ناونیشانەكانیشی وتن. ئینجا عائیشە بە درێژی شەرحی بیناكانی كرد كە شەوی (معراج) لە پێغەمبەری (د.خ) بیستبوو. (ایسكر بن موسی) لە (بیت المقدس) خوێندبووی سەری سوڕما، من لە زیرەكی و هۆشی تیژی عائیشە سەرم سوڕما چۆن دوای چەندین ساڵ ئەو باسەی

لە پێغەمبەر (د.خ) بیستبووی بەش بەش بەیانی کرد، بە مەرجێك من هەموو ناوەکانم لە بیر چووبووەوە. عائیشە وتی ئەم باسەم هەر ئەو شەوە بیستوە کە شەوی (معراج) بوو پێغەمبەر (د.خ) سەفەرەکەی کردبوو بۆ ئاسمان، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر (د.خ) هەرگیز نەچووەتە (بیت المقدس) تا بیناکان و تایبەت مەندی هەر بینایەك بزانێ. بێگومان لەو سەفەرەدا ئەو بینایانەو تایبەت مەندی و ناونیشانەکانیانی سەیر کردبوو، (ایسکر بن موسی)ی ڕۆحانی یەهودی بەسەر سوڕماوی ئێمەی بەجێهێشت.

## عومەری کوڕی خەتاب

دوای ئەوە لێکۆڵینەوەم لەگەڵ (زید) سەبارەت بە عائیشە کرد، بە پێویستم زانی لێکۆڵینەوەیەکیش هەر سەبارەت بە عائیشە لە گەڵ (عمرو) کە هەڵگری چەك و تفاقی عومەری کوڕی خەتاب بوو بکەم. (عمرو) پیاوێکی پیر و بە ئەدەب بوو، دەبوو من بەڕێزەوە ڕەفتاری لەگەڵدا بکەم و پێم وت داواکارم ڕاستیم پێ بڵێیت. بە سەرسوڕمانەوە وتی ئەی کوڕی (ارطاة) وا هەست دەکەیت پیاوێك ئەسڵەحەداری عومەری کوڕی خەتاب بووبێت جگە لە ڕاستی شتێکی تر بڵێت؟

درۆکردن کاتێك ڕەواجی پەیدا کرد کە پیاوێکی وەك مەعاویە خۆی کردە خەلیفەی موسڵمانان، موسڵمانان درۆیان نەدەکرد ئیمرۆیش پیاوانی پیر درۆ ناکەن. وتم ئەی (عمرو) من نەم ویست بەو شێوە بە تۆ بڵێم درۆ دەکەی؟ من لەو بارەوە وتم ڕاستی بڵێ کە بیرەوەریەکانی خۆت بهێنیتەوە یاد. هەموو پیاوێکی ڕاستگۆ ڕەنگە بەهۆی لەبیرچوونی ڕووداوەکانی ڕابووردوو نەتوانێ هەندێ ڕاستی بڵێت، (عمرو) بە ڕوونکردنەوەکەی من ئارام بووەوە و وتی:

ئەی کوڕی (ارطاة) من لە کۆنەوە چەکهەڵگری عومەری کوڕی خەتاب بووم کە خەلیفەی دووەمی موسڵمانان بوو، ئەرکم هەڵگرتنی شمشێرو نێزە و قەڵغان و زرەو کڵاو خودەکەی بوو. ئەو مەولا بوو من نۆکەر و وەلی، جل و بەرگی لەگەڵ ئەوەی مندا جیاوازی نەبوو چی دەخوارد بە منیشی ئەدا ئەگەر ئێمە هەردوکمان

لەلای یەكترەوە بوەستینایە كەس نەی دەزانی لەباری جل و بەرگەوە لێكمان جیا كاتەوە، كاممان مەولاو كاممان خزمەتكاری مەولایە.

بەلأم لەبەر ئەوەی عومەری كوڕی خەتاب بالأیەكی بەرزی هەبوو خەڵك دەیزانی ئەوە عومەری كوڕی خەتابە، ئەگەر من لەباتی ( شنفره ) شاعیر بوومایەو بم توانیایە شیعر دابنێم نەم ئەتوانی و نەم ئەزانی لەوەسفی عومەردا چی بڵێم و چۆن بیناسێنم كە عومەر كێ بوو.

موسڵمانان باوەڕیان هەیە كە معجزەكانی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) قورئانە، ئەم وتە ڕاستە، بەلأم من ئیسلام بوونی (عومەری كوڕی خەتاب) بە یەكێك لە معجزەكانی پێغەمبەری دەزانم، باوەڕیشم وایە ئەگەر پێغەمبەری ئێمە (د.خ) نەیتوانیایە معجزە بكات مەحاڵ بوو پیاوێكی وەك عومەر ئیسلام ببێ.

من وا هەست دەكەم هەرهەزار ساڵ جارێك پیاوێك دروست ئەبێت كە لە بارەی عەزم و خۆ ڕاگری و وەفاداری و ڕاشكاوییەوە وەك عومەر بێت. تۆ ئەی كوری (ارطاة) ئەگەر بۆ یەكجار قسەت لەگەڵ عومەردا بكردایە ئینجا تێئەگەیشتی هەویری عومەر جیاوازە لە هەویری پیاوانی تر، عومەر نەترس لە وجودیا بوو نە ڕەحم تا كاتێك موسڵمان نەبوو بوو لە خۆ بایی بوونی بێ ئەندازە بوو، بەلأم دوای ئەوەی موسڵمان بوو لە خۆ بایی بوونی نەما بە بێ ئەوەی ئازایەتی و دلێری و خۆڕاگری و دڵسۆزی و ئیش لەبەر ڕۆیشتنی كەم بكات. نەمانی لە خۆبایی بوونو غروری عومەر یەكێك بوو لە معجزەكانی پێغەمبەر (د.خ)، چونكە سروشتی مرۆڤ گۆڕانكاری بەسەردا نایەت ( طبع ) هەر سروشتێك كە هەیبوو هەتا مردن هەر هەیەتی. ئەگەر سروشتی پیاوێك گۆڕا ئەوە ڕووداوێكی چاوەڕوان نەكراوە ئەو پیاوە لە خۆبیای و بەهێزە دوای ئەوەی موسڵمان بوو بەجۆرێك خاكی و بێ فیز بوو، لەهەندێ سەفەردا پێكەوە ڕۆیشتوین منی سواری وشترەكە كردووە و خۆی ڕەشۆكەی بە دەستەوە گرتووە بە پێ ڕێگای بڕیوە.

عومەری كوڕی خەتاب لەیەكەم چاو پێكەوتنیدا، لە گەڵ خەڵك سەبارەت بەخۆی ئەوانی دڵنیا دەكرد. هەركەس یەكجار لە گەڵیا گفتوگۆی بكردایە

تێدەگەیشت کە ئەو پیاوە قەد درۆ ناکات و قسە و کردەوەی یەکێکە و ئەتوانریٚ بە وتەو پەیمانی بڕوا بکرێت، مەحاڵە وەعدی نەباتە سەر ئەگەر سەری بە شمشێر لە لەشی بکەنەوە. عومەر نەدرۆی دەکرد نە ئامادەبوو درۆ گویٚ لیٚ بگرێت نە پەیمانی درۆی هەبوو نە ئامادەش بوو پەیمانی درۆی خەڵکی تر تەحەمول بکات.

بە بۆچوونی عومەر کوشتنی یەك کەس لە ڕێی دیندا بەرامبەر بە کوشتنی سەد هەزار کەس و ئەوەندەی سەربڕینی مەڕێك لە کوشتنی ئەوانە دڵگران نەئەبوو. لە هەموو ئەو ماوەدا من هەڵگری چەك و تفاقی ئەو بووم تەنها بۆ یەك جار نەمبینی نوێژێك بە قەزا بکات، یان یەك ئەرکی دینی پشتگویٚ بخات. یەکێك لە کوڕەکانی عومەری کوڕی خەتاب زینای کردبوو چوار شاهید گوناهەکەیان دیبوو، عومەر فەرمانی دا مجازات بکرێت، سزای داری حەد بوو لە بەرامبەر چاوی خۆیدا چل داریان لیٚ دا ( شەلاق ) ئەو کوڕە لاوە بەوە مرد. ئەو کەسەی شەلاقەکانی لیٚ دا بە عومەری وت کوڕەکەشت مرد، عومەر فەرمانی دا چل شەلاقی تر بدەن لە تەرمەکەی بۆئەوەی یاسای دینی ئیسلام بەتەواوەتی جیٚ بە جیٚ بکرێت.

عومەری کوڕی خەتاب هەندێك جار دوای نوێژی ئێوارە لەگەڵ ژمێریارەکاندا خەریکی حساباتی (بیت المال) دەبوون هەتا بەیانی ڕۆژ دەبوەوە ئینجا نوێژی بەیانی دەکرد و لەباتی ئەوەی بخەوێت بۆ ئیش و کار لەماڵ دەرئەچوو، لە هیچ کارێك باکی نەبوو. بەیانی تا ئێوارە ئیشی دەکرد کرێی وەردەگرت بۆ بەڕێوەبردنی خەرجی ماڵ و منداڵی لەبەرئەوەی لە (بیت المال )ی موسڵمانان شتێك وەر نەگرێت.

عومەر هەندێك لە پارەی کرێکاری و حەق دەستی کۆ دەکردەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی خەریکی ئیش و کاری موسڵمانان و لەشکرکێشی دەبێت. بەڵام ئەمڕۆ (مەعاویە) خۆی بە خەلیفەی موسڵمانان دەزانیٚ و کرور کرور لە وەجی (بیت المال) سەرفی پێویستی خۆیی و هەواو هەوەسی دەکات، یا ئەوەتا دەیبەخشیٚ بەسەر خزم و دۆستەکانی خۆیدا.

(١ كرور = ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار. و. كوردی) لەو ڕۆژەوە عومەر موسڵمان بووە لەسەر چیخ دائەنیشێ كەچی پێشتر لەسەر فەرشی گران بەهای ئێرانی دائەنیشت و ئەو كاتەش كە شەهید كرا لەسەر (چیخ) حەسیر دائەنیشت و لەنێوان ئەو دوو بەروارەدا كە (١٠) دەساڵ دەكات ولاّتی میسری گرتوو خستیە سەر قەڵەم ڕەو و دەستەلاّتی ئیسلام.

عومەری كوڕی خەتاب یەكەم پێشەوایە لە جیهاندا هەرچەندە لەسەر حەسیر دائەنیشت یەك لە دوای یەك ئیمپراتۆریەتە گەورەكانی جیهانی لەناو برد و ئەوەندە ئیسلامی بەهێز و دەوڵەمەند كرد ئیتر لە (بیت المال) ی موسڵمانان لە مەدینەدا بۆ دانانی زەڕ و سیم و جەواهیر جیگا نەمابوو، ناچار بوون جیگای تر دروست بكەن تا ئەو زێڕ و نوقرەیەی لەو ولاّتانەوە بۆ مەدینەی دەنێرنەوە تەسلیم بە (بیت المال ) بكرێت و جێگەی بكەنەوە.

هەركەسی تر لە جێی عومەربوایە ئەوەندەی سەروەت لەبەردەست دا بوایە خۆی لێ دەگۆڕا، وەك مەعاویە لە یەكەم مانگی خەلافەتی خۆیدا خۆی لێ گۆڕا و دەزگایەكی وەك دەزگایی فیرعەونی دروست كرد بۆ خۆی، كەچی عومەر تا مابوو هەر لەسەر حەسیر دادەنیشت بۆ ژیانی ماڵ و منداڵی ئیشی دەكرد. لەسەردەمی ژیانی پێغەمبەردا(د.خ) هەموو موسڵمانان گوێ ڕایەڵی فەرمانەكانی پێغەمبەر بوون (د.خ)، بەلاّم عومەر بەجۆرێك بە دڵ و بەگیان پەیرەوی فەرمانەكانی پێغەمبەر بوو پێی بوتایە كوڕەكانت بە دەستی خۆت سەر بڕە بێ چەند و چوون سەری دەبڕین.

هەروەك چۆن عاشقێك لە دووری مەعشوقی هەمیشە لە یادی دایە، عومەر كاتێك دووربوایە لە پێغەمبەر (د.خ) هەمیشە لە یادیا بوو، بە جۆرێك هەندێك جار بۆ سەفەر چووین لە بیاباندا عومەر وەك پێغەمبەر (د.خ) لەوێ بێت بە دەنگی بەرز دەیوت یا ڕەسول الله گیانم فیدای تۆ بێت، من یەكێك بووم لەوكەسانەی لەبەردەستی وەستایانی چەك دروست كردندا، چەك دروست كردن فێر بووم، ئەو كاتەی خزمەتی عومەرم دەكرد ئەو كردمی بە ئەسڵەحەداری خۆی، عومەری كوڕی خەتاب پیاوێك بوو جیاواز لە خەڵكی تر خاوەن كەسایەتیەكی

تێکۆشـەر هـەروەها گەیشـتوتە پلـە و جێگایـە کـە عەلاقـە و ئیمـانی ئەوەنـدە بـە پێغەمبەر (د.خ) بوو عاشقی پێغەمبەر بووبوو (د.خ)، وە خۆی بە ئاسودە دەزانی هەرکات لە نزیکی پێغەمبەردا بوایە (د.خ) بۆ سەیرکردن و بیستنی گوفتاری یان جێبەجێکردنی فەرمانەکانی.

غولأمـان و نۆکـەرەکان کاتێـك گـەورەکانی خۆیـان بـانگ بکـەن ئـەوان بـە ناونیشانی مەولا یان سەید بانگ دەکەن، بەلأم عومەر بە منی وتبوو هـەرکات بەو شێوە بانگی بکەم پیٚی ناخۆشە چونکە دەیـوت لـەناو ئیسـلام دا هـەموو یەکسـانن و کەس لەکەس زیاتر نیە تا بە مەولا یان سەید بانگ بکرێت سەید تەنها محەمەدە (د.خ) پێشەوای موسڵمانانە لە لایـەن خـواوە نێـردراوە بـۆ ئـەوەی خـەڵکی بـەرە و ڕزگـاری بـەرێت. لەبەرئـەوە مـن هـەرکات بـانگی عومـەری کـوڕی خـەتابم بکردایـە. بەناوی (ابن الخطاب) بانگم دەکرد، ڕۆژێك لێم پرسی بۆ عاشقی پێغەمبەری؟ وتـی لەبەر ئەوە بڕوای تـەواوم هەیـە ئـەو نێـردراوی خوایـە وتەیـەك لـە دەمـی دێتـە دەر وتەی خوایە وە جگە لەمەش خاوەنی جۆرە هێزێکە درەوشاوە کە من بۆلای خۆی ڕادەکێشێت من ناتوانم ئەوم خۆش نەوێت.

## ( ئەو ژنانەی کە موسڵمانانیان لە ڕەگەز خستنەوە خست )

یـەکێك لـەو عەشـیرەتانەی موسـڵمانان دەیانویسـت سـەرکەون بەسـەریاندا عەشیرەتێك بـوو بـەناوبانگ بـە (کـەلب). من باوەڕناکەم لـەناو مـرۆڤ دا ترسـناکتر و سامناکتر مرۆڤ هەبێت وەك ژنانی عەشیرەتی کەلب. کاتی شەڕ ژنەکانی عەشیرەتی کەلب چەك هەڵدەگرن و دەچنە مەیدانەوە لـە کـاتی چـەتەیی و ڕێگریـدا ژنـانی ئـەم عەشرەتە وەك پیاوەکان هێرش دەکەنە سەر کاروانیەکان و دەیانکوژن.

لەبەرئــەوە عەشــیرەتی نــاوبراو دەردی ســەری دروســت دەکــرد بــۆ ئــەو کاروانچیانەی موسڵمانان کە لە مەدینەوە دەردەچوون یان دەگەڕانەوە بـۆ مەدینـە، عومـەری کـوڕی خـەتاب بـە (١٥٠) کەسـەوە لـە موسـڵمانان ڕاسـپێردرا بچـێت بـۆ تەمێکردنی عەشیرەتی کەلب، من لەگەڵیا ڕۆیشتم.

دوای دەرچوون لە مەدینە پێنج ڕۆژ ڕێگامان بڕی تا گەیشتینە سنوری ئەو عەشیرەتە، کاتێك گەیشتینە ئەو ناوچە خۆر لە ئاوا بووندا بوو، فەرماندەکەمان (عومەر) وتی ئوردوگا دروست بکەن دەبێت تا بەیانی پاسەوانی بکەن بەسەرە، ئێمە ئۆردوگامان دروست کرد و وەك یاسای جەنگ دوو دوستە پاسەوانمان دانا.

دەستەیەکیان لە دەوری ئۆردوگا و ئەوانی تریان لە نێوان ئەوان و ئۆردوگادا، بەلاّم تابەیانی هیچ ڕووداوێك ڕووی نەدا، بەیانیەکەی لەخەو هەستاین لەبەر ئەوە پێشبینمان کردبوو لەگەڵ عەشرەتی کەلب دا شەڕ دروست دەبێت خۆمان ئامادەی پەیکار کردبوو، پێش ئەوەی بکەوینە ڕێ بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو کەوتینە بەر هێرش، ئێمە نەمان زانی چ کاتێك عەشیرەتی کەلب دەورەیان داوین. وا دیار بوو شەوی پێشوو لە هەرچوار لاوە بێ ئەوەی خۆیان نیشانی پاسەوانەکانی ئێمە بدەن ئێمەیان گەمارۆ داوە، بەلاّم نەیانویستوە شەو هێرش بکەنە سەرمان.

من ئەو کاتە تێ نەگەیشتم بۆچی عەشرەتی (کەلب) شەو هێرشیان نەکردۆتە سەرمان، بەلاّم دوایی زانیم کە خەڵکی ئەم عەشرەتە چاویان بەشەودا باش نابینێ نازانم وراسی بوو یان هۆی تری هەبوو بۆیە چاوە ڕێیان کردبوو تا ڕۆژ بێتەوە.

دیومە ژنان بۆ پشتگیر و هەڵنان و ورە بەرز کردنەوەی پیاوان دەچنە مەیدانی جەنگەوە، بەلاّم نەم دیبوو ژنان خۆیان گورز و تەور و نێزە و شمشێر بە دەستەوە بگرن خۆیان شەڕ بکەن. ئەی کوڕی ( ارطاة ) ئەگەر ئەو ڕۆژە لە مەیدانی جەنگ دا ژنانی عەشرەتی کەلبت ببینیایە بۆت دەر دەکەت لە جیهاندا ژن نیە لە ژنانی عەشرەتی کەلب ناشیرینتر و ترسناك تر و دڕندەتر. شانە نەئەچوو بەناو مووی سەریاندا، (دژوار بوون)، هەموو دەم و چاوەکانیان خۆر سوتاندبووی ڕەش بوو بوو نەوە، چاوەکانیان سور خوێنی تێ زابوو ئاگریان لێ ئەباری. ئێمەی عەرەب ڕێزمان هەیە بۆ ژن و هەرگیز ئازاریان نادەین، بەلاّم ئەو ڕۆژە ناچار بووین بۆ دوورخستنەوەی ترس بە شمشێر لەگەڵ ئەوانەدا شەڕ بکەین و مەترسی لە خۆمان دوور بخەینەوە، چونکە ئەگەر وامان نەکردایە هەموومانیان دەکوشت.

پیاوەکانی عەشرەتی کەلب بە هاوکاری ژنەکانیان هێرشیان لە هەر چوارلاوە کردە سەرمان ژمارەی شەڕ کەرانی دووژمن زۆر و ئێمە کەوتبوینە تەنگانەوە، هەرچەندە بە ئازایەتی شەڕمان دەکرد بەڵام دەستەیەکی (٨) هەشت کەسیمان لەوانی تر جیابووینەوە عەشرەتی کەلب ئێمەیان دیل کرد و قۆڵیان بەستین و ئێمەیان برد بۆ ناو خێوەتگەکانی خۆیان کە مەسافەیەك لە مەیدانی جەنگەوە دوور بوون.

ئەو ڕۆژە تا ئێوارە موسڵمانان گەمارۆ درابوون خەریکی شەڕ بوون بەهۆی زۆری شەڕکەرانی دووژمنەوە نەیان توانی هێڵی گەمارۆی دووژمن بشکێنن و خۆیان ڕزگار بکەن، بەڵام دوای ئەوەی خۆر نیشت تاریکی شەو داهات عەشرەتی کەلب چاویان باش نەی دەبینی، لاواز بوون و موسڵمانان توانیان گەمارۆکەیان بشکێنن و خۆیان نەجات بدەن.

دەرکەوت دەستەیەکی (١٥٠)سەدو پەنجا کەس ناتوانن عەشرەتی کەلب تەمێ بکەن لەوانەبوو جارێکی تر گەمارو بدرێنەوە، عومەری کوڕی خەتاب فەرمانی گەڕانەوەی دەرکردبوو تا بەهێزێکی زیاترەوە بگەڕێنەوە بۆ تەمێ کردنی ئەو عەشرەتە.

عومەر زانی هەشت کەسی لێ گیراوە و یەکێکیان منم، ئەشی زانی درێژە دەدات بەشەڕ بۆ ڕزگارکردنی ئێمە دەبێتە هۆی کوشتنی هەموو موسڵمانەکان ئەوەبوو قازانجی لە پاشەکشە و ئاگادار کردنی پێغەمبەر (د.خ) لەو ڕووداوەدا بینی بوو ، ئەو ڕۆژە دوای ئەوە ئێمە دیل کراین بردینیان بۆ لای عەشرەتەکەی خۆیان بە قۆڵ بەستراوی لەژێر گەرمای هەتاوی بیاباندا دایان ناین.

پاسەوانی ئێمە ژنانی عەشیرە بوون، داوامان لێ کردن گەرمای خۆر ئازارمان ئەدات بمان بەنە ژێر دەوار و دەستەکانمان بکەنەوە بەڵام گوێیان بۆ نەگرتین، ئێمە ئەو ڕۆژە بە دەستی بەستراو لەژێر گەرمای هەتاوداماینەوە.

دوای ئەوەی شەو بەسەردا هات وامان زانی دەستەکانمان ئەکەنەوە و خواردنمان ئەدەنێ، بەڵام ژنە بێ بەزەیی و ترسناکەکانی عەشرەتی کەلب

دەستیان نەكردینەوە و خواردن و ئاویشیان نەداینێ، ڕۆژی دوایش هەروا ماینەوە برسی و تینو دەستی بەستراو لەژێر تیشكی خۆردا.

ئەو ڕۆژە چەندین جار داوامان كرد دەستمان بكەنەوە و بمانبەنە ژێر سێبەر و خواردنمان بدەنێ هیچ وەڵامیان نەداینەوە ئەمڕۆش كە ڕۆژی دووەمە هەر لە ژێر گەرمایی تیشكی خۆردا بووین، شەو بەسەردا هاتەوە بیابان فێنك بوەوە ئێمەش لەتاو برسیەتی و تێنویەتی و ماندوو بوون و ئازاری دەست خەومان بردەوە.

كاتێك خۆری بەیانی هەڵهات و سێ ڕۆژ تێپەڕی بەسەر دیلیەتی ئێمەدا هەر هەشت وتمان ئیمڕۆ ئەمرین، نەمان ئەتوانی لەبەر ئازاری دەست و گەرمایی خۆری ئەو ڕۆژەدا خۆ ڕاگرین. ژنەكان پێیان وتین ئەمڕۆ دەستەكانتان دەكەینەوە و لە ژێر سێبەری دەوارەكاندا داتان ئەنێین. ئەم مژدە دڵ خۆشی كردین سات بە سات دەمان پرسی كەی دەستمان دەكەنەوە و دەمانبەنە ژێر سێبەر؟ وتیان پێش ئەوەی خۆر بگاتە ناوەڕاستی ئاسمان، كاتێك (١ / ٤) یەك بەش لە چوار بەشی ڕۆژ تێپەڕی لەسەر زەوی گەرم لەسەر یەك لا كەوتبوین، ژنانی عەشرەتی كەلب لە نزیك ئێمەدا ئاگریان كردەوە، ئێمە وامان زانی چێشت لێ ئەنێن بۆمان واشمان زانی دوای ئەو هەموو برسیەتی و ئازارە ڕەنگە گۆشتمان بۆ ببرژێنن.

یەكێك لە ئێمە پرسی لە ژنێك ئەو گۆشتەی بۆمان چاك دەكەن هی وشترە یان هی مەڕ؟ وتی بەم زوانە دەزانن چ گۆشتێكتان بۆ ئامادە دەكەین، هەرچەند من لەبەر گەرماو لەبەر تینویەتی هەستم نەدەكرد دەستم پێوەیە، وەحەزم دەكرد بمرم، قسەی ئەو ژنەم بیست لەرزم لێ هات چونكە تێگەیشتم بە قسەكەیدا دیار بوو دوای ئەو هەموو ئەشكەنجە و ئازارە لە بیری ئازاردانێكی تازەتردان، وتم بە برادەرەكانم نەكەن بە تەمای خواردن بن كردنەوەی ئەم ئاگرە ئەوە نیە ئێمە دەمان زانی، یەكێكیان وتی بە زیندویی نەمان سوتێنن؟ وتم ئەگەر بۆ سوتاندنمان بێت ئاگری گەورەتریان دەكردەوە، دوای ماوەیەك سەیرمان كرد ژنەكان چەند پارچە ئاسنێكیان لەناو ئاگرەكەدا داناو سوری دەكەنەوە یەكێك لە برادەرەكانم وتی ئەم ژنە ناشیرینانە دەیانەوێ داخمان بكەن بەم ئاسنانە.

لەعەرەبستاندا هەرکەس وشتری زۆری هەبوایە بە شێوەیەکی تایبەت داخی دەکردن ئەم داخ کردنە دەبووە نیشانە بۆ ئەوەی لەگەڵ وشتری تردا نەگۆڕێن.

(ڕونکردنەوە: لە کوردستاندا زۆر ناوچە هەیە ئێستاش ئاژەڵی وەك مەڕ و بزن داخ دەکەن، داخ کردنەکەش بە پارچە ئاسنێکی سورەوکراوە ئاسنەکە لە شێوەی هێمای جۆرا و جۆردایە، گوێچکەی ئەو ئاژەڵەی پیٚ داخ دەکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ ئاژەڵی تردا نەگۆڕدرێن، من خۆم لە بیرمە باپیرم ئاژەڵی دابەش کرد بەسەر باوکم و دوو مامی ترمدا، بەو ئاسنە سورەوکراوە گویٚی ئاژەڵەکەیان داخ دەکرد قرچە قرچ دوکەڵی لیٚ بەرز دەبوەوە—و. کوردی).

خاوەنیان بەو نیشانەدا دەیانناسیێتەوە، من کاتێك سەفەری شامم کرد بینیومە لەویٚ ئەسپ داخ دەکەن بەلاّم لە عەرەبستاندا کەس ئەسپ داخ ناکات، ئەگەر ژنانی عەشرەتی کەلب بیان ویستایە ئێمە بکەنە بردە نەدەبوو داخمان بکەن.

بەناڵە ناڵ لە ژنێکم پرسی ئەوە چیە وشتر داخ دەکەن؟ وتی ناء ئەمانەویٚ مرۆۋ داخ بکەین، ئینجا زانیمان ئەیانەوێت ئێمە داخ بکەن، دەنگی ئاهو ناڵەمان بەرز بووە وە و وتمان ئەمە چ زوڵمێکە لێمان دەکەن، ئەگەر ئەتانەویٚ بمان کەنە بردە دەستەکانمان بکەنەوە و دەستەکانمان بکەنەوە بمانبە خەیمەکانی خۆتان بردەیی دەکەین ئیتر بۆچی داخمان دەکەن؟ وەلاّمیان نەدایەنەوە لێمان نزیك بوونەوە بیٚ ئەوەی دەستەکانمان بکەنەوە ئێمەیان ڕوت کردەوە واتە جل و بەرگیان لیٚ داکەندین، هەر ئەو ساتە من زانیم ژنانی خوێن خۆر و بیٚ بەزەیی دەیانەوێت ئێمە (مثلە) بکەن. (مثلە: بڕینی گویٚ، لوت، لێو، لەکاتی ئەشکەنجەداندا. و. کوردی) ئەویش بە جۆرێك کە بۆ پیاو گەورەترین بەد بەختیو نەقسە ( کەم ئەندامی ) یە چونکە تا کۆتایی تەمەن لە بەهرەی منداڵ بیٚ بەش دەبێت، بەلاّم ئەو بیٚ بەزەییيانە یەك لە دوای یەك ئێمەیان (مثلە) کرد و لەگەڵ هەرکەسێکیان (مثلە) دەکرد دەبووە خواجە، ( خواجە : خەسێنرا و یان بڕینی عەیب. و. کوردی) یەکێك لە ئاسنە سورەوەکراوەکانی بە مەقاش دەرئەهێناو ئەیانخستە سەر ئەو ئەندامە بڕاوە تا خوێنەکەی بوەستێتەوە.

ژنێك بە یەك لێدانی خەنجەر عەیبی منی بڕی دوای ئەوە كاتێك ئاسنەكەی خستە سەر ئەو شوێنەی بڕینەكەم هەستم بە سوتان و ئێش نەكرد، چونكە سوتانی دەرونی من ئەوەندە زۆر بوو نەیدەهێشت هەست بە ئێش و سوتانی لەش بكەم. تەنها خوا ئەزانێ دوای ئەوە (مثلە) كراوم و پارچە بڕاوەكەی لەشم داخ كرا چەند ئازاری لەش و ئەشكەنجەی ڕۆحی و جۆش خواردنی دەرونیم بەرگە گرتووە، دوای ئەمەش هەر دەستیان نەكردینەوە لەبەر خۆر دایان نابووین ئەو ڕۆژەی (مثلە) كراین لە عەسرەكەیدا من لە هۆش چووبووم. لە كۆتایی ساتەكانی لە هۆش چوونم دا سوپاسی خوام كرد كەئەوە ئیتر دەمرم و ئەم ئێش و ئازارە ناچێژم، لەوكاتەدا كە ئیتر خەریك بوو بمرم لەشم زۆر سوك بوو بوو وام هەست دەكرد كە دەتوانم بفڕم بە ئاسماندا، وابزانم هەموو كەس لەكاتی مردنیدا لە ساتەكانی كۆتایی ژیانی دا سوك دەبێت و وا هەست دەكات ئەتوانێت بفڕێت.

لەناكاو چاوم كردەوە و سەیرم كرد هەر لەبەر هەتاودا دانراوم چەند ژنێك لە لامدا وەستا بوون گوێم لێ بوو یەكێكیان وتی هەستە بچۆرە ناو خەیمەكەوە، وتم بۆچی من نەمردوم؟ یەكێكیان وەلاَمی دایەوە تۆ ناء بەلاَم برادەرەكانت مردون. من نەم ئەزانی ژنەكە چی دەڵێت ئەوەندە ئاگام نەبوو لە دەوروبەرم تێ بگەم ئەو ژنە قسەی لەگەڵ دەكردم دووبارە وتی هەستە بچۆرە ناو خەیمە با لەبەر خۆردا نەبیت.

وتم ناتوانم چونكە دەستم بەستراون، وتی دەستەكانت كراونەتەوە ئینجا زانیم دەستەكانم كراونەتەوە، بەلاَم نەم ئەتوانی بیان جوڵێنم وام دەزانی دەستەكانم نەماون.

ژنێك نێزەیەكی پێ بوو دوسێ جار بە دەسكی نێزەكە لێیدام و وتی هەستە، من پێم وت بە نێزەكەت بم كوژە، نێزەكە بكە بە سنگم دا، كاتێك زانیان ناتوانم هەستمە سەر پێ هەردوو دەستیان گرتم و بەرزیان كردمەوە دەستم كرد بەهاوار كردن لەتاو ئازاردا، ڕایانكێشام و بردمیانە ناو خەیمەكەی خۆیانەوە ڕاكشام ئینجا لە قاپێكی گڵینەدا ئاویان لە پاڵم دا دانا.

نەمتوانی هەستم و ئاو بخۆم وەك ئاژەڵ سەرم دەخستە ناو قاپەکەوە و قومێکم دەخواردەوە و ئەوەندە لاواز بوو بووم نەم ئەتوانی لەسەر یەك چەند قومێك ئاو بخۆمەوە. ماوەی پێنج ڕۆژ لەو خەیمەدا لەسەر زەوی کەوتم لە نێوان ژیان و مردن دا بووم، لەماوەی ئەو پێنج شەو و ڕۆژەدا جگە لە ئاو هیچی ترم نەخوارد، پاشان چەند دەنکە خورمایەکیان لەلام دا دانا بەڵام من توانایی خورما خواردنم نەبوو. واهەست دەکەم لە ماوەی ئەو پێنج شەو و ڕۆژەدا من تەنها وڕێنەم کردبێ چونکە هەمیشە دیمەنی ترساوی و وەحشیاوی دەهاتنە بەرچاوم. دوای ئەوە وەزعم بەرە و باش بوون چوو توانیم دوو دانە خورما بخۆم ڕۆژی شەشەم و حەوتەم ئەمتوانی هەستم و کەمێك دانیشم بەڵام سەرم سوڕی دەخوارد بۆیە دووبارە ڕادەکشامەوە، دوایی توانیم هەستمە سەرپێ و ئاگادار بم لەوەی حەوت هاوڕێکەم بەم ئەشکەنجە دانە هەر حەوتیان مردون، ژنانی کەلب لەگەڵ زانیان خۆم بە پێوە دەگرم یەکسەر ئیشیان پێ دەکردم.

جار جار شیری وشتریان پێ ئەدۆشیم تا ڕۆنی لێ بگرن جار جارەش گەنمیان پێ ئەکوتام بەڵام نەیان ئەهێشت لەسنوری ئەو عەشرەتەی خۆیان دوور بکەومەوە. عومەری کوڕی خەتاب دوای ئەوەی گەڕابوەوە چۆنیەتی ئەو شەڕە و بەدیل گیرانی ئەو هەشت کەسەی دابوو بە پێغەمبەر (د.خ) وتبووی دەبێ ( فیدیە) بدەین بۆ بەردانی هەشت کەسەکە.

پێغەمبەر (د.خ) فەرمانی دابوو لە (بیت المال) ی موسڵمانان دەربکەن و بیبەن بۆ عەشرەتی کەلب تا دیلەکان ئازاد بکەن، بەڵام بەوشێوەی باسم کرد هاودینەکانی من حەوتیان مردبوون ئەوانەی هاتن فدیەکەیان پێ بوو منیان ئازاد کرد و گەڕاینەوە بۆ مەدینە.

## دروست كردنی تۆمەتی ناڕەوا بۆ عائیشە و سەلماندنی بێ گوناهی عائیشە

ئەی كوڕی (ارطاة) ئەوكات دەیانوت منیش لاوێكی جوان و لەش و لار ڕێك و پێك بووم، وەك هەموو لاوەكانی تر حەزم دەكرد ژن بهێنم و ببمە خاوەن منداڵ، ئەوكات ژنم نەهێنابوو بەلاّم دوای ئەوە گیرام و ( مثلە)یان كردم و بووم بە (خواجە) تازە نەمتوانی ژن بهێنم و منداڵم بێ. من نەم ئەویست هیچ كەس بەم ناڕەحەتی و ئازارە دەرونیەم بزانێت، چونكە هیچ عەرەبێك ئامادە نیە لای خەڵكی بڵێت (خواجە)م خەساوم یان عەیبیان بڕیوم. لەلایەكەوە غەم و خەفەتی ئەم بارە و لەلایەكی ترەوە جۆش خواردنەوەی خوێن لەدڵمدا كە ناتوانم ئەم ڕازە لای كەس باس بكەم. ئەوانە منیان لەلای عەشرەتی كەلب هێنایەوە بۆ مەدینە سەریان سوڕ ئەما لە غەمباری من و پێیان دەوتم تۆ دەبێ شادمان بیت و دڵت خۆش بێت، چونكە لە دیلی و زایندانی ڕزگارت بووە و لەلایەن خواوە لە پێش تر بوویت لەو حەوت نەفەرەی هاوڕێت ئەوان مردن و تۆ زیندویت.

من نەمتوانی هۆی غەمباری و پەژارەی خۆم باس بكەم بۆیان، وتم ئازاری زۆریان داوم و نەخۆشم ژنانی هۆزی كەلب وایان لێ كردوم بەم زوانە باش نابمەوە من باسم نەكرد بۆ ئەو كەسانەی لە مەدینەوە هاتبوون بە دوامانـدا بڵێم حەوت كەسەكەی تر پێش مردن (مثلە) كران لە لایەن ژنانی كەلبەوە، ئەگەر بم وتایە دەبوو بڵێم منیش وەك ئەوان خواجە كراوم، هەتا كاتێك گەیشتینەوە مەدینە لای عومەری كوڕی خەتاب باسم نەكرد بڵێم ژنانی عەشرەتی كەلب (مثلە)یان كردوم.

عومەری كوڕی خەتاب سەبارەت بە مردنی ئەو حەوت نەفەرەی تر پرسیاری لێ كردم، منیش وتم ژنانی قەبیلەی كەلب ئازار و ئەشكەنجیان دان بەبێ نان و ئاو و بەدەستی بەستراوی ماوەی چەند ڕۆژێك ئەوان لاوازتر بوون بەرگەیان نەگرت و مردن من لە هەموویان لاوتر بووم، منیش لەو باوەڕەدا بووم دەمرم. بەلاّم نەمردم ئەوەتا بەداخەوە هەواڵی مەرگی حەوت هاوڕێكەمت پێ ئەگەیەنم. پێش ئەوەی من

بـۆ نوێـژی نیـوەڕۆ بچـمە مزگـەوتی مەدینـە عومـەری کـوڕی خـەتاب باسـی ڕووداوەکـەی بـەو شـێوە کردبـوو بـۆ پێغەمبـەر (د.خ) کـەمن بـۆم گێڕابـووەوە. پێغەمبەر (د.خ) پیاوێکی زاناو خاوەن هۆش و بیری بەهێز زانیبووی ئەوەی من بۆ عومەرم گێڕاوەتەوە نابێ بە هۆی مردنی ئەو حەوت کەسە. هەستی کردبوو شتێکی تر هەیە من بۆ عومەرم نەگێڕاوەتەوە یان ئەوەتا عومەر باش نەیزانیوە قسەکانی من بۆ پێغەمبەر (د.خ) بگێڕێتەوە. دوای ئەوەی لە مزگەوت نوێژ خوێندرا خەڵك ئاسایی لەدەوری پێغەمبەر (د.خ) کۆبوونەوە هەندێك پرسیاریان لێ کرد و وەڵامیان وەرگرتەوە، بەڵام من لەتاو غەم و خەفەت نەمتوانی خۆم پیشانی پێغەمبەر (د.خ) بدەم و شتێك بڵێم، تا پێغەمبەر (د.خ) خۆی چاوی پێم کەوت.

من کاتێك سەیرم کرد پێغەمبەر (د.خ) سەیری من دەکان ناڕەحەتی و بەد بەختی خۆمم لەبیر چووەوە بەڵام پێغەمبەری خوا (د.خ) بە دەم و چاوی مندا زانی شتێك لە دڵمدایە ناتوانم لە مزگەوت و بە بەرچاوی موسڵمانانەوە پێی بڵێم وتی ئەی (عمرو) من نەمویست قسە لەگەڵ تۆدا بکەم دوای ئەوە لە مزگەوت گەڕامەوە بۆ ماڵ وەرە بۆ لام تا زیاتر تۆ ببینم، سەعاتێك پاش نوێژ پێغەمبەر (د.خ) گەڕایەوە ماڵ و منیش چوم بۆخزمەتی و بە ئیجازەی دا دانیشتم، لەو ژوورەدا جگە لە پێغەمبەر و (د.خ) خواو من کەسی تری لێنەبوو، فەرمووی پێش ئەوەی قسە بکەیت باشترە خواردن بخۆیت چونکە ئەزانم ئەو شتەی ئەتەوێ بیگێڕیتەوە خەماویە وات لێ دەکات کە خواردن نەخۆیت. پاش ئەوەی نان هات و خواردم، لێی پرسیم (عمرو) ڕووداو و چۆنیەتی گیران و مردنی ئەو حەوت کەسە بەو شێوە بوو کە تۆ بۆ عومەرت باس کردوە و ئەویش بۆ منی گێڕاوەتەوە؟ من وا هەست دەکەم نابێ مردنی ئەو حەوت کەسە بەو شێوە بووبێت کە تۆ بۆ عومەرت باس کردووە، ئەو وتی لەبەر ئەوە (عمرو) موسڵمانە موسڵمانیش درۆ ناکات، من هەست دەکەم بەربەستێك هەیە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو ڕووداوە وەك خۆی نەگێڕیتەوە. من تا ئەوکاتە ڕازی خۆمم شاردبووەوە، ئیتر لەوێ نەمتوانی

بیشارمەوە وتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ) بەربەستێك هەیە دەبێتە هۆی ئەوەی زمانی من بگرێ و هەموو ڕاووداوەكەم وەك خۆی نەگێڕاوەتەوە.

ئێستا شەرحی ڕووداوەكە وەك خۆی دەگێڕمەوە. ئینجا وەك خۆی بۆم گێڕایەوە بۆم باس كرد كە چۆن لەبەر گەرمایی هەتاو بێ نان و ئاو بەدەستی بەسترا و ژنانی عەشرەتی كەلب ئێمەیان (مثله)كرد و ئاسنی داخیان ناوە بەسەر پارچەی بڕاوی لەشماندا و ئەو حەوت كەسە بەرگەیان نەگرتووە و مردون، كاتێك قسەكانم تەواو بوون سەیرم كرد پێغەمبەر زۆر دڵ گران و بێ دەنگ بووە، پاشان سەری بەرز كردەوە وتی (عمرو) گەورەی تۆ عومەری كوڕی خەتاب ئاگاداری ئەم مەزوعە نیە وتم ناء ئاگادار نیە، چونكە پێش ئەوەی بكەوینە ڕێ بۆ سەر عەشرەتی كەلب ئەو باسی ئەوەی كرد ژنم بۆ بهێنێ بۆیە من نەمتوانی پێی بڵێم سەقەت و كەم ئەندام كراوم.

پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی (عمرو) تۆ لە بەر ئەو كۆستە گەورەیە هاتووە بەسەرتا من لەلای خۆم گلت ئەدەمەوە تا لەم ماڵەی مندا ئەتوانی بژیت ئەگەر دڵیشت پێوە بوو لە ئیش و كاری ناو ماڵدا بەشداری بكەیت هاوكاری دانیشتوانی ئەم ماڵە ئەكەیت. وتم ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ) بۆ موسڵمانێك كە لە نزیك تۆدا بژی گەورەترین بەختەوەریە، بەڵام عومەری كوڕی خەتاب وا هەست ناكات من لەو ناڕازی بووم بۆیە هاتوومەتە لای تۆ، فەرمووی ڕازی كردنی عومەر لە ئەستۆی من، وتم ئایا پێی دەڵێیت من وام لێ كراوە؟ فەرمووی ئەگەر لەم بارەوە پرسیار بكات بەڕاستی دەبێ وەڵامی بدەمەوە، وتم هەرچی تۆ دەیكەی حەقە، فەرمووی (عمرو) موسڵمان نابێ درۆ بكات ئەگەر پرسیاری كرد هۆی گلدانەوەی تۆی لەم ماڵەدا بۆ باس دەكەم و پێشی دەڵێم كە هەر خۆی بزانێ و بەكەسی تر نەڵێت.

لەو ڕۆژەوە من لەماڵی پێغەمبەردا(د.خ) مامەوە، ڕۆژ نەبوو پێغەمبەر (د.خ) دڵنەوایم نەكات، من بڕوام وایە ئەگەر پێغەمبەر (د.خ) منی لەلای خۆی گل نەدایەتەوە و دڵنەوایی و دڵ نەوازی ئەو نەبوایە تا من ئەو كۆستەم لەبیر چێتەوە

ئێستا مردبووم. پێغەمبەر (د.خ) دەیزانی دوای ئەو بەدبەختی‌یەی بەسەر مندا هاتووە پێویستم بە دڵ نەوایی هەیە دەبێ لە شوێنێکدا بژیم ئەو ناخۆشیەم لەبیر بچێتەوە. من لەوانە خراپ تر بووم لەشەڕدا دەست و پێی خۆیان لە دەست ئەدەن پێویستیان بە ماوەیەك هەیە تا ڕابێن لەگەڵ نەبوونی ئەندامێکی لە شیاندا، چونکە ئەوانە ئەتوانن ژن بهێنن وە ببنە خاوەنی منداڵ ، بەلاّم من هیچ ئومێدێکم بە ئاینده نەبوو ئەگەر لەلای ماڵی پێغەمبەر (د.خ) دڵنەوایی ئەو نەبوایە ئەو ڕۆژانە کە هێشتا من ڕانەهاتبووم بە خۆ ڕاگری لەبەرامبەر ئەو بەد بەختیەدا لەتاو غەم و خەفەت دەمردم یان هەوڵی کوشتنی خۆم ئەدا. من دەمزانی عومەری کوڕی خەتاب پرسیاری لە پێغەمبەر (د.خ) کردووە کە بۆچی من بەجێم هێشتووە و لەماڵی پێغەمبەردا (د.خ) خەریکی خزمەتم، بەلاّم نەم ئەزانی کە پێی وتووە من (مثلە) کراوم یان نا، عومەر لەو بارەوە پرسیاری لە من نەدەکرد هەرجارێك کە چاوی پێ ئەکەوتم ئەی وت هیوادارم (عمرو) بەخۆشی بیگوزەرێنیت. لەسەرتاوە من لەو بەشەی ماڵی پێغەمبەردا کارم دەکرد کە تایبەت بوو بە پیاوان بەلاّم دوایی پێغەمبەر (د.خ) مۆڵەتی دا بچمە ماڵی عائیشە و لەکاری ماڵداریدا یارمەتیم ئەدا، جار جار سۆدە ژنەکەی تری پێغەمبەر ئەهاتە ماڵی عائیشە و من لەوێ چاوم پێ‌ئەکەوت. بەلاّم بۆ ئیش و کار نەئەچووم بۆ ماڵی، چونکە پێغەمبەر (د.خ) نەی وتبوو یارمەتی سۆدە بدە تەنها باسی عائیشەی کردبوو، دوای دوو ڕۆژ ئیش و کارکردن لە ماڵی عائیشە شتێکم بینی تا ئەو ڕۆژە شتی وام نەدیبوو ئەویش ئەوەبوو عائیشە قەڵەمێکی بە دەستەوە گرتبوو ئەیکرد بەناو دەرمانێك دا و دەستی ئەکرد بە نوسین. من تا ئەوڕۆژە نەمبینیبوو ژنێك کاری نووسین بکات و لێم پرسی ئەمە چی‌یە ئەینوسی؟ وتی ئەمە مێژووی ڕوداوەکانە بۆ خۆم ناینوسم، چونکە هۆشی من بەهێزە هیچ شتێکم لەبیر ناچێتەوە بەڵکو لەبەر ئەوە دەینوسم کە خەڵکی تر لە دوای خۆم بیخوێننەوە و لە ڕووداوەکانی ئەم سەردەمە ئاگادار بن.

مـن ئـەمزانی شـاعیرەكان شـیعرەكانی خۆیـان دەنووسـنەوە و دەخوێننـەوە، گوێگرتن لە شیعر و لـە بیستنی چێژم وەردەگرت. بـەڵام تـا ئەوكاتـە نەمبیستبوو مێژووی ڕووداو بنوسرێتەوە وتم (ئەی دایكی موسڵمانان) ڕووداوێك تۆ دەینوسی كامەیە، وتی هەموو ڕووداوە گـەورە و بچوكەكان دەنووسمـەوە، لەوانـەش ڕوداوی هاتنی تۆم بۆ ئەم ماڵەم نوسیوە. وتم دەكرێ من ئەو ببینم، عائیشە دایـە دەسـتم و سەیرم كرد، بەڵام خەتی وام تا ئەوكاتـە نـەدیبوو. عائیشـە پرسـی یـا (عمـرو) حـەز دەكـەی فێـری خوێنـدن و نووسـین بیـت؟ وتم كەسـێك بیـەوێت فێـری خوێنـدن و نووسین بێت دەبێ بچێتە لای مامۆستاو دەرس بخوێنێ.

عائیشە وتی ئەی (عمرو) تۆ هەڵـەیت ڕۆژێك لای من یـەك پیـت فێربیـت دوای ماوەیەك فێری خوێندن و نووسین دەبیـت، هـەر ئـەو ڕۆژە عائیشـە پیتـی ئـەلفی (أ) فێر كردم، وتی لەوحەیەكی بەردین پەیدا بكە تا لەسەر ئەو لەوحە مەشق بكـەیت، دوایـی لەوحـەم پەیـداكرد و دەسـتم كـرد بـە مەشـق لەسـەری، هـەموو ڕۆژێ كـە پیتێكی فێر ئەكردم لەسەر ئەو لەوحە چەند جارێك دەمنووسـیەوە تـا لـەلام ئاسـان دەبـوو. دوای ئـەوەی فێـری ئـەلف بـا بـووم عائیشـە فێـری حنجـەی كـردم ڕۆژانـە پیتـەكانی بەدەنگـەوە بـۆ دەخوێندمـەوە. دایكـی موسـڵمانان وتـی (عمـرو) تـۆ ئامادەیی باشت هەیـە بۆ فێربوونی خوێنـدەواری ئەگـەر بـەردەوام بیـت لەسـەری دەبیتـە خوێنـدەورای بـاش. مـن هەنـدێك ئایـەتی قورئـانم وەك موسـڵمانانی تـر لەبەربوو، وەیەكەم جار عائیشە ئایەتی (بسم الله الـرحمن الـرحیم)ی بۆ نووسیم تـا بیخوێنمەوە.

دوای ئـەوەی ئایتەكـەی نووسـی دایـە دەسـتم وتـی (عمـرو) ئـەم ئایەتـە بـەناو بانگـە ئایـا ئـەتوانی بیخوێنیتـەوە. منـیش بـەپێی ئـەو فێربوونـەی لای دایكـی موسـڵمانان خـۆی فێـر بـوو بـووم پیتـی ئایەتەكـەم جیـا كـردەوە و تـوانیم وشـەی (بسـم) بخوێنمـەوە دوای ئـەویش وشـەی (الله)م خوێنـدەوە، لەبـەر ئـەوەی ئـەو ئایەتەم لەبەر بوو یەكسەر زانیم ئایەتی ناوبراو (بسم الله الرحمن الرحیم)ە.

بە خوێندنەوەی ئایەتەکە زۆر خۆش حاڵ بووم و شەوق و زەوق دای گرتم تا ئەو ئایەتانەی تری قورئان کە لەبەرم بوون بتوانم بیخوێنمەوە، لەو ڕۆژە بەدواوە عائیشە ئەو ئایەتانەی کە دەیزانی من لەبەرمن دەینوسین و ئەیدان بە دەستمەوە دوای کەمێك حینجەکردن ئەم خوێندەوە خۆش حاڵ دەبووم کەم کەم خوێندەواریم گەشەی دەکرد من لەماڵی عائیشە هەم خزمەت کاری بووم و هەم خوێندکار هەموو ڕۆژێ خەریکی فێرکردنی من بوو، ئەمەش وای کرد من و عائیشە ماوەیەك پێکەوە بین، دووژمنانی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) یەکێك لەوانە (عبدالله ابی) ئەمەی کردە بیانوو بۆ ئەوەی عائیشە لەکەدار بکات.

(عەبدالله ابی) بە ڕواڵەت موسڵمان بوو، بەلاَم موسڵمانێکی دووڕوو، بۆ هەل دەگەڕا تا دژایەتی پێغەمبەر بکات لە ژێرەوە و بە پەنهانی قوڕەیشی هان ئەدا تا هێرش بکەنە سەر مەدینە، هەموو ڕۆژێ هەوڵی ئەدا بابەتێك بەدەستبهێنێ تا بیدات بە شاعیرانی قوڕەیش یان شاعیرە منافیقەکانی بە ڕواڵەت موسڵمان وە لەناخەوە دووژمن تا موسڵمانان هەجوو بکەن.

مەوزوعی من و خزمەت کردنمی لەماڵی عائیشەدا کردە بەڵگە و (عبدالله ابی) دای بە شاعیری هەجوو تا بیانکاتە قەسیدەیەکی هجائی لەسەر عائیشە و پێغەمبەر و موسڵمانان. بابەتی قەسیدەکەش ئەمەبوو کە پێغەمبەر (د.خ) پیاوێکی لاو و قۆزی لەماڵی ژنەکەی خۆی داناوە بەیانی تا ئێوارە ئەو پیاوە لەگەڵ ئەو ژنەدایە، پێغەمبەریش لەدەرەوەی ئەو ماڵە یان لە مزگەوتە. کاتێك من ئەو شیعرەم گوێ لێ بوو ئاهێك لە ناخمەوە دەرچوو، چونکە زانیم هەموو موسڵمانانی مەدینە گوێیان لەو شیعرە بووە. شاعیری هەجوو لە شیعرەکەی خۆیدا ناوی منی نەبرد بوو، بەلاَم هەموان دەیانزانی ئەو پیاوەی لەناو ئەو شیعرەدا ئاماژەی بۆ کراوە منم دووبارە هەموو موسڵمانان دەیانزانی من ڕۆژانە لەو ماڵە لە گەڵ عائیشەدام، هیچ کەس لە موسڵمانان نەیاندەزانی من (خواجە)م بەسەربردنی پیاوی خواجە لەگەڵ ژندا ناپەسەند نیە. من دوایی زانیم کە پێغەمبەر (د.خ) بە دایکی موسڵمانانی وتوە کە من خواجەم، ئەگەر ئەوەی

نەزانیایە پیاوێكی لاوی وەك منی ڕێ نەئەدا لە ماڵیا بم، و فێركردنی منی نە ئەگرتە ئەستۆ. بەڵام لەبەر دڵ نەشكاندنی من هەرگیز عائیشە خواجە بوونی منی نەداوە لە ڕووم، من وام دەزانی دایكی موسڵمانان لە (خواجەیی) من بێ ئاگایە. دوای شیعری یەكەم كە لەلایەن دووژمنانی ئیسلامەوە وترابوو شیعرێكی تریان بڵاو كردەوە ئەمجارە بە ئاشكرا ناوی من و عائیشە هاتبوو، لە شیعری یەكەم دا بە ئیشارەت سوكایەتیان پێ كردبووین یان ئاماژەیان بە ناومان كردبوو. ئەی كوڕی (ارطاة) من شەرم ئەمگرێ ئەگەر باسی ناوەڕۆكی ئەو شیعرەت بۆ بكەم بە دیمەنی شەرمهێنەر باسی ئێمەیان كردبوو. من و عائیشەیان لەناو ئەو دیمەنانەدا پیشان ئەدا، و لەزمانی دایكی موسڵمانان و منەوە شتی وایان وتبوو كاتێك ئەمبیست لەشم لە شەرما ئەلەرزی.

من نەمزانی نوسەری ئەو شیعرانە كێیە دوای ماوەیەك زانیم شیعرەكان بە فەرمانی (عبدالله ابی) سەردەستەی منافقەكان ڕێكخراون، لەوكاتەدا من نەجوڵینەر و نەشیعر ڕێكخەرم دەناسین، ڕۆژێك عائیشە فێری خەت نوسینی ئەكردم، گوێم لێبوو منداڵێك لە كۆڵاندا خەریكی وتنەوەی شیعری دووەمە. بەجۆرێك لە بیستنی ئەو شیعرە دڵگران و توڕە و شەرمن بووم نەمتوانی لە گوێگرتن كەڵك وەرگرم، دایكی موسڵمان وتی چیە (عمرو) ئەمڕۆ بیرت جەم نیە؟ وتم بەڵێ داوای مۆڵەت دەكەم بچمە دەرەوە، دەرچوونم لەوماڵە بەدەستی خۆم بوو بەڵام ئەو ڕۆژە لە ناوەڕاستی دەرس خوێندندا بووم بۆیە پرسم كرد دەست لەدەرس هەڵگرم و بچمە دەرەوە.

دوای ئەوە لەماڵ دەرچووم هەوڵم دا دانەری ئەو شیعرانە بدۆزمەوە پێیان بڵێم ئەی شاعیرە گومڕاكان بە بێ بیركردنەوە تۆمەت بۆ دوو موسڵمان دەكەن، یەكێك لەوانە دایكی موسڵمانانە ئەگەر بزانن تۆمەتی ئێوە درۆ و ناحەقە لە ترسی خوادا دێنە لەرزین.

بێگومان دەیان پرسی بە چ بەڵگەیەك تۆمەتی ئێمە ناحەقە؟ من ئەوەی بەسەرم دا هاتووە بۆم دەگێڕانەوە ئینجا لە بێ ویژانی و بەد بەختی خۆیان ئاگادار

ئەبوونەوە. داوام لیٚ دەكردن دوو شیعری تر دابنیٚن تا كەفارەتی تۆمەتی ناڕەوایان بدەنەوە، دانی پیٚدا بنیٚن هەڵەیان كردوە و دایكی موسڵمانان پاكترە لەوەی كە ئەوان بوختانی وای بۆ هەڵبەستن.

مەدینە شاریٚكی وەك دیمەشق گەورە نیە كە ئیٚستا پایتەختی مەعاویەیە. جەماوەری مەدینە هەموو یەك دەناسن من زۆربەی دانیشتوانی مەدینەم دەناسی بەناو هەندیٚكیش بە قیافە نەم ئەزانی ناویان چیە، بیٚ ئاگا بووم لەوەی ئەوانیش من دەناسن، ئەو ڕۆژە چومە دەرەوە لە كۆڵانەكاندا تووشی هەركەس دەبووم ئەگەر پیاوی باڵغ بوایە سەریان دائەخست تامن نەبینن و بە بینینم ناڕەحەت نەبن، ئەگەر منداڵ بوایە پاش تیٚپەڕ بوونم بە پەنجە منیان پیشانی یەكتر ئەدا ئەیانوت ئەها ئەوە (عمرو)یە لە ماڵی پیٚغەمبەری خودایە (د.خ). چەندجاریٚك ویستم بگەڕیٚمەوە پەشیمان بووم لە هاتنە دەرەوە، بەلاٚم دوایی تووشی منداڵیٚك بووم خەریكی وتنی شیعری دووەم بوو لیٚی نزیك بوومەوە و پرسیم ئایا ئەزانی ئەم شیعرە كیٚ داینـاوە؟ وتـی نـا نـازانم. بـەلاٚم پیاویٚك گویٚی لـەم قسانەی من و منداڵەكە بوو لەولاوە بەناو منی بانگ كرد (عمرو) بۆچی ئەتەویٚ بزانی دانەری ئەو شیعرە كیٚیە؟ وتم لەبەرئەوە لەو شیعرەدا تیری بوختانم پیٚوە نراوە و منیش بیٚ گوناهم، وتی ئەی (عمرو) دانەری ئەو شیعرە ئەبوسوفیانە، وتم خۆ ئەولیٚرە نیە و لە مەككەدا دەژی، وتی لەویٚ دەیانوسیٚ و بە دەستی خەڵكی تر دەیاننیٚریٚت لیٚرە بلاٚوی ئەكەنەوە. من ئەم زانی ئەبوسوفیان لە پیاوە دیارەكانی مەككەیەو حەزی لە شیعر وتنە، بەلاٚم چاوەڕیٚی ئەوە نەبووم پیاویٚكی وا شیعری وابڵیٚت، بیرم كەوتەوە ئەو پیاوە برای شیری پیٚغەمبەرە (د.خ)، دەبوو ئەو پیاوە ڕیٚز و حورمەتی پیٚغەمبەری (د.خ) لابوایە لەویٚ لە دڵی خۆمدا وتم بۆ سەلماندنی تۆمەتی ناحەقی ئەبوسوفیان دەچمە مەككە و ئەو دەبینم و پیٚی دەسەلمیٚنم تۆمەتی ناحەق و ناڕەوایی بۆ من و دایكی موسڵمانان دروست كردووە، لە چوونم بۆ مەككە دەبوو بچمە لای پیٚغەمبەر و (د.خ) داوای مۆڵەتی لیٚ

بکەم، بەبێ مۆڵەت بڕۆم و دیار نەبم پێغەمبەر(د.خ) ناڕەحەت دەبێ دەڵێت یان ڕووداوێك ڕووی لێداوە یان سەری خۆی هەڵگرتووە.

کاتێك گەڕامەوە ماڵ پێغەمبەر لە مزگەوت دەگەڕایەوە منی بینی وتی (عمرو) ڕۆژانی ڕابوردوو تۆ خۆش حاڵ بوویت بەڵام ئەمڕۆ ئەتبینم غەمباری، وتم بەڵێ هۆی غەمباری من دووشتە یەکەم کەوتوومەتە بەر تۆمەتی ناڕەوا، دووەم ئەمەوێ مۆڵەتت لێ وەرگرم بڕۆم بۆ سەفەر، ئینجا باسی هەردوو شیعرە هەجوەکەم بۆ کرد و وتم زۆر ناڕەحەتیان کردووم. محەمەد (د.خ) وتی ئەی (عمرو) لەم تۆمەتە ناڕەوایە غەمگین مەبە، چونکە تۆ لای خوا ڕووسپیت دەزانێ تۆ تێکەڵ بە گوناح نەبویت و ناتوانیت تێکەڵ ببیت.

وتم ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ) من تەنها بۆ خۆم دڵگران نیم بەڵکو بۆ دایکی موسڵمانانیش دڵگرانم، چونکە ئەویش بەرتیری تۆمەت دراوە، من ناتوانم خۆ ڕاگرم شیعری هەجو لەسەر دایکی موسڵمانان دانرابێ ئەویش بە دیاریکردنی ناوی من. پێغەمبەر (د.خ) وتی ئەمە یەکەم جار نیە دوژمنانی ئیسلام ئێمە بدەنە بەر هەجوو، ئەوانە دەبینن دینی ئیسلام بەرفراوانە و پەرە ئەسێنێ بۆ ئەوەی ڕق و کینەی خۆیان دابمرکێننەوە بەم شیعرە هەجوانە هێرش دەکەنە سەرمان، بەڵام من کەخۆم بۆ هەموو جۆرە فیداکاریەك ئامادە کردووە لەڕێی خوادا بەشیعری هەجووی ئەوانە دڵگران نابم. وتم بەڵام موسڵمانان ڕازی نابن دوژمنانی ئیسلام بێ ئەدەبی بکەن بەرامبەر بە پێغەمبەرەکەیان. پاشان وتم یا پێغەمبەر (د.خ) من دانەری شیعرێکیان دەناسم ئەبوسوفیانە ئایا تۆ دانەری ئەوی تر دەناسی؟ فەرمووی بەڵی دانەری هەردوو شیعرەکە خەڵکی مەککەن لەوێ وە ناردویانن، وتم منیش لەبەر ئەوە دەچم بۆ مەککە کە بسەلمێنم بەو دوو شاعیرە ئەوەی وتویانە ناڕەواو تۆمەتە. دوو شیعری تر دابێن کە سەبارەت بە من ودایکی موسڵمانان هەڵەیان کردووە. ئەگەر ئەوەیان کرد باشە ئەگەر نا من لەم دنیادا هیچ ئومێدێکم نیە تەنها ئەوە نەبێ لە دنیای تردا ڕزگار بم، هەردووکیان دەکوژم.

فەرمووی (عمرو) ئەم کارە نەکەی چونکە خۆت تووشی گوناح دەکەی، کەسێك کە بێ گوناهە نابێت لە بوختان بترسێ وە ئارامی و خۆڕاگری بکە بە پیشە، تا ئەوڕۆژەی بەیەکجاری ئیسلام سەر دەکەوێت ئیتر لەو ڕۆژەدا بەدژی دینی خوا دەنگێك بەرز نابێتەوە کەسیش بە دژی پێغەمبەری ئیسلام شیعر دانانانێت. وتم ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ) هەرچی تۆ بفەرمویت هەر ئاوا دەکەم بەلاّم بۆئەوەی دەنگی دوژمنان خەفە بێت مۆڵەت ئەدەیت لەم ماڵە دەرچم.

فەرمووی تۆ ئەگەر لەم ماڵەدا نەمێنی دووژمنانی دینی خوا وا هەست دەکەن سەرکەوتوو بوون توانیویانە بە دانانی شیعری هەجوو تۆ لەماڵی مندا ڕاوبنێن. خوایەك تەماشا کەر و شاهیدە لەسەر هەمووان دەزانێت تۆ بێ تاوان و بێگوناهی وە منیش کە مێردی عائیشەم بە تەواوی دەزانم تۆ بێ گوناهی، بۆیە هەروەك جاران لەماڵی مندابە و خزمەتی عائیشە بگرە ئەستۆ. ئەوەبوو لەسەفەری مەککە پەشیمان بوومەوە و بەردەوام لەماڵی پێغەمبەردا خزمەتکردنی عائیشەم لە ئەستۆدا بوو وە لەگەڵ ئەوەشدا دەرسم ئەخوێند خوێندن و نووسین فێر دەبووم ئینجا ئەوەبوو دووژمنانی ئیسلام شیعرێکی تازە تریان بلاّو کردەوە لە ناو مەدینەدا.

دوای ئەوە شیعری سێ هەم لە مەدینەدا بلاّو بوەوە موسڵمانان بەجۆرێك غەمبار و دڵگران بوون داوایان لە (ابا حریرە) کرد کە پیاوێك بوو پێغەمبەر (د.خ) خۆشی دەویست بۆ ئەوەی بچێتە لای و داوای لێ بکات من دەربکات، بۆ ئەوەی درێژەی شیعرە هەجووە بێ مەعناکان کۆتایان بێت.

محەمەد (د.خ) وتی (ابا حریرە) من و عائیشە کاتێك دەبینە ئامانجی شیعری هەجوو، لەم پڕوپاگەندە ناترسین، موسڵمانان نابێ دڵگران بن. (ابا حریرە) وتی ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ) تۆ ئەتوانیت لەبەرامبەر خۆت و عائیشەدا خۆ ڕاگر بیت و فیداکاری بکەیت واتە بەرامبەر پڕوپاگەندەی دووژمنان بێ دەنگ بیت، بەلاّم موسڵمانان کە تۆیان خۆش دەوێت ناتوانن بێ دەنگ بن. باشتر ئەوەیە بۆ بێ دەنگ کردنی دووژمنان تۆ (عمرو) لەم ماڵەدا دەربکەیت. فەرمووی ئەگەر من (عمرو) دەربکەم لەم ماڵەدا لەتاو غەمباریدا دەمرێت.

(اباحریره) بەسەر سوڕمانەوە پرسی بووی بۆچی دەمریت؟ فەرمووبووی ڕووداویك ڕووی داوە لە (عمرو) ئەوی غەمبار و بیٚ ئومێد كردووە وە ئەمڕۆ تەنها ئومێدی ئەو ئەوەیە لە نزیك مندا دەژی و بەوە دڵخۆشە لە ماڵی مندایە، ئەگەر دەری كەم ئەو پیاوە دوور كەوتەوە لە دیداری ئێمە لە تاو غەم و پەژارەدا گیان ئەسپێرێت، و نامەویٚ پیاوێك بە بینینی من دڵخۆش و ئومێدەوارە بیٚ ئومێد بێت.

(اباحریره) وتی ئەگەر دەری نەكەیت ئەو تۆمەت و پڕو پاگەندانەی دووژمنانی تۆ كۆتاییان نایەت موسڵمانانیش زیاتر مەلول دەبن، فەرمووی (عمرو) دەرناكەم و پڕو پاگەندەی دووژمنانی ئیسلام و خوا لای من بیٚ ئەهمیەتە. من هەروا مامەوە كاتێك دووژمنان زانیان هەجوەكانیان كارناكاتە سەر پێغەمبەر (د.خ) چوارهەمین شیعری خۆیان لەسەر دایكی موسڵمانان و من دانا، ئەو شیعرە بەجۆرێك سەبارەت بە پێغەمبەر (د.خ) بیٚ ئەدەبی تێدا بوو كاتێك من بیستم لەتاو غەم و خەفەت دا لەرزم لیٚهات ئیتر نەمتوانی خۆم ڕاگرم، لەماڵ دەرچووم و ڕێگەی ماڵی عومەری كوڕی خەتابم گرتە بەر.

كاتێك گەیشتمە ماڵی عومەر تەماشام كرد (اباحریره) و (عفیف) و (سهیل ثعلب) لەویٚ دانیشتوون خەریكی كۆبوونەوە و قسە كردنن، هەستم كرد قسەكانیان سەبارەت بەو شیعرە تازەن. عومەر لەگەڵ چاوی كەوت بەمن دەم و چاوی كرژ كرد و وتی ئەی (عمرو) زۆر توڕەم لێت نامەویٚ بتبینم ئەگەر لەبەر خاتری ڕەسول الله (د.خ) نەبوایە ئێستا ئەمكوشتی. پرسیم گەورەم بۆچی دەم كوژی؟ وتی بویتە هۆی ئەوەی هەموو موسڵمانان تازیە بار بن. ئایا تۆ ئەزانی لەبەر مانەوەی تۆ لە ماڵی پێغەمبەر و (د.خ) لەلای عائیشە چ پڕو پاگەندەیەك كەوتوەتە سەر زاران. ئەی تۆ ئەم شیعرە هەجوانە نابیستی شەرم ناكەیت، مانەوەی تۆ بووەتە هۆی دانانی ئەم شیعرانە، خۆزگە ئاوڵەت دەگرت و دەم و چاوت ڕووش دەبوو نەك ئەوەندە جوان، ببیتە هۆی ئەم دەنگ و باس و پڕو پاگەندە. وتم گەورەم ئەمڕۆ بۆ ئەوە هاتووم بۆ ماڵتان تا سەبارەت بەم مەوزوعە

قسه بكەین، تا بۆت بسەلمێنم منیش و دایكی موسڵمانانیش بێ گوناهین، عومەر بە تورەییەوە وتی تۆ ئەتەوێ چی بڵێیت؟

وتم گەورەم ئایا پێغەمبەر (د.خ) ڕازی منی بۆ نەكردویت؟ وەڵامی داوە نەء ...ئایا تۆ ڕازت هەیە؟ وتم ئەی من تۆم بە جێ هێشت و لای پێغەمبەر (د.خ) خزمەتم دەكرد تۆ لێت نەپرسی بۆچی تۆم بەجێ هێشتووە و لای ئەو كار دەكەم، وتی ناء من كاتێك زانیم پێغەمبەر حەز دەكات تۆ لەماڵی خۆیدا دابنێ خۆم تەسلیمی ویستی ئەو كرد و من ڕێگە نادەم بەخۆم لەبەرامبەر ویستی خۆشەویستی خۆمدا كە پێغەمبەرە (د.خ) چەند و چوون بكەم. وتم دەی لەبەرئەوە تۆ لەمنت نەپرسیوە وام زانیوە پێغەمبەر (د.خ) ڕازی منی بۆ باس كردوویت، وتی نەمن سەبارەت بە تۆ هیچم لەگەڵ پێغەمبەر باس كردووە نە ئەویش ڕازی تۆی هێناوەتە ناو. وتم گەورەم تەنها كەسێك ئاگای لە ڕازی من بێت پێغەمبەرە ئەویش نەی ویستوە لای كەس باسی بكات و بڕواشم وایە لای كەس باسی ناكات، چونكە دەزانێ دەبێتە هۆی سەر شۆڕی من. عومەر دووبارە دەم و چاوی كرژ كردو وتی ئەی (عمرو) چیت كردووە ئاوا بەو شێوە قسە دەكەیت، دەڵێیت ئاشكرا بوونی ڕازت دەبێتە هۆی عەیبدار بوونت دیارە كارێكی خراپت كردووە و لە ئاشكرا كردنی ئەترسی، وتم نا قوربان كاری خراپم نەكردووە بوومەتە قوربانی.

(سهیل ثعلب) وتی كەسێك ببێتە قوربانی زیندوو نیە؟ وتم ڕاستە زیندوم و قسە دەكەم، بەڵام زۆر جیاوازیم نیە لەگەڵ كوژراوێك لەبەر ئەوەی (مثلە) كراوم. من ئەمڕۆ خۆم پیشانی ئێوە و هەموو موسڵمانان ئەدەم كە لەم مەیدانەدان تا هەموو بزانن من (مثلە) كەم ئەندام كراوم تا بەڕاستی ئەوەی سەبارەت بە دایكی موسڵمانان و من وتراوە دەركەوێ هەمووی درۆیە.

من تا ئەمڕۆ حەزم نەدەكرد ئەم ڕازەم ئاشكرا بێت، چونكە دەبێتە هۆی بەكەم سەیر كردنم، بەڵام ئەمڕۆ شیعری هەجووی دووژمنان و سوكایەتی كردن بە دایكی موسڵمانان و دژایەتی كردنی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەبێ من بە

بەڵگەیـەكی بـە قـوەت بیسـەلمێنم كـە دووژمنـانی پێغەمبـەر (د.خ) درۆ دەكـەن، ترسـی ئـەوەش هەیـە خـەڵكی وەك ئێـوە لێـرەدا دۆسـتانی وەفـاداری پێغەمبـەرن (د.خ) گومـان لەسـەر دایكـی موسـڵمانان دروسـت ببێـت لاتـان وا هەسـت بكـەن ئەوەی شاعیرانی مەككە و منافقەكان دەیڵێن ڕاستە.

شەخسیەت و ئابڕووی من لە بەرامبەر شەخسیەت و ئابڕوی پێغەمبـەردا (د.خ) بێ ئەهمیەتە، مـن ئـەمڕۆ لێـرەدا ڕازەكـەی خـۆم ئاشـكرا دەكـەم ئـابڕوی خـۆم سـوك دەكـەم نـەوەك ئـابڕوی عائیشـە و پێغەمبـەری ئیسـلام (د.خ) لەكـەدار بێـت و دووژمنانی ئیسلام وابزانن توانیویانە تۆمەت بۆ پێغەمبـەر (د.خ) دروست بكـەن، ئەوجا پانتۆڵەكەم لە پێم دا داكەند و خۆم پیشانی ئەو چوار كەسە دا.

هەموو غەمبار بوون بە تایبەت عومەر زۆر مەلول بوو دوای ئـەوەی پانتۆڵەكـەم لە پێ كردەوە، وتی ئەی (عمرو) كاتێك هاتی بە ماڵدا ئەو شیعرانە وا منیـان تـوڕە كردبوو قسـەی بـەرزم لەگەڵدا كردیـت داوای لێ بوردنـت لێ دەكـەم، نـەم زانـی كـەم ئەنـدام كـراوی، چونكە كـوڕێكی جـوان و قـۆز بویـت مانـەوەت لـەماڵی پێغەمبـەردا منی ناڕەحەت كردبوو. ئینجا (اباحريره ) لێی پرسیم چۆن (مثلـه) كراویـت؟ بـە دوور و درێژی بۆم باس كردن. دوای قسەكانی من، عومەر وتی نیـوەڕۆ نزیكـە، بـۆ نوێـژ دەبێ بچینە مزگەوت باشتر وایـە ئـەمڕۆ زوتـر بچین پـێش ئـەوەی پێغەمبـەر بێت موسـڵمانان لـەم مەوزوعـە ئاگـادار بكـەین. چـونكە ئەگـەر كاتێـك ئـەو بێـت بـۆ مزگەوت ئەم مەوزوعە ئاشكرا بكەین ئەو دڵتەنگ دەبێت كـە بۆچـی شتێك ئاشـكرا دەكەین دەبێتە هۆی سوكی (عمرو).

بەڵام ئابڕوی پێغەمبەر و دایكی موسڵمانان بەرزتر و گرانترە لەوەی كە (عمـرو) نیشانی خەڵك بدەین.

( سهيل ثعلب) وتـی مـن لـەو بڕوایـەدام كاتێـك موسـڵمانان لـەم مەزوعـە ئاگـادار بوون بێ گونـاهی دایكـی موسـڵمانان دەسـەلمێنێ بـە جۆرێـك دڵخـۆش دەبـن هـیچ كەس بەچاوی سوك سەیری (عمرو) ناكات، بـە تایبـەت لـە جـەنگ دژی كافرەكانـدا

دیل و پاشان (مثلە) کراوە کەسێك بەهۆی جیهاد و لە ڕێی خوادا کەم ئەندام بووبێ زۆر پاداشتی هەیە.

پاشان من و ئەو چوار کەسە لە ماڵی عومەر هاتینە دەر و ڕوو بە مزگەوت چووین لە ڕێگەی مزگەوت هەرکەس منی لە گەڵ ئەو چوار کەسەدا دەبینی سەری سوڕ دەما.

کاتێك هەنگاومان نایە مزگەوت هەموو ئەو کەسانەی لە هەیوانی مزگەوتەکەدا چاوەڕێی پێغەمبەریان (د.خ) دەکرد بێ دەنگ بوون و بەسەر سوڕمانەوە سەیری منیان کرد، چونکە چاوەڕێی ئەوە نەبوون پیاوێکی وەك من لەگەڵ ئەو چوار پیاوەدا بڕواتە مزگەوت. عومەری کوڕی خەتاب منی برد بۆ لایەکی مزگەوتەکە ئەو سێ کەسەکەی تری لەگەڵماندا هاتن ئینجا عومەر بە دەنگە بەرزەکەی خۆی وتی ئەی بەندەکانی خوا گوێ بگرن.

بێدەنگی مزگەوتی گرتەوە، وتی ماوەیەکی زۆرە هەموو دڵگران و غەمبارین، چونکە سەبارەت بە دایکی موسڵمانان نابەجێیی دەوترێت بە شیعری هجائی دەیانەوێت ئازاری پێغەمبەر(د.خ) بدەن ئەگینا ئەوانە دووژمنایەتیان نیە لەگەڵ عائیشەدا ئەوانە دەڵێن لە نێوان عائیشە و (عمرو)دا کە لە ماڵی پێغەمبەردایە (د.خ) پەیوەندی نامەشروع هەیە. لە کاتێکدا ئەم وتە بوختانی ناحەقە من سوێند دەخۆم بەخوا کە لەنێوان دایکی موسڵمانان و (عمرو)دا پەیوەندی نامەشروع بوونی نیە، چونکە (عمرو) ئەمڕۆ ئێمە هێناومانە بۆ مزگەوت تا پیشانی ئێوەی بدەین(خواجەیە)و عەیبی بڕاوە.

کاتێك موسڵمانان گوێیان لەم وتەیە بوو دەستیان کرد بە دوعا خوێندن و ئاواز خوێندن، عومەر منی بۆلای خۆی پەلکێش کرد لەلای خۆیدا ڕایگرتم تا هەمووان من ببینن وتی ئەی بەندەکانی خوا ژنانی عەشرەتی کەلب ئەم پیاوەیان بەدیل گرت لەگەڵ حەوت کەسی تردا، پاش ئازار و ئەشکەنجە حەوتیان مردن و (عمرو) ماو پێغەمبەر (د.خ) (فیدیە) ی لە بیت المال بۆ سەرف کرد و گەڕایەوە مەدینە.

پێغەمبەر (د.خ) بۆ دڵنەوایی (عمرو)ی لای خۆی گل دایەوە تا لە نزیكیدا بێت و هەست بە نوقسانی و غەم و پەژارە نەكات و لەماڵی عائیشە خەریكی كاری ناوماڵ و كۆمەك كردنی دایكی موسڵمانان بووە، ئەمڕۆ (عمرو) هاتە ماڵەی ئێمە و وتی من تا ئێستا نەم ویستووە كەس لەم ڕازەم ئاگادار بێت جگە لە پێغەمبەر (د.خ)، بەڵام ئیتر خۆم ناگرم لە بەرامبەر ئەو شیعرانەی دووژمنانی ئیسلامدا، هاتووم ڕازی خۆم ئاشكرا كەم بۆ ئێوە و هەموو موسڵمانان. بە ئامادە بوونی منو (اباحریرە) و (عفیف) و (سهیل ثعلب) پانتۆڵەكەی لە پیێ كەندەوە و هەر چوارمان بەچاوی خۆمان بینیمان ئەم پیاوە خواجەیە تا ئەو ڕۆژەی دەمێنێ ناتوانێ تێكەلأویەتی لەگەڵ ژندا بكات.

دوای ئەم قسانە عومەر پرسی لە (اباحریرە) ئایا تۆ ئەمڕۆ لەماڵی ئێمە بە چاوی خۆت بینیت (عمرو) خواجەیە؟ (اباحریرە) وتی سوێند بەخوا من ئەمڕۆ بە هەردوو چاوی خۆم بینیم (عمرو) خواجەیە، عومەر ئەم پرسیارەشی لە (عفیف) و (سهیل ثعلب) كرد ئەوانیش بە هەمان شێوە سوێندیان خوارد بە دوو چاوی خۆمان دیومانە خواجەیە.

ئینجا عومەر وتی ئەگەر ئێرە مزگەوت نەبوایە دەموت بە (عمرو) پانتۆڵەكەی لابات تا هەموو ئەوانەی لێرەدان ببینن. ئینجا عومەر پیێی وتن ئەی بەندەكانی خوا كەستان گومانتان لەم مەوزوعەدا هەیە، هەموو بە جاریێ وتیان نەء یا عومەر مادام ئێوە چوار كەس بە چاوی خۆتان دیوتانە (عمرو) خواجەیە ئێمەش هیچ شك و گومانمان نیە.

ئینجا عومەری كوڕی خەتاب وتی من دەزانم پێغەمبەری خوا (د.خ) بۆ پارێزگاری لە ئابڕووی (عمرو) ئامادە نەبوو ئەم ڕازە ئاشكرا بكات لای كەس تا زمانی دووژمنانی ئیسلام ببەسترێت. (عمرو) خۆی ئەو كارەی كرد ئێمەی موسڵمانان دەبیێ مەمنونی ئەو فیداكاریە بین لەبەر ئەوەی ئێمەی لە غەم و ڕاڕاییو خەفەت ڕزگار كرد، هەرچەندە ئێمە دەمانزانی هاوسەری پێغەمبەر (د.خ) داوێن پاكە و وە ژنێكی وەك دایكی موسڵمانان بیێ تەقوا نابێت، بەڵام لەبەرئەوەی

(عمـرو) شـەو و ڕۆژ لـەماڵی پێغەمبـەردا بـوو خزمـەتكاری عائیشـە بـوو غـەمبار بـووین، بـەلاّم ئێسـتا ئـەو غـەم و تەمـە ڕەویـەوە. مـن ئـەمڕۆ بەیـەكێك لـە ڕۆژە خۆشەكانی خۆم دەزانم.

هەموو موسڵمانان ئەو ڕۆژە دڵشاد بوون كاتێك عومـەر قسـەی تـەواو بـوو ڕووم كـردە موسـڵمانان و وتم ئـەی موسـڵمانان پێغەمبـەر (د.خ) دوای ئـەوەی زانـی مـن (مثله)م منی گل دایەوە تا باری شان و خەفەتی دڵ و غـەمی دەرونم كـەم بكاتـەوە، دایكـی موسـڵمانان بـەزەیی پـێم دا هاتـەوە و دڵنـەوایی كـردم و لـەكاتی بـیٚ كاریـدا فێری خوێندن و نووسینی دەكردم..

كاتێك قسـەكانی مـن تـەواو بـوون پێغەمبـەر (د.خ) هاتـە مزگـەوت و قسـەكانی عومـەر و منـی گـویٚ لیٚ بووبـوو لـە حەوشـەی مزگەوتەكـەدا دڵشـادی و دڵخۆشـی موسڵمانانی بینیبوو زانیبووی من ڕازی خۆمم ئاشكرا كردووە، ئینجا ڕیـزی نوێـژ بەستراو دەست كرا بە نوێـژ خوێنـدن دوای نوێـژ بـانگی كـردم و فـەرمووی (عمـرو) وابزانم ئەمڕۆ ڕازی خۆتت ئاشكرا كردووە، وتم بـەڵی ئـەی پێغەمبـەری خـوا (د.خ) لەمە زیاتر توانایی خۆ ڕاگرتنم نەبوو كە دایكی موسڵمانان و تۆ لەوە زیاتر تانە و تەشەر لیٚ بدەن. نەم ئەتوانی تـا دواڕۆژی ژیـان ئـەم ڕازە پـەنهان بێـت، هـەر ئاشـكرا دەبوو باشتر كە ئەمڕۆ ڕازم ئاشكرا بوو تا دووژمنـانی ئیسـلام و ڕەسـول الله (د.خ) نەتوانن هەجوو بكەن.

من چاوەڕیٚ بووم موسڵمانان ئیتر سـوك سـەیرم بكـەن، بـەلاّم بـە پێچـەوانەوە بـە چاوی هاودەردی و بەزەییەوە سەیریان دەكردم كاتێك زانیم موسڵمانان بە چـاوی سـوك تەماشـام ناكـەن وەك سـەنگێكی قـورس لەسـەر سـنگم لا برابێـت وابـوو، تـا ئەوكات بەهۆی ئەوەوە كە ئەم ڕازە بشارمەوە و ئاشـكرا نـەبێت لـە تەنگانـەدا بـووم هەستم دەكرد ئارەزوومە ئەم ڕازە لەگەڵ خەڵكی تـردا بـاس بكـەم تـا ئـەوانیش بـەم دەرد و ئازار و بەدبەختیەم بزانن.

من ئەم زانی كەس ناتوانێـت مـن بگەڕێنێتـەوە بـۆ سـەر وەزعـی ڕابوردووم و تـا ئەو ڕۆژەی هەم خواجەم. لەگەڵ ئەوەشدا حەزم دەكرد خەڵكی بـەم دەردەم بـزانن و

بە چاوی دڵسۆزی و بەزەییەوە تەماشام بكەن، بەڵام ئەشترسام ئاشكرا ببم ئابڕوم بچێت و ببمە جێگە مەخسەرەو پێكەنینی خەڵك، دوای ئەوەی زانیان خواجەم هیچ كەس گاڵتەی پێ نەكردم و ئابڕو و شەخسیەتم كەمی نەكرد، خۆم بە سوك بار ئەهاتە پێش چاو و وەك جاران خۆم نەئەخواردەوە.

من هەروەها لە ماڵی پێغەمبەردا (د.خ) مامەوە تا ئەوكاتەی پێغەمبەر (د.خ) لە ژیاندا بوو خزمەت كردنیم جێ نەهێشت، دوای كۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ) چومەوە خزمەت ئەربابی ڕابووردووی خۆم (عومەری كوڕی خەتاب).

## كێشەی ون بوونی ( عائیشە ) و دابەزینی چەند ئایەت سەبارەت بە پاكی ئەو

هەركات پێغەمبەری ئیسلام سەفەری بكردایە یەكێك لە ژنەكانی لەگەڵ خۆیدا دەبرد ئەو ژنەش بە قورعە كێشی دیاری دەكرا. هەموو كات من دەبوومە خزمەتكاری ئەو ژنەی كەلەسەفەردا بەشدار ئەبوو، من پاسەوانیشی دەبووم بۆ ئەوەی پیاوانی بێگانە نزیكی ئەو ژنانە نەبنەوە مەبەستم لە پیاوی بێگانە كافرەكانە، ئەگینا هەموو موسڵمانێك ژنی پێغەمبەر دایكیەتی، لەو سەفەرانەدا چەكدار بووم، ڕۆژێك پێغەمبەر ئاگاداری كردم خۆم ئامادە بكەم بۆ سەفەر چونكە دەچین بۆ شەڕ لەگەڵ هۆزی (بنو مصطلق)دا.

ئەو جارە عائیشە دەهات بۆ سەفەر پێغەمبەر (د.خ) پێی فەرموو خۆت ئامادەكە، ئێمە لە مەدینەوە كەوتینە ڕێ و گەیشتینە سنوری هۆزی (بنو مصطلق)، لەشكرێكی بچوكمان لەگەڵدا بوو دوو ڕۆژ شەڕمان لەگەڵ ئەو هۆزەدا كرد ئەوان شكان و سەرۆكی هۆز تەسلیم بوو، مەبەستی من لە گێڕانەوەی ئەم پێشەكیە ئەوەیە خاڵێكی تر باس بكەم.

كاتێك پێغەمبەر (د.خ) دەچوو بۆ سەفەر ژنەكانی ئەگەر كەنیزەك یان خزمەتكاری لەگەڵ بوایە دایكی موسڵمانان لە تایەكی كەژاوەكە و خزمەتكار یان كەنیزەكە لە تاكەی تریدا دائەنیشتن، بەڵام ئەگەر كەنیز و خزمەتكاری لەگەڵ نەبوایە من لەناو تاكەدا دائەنیشتم بۆ ئەوەی لاسەنگ نەبێ. لەو سەفەرەدا من

لـەناو لنگـەی تـری کەژاوەکـەدا بـووم. دوای ئـەوەی لەشـەڕی (بنـو مصـطلق) دا گەڕاینـەوە پەلـەمان نـەبوو، نیـوەڕوان پشـوومان ئـەدا و دوای عەسـر هـەوا فێنـك ئەبوەوە ئەکەوتینە ڕێ.

ڕۆژێـك عەسـر بـوو، مـن لـەناو کەژاوەکـەدا دانیشـتبووم پـەردەی کەژاوەکـەی عائیشە دادرابوو. ئەم زانی هەرکات پەردەکەی دادرا خەریکی پشوودانە. کەوتینە ڕێ و من بە حسابی ئەوەی عائیشە پشوو ئەدات نە بانگم کرد و نە قسەم لەگەڵ دا کـرد نـەوەك لەخـەو بێـدار بێـت. دوای ئـەوەی ماوەیـەك ڕێگامـان تـەی کـرد و عائیشە هەر بێدار نەبوو سەرم سوڕما دوایی وام زانی لەخەو بەخەبەر نەهاتنی ڕەنگە هۆی ماندوو بوونی بێت، شەو داهات منیش چاوم چوو بووە خەو، چونکە کاتێك بەشەودا وشتر ڕێدەکات ئەو کەسەی ناو کەژاوەکە خەوی پیا ئەکەوێت.

لەناکاو چاوم کردەوە و سەیری ئەستێرەکانی ئاسمانم کرد تا بزانم چ کاتی شـەوە زانـیم نیـوە شـەوە، پـەردەی کەژاوەکـەی عائیشـە هـەروا دادرابـوو بڕێـك لـە نیـوەی شـەو تێپـەڕی و ئێمـە وەسـتاین بـۆ پشـوودان، مـن هاتمـە خـوارەوە لـەناو لنگەی کەژاوەکەدا و ناچار بانگی عائیشەم کرد بەلاًم دەنگی نەبوو. کاتێك لەشکر دەوەسـتێ وشـتر چـۆك دائـەدا بـۆ ئـەوەی کەژاوەکـەی لێ بکەیتـەوە پشـوو بدات، دووبارە چەند جارێك بانگی دایکی موسڵمانانم کرد وەلاًمی نەبوو، بۆیە پەردەی کەژاوەکەم لادا تـا بـزانم بۆچی عائیشـە وەلاًم ناداتـەوە، کەچـی دەبیـنم کەژاوەکـە خاڵیە و عائیشەی تێدا نیە.

یەکسەر بیرم لەوە کردەوە کە عائیشە ڕەنگە چووبێت بۆ لای پێغەمبەر (د.خ) لـەو کاتـەدا مـن خـەریکی خەوانـدنی وشـترەکە بـووم ئـەو دابـەزیبێت مـن ئاگـام لێ نەبووبێت، بۆیە بۆ دڵنیا بوون یەکسەر چووم بۆ ئەو شوێنەی پێغەمبەری (د.خ) لێ بوو پرسیارم کرد ئایا دایکی موسڵمانان لێرەیە؟

ئەوانەی پرسیارەکەم لێکردن بە نەء وەلاًمیان دامەوە، لە ناو ئۆردوودا جگە لەو شوێنەی دەواری پێغەمبەری لێبوو جێگەیەکی تر نەبوو عائیشەی بۆ بچێت، هەرچەند من جێگاکانی تر گەڕام و پرسیارم کرد و کەس عائیشەی نەدیبوو.

ویستم بچمە لای پێغەمبەر (د.خ) خۆیی و بڵێم عائیشە دیار نیە، بەڵام ترسام چونكە من پاسەوانی بووم بۆ ئەوەی شتێكی لێ نەیەت چۆن ئێستا دیار نیە. جار جار لە دڵی خۆمدا ئەموت ڕەنگە لە ڕێگەدا كەوتبێ، باشە ئەی چۆن كاتی كەوتن هاوار ناكات تا من و خەڵكانی تریش گوێمان لێ بێت. هەرچەندە كەژاوەكەش وا دروست كرابوو كە عائیشە ناكەوێت. ئەشم وت تۆ بڵێیت پیاوانی هۆزی (بنو مصطلق) فڕاندبێتیان. ئەوەش پەسەند نەبوو چۆن دەی فڕێنن دوای ئەوەی ئەوان شكاون.

پاشان بیری ئەوەم بۆهات ڕەنگە دایكی موسڵمانان جێ مابێ لە ترساندا دەلەرزیم چونكە جێگەی مەترسی بوو بۆ ژنێكی جوانی وەك عائیشە جێ مابێ ئەویش لە ناوچەیەكدا كە هۆزێك تێیدا شكابێ و ئێمەش بە جێمان هێشتبێ. چونكە لەوانە بوو ئەوان بێنە ناوچەی شەڕەكە تا بزانن ئێمە گەڕاوینەتەوە یانا هاتبن و ئێمەی لێ نەبووبێ بۆ تەعقیب بە دوامانداا بێن و عائیشە بدۆزنەوە، بزانن خێزانی پێغەمبەرە (د.خ)، (فدیە)ی لە ڕادەبەدەر بكەن. پاشان دەموت ئەگەر واش نەبێت كەمتیار دەیخۆن، چونكە لە بیابانەكانی باكوری عەرەبستاندا كەمتیار زۆر بوون و بەشەو كەسێكی لاوازیان دەست كەوێت هێرش دەكەنە سەری و دەیخۆن. لە كۆتایدا بڕیارم دا بگەڕێمەوە بە شوێنی هاتنی خۆماندا.

نەشم وێرا بۆ گەڕانەوە داوا لە پێغەمبەر (د.خ) بكەم چەند كەسێكم لەگەڵدا بنێرێت، چونكە نیشانەی ئەوەبوو پاسەوانێكی ترسنۆكم و زۆریش جدی نەبووم بۆیە یان فڕێندراوە یان جێماوە. ئەوەبوو بڕیارم دا بە تەنها بگەڕێمەوە بەدوای‌دا. وشترەكەی خۆم بە كەڵكی ئەوە نەدەهات لەگەڵ خۆم بیبەم بۆیە وشترێكی تری تیژ ڕەوم برد تا لە كەمترین ماوەدا زۆرترین مەسافە ببڕم، پێش ئەوەی بگەڕێمەوە سواری وشتر ببم تیر و كەوان و شمشێر و نێزەم لەگەڵ خۆم دا برد نەوەك تووشی دووژمن ببم، گەڕانەوەم بۆ پەیداكردنی عائیشە لە ترسی پێغەمبەردا بوو نەوەك لەبەر ئەو چاكانەی عائیشە لەگەڵ مندا كردبووی.

بەو شەوە لەو ڕێگەوە کە هاتبووین گەڕامەوە جار جار دەوەستام و بانگم دەکرد عائیشە.. عائیشە ئەی دایکی موسڵمانان ئەگەر گوێت لە دەنگمە وەڵام بدەرەوە، دوای ئەوە وەڵام نەبوو بیابان بێ دەنگ ئەبوو لە دوورەوە دەنگی کەمتیارەکانم ئەبیست.

وشترەکەم بە توندی ڕێگەی دەبڕی جار جار ڕەشۆکەیم توند دەکردەوە و بانگم دەکرد بەڵام جگە لە دەنگ دانەوەی دەنگی خۆم و قوزەی کەمتیار چی ترم نەدەبیست، لەناکاو سەیرم کرد شەوقی ئەستێرەکان کز بوو ئاسۆ ڕووناکی کردەوە دوای ڕۆژ بوونەوە زوو زوو دەوەستام و بانگم دەکرد.

کاتێك ڕۆژ بوەوە تیشکی خۆر کەوتە سەر زەوی من لە جێگایەکی بەرزیەوە بووم خۆر لە پشتی سەرمی ئەدا، بۆیە بۆ پێشەوە تا ماوەیەکی دوور چاوم بڕی دەکرد. لەو کاتەدا لە دوورەوە چاوم بە وشتر سوارێك کەوت کە ڕێڕەوی ڕێگا بڕینی بە پێچەوانەی ڕێ بڕینی منەوە بوو.

لە بیاباندا لە دوورەوە کاتێك وشتر سوارێك دەردەکەوێت لە شێوەی میلێکی باریکدا دەبینرێ، من بۆ شەڕ خۆم ئامادە کرد، لەو بڕوایەدا نەبووم ئەوە دۆست بێت، وام دەزانی لە هۆزی (بنو مصطلق)ە ئەو منی نەئەبینی چونکە خۆر ئەیدا لە دەم و چاوی، بەڵام سات بە سات جوانتر دەرئەکەوت لەوکاتەدا ئیتر من بانگی دایکی موسڵمانانم نەکرد نەوەك ئەو پیاوە گوێی لێ بێ و بزانێ عائیشە جێماوە لەو ناوەدا.

وشترەکەی ئەو پیاوە زۆر خێرا ڕێگەی دەبڕی منیش هەروەها، من بەسەر سوڕمانەوە سەیرم دەکرد تابزانم کێیە بەڵام ماوەی نێوانمان زۆر بوو نەم ئەتوانی دەم و چاوی بەو شێوە ببینم تا بیناسم ئایا دۆستە یا دووژمن، لە ناکاو ئەو پیاوە وەستاو چەماوە وەك سەیری شتێك بکات لەسەر زەوی، تەماشام کرد ژنێك نزیك بوەوە لە وشترەکەی خێرا وشترەکەم ڕانی و زانیم ئەو ژنە عائیشەیە تا زوو بگەمەلای.

هەرچەندە پەلەم كرد بەلاّم پێش ئەوەی بگەمە لای ئەو دوانە كابرای سوار وشترەكەی چۆك پێ داداو ژنەكەی لە پشتی خۆیەوە سوار كرد و كەوتە ڕێ، بەیەك گەیشتین و تەماشا دەكەم ئەو سوارەی كە دایكی موسلّمانانی لە پشتی خۆیەوە سوار كردوە یەكێكە لە موسلّمانان بەناوی (صفوان بن معطل سهمی). عائیشە كاتێك منی بینی وتی (عمرو) لە دوێنێ عەسرەوە تا ئێستا من لەم بیابانەدا جێ ماوم بەتەنها لە ڕزگار بوونم بێ ئومێد بوو بووم. بۆچی زوتر نەگەڕایتەوە بە دوامدا؟

بۆم گێڕایەوە كاتێك كەوتینەتە ڕێ پەردەی كەژاوەكەت دادراوەتەوە و وام زانی خەوتویت تا ئەو جێگەی لامان دا بۆ پشوودان، ئینجا زانیومە نیت لەناو كەژاوەكەدا، پرسیاری كرد ئایا ڕەسول الله (د.خ) زانیویەتی كەمن دیار نیم؟ وتم ناء، ترسام پێی بڵێم واتەماشام بكات كە پیاوێكی پاسەوانی بێ توانام. ئیتر عائیشە لە پشتی صەفوانەوە دابەزی و هات لە پشتی منەوە سواربوو منیش گەڕامەوە بەدوای خۆمدا.

من نەمتوانی خۆم بگەیەنمەوە لای لەشكر، لەشكر گەڕابوونەوە مەدینە، لەبەرئەوە خەڵكی مەدینە ئاگادار بوون لە ون بوونی عائیشە و هەریەكە و بۆچونێكی هەبوو لەوبارەوە.

هەندێك دەیانوت پیاوانی هۆزی ( بنی مصطلق ) فڕاندویانە، هەندێك دووژمن بوون دەیانوت ڕایكردەوە لە دەست پێغەمبەر و (د.خ) نایەوێت ئیتر لەگەڵیدا بژیت. (صفوان) یش بۆ خۆ هەڵكێشان لە مەدینەدا بلاّوی كردەوە عائیشە ون بووە و ئەو لە بیاباندا دۆزیویەتەوە و ڕزگاری كردووە.

(صفوان) ڕاستی دەوت، بەلاّم من چەند دەقیقەیەك زوتر بگەیشتمایە لای عائیشە من ڕزگارم دەكرد، بەلاّم مانەوەی صەفوان لە بیاباندا و بە جێمانی عائیشە بووە هۆی ئەوەی بیانوو بكەوێتە دەست دووژمنان و مونافیقان و سەردەستەی ئەوان كە (عبدالله ابی) بوو دووبارە شیعری هەجوی دەست پێ كردەوە بە دژی عائیشە.

لەو سەفەرەدا (صفوان بن معطل سهمی) پاش قەرەوڵی دوای لەشکر بوو، دەبوو بە دوای لەشکرەوە بێت تا بزانێت ئایا دووژمن دوای لەشکر دەکەون یا نا؟ یان ئەگەر لە بیاباندا سوارانی جیّ گومانی بینی هەواڵ بدات بە پێغەمبەر (د.خ) نەوەك لەشکر لەکاتی ڕێ بڕیندا بکەوێتە بەرهێرشی لەناکاوی دووژمن. بەپیّی ڕەوشتی ئاسایی نەئەبوو نێوان (صەفوان) و لەشکر لە نیو سەعات ڕیّ دوورتر بێت یان زیاتر بیّ، بەڵام ئەو ڕۆژە عائیشە ون بوو صەفوان زۆر لە لەشکرەوە دوور بوو وە جیّ مابوو، شەو نەگەیشتەوە لای لەشکر و من بەیانی ڕۆژی دوایی بینیمەوە لە بیاباندا. بۆیە دووژمنانی ئیسلام و پێغەمبەر (د.خ) دەیانوت صەفوان بۆیە خۆی ئەو شەوە نەگەیاندوەتەوە لای لەشکر، تا بەیانی لە بیاباندا ماوەتەوە لەگەڵ عائیشەدا بووە، من ئەم تۆمەتەم بە درۆ خستەوە و وتم کاتێك لە بیاباندا من صەفوانم بینی بەرە و ڕووم دەهات زۆر دور بوو لە عائیشەوە.

من بە تەواوەتی بڕوام وابوو (صفوان) بیّ ئاگا بوو لە جێمانی عائیشە، چونکە وەستانی و سوار کردنی عائیشە لە پاشکۆی خۆیدا زۆر جێگەی سەرسوڕمان بوو بۆی، بەڵام دووژمنان دەیانوت نەخێر عائیشە ئەو شەوە تا بەیانی لەگەڵ صەفواندا بووە. کاتێك بەیانی دیویانە وشتر سوارێك بەرە و ئەوان دەچێت زانیویانە بۆ دۆزینەوەی عائیشە هاتووە، ئەگینا بەتەنیا سوارێك چی دەکات لەو بیابانەدا. کاتێك کە منیان دیوە گوایا (صەفوان) بە سواری وشترەکەی دوور کەوتوەتەوە و دووبارە لەولاوە هاتووەتەوە بەرە و لای عائیشە تا (عمرو) وا هەست بکات ئێستا دەگاتە لای. من وتم نەخێر خۆر لەپشتی سەری منەوە هەڵهاتبوو تا مەسافەیەکی زۆر چاوم بڕی دەکرد، بەڵام خۆر ئەیدا لە چاوی صەفوان بە تایبەت تیشکی سەر لەبەیانی کە ناهێڵیّ ئەوەی بەرە و خۆر هەڵات بنواڕیّ لە دورەوە شت ببینیّ.

دووژمنان ئینکاریان دەکرد دەیانوت کاتێك تیشکی ڕۆژ لەدواوە ئەدات لە سوارێك سێبەری ئەو سوارە زۆر ئەڕوات، ئەوەی لەلای ڕۆژ ئاواوە بێت سێبەری ئەو سوارە ئەبینیّ ئەگەر سوارەکە خۆیشی نەبینیّ. من ئەمزانی دووژمنانی

پێغەمبەر درۆ دەكەن و تۆمەت دروست دەكەن، دەم زانی صەفوان لە چوونی من بیٚ ئاگا بووە و نەیزانیوە كەسێك لە ڕۆژ هەلاٚتەوە بەرە و لای ئەو ئەڕوات بەلاٚم دووژمنان قسەی منیان قبولٚ نەبوو.

یەكێك لەو شتانەی كەبەلٚگە بوو بە دەست دووژمنانەوە ئەوەبوو دەیانوت دەبوو (صەفوان) نیوسەعات لە لەشكرەوە دوور بێت كاتێك لەشكر وەستاو هەلٚی دا پاش نیو سەعاتەكە بگاتە لەشكر، بەلاٚم پاش ئەو نیو سەعاتە نەگەیشتوە و دوای ئەوە لەشكر گەیشتوەتەوە مەدینە و ماوەیەكی پیٚ چووە ئینجا (صەفوان) هاتوەتەوە. دەیانوت لە دوو حالٚەت بەدەر نیە، یان عائیشە و صەفوان ڕێك كەوتوون عائیشە لەكاتی جولاٚنی لەشكردا لە كەژاوەكە دابەزێت و لەو بیابانەدا چاوەڕیٚی بكات تا صەفوان دێت و دەگاتە لای، حالٚەتی دووەم ئەوەیە عائیشە ڕاست دەكات بۆ دەست بەئاو لە كەژاوەكە دابەزیوە و دوور كەوتوەتەوە تا گەڕاوەتەوە لەشكرەكە كەوتوەتە ڕێگا و ئەو جیٚماوە پاش نیوسەعات صەفوان هاتووە گەیشتوەتە لای و گلی داوەتەوە تا ڕۆژی دوایی. دەبوو (صەفوان) عائیشەی لە پاشكۆی خۆی سوار كردایە و زوو بگەیشتایەتەوە لای لەشكر، بەلاٚم ئەو پیاوە لاوە ئەوەی نەكردووە گلی داوەتەوە ئەو شەوە تابەیانی و ئەگەر بەیانیش صەفوان لەو بیابانەدا (عمرو) ی نەدیایە دووبارە دایكی موسلٚمانانی گل ئەدایەوە، بەلاٚم بینینی (عمرو) بووەتە هۆی ئەوە وا پیشان بدات لە دوورەوە دێتو ئێستا ئەگاتە لای عائیشە.

(صەفوان) دەیوت من بۆیە دواكەوتم لە بیابانەدا تووشی سك ئێشە بووم بەجۆرێك سكم ئێشی دەكرد ناچار وشترەكەم خەواند و لەسەر زەوی تا بەیانی تلامەوە نەم ئەزانی چی بكەم، پاش ماوەیەك تلانەوە بەو ئازارە وە بیٚ تاقەتی كردم و خەوم پێدا كەوتبوو كاتێك چاوم كردەوە ئەستێرەی بەیانی هەلٚهاتبوو دوای نوێژی بەیانی هەستام و كەوتمە ڕیٚ تا ئەوە بوو لەو جێگەدا پاش هەلٚهاتنی خۆر تووشی عائیشە بووم، دووژمنان دەیانوت لاوێكی وەك صەفوان تووشی ئازاری سك نابێت.

دووژمنــانی ئیســلام و پێغەمبــەر (د.خ) شــیعرێکی هــەجویان دانــا لــەناو شیعرەکەدا وتـراوە ڕاسـتە (عمـرو) خواجەیـە ( خەسـاوە ) لەبـەر ئـەوە پەیوەنـدی لەگـەڵ عائیشــەدا نـەبووە، بـەڵام (صـەفوان) لاوە و خواجـەش نیـە، کاتێـك ژن و پیاوێك عەسری ڕۆژی پێشوو شەوەکەی تا بەیانی لە دەشتدا بمێننەوە بەتـەنهایی لاویش بن دیارە چیان کردووە.

ئەوەندە منافیقین بوختانیان کرد من دوو دڵ بووم، چووم بـۆلای (صـەفوان) و پێم وت خۆم بێگومانم لەوەی ئەو ڕۆژە تۆ کاتێك من نزیکت بوو بوومـەوە لـەناکاو چاوت بە دایکی موسڵمانان کەوت، چونکە وەستانی تـۆ و تونـد کردنـەوە ڕەشـۆی وشترەکە و سەر سوڕمانت و سوار کردنی عائیشـە لـە پاشـکۆی خـۆتدا بـە چاوی خۆم هەمووم بینی، بەڵام هاتووم بۆئەوە دڵنیام بکەیت لەوەی ئەو تۆمەتـە بـۆ تـۆ و عائیشەی دروست دەکەن درۆ و بێ بناغەیە.

(صـەفوان) وتـی سـوێند دەخـۆم بـە بـاو باپیرانم کـە مـن عائیشـەم نـەدیوە لـەو دەشتەدا تا ئەوکات و سەعاتەی من گەیشتمە لای کە تۆش لەوێدا ئامادە بوویت، ئـەوەی سـەبارەت بـەمن و ئـەو دروسـتی دەکـەن هـەمووی درۆیـە، ئەوانـەش ئـەو بوختانە ناحەقە دروست دەکەن بۆ ئێمە دەکەونە بەر سزای خوا.

جـارێکی تـر مـن غـەمبار و مـەلول بوومـەوە سـەبارەت بـەو گـەڕە لاوژە و قسـە ناشیرینانە کە دەدرانـە پـاڵ دایکـی موسڵمانان، چونکە خـۆم بـە مەسئولی (فـرض) دەزانی بە خۆمم دەوت ئەگـەر مـن وریـا بوومایـە و ئاگام لـەوە بوایـە عائیشـە لـەناو کەژاوەکەدایـە یـا نـا، ئێسـتا ئـەم تۆمەتـە دروسـت نەئـەبوو ڕێگـەی بوختـان بـۆ دووژمنان خۆش نەئەبوو. یان چۆن کاتێك زانیم لە کەژاوەکەدا نیـە هـەواڵم نـەدا بـە پێغەمبەر (د.خ)، تا چەند کەسێك لەگەڵمدا بنێرن و ئەم هۆسەیە دروست نەئـەبوو. مـن ترسـی ئـەوەم هـەبوو کـە بـەبێ توانـام بزانـێ کەچـی بـێ توانـایی ئەوەیـە کـە ئاگادارم نەکرد.

پاشان چووم بۆلای (عبدالله ابی) سوێندم خوارد ئەوەی من باسی دەکەم و دەیڵێم هەموو ڕاستە سەبارەت بە بینینی عائیشە و دۆزینەوەی لە بیاباندا و (صەفوان)یش منی نەدیوە تا حیلە بکات و لە عائیشە دوور بکەوێتەوە.

(عبدالله ابی) وتی تۆ پیاوێکی خواجەی شاهیدی تۆ ناخوات ئەگەر خواجە نەبویتایە من بڕوام بە قسەکانت دەکرد، بەلاّم تۆ ماوەیەکی زۆر خزمەتکاری عائیشە بوویت ئەوەندە کاریگەری هەیە لەسەرت وەك مەولایەکی تۆ ئەتوانی شاهیدی درۆت پیّ بدات تا پێغەمبەر (د.خ) و خەڵك بڕوا بکەن کە پەیوەندی بە صەفوانەوە نەبووە.

دڵم شکا لە وتەکانی (عبدالله ابی) گەڕامەوە لای پێغەمبەر (د.خ) و قسەکانم بۆ کرد، پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی ئەگەر بەمنت بوتایە ئەچی بۆ لای (عبدالله ابی)و سەبارەت بە بیّ گوناهی عائیشە قسە دەکەیت پێم دەوتیت نەڕۆیت، چونکە ئەوە پیاوێکە بە ڕواڵەت موسڵمان بەلاّم لە دڵەوە دووژمن، هەرکات هەلی بۆ بێتە پێش دوژمنایەتی خۆی بەرامبەر بە موسڵمانان جیّ بە جیّ دەکات.

ئەو ماوە موسڵمانانی مەدینە غەمبار بوون و خۆیان دەخواردەوە تا خواوەند سەبارەت بەبیّ گوناهی عائیشە چەندین ئایەتی ناردە خوارەوە بۆ پێغەمبەر (د.خ). غەم و خەفەتی موسڵمانان گۆڕا بە شادی و خۆشی، چونکە خواوەند کاتێك بەهۆی ناردنی ئایەتەکەوە بیّ گوناهی عائیشەی تەئکید کرد ئیتر هیچ شكو گومانێك نامێنێت.

((ڕوونکردنەوە: ئەو ئایەتانەی کە بۆ سەلماندنی بیّ گوناهی عائیشە هاتنە خوارەوە لەناو سورەتی نوردان کە سورەتی بیست و چوارەمە لە قورئاندا، ئەو ئایەتانە لە دوانزەهەم ئایەتەوە دەست پیّ دەکەن تا ئایەتی بیست و حەوتەم. ذبیح الله)).

دوای دابەزینی ئەو ئایەتانە منافیقەکان دەنگی بوختانیان کوژایەوە تا ئەو ڕۆژەی پێغەمبەر (د.خ) لە ژیاندا مابوو کەس نەیتوانی بوختان و تۆمەت بۆ عائیشە دروست بکات. و منیش لە خزمەتیا بووم دوای کۆچی دوایی گەڕامەوە بۆ

خزمەتی عومەری کوڕی خەتاب بوومەوە بە پاسەوانی، ئیتر لەو کاتەوە پەیوەندی من بە ژنەکانی پێغەمبەرەوە بچڕا لەوانەش عائیشە، جار جار بەرێکەوت ئەمبینین ئەمە ئەو زانیارایانە بوو من سەبارەت بە عائیشە هەم بوو.

## پەیوەندی کردن لەگەڵ حسەین کوڕی عەلی

یەکێکی تر لەو کەسانەی کە سەبارەت بە عائیشە زانیاریم لێ وەرگرت حسەین کوڕی عەلی کوڕی ئەبوتالب بوو، مەعاویەش خۆشی نەدەویست هەروەك چۆن باوکی خۆش نەدەویست، بەڵام بە پێویستم زانی سەبارەت بە عائیشە پرسیاری لێ بکەم و زانیاریم بداتێ. حسەین خاوەنی هەندێك تایبەتمەندی بوو هەرکەس بیناسیایە بە پێویستی دەزانی کە ڕێزی لێ بگرێت.

حسەین پیاوێکی دانیشمەند و خۆڕاگر و دلێر بوو ئازایەتی لە باوکیەوە بە میرات بۆ مابوەوە هەرکەس دەیبینی بە نەرمی و زەردەخەنەوە قسەی دەکرد، هاوسەری شازادەیەکی ئێرانی بوو بەناوی (شارەبانو) کچی (یزگردی) سێهەم بوو، کچەزای پێغەمبەر (د.خ) و کوڕی فاتمەیە، یەکێکە لە سەردارەکانی ئیسلام کەلەشەڕدا قاڵ بووە و دوای ئەوە گەیشتە تەمەنی گونجاو لە زۆربەی شەڕەکاندا بەشداری کردووە لەگەڵ باوکیدا بە تایبەت لە شەڕەکانی عێراق دا، فەنی جەنگی فێر بووبوو.

دوای باوکی بەیعەتی بە مەعاویە نەکرد، برا گەورەکەی کە ناوی حەسەنە وای بە چاك زانی شەڕ لەگەڵ مەعاویەدا نەکەن، دوای ئەوە مەعاویە ئەمەی زانی بیر ئاسوودە بوو لەلایەن حەسەنەوە زۆر هەوڵی دا حسەین ڕازی کات لە خۆی، چەند کەسێکی نارده لایی و وتی چەند پارەی بوێت ئەیدەمێ بە مەرجێك خەلافەتەکەی بە ڕەسمی بناسێت، بەڵام حسەین ئەمەی ڕەد کردەوە لە وڵاتی عێراق و بەشێك لە وڵاتی ئێراندا حسەین زۆر خۆشەویست و لایەنگری زۆری هەبوون، ئەو وڵاتانە کە حسەینیان خۆش دەوێت ئەو وڵاتانەن کە عەلی باوکی مەرکەزی خۆی لە مەدینەوە بۆ ماوەیەکی کەم گواستەوە ئەوێ.

من وا هەست دەكەم هۆی خۆشەویستی حسەین لە ولاّتی ئێراندا ئەوەبوو هاوسەری خانمێكی گەورەی شازادەی ئێرانی و بە ڕوایەتێك یەكەم وراسی تاج و تەختی ئێران و بەو شێوە كە دەگێڕنەوە لە بنەماڵەی سەڵتەنەتی ساسانیەكانە، جگە لە شارەبانو ژنی حسەین كەسی تر نیە وارسی ئەو بنەماڵە بێت. بە پیێ ئەو دەنگ و باسەی بە من وتراوە پەیوەندیەك لە نێوان شارەبانو وە ڕەئیسی عەشرەتەكانی ڕۆژئاواو ناوەندی ئێراندا هەیە، بە بەپیێ پڕوپاگەندە دەنگ و باس وابوو ئەو پەیوەندی‌یە ئەوەیە حسەین لە حیجازەوە بگوازێتەوە بۆ ئێران ئێرانیەكان ئامادەن ئەو بە خەلیفەی موسڵمانان بناسن و قبوڵ كەن. من كاتێك ئەمەم بیست هەوڵم دا بزانم ئایا ڕاستە یا نا؟ بەلاّم نەمتوانی بزانم شارەبانو بەهۆی كێوە پەیوەندی بە سەرەك عەشیرەتەكانی ڕۆژ ئاوا و ناوەندی ئێرانەوە هەیە.

ئەو كەسانەی لە نێوان ئێران و حیجازدا هات و چۆیان دەكر نەم ئەناسین، لەبەر ئەوەی من پیاوی مەعاویە بووم ئەترسام حسەین ئامادە نەبێت من ببینم، بەلاّم پاش ئەوەی داوام كردبوو بە هۆی غولاّمێكەوە بۆ چاو پێكەوتن وتبووی بڵێ بە مەولات بابێت.

من بەرە و ماڵی حسەین كەوتمە ڕێ، بینیم وەك هەمیشە پیاوی نەجیب و لەسەرخۆ بوو، پاش ئەوەی شەربەتی هەنگوینیان بۆ هێنام چەند قومێكم خواردو بە پێكەنینەوە وتی (ابن ارطاة) هاتویت گوایە لە لایەن مەعاویەوە پێشنیارێكت پیێیە بۆ من.

وتم نا ئەی نەوەی پێغەمبەری خوا (د.خ) هاتووم تالەبارەی شتێكی ترەوە لەگەڵ تۆدا قسە بكەم، پرسی ئەو بابەتە چیە؟ وتم دەمەوێ سەبارەت بە عائیشە قسەت لەگەڵدا بكەم وتی ئایا مەبەستی تۆ لە عائیشەی دایكی موسڵمانانە؟ وتم بەڵێ حسەین تا ئەوكات بۆ میوانی خۆشەویست زەردەخەنەی دەكرد ساتێك كەوتە بیر كردنەوە، وتی ئەی كوڕی (ارطاة) سەبارەت بەچی لەبارەی عائیشەوە قسە لەگەڵ مندا دەكەی؟ وتم ئەی نەوەی پێغەمبەری خوا ئەمەوێ لە تۆ زانیاری

وەرگرم دەربارەی عائیشە. حسەین وتی قسەكانی تۆ دەبنە جیّی سەرسوڕمانی من چونكە نازانم بە چ هۆیەكەوە ئەتەویّ باسی دایكی موسڵمانان بهێنیتە ناو و بۆچی ئەتەویّ لەگەڵ مندا سەبارەت بە دایكی موسڵمانان لێكۆڵینەوە بكەیت، وتم ئەی حسەین تۆ پیاوێك نیت من درۆت لەگەڵدا بكەم بۆیە ڕاستیت پیّ دەڵێم. ماوەیەكە عائیشە ئەیەوێت بەرامبەر بە خەلیفە پیلانێك ڕێكبخات خەلیفەش سەبارەت بەو پیلانە بەتایبەت لەم كاتانەدا كە ئەیەوێت هێرش بەرێت بۆ سەر (بیزان تیوم) بەڕاستی دوودڵ و شڵەژاوە. (بیزان تیوم: قوستەنتەنیە، ئەستەمبوڵ. ذبیح الله)

ئەیەوێت دڵنیا بێت لەوەی وڵاتی ئیسلام دوای ئەو چوونەی بۆسەر (بیزانتیوم) دووچاری ئاژاوە نابێت، ئەیەوێت بیری خۆی ئاسودە بكات لە عائیشە منی ڕاسپاردووە سەبارەت بەو زانیاری كۆ كەمەوە ڕابووردوی ئاشكرا بكەم بزانم لە ڕابووردودا چی كردووە وە شارەزایی چ دەستە و تاقم ڕێك خستنێكە. من دەزانم لەسەردەمی باوكتدا عەلی (علیه السلام) لە نێوان عائیشە و باوكتدا چەند تێكهەڵچون و ناخۆشیەك ڕووی داوە تۆ ئاگاداری ئەتوانیت لەو بارەوە زانیاری بە كەڵكم بدەیتیّ.

حسەین وتی بەشی یەكەمی وتەكەی تۆ ئەوەبوو، چونكە مەعاویە دەیەوێت بچێت بۆ شەڕی بزانتیوم حەزدەكات بیری لەبارەی وەزعی وڵاتانی ئیسلامییەوە ئاسودە بێت بۆ ئەوەی دوای چوونی ئەو ئەو وڵاتانە توشی بیّ سەری و بەری نەبن، لەگەڵ ئەوەدا ئێستا وڵاتانی ئیسلامی تووشی بیّ سەری و بەری بوون ئەوەش لەبەر ئەوەیە مەعاویە خۆی بە زۆر سەپاندووە و خۆی كردووە بە خەلیفەی موسڵمانان.

تۆ یەكێكی لە نزیكەكانی مەعاویە باش دەزانی لە بیت المالی موسڵمانان چۆن سەرفی هەوا و هەوەس و خۆش گوزەرانی خۆی دەكات چۆن كۆشك و تەلاری گەورە گەورە دروست دەكات و هەزاران كرور سەرفی مووچەی كەس و كارە نزیكەكانی خۆیەتی. لە كاتێك دا یەك (قەران) لە پارەی بیت المال سەرف ناكرێت

بۆ فەقیر و هەژار لەگەڵ ئەوەشدا بۆ (بلهوسها) (بلهوسها: واتە عەسەبیەكان – شێت و سەرمەستەكان – پڕ لە هەواو هەوەسەكان. –و. كوردی). هەزاران كرور لە گەنجێنەی بیت المال سەرف دەكرێت. بەڵام لە حیجازیشدا موسڵمانە فەقیرەكان بە سكی برسی و هەتیوەكان بێ سەرپەرشت و لە تاو برسیەتیدا لەناودەچن كەس هاوكاری (ابن السبیل) ناكات.

(ڕوونكردنەوە: ابن السبیل ئەو ڕێبوارە موسڵمانانەن كە لە ڕێگا پارەیان لێدەبڕێت. ذبیح الله)

ئەی (ابن ارطاة) ئایا تۆ دیوتە بۆ یەك هەتیو مەعاویە یارمەتی ببڕێتەوە وە تا ئەمڕۆ بیستوتە خەرجی یەك (ابن السبیل) بدرێت، ئەم پیاوە بە ناحەق ئیدیعای خەلافەت دەكات بە بێ ڕەحمی دەستی بە خوێنی بێ تاوان و بێ گوناهان سورە، هەركەسێ بە دژی حكومەتی خۆی بزانێ یان بە دەستی جەلادەكانی دەكوژرێت یان دەرمان خوارد دەكرێت. ئەم زوڵم و زۆرەی بووەتە هۆی ئەوەی ساڵ بە ساڵ سەروەت و سامانی زیاتر و كۆشك و تەلاری ڕازاوەتر بێت موسڵمانانیش ساڵ بە ساڵ فەقیر تر دەبن.

وتم ئەی حسەین ئەگەر تۆ لەنەوەی پێغەمبەر (د.خ) نەبویتایە و لەسەر من پێویست نەبوایە ڕێزت بگرم ڕازی نەدەبووم بەرامبەر بە مەعاویە ئەم قسانە بكەیت لە ڕووی مندا، لەبەر ئەوە من دۆست و پیاوی مەعاویەم ئامادەی بیستنی ئەم جۆرە قسانە نیم، بەڵام تۆ لەنەوەی پێغەمبەری و (د.خ) داوات لێ دەكەم لەم قسانە مەكە. حسەین وتی زۆر باشە (ابن ارطاة) من سەبارەت بە مەعاویە قسە ناكەم مەگەر خۆت لە بارەیەوە شتێكم لێ بپرسی.

پرسیم ئەی نەوەی پێغەمبەر (د.خ) ئایا تۆ عائیشە دەبینی و ناسیاویت لەگەڵیدا هەیە؟ وتی ماوەیەكە من دایكی موسڵمانانم نەدیوە بەڵام ناسیاویم لەگەڵیدا هەیە. كاتێك دایكم ئێمەی دەبرد بۆ ماڵی باوام لەگەڵ حەسەنی برامدا لەوێ عائیشەی دایكی موسڵمانانم دەبینی، جار جار باوكیشم دەیبردین بۆ ماڵی باوام لەوێ عائیشەمان دەبینی بەڵام هەستم دەكرد كە ئێمەی خۆش ناوێت.

پرسیم ئایا باوکت دەیزانی ئێوەی خۆش ناوێت؟ وتی بەڵێ دەیزانی، بەڵام باوکم دەیوت لەبەرئەوە عائیشە دایکی موسڵمانانە ڕێزی لەسەر هەموو موسڵمانێك ئەرکە بەتایبەت لەسەر ئێمە کە نەوەی پێغەمبەرین (د.خ) و خزممانە. پرسیم ئەی نەوەی پێغەمبەر (د.خ) من بیستومە دوای ئەوەی باوکت بووبە خەلیفەی موسڵمانان عائیشە دژایەتی کردووە ئایا ئەوە ڕاستە؟ وتی بەڵێ هەموو موسڵمانان لەم مەوزوعە ئاگادارن.

وتم هۆی دژایەتی لەگەڵ باوکتدا چی بووە؟ وەڵامی دایەوە لە کۆنەوە نێوانی لەگەڵ دایکم و باوکمدا باش نەبووە، تا عوسمانیان لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا کوشت دوای ئەو داوایان لە باوکم کرد ببێتە خەلیفەی موسڵمانان و بەیعەتیان پێکرد.

دووکەس کە بەیعەتیان بە باوکم کرد (طلحة و زوبێر) بون وتم ناوی ئەم دوانەم بیستووە لەسەرەتای ئیسلامەوە مهاجر بوون لە مەککەوە هاتوون بۆ مەدینە، حسەین وتی ئەمانە حەزیان لەسەروەت و پلە و پایە دەکرد دوای ئەوەی بەیعەتیان بە باوکم کرد بە تەمای ئەوەبوون کەڵك لە (بیت المال) وەرگرن و مەسئولیەتی گەورەیان بدرێتێ، باوکیشم ئامادە نەبوو یەك درهەم زیادە لە (بیت المال) و بەرپرسیارێتی گەورەیان بداتێ ئەوانیش پاش ماوەیەك چاوەڕوانی بە تەمابوون باوکم ڕای خۆی بگۆڕێ کە زانیان ڕای خۆی ناگۆڕێت چوون بۆ لای دایکی موسڵمانان و پێیان وت دەبێ کارێ بکەین کە عەلی لە خەلافەت لا ببرێ.

وتم کاتێك خەڵکی داوای لە باوکت کرد ببێتە خەلیفەی موسڵمانان ئایا عائیشە دژایەتی کرد یا نا، وتی ئەوکاتە دژایەتی نەکرد، (طلحە و زوبێر) دووکەسی زانا و قسە زان نەبوون تا دژی باوکم شۆڕش بکەن و خەڵك لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە، ئەوە بوو داوایان لە عائیشە کرد ببێتە پێشەوای شۆڕش دژی باوکم ئەویش قبوڵ کرد.

وتم من بیستومە ئەو کەسانەی دژی باوکت شۆڕشیان کرد لە عێراقدا بوون، وتی وایە ئەوانە دەیانزانی لە عەرەبستاندا کەس گوێیان بۆ ناگرێت و لە عێراقیشدا

تەنها لەیەك ناوچەدا توانیان كۆمەڵێك لەدەوری خۆیان كۆبكەنەوە ئەویش دایكی موسڵمانان لەو جێگەدا لایەنگری هەبوو و لە توانایی ئەو كەڵكیان وەرگرت.

وتم ئەی نەوەی پێغەمبەر (د.خ) ئەوانەی دەیانەوێت دەست بە شۆڕش یان هەڵگەڕانەوە بكەن دەبێت بیانویەكیان بەدەستەوە بێت، بیانوی عائیشە و (زوبێرو تەلحە) چی بوو لە سەر باوكت؟ حسەین وتی بیانوی ئەوان ئەوەبوو باوكم عوسمانی كوشتوە ئەوەش تۆمەتی ناڕەوا بوو. باوكی من لەوە گەورەتر بوو پیاوێكی هەشتا ساڵ تەمەن بكوژێت. وتم بەڵێ من بیستومە باوكت لە پیاوە گەورەكانە و ئازایەتی و مەردایەتی پیشەی بووە و خاوەن بڕوا و لە دانیشمەندە گەورەكانی ئیسلام بووە جێی بڕوا نیە پیاوێكی وا پیرە مێردێكی تەمەن هەشتا ساڵە بكوژێت.

حسەین وتی دوای ئەوە (تەلحە و زوبێر) لە توانای دایكی موسڵمانان كەڵكیان وەرگرت دژی باوكم ئاڵای شۆڕشیان بەرز كردەوە باوكم هیچ هەنگاوێكی نەنا، چونكە شۆڕش و هەڵگەڕانەوەكەیان وا نەبوو زەرەر بە ئیسلام بگەیەنێت، بەڵام پاش ماوەیەك وای لێ هات كە لەوانە بوو زەرەر بدات لە ئیسلام. باوكم ناچار بوو هەنگاو بنێت بۆ سەر كوت كردنیان. لەبەر ئەوە باوكم ڕۆیشت بۆ عێراق، ئەوانەی لە باشووری عێراقدا ئەو شۆڕشەیان كردبوو دەیان ویست سەرزەوی ئیسلام دابەش بكەن و خۆیان دەوڵەتێكی جیا دروست بكەن.

وتم ئەوكاتە مەعاویەی خەلیفەی موسڵمانان لە كوێ بوو؟ وتی ئەوكاتە مەعاویە لە شامدا بوو حكومەتی شامی بەڕێوە دەبرد ئەویش دژایەتی باوكمی دەكرد، بەڵام كاتێك باوكم ویستی بۆ بەرگری هەڵگەڕانەوەكە بڕوات بۆ عێراق مەعاویە هیچ هەنگاوێكی نەنا. ئەو وتەی حسەین ئەوەی ئەگەیاند كە مەعاویە هێز و توانای خۆی لە شام بە دەست هێناوە.

مەعاویە ماوەیەك لەشام و سوریەدا حكوم داری دەكرد لە ڕێ و ڕەسمی حكومداری ڕۆمەكان ئاشنا بوو بوو كەڵكی وەردەگرت، هەروەها ئاشنایەتی هەبوو لە هەندێك ڕێ و ڕەسمی دەوڵەتانی فەرەنگی و دەیویست لاسایی ئەوان بكاتەوە

لـه بـەڕێوه بردنـی حکومەتەکەیـدا. یـەکێك لـەو لاسـایی کردنەوانـه دامەزرانـدنی دەزگای نهێنیـه ئـەو دەزگایـه ئێسـتا مـن ڕەئیسـی ئـەوم بۆ ئـەوەی چـی نهێنـی نـاو خەڵك هەیه ئاشکرای بکات، پێش ئەمه لەناو ئیسلام دا دەزگای لەم جۆره نەبوو.

لەبەرئـەوەی قسـەکانی نـەوەی پێغەمبـەر (د.خ) زۆر گـرنگ بـوون بـۆم، پرسـیم چـی تـر؟ وتـی بـاوکم نـەماڵی دنیـای ئەویسـت نـه قـازانجی شەخسـی خـۆی تـەنها چـاوی لـه شـتێك بـوو ئـەویش قـازانجی موسـڵمانان بـوو، بـاوکم قبـوڵی نەئـەکرد کۆمەڵێك موسـڵمانی کـەم کـه خۆیـان بـه موسـڵمان دەزانـن وڵاتـی ئیسـلامی دابـەش بکەن، ئەو وڵاتانەی به فیداکاری و ئازایەتی و شەهید بوونی سەربازانی ئیسـلامی بوو بوون به بەشێك له وڵاتی ئیسـلامی، لێی جیا بکەنـەوه. بـاوکم کاتێك چوو بـۆ وڵاتـی عێـراق پێشـوازی گـەورەیان لێ کـرد و هـەر لـه عێـراق لەشـکرێکی گـەورەی کـۆکردەوه و خـۆی فەرمانـدەیی کـرد، هەنـدێك ئێـرانیش کـه لـه وڵاتـی عێراقـدا نیشتەجێ بوون هاتنه ناو ئەو لەشکرەوه بوون به سەرباز، دەبێ ئەوەش بڵێم ئەو ئێرانیانـه باوکم و بنەماڵـەی ئێمـەیان خـۆش ئەویسـت. وتم ئـەی نـەوەی پێغەمبـەر (د.خ) من ئەمه دەزانم ئێرانیەکان بنەماڵەی ئێوەیان خۆش دەوێت.

حسەین وتی ئەو کەسانەی له باشوری عێراق دژایەتی باوکمیان دەکرد دایکـی موسـڵمانانیان کـرده ڕابـەری خۆیـان، بـاوکم لەبـەر ڕێـز و خۆشەویسـتی پێغەمبـەر (د.خ) کـه عائیشـه ژنـی ئـەو بـووه، هـەواڵی نـارد بـۆ عائیشـه بگەڕێتـەوه بـۆ عەرەبسـتان، بـۆ ئـەوەی لـەنێوان ئـەم لەشـکره و ئـەو لەشـکرەی ئـەو فەرمانـدەیی دەکـات شـەڕ دروسـت نـەبێت، بـەڵام عائیشـه پێشـنیاری بـاوکمی پەسـەند نـەکرد و ئەولەشـکرەی (تەلحـه و زوبێـر) دوو کـەس لـه سـەردارەکانی بـوون خـۆی بـووه فەرماندەی. دووباره ڕۆژێك پێش ئەوەی جـەنگی جەمـەل ڕوو بدات بـاوکم هـەواڵی بۆ نارد بگەڕێتەوه بۆ عەرەبستان وه دەست بکێشێ له فەرمانـدەیی ئـەو لەشـکرەی شۆڕشـیەکان و ئەگـەر حـەز ناکـات بچێتەوه عەرەبسـتان بـۆ کـوێ دەچـێت بچـێت، بەڵام عائیشه ئەوەشـی قبـوڵ نـەکرد. شۆڕشـیەکان لـەو بـاوەڕەدابوون چـاری بـاوکم ناکـەن، چـونکه شەخسـیەت و خۆشەویسـتی بـاوکم بـوو بـووه هـۆی بـەهێزی لـه

عێراقدا، دەیانویست هەندێك كەس بەلایەنگری خۆیان واڵێ بكەن هەستن بە ڕاپەڕین، زیاتر لە هەموو كەس بە تەمای مەعاویە بوون لە شام كە لەشكر كۆ بكاتەوە و لە ڕێگەی عێراقەوە بكەوێتە ڕێ، باوكم بۆی دەركەوت ئەگەر پەلە نەكات و شەڕ لەگەڵ شۆڕشیەكان دوا بخات لەوانەیە لە ولاّتانی ئیسلامیەوە بە فیتی شۆڕشیەكان ئاژاوەیەك بەرپا ببێت.

بۆیە بڕیاری شەڕی دا، ئەو جەنگەش بە جەنگی جەمەل ناسرابوو لە نزیك (بەسرە)دا دەستی پێكرد.

باوكم لەو شەڕەدا هەرچەندە فەرماندە بوو، بەلاّم وەك سەربازێك شەڕی دەكرد، چونكە دەیزانی لەڕێگەی ئیسلام و خوادا شەڕ دەكات. من چونكە كوڕی ئەوم نامەوێ بڵێم چەند ئازا بووە و لەگەڵ ئەو ئازایەتیەشدا هەرگیز لەشەڕدا لە ڕووی قینەوە شمشێری نەوەشاندووە. باوكم لە شەڕەكاندا خوای لە بیر بوو دەیزانی بۆ خوا و ئیسلام شمشێر دەوەشێنێ، هێزی بازوی ئیمان و بڕوا بەیەك بوونی ئیسلامە نەك تووڕەیی و تووڕە بوون، وتم ئەی نەوەی پێغەمبەر (د.خ) كەس نیە ئینكاری ئازایەتی باوكت بكات. بەلاّم ڕات چیە سەبارەت بە كوشتنی عوسمان؟ وەلاّمی دایەوە ڕای من وەك ڕای هەموو ئەو موسڵمانانەیە كە لەسەردەمی خەلافەتی عوسمان دا ژیاون ودیویانە، چۆن ئموری ولاّتی ئیسلامی بەڕێوە بردووە لە ولاّتی ئیسلامیدا خەڵك ناڕازی بوون و لەو دەستەلاّت و بەڕێوە بردنە، وتم من ئەمەوێ هۆی ئەو ناڕازی بوونە بڵێیت؟

حسەین وتی كاتێك عوسمان بوو بە خەلیفە هەموو پۆستە گەورەكانی لەولاّتانی ئیسلامیدا دابەش كرد بەسەر كەس و كاری خۆیدا، یان ئەو كەسانەی كەسەر بە بەنی ئومییە بوون. پۆستە پلەە دووەكانی دا بەو كەسانەی سەر بە قوڕەیش بوون، ئەمانە خزمایەتیان لە گەڵ خۆیی و بەنی ئومییەدا دوور بوو. لەلایەن ئەو حاكمانەوە كە لە ولاّتانی ئیسلامیدا حكومیان دەكرد زوڵم دەكرا لە خەڵك، كاتێك خەڵك شكاتی دەكرد گوێیان بۆ نەئەگیرا، چونكە حاكمەكان هەموو خزم و كەسی دوور و نزیكی عوسمان خۆی بوون.

جار جار دەستە دەستە خەڵکی لە وڵاتانی ئیسلامیەوە دەهاتن بۆ حیجاز بۆ شکات کردن لە بەرپرس و مەسئولەکان، بەڵام عوسمان گوێی بۆ نەدەگرتن. کاتێك عوسمان لەکەسی نەئەپرسیەوە، حاکمەکانی زیاتر سور دەبوون لەسەر زوڵم و زۆر کردن میللەتیش زیاتر دەنگی نارەزایی بەرز دەبوەوە. خەڵکی دەیانوت چۆن قبوڵ بکەین پیاوێك وەك عەلی بەو هەموو ئازایەتی و مەردایەتی و بڕوا و ئیمانەوە خەلیفەی موسڵمانان نەبێ و عوسمان خەلیفە بێت، ئەوە بوو خەڵکی داوای دەکرد باوکم خەلیفە بێ و ئیدارەی وڵاتانی ئیسلامی بەڕێوە ببات. وتم دوای عومەری کوڕی خەتاب جێی سەرسوڕمانە پیاوێك وەك عوسمان خەلیفە بووە باشتر بابت بووە بە خەلیفە.

خەڵکی داوایان لە خەلیفە عوسمان کرد کە واز بهێنێ لە خەلافەت و لە جێی ئەودا عەلی ببێ بە خەلیفەی موسڵمانان، ئەو ئامادە نەبوو بچێتە لاوە خەڵکی هێرشیان کردە سەری و بەو جۆرەی تۆ بیستوتە کوشتیان. (تەلحە و زوبێر) و دەوروبەرەکانیان کە ڕابەریان عائیشە بوو وتیان عەلی عوسمانی کوشتوە، لە کاتێکدا باوکم نە کەسی ناردابوو بۆ کوشتنی عوسمان نە خۆشی کوشتبووی.

حسەین وتی پێش ئەوەی جەنگی جەمەل لە پایزی ساڵی سی و چوارەمی کۆچیدا لە باشوری عێراق و لە نزیك بەسرەدا دەست پێ بکات، عائیشە و (تەلحەو زوبێر) بە هیوای ئەوە بوون مەعاویە بە لەشکرەوە بێت بە دەمیانەوە، چونکە مەعاویە بە شەفەهی پشتگیری شۆڕشیەکانی دەکرد، بەڵام نەیتوانی بەکردەوە لەشکر کۆبکاتەوە و بینێرێت بۆ هاوکاریان. باوکم سەرانسەری خاکی وڵاتی سوریا و عێراقی لە ژێر دەستدا بوو مەعاویە نەی توانی لەشکر لەوێ بنێرێت بۆ عێراق ئەیویست لە ڕێگەی کەنعانەوە لەشکرەکەی بنێرێت بۆ عێراق، بەڵام لەبەر ئەوەی هەواڵی شکانی شۆڕشیەکانی بیست لە شەڕی جەمەل دا لەوەش پاش گەز بووە و ساڵی دوایی واتە سی و پێنجی کۆچی لە (صفین) دا لەگەڵ باوکم شەڕی دەست پێ کرد. لەو شەڕەشدا زانی دەشکێ فەرمانی دا بەسەربازەکانی قورئانەکانیان بکەن بەسەری نیزەکانیانەوە و بڵێن ئەوەی لای

ئێمە ئیحترامی هەیە تەنها قورئانە و بەس، ئایا ئێوە ئەتانەویٚ لەگەڵ قورئاندا شەڕبکەن؟ سەربازانی باوکم وتیان ئێمە لەگەڵ قورئاندا شەڕ ناکەین، بەم جۆرە مەعاویە خۆی لە شکان ڕزگار کرد، ئەو کردەوەی مەعاویە لە شەڕی (صفین) دا تەنها هێزێك بوو بۆ ئەوەی سەربازانی باوکم دەست لەشەڕ بکێشنەوە، ئەگینا مەعاویە بە قورئان کردەوەی نەدەکرد و ئێستاش نایکات.

پرسیم ئەی نەوەی پێغەمبەر (د.خ) ئایا ڕاستە عائیشە لەشەڕی جەمەل دا (موعجزە) ڕووداوێکیسەیری کردووە؟ پرسیم ئەو ڕووداوە چی بووە؟ وتم من من بیستومە لەشەڕی جەمەلدا عائیشە لەناو کەژاوەیەکدا لە وشترێك بەستراوە و لە مەیدانی جەنگدا فەرماندەیی فەرماندە و سەربازەکانی کردووە، پیاوێکی لەشکرەکەی باوکت خۆی گەیاندوەتە لای ئەو وشترە و بەیەك شمشێر هەردوو دەستی وشتری هەڵگری کەژاوەکەی دایکی موسڵمانانی بڕیوە دەستە بڕاوەکان کەوتوونەتە سەر زەوی، بەڵام وشترەکە نەکەوتووە لەسەر هەردوو قاچی وەستاوە بیٚ دەست؟

وتی ئەم مەسەلەیە لایەنگرانی عائیشە بە (موعجزە )ی دەزانن و دەڵێن بە هۆی موعجزەی دایکی موسڵمانانەوە وشترەکە نەکەوتووە، دژەکانی عائیشە دەیانوت کاتێك دەستی وشترەکەی بڕاوە ئەوە شەیتان هەردوو شانی خۆی داوەتە ژێری و نەیهێشتووە بکەوێت و خەڵکیش وایان زانیوە بڕوایان وابووە دایکی موسڵمانان موعجزەی کردووە.

حسەین وتی ئەوە یەکەم ڕووداو نەبووە کە بۆدایکی موسڵمانان هاتووەتە پێش لە شەڕی جەمەلدا. پێش ئەوە لە شەڕەکانی تردا ڕووی داوە دوو دەستی وشتر ببڕێتەوە و نەش کەوێت خێرا. ئەویش لەبەرئەوەیە ئەو ئاژەڵە لەکاتی بڕینی دەستەکانیدا لەتاو دەستە بڕاوەکان ماوەیەك لەسەر پیٚ خۆی دەگریٚ و ناکەوێتە سەر زەوی، ئەوەی دایکی موسڵمانانیش وابووە، پێش کەوتنی وشترەکە باوکم فەرمانی داوە دایکی موسڵمانان لە کەژاوەکەدا بهێننە خوار نەوەك بەهۆی کەوتنی وشترەکەیەوە ئازاری پیٚ بگات.

وتم ئەی نەوەی پێغەمبەر (د.خ)  ئەمەی باست کرد بۆ من زۆر گرنگ بوو، چونکە منیش تاکو ئێستا وەك خەڵکی تر وام زانیوە بەهۆی موعجزەوە بووە وشترەکە نەکەوتووە. دوایی پرسیم ئەنجامی شەڕی جەمەل چی بووە؟ وتی شەڕی جەمەل یەك ڕۆژی خایاند، (تەلحە و زوبێر) و هەندێك لەدەورو بەرەکەیان کوژران و شۆڕشی ئەوان کە داواکاری خوێنی عوسمان بوو کۆتایی هات. لەو شەڕەدا دایکی موسڵمانان بە ڕواڵەت فەرماندەی لەشکری دووژمن بوو دوای ئەوەی بە دیل گیرا دەبوو وەك کەنیزەیەك ڕەفتاری لەگەڵ بکرایە، بەلاّم باوکم بەبۆنەی ئەوەی کە ژنی پێغەمبەر (د.خ)  بووە وەك میوانێکی ئازیز لەگەڵیا جولاّیەوە پێی وت بۆ هەرکوێ خۆت ئارەزوتە بڕۆ.

ئەوانەی لەو شەڕەدا شەڕیان لەگەڵ لەشکری باوکمدا کرد پاشان بە دیل گیران بە حوکمی ئەوەی لەژێر دەستی ئیمامی زەماندا دەرچوون سزایان ئیعدام یان غولاّم بوون بووە، بەلاّم باوکم هەمووی بەخشین وتی من مەبەستم کوژانەوەی ئەو شۆڕە بووە ئیتر ئێوە ئازار نادەم. بە جۆرێك مەردایەتی و ئازایەتی باوکم کاری کردە سەر ئەو کەسانەی لە جەنگی جەمەلدا شکابوون هەموو بوون بە موریدو فیدایی باوکم و پێیان وت ئامادەن لەڕێی ئەودا گیان ببەخشن، باوکم وتی موسڵمان دەبێ تەنها لەڕێی خوادا گیانی فیدا بکات نەك لەڕێی من.

## وردەکاری شەهید کردنی عەلی کوڕی ئەبوتالب ( ع )
## لە زمانی حسەینی کوڕیەوە

من پرسیم لە حسەین ئایا عائیشە لە کوشتنی باوکتدا دەستی هەبووە؟ وەلاّمی دایەوە باوکم لەسەردەمی ژیانیدا بە ئێمەی وتوە ( ڕێز گرتنی عائیشە لە لایەن ئێوەوە پێویستە و حساباتی ئەو لەگەڵ خوادایە ). (ئەم وتە لە نهج البلاغەدا هاتووە – ذبيح الله). جا لەبەر ئەوە هەرچی سەبارەت بە عائیشە بیڵێم

حیكایەتە نەك شكات. دایكی موسڵمانان بە ئاشكرا لە كوشتنی باوكمدا دەستی نەبووە، چونكە باوكم یەكێك لە خەوارج بەناوی (ابن ملجم) كوشتی.

خەوارج بڕیاریان دا سێ كەس لە یەك ڕۆژدا بكوژن، بە بۆچوونی ئەوان ئیسلام لەدەست ئەو سێ كەسە ڕزگار بكەن. یەكێك لەوانە لە كوفە باوكی من بكوژێت و لەشام مەعاویە و لە میسر عمرو عاص.

ڕۆژێكی مانگی ڕەمەزانی ساڵی چلی كۆچی بۆ كوشتنی ئەو سێ كەسە هەنگاویان نا، سێ كەس یەكێكیان بەرەو كوفە و ئەوی تر بەرە و شام و سێهەم بەرەو میسر كەوتنە ڕێ، ئەو ڕۆژەی بڕیار بوو ئیشەكە ئەنجام بدەن (عمرو عاص) لە میسر لەماڵ دەرنەچوو بچێتە مزگەوت بۆ نوێژ، چونكە نەخۆش بوو كوشتنەكەی ڕێك نەكەوت. ئەوەی ویستی مەعاویە بكوژێت لە دیمەشق لە مزگەوت لە كاتی نوێژكردن لە پشتەوە خەنجەرێكی دا لە مەعاویە و ویستی دووبارەی بكاتەوە خەڵك خەنجەرەكەیان لەدەست سەند، بەڵام مەعاویە بە جۆرێك بریندار بوو ئیتر نەی توانی نوێژەكەی بكات بردیانەوە بۆ ماڵەكەی، لەوێ خرایە ژێر چارەسەر و پاشان چاك بووەوە. سێهەم لە مزگەوتی كوفەدا كاتێك باوكم لە نوێژ خوێندندا چووبووە سوجدەوە لێدانێكی شمشێری دا لە پشتی باوكم، ئەو لێدانە ئەوەندە كاریگەر بوو باوكم نەی توانی سەر لە سوجدە بەرز بكاتەوە، بەڵام زكری سوجدەی تەواو كرد و دوای ئەوەش زكرەكەی چەند بارە كردەوە بۆئەوەی نوێژەكەی بەتاڵ نەبێتەوە و جگە لە خوا هیچی تر لەبیری‌دا نەبێت. ڕەنگە یەكێكی تر بوایە نوێژەكەی بڕیایە، بەڵام باوكم كاتێك نوێژی دابەستایە هیچ شتێكی تر نەی ئەتوانی لەبیری خوا لای بدا و لەو ڕۆژەشدا ئەو لێدانەی شمشێرەكەی (ابن ملجم) نەیتوانی بیری باوكم سەبارەت بە خوا بگۆڕێ بۆ شتێكی تر، لێدانەكە ئەوەندە كاریگەر بوو كە نەی ئەتوانی سەر لە سوجدە بەرز بكاتەوە وە هەر چەند سات و یەك جار زكری سوجدەكەی بە دڵسۆزی و بە دڵ پڕ لە بڕاواوە كە تایبەت مەندی باوكم بوو، دووبارە دەكردەوە و دەیوت (سبحان ربی الاعلی و بحمد).

کاتێك هەواڵیان دا بەئێمە وتیان باوکت لە مزگەوت لێی دراوە بە ڕاکردن بەرەو مزگەوت ڕۆیشتین. کاتێك چوینە ناو مزگەوتەکەوە سەیرمان کرد محرابی مزگەوت بە خوێنی باوکم سور بووە. خوێن ڕۆیشتن (نەزیف)ی باوکمی بێهێز کردبوو، کاتێك من دانەویمەوە باوکم بەرز بکەمەوە گوێم لێبوو بە هێواشی خەریکی زکری سوجدە بوو، بردمانەوە بۆ ماڵ و برینپێچمان هێنا بۆ بەستنی برینەکەی پاشان پرسیمان لە برینپێچەکە، باش دەبێتەوە یا نا؟ وتی مەترسی ئەم جۆرە برینانە چوار ڕۆژ تا پێنج ڕۆژە، ئەگەر لێدراو نەمرێت چاك دەبێتەوە.

دوای بەستن و تەداوی، تایەکی بەهێز گرتی لەو کاتەشدا ستایشی خوای هەر لەبیردا بوو، دەیوت خوایە تۆ دەزانی کە عەلی لە مردن ناترسێ، بەلاّم لەوە دەترسێ بەباشی ئەرکی بەندایەتی تۆی بە جێ نەهێنابێ، ڕۆژی دووەم هەروا تاکەی بەردەوام بوو ئەویش هەردەیوت خوایە تۆ دەزانی هەرگیز بە ئەنقەست لە بەندایەتی تۆ درێغیم نەکردووە. هەمیشە هەوڵی ئەدا ئەرکی بەندایەتی جێ بە جێ بکات، بەلاّم لەوانەبوو لەڕووی نەزانینەوە قسوری کردبێت بۆیە داوای بەخشینی لە خوا دەکرد.

کاتێك قسەکانی حسەین گەیشتنە ئێرە وتم یا نەوەی پێغەمبەر (د.خ) من تێنەگەیشتم خەوارج چیان دەویست؟ ئەوانە ئەگەر دژی عەلی بونایە بە تەنها من هەستم دەکرد کە لایەنگری مەعاویەن، بەلاّم بەو جۆرەی ئێستا تۆ خۆت باس دەکەی ئەوانە ویستویانە هەم باوکت بکوژن و هەم مەعاویە.وتی خەوارج ئەو کەسانەبوون کە نەیان ئەتوانی مانای تەواوی ئایتەکانی قورئان بەڕاستی تێ بگەن و بزانن.

تێگەیشتن لەمانای ئایەتەکانی قورئان پێویستی بە عیلم و زانینی تەواو هەیە. مانای زاهیری ئەو ئایەتانەی قورئان سەبارەت بە حوکمە (صرع)ەکانی دینن ڕوونەو هەموو کەس لێی تێ دەگات،بەلاّم مانای ئەو ئایەتانەی کە باتنی و سەبارەت بە (حکمت الهی)ە هەموو کەس لێی تێ ناگات جگە لە ئیمامی ڕاستی و دانشمەندانی ئیسلامی، هەرکەس تەنها مانای زاهیری ئایەتەکان سەیر بکات

تووشــی ســەهو لادان دەبێــت، خــەوارج تــەنها مانــای ڕووكەشــی ئایەتــەكانیان دەزانیو تووشی سەهو دەبوون.

((لـە قورئانـدا ئایـەت هـەن لەسـەر ئـەوە كـە خـوا (عـالم و قـادر) ی موتڵەقـە وە ئیختیـاری هـەموو كـەس و هـەموو شـت لەدەسـت ئەودایـە، هەرچـی ئـەو بیـەوێت هەروا دەبێت. لە قورئاندا ئایەتی تر هـەن لەسـەر ئـەوەی خوا ویست و ئـارەزووی ڕزگـاری بەنـدەكانی خۆیـەتی خـەوارج دەڵـێن لەبەرئـەوەی خـوا (دانـا و توانـا)ی موتڵەقە هەرچی بیـەوێت هـەر ئەوەیـە بۆیـە هـیچ كـەس ئیختیـاری بـەدەس خـۆی نیە،و لەلایـەكی تـرەوە چونكە خـوا ویستی ڕزگاری بەندەكانی خۆیـەتی ئیرادەی خوا بە تەواوەتی جیٚ بـە جیٚ دەبێت، و مرۆڤیش تواناو ئیرادەی بەدەست خـۆی نیە بۆیە موسڵمانێك چ چاكە بكات و چ گوناح هەردەچێتە بەهەشت.

خەوارج ناتوانن دەركی ئـەو ئایەتانـەی قورئـان بكـەن، كـە بەشـێكیان ئاگـادارت دەكەن خوا داناو توانایی ( موتڵەق ) ە  هەموو شتێك گویٚ ڕایەڵی ئیرادەی ئـەوە و پەیوەندی بە (حكمت الهـی)یـەوە هەیـە. خواوەنـد ئەیـەوێت بڵێـت كـە ئـەو دروست كەرو پارێزەری جیهانە و تا جیهان بمێنیٚ جەوهەری بوون لـە دنیـادا گویٚ ڕایـەڵی ئیرادەی خواوەند دەبێت، بەڵام ئەم وتەش بەڵگە نیە بـۆ ئـەوەی كە مرۆۋ لـە ژیـانی خۆیدا هیچ جۆرە ئیختیار و ئیرادەیەكی نیە)).

لەناو لەشكرێكدا هەموو سەربازەكان گویٚ ڕایەڵی فەرماندەكـەن وە فەرمانـەكان جـیٚ بـە جـیٚ دەكـەن ، بـەڵام هـەر تـاكی سـەربازێك لـە ژیـانی خۆیـدا خـاوەنی سەربەخۆیی خۆیەتی. و بەهۆی سەربەخۆیی خۆیەوە بەرپرسیارێتی لەسـەر شـانە ئەگـەر كـارێكی نـاڕەوا بكـات قسـە و باسـی لەسـەر دەكرێـت و لیٚ ئەپرسـێتەوە، و هـەموو كـەس لـە ژیـانی خویـدا سـەربەخۆیە ئەگـەر گونـاح بكـات سـزا وەردەگرێـت ئەگـەر چاكەش بكـات پـاداش وەردەگـریٚ. ئەگـەر خـوا مرۆڤـی لـە ژیـانی تایـەبتی خۆیدا سەربەخۆ نەكردایە لە قورئاندا ئەركی بۆ دیاری نەدەكرد و نەیدەوت ئەگـەر بـەو ئەركـە كـردەوە بكـەیت بـۆ بەهەشـت دەچـیت ئەگـەر كـردەوەی پـیٚ نەكـەیت تووشی سزا و عازاب دەبیت.

هەروەها خەوارج لەو بەشەی ئەو ئایەتانەی قورئان کە پەیوەندیان بەوەوە هەیە کە خواوەند ئارەزووی (تەمنایی) ڕزگاری بەندەکانی خۆیەتی، بە پێچەوانەی مەبەستی خواوە تیٚ دەگەن، ئەوانە دەڵێن چونکە ئیرادەی خوا جیٚ بە جیٚ دەبێت بەندەکانی خوا ڕزگار دەبن چ ئەهلی چاکە بن و چ ئەهلی خراپە. لە هەمان کاتدا مەبەستی خوا ئەوەیە کە ئارەزوو دەکات بەندەکانی ئەو تیٚ بگەن کە کاری چاکە بۆ ئەوانە پەیڕەوی لە ئەحکامەکانی دینە و ئەمانەش بەهۆی دوو دڵیەوە یان تەنبەڵیەوە ئەحکامەکانی دین پشت گویٚ دەخەن بێنە سەر ڕێگەی ڕاست. ئارەزووی خوا لەو ئایەتانەدا بۆ جیٚ بە جیٚ کردنی ویستی خۆی نیە بەڵکو دەربڕینی خۆشەویستیە سەبارەت بە بەندەکانی خۆی.

ئەمانە (خەوارج) نایانەوێت تیٚ بگەن وا دەزانن هەر جۆرە ئەرکێك (داواکاریەك) لەوان (ساقط) ە (کەوتووە – بیٚ مانایە) خەیر و تاوان یەکێکە چاکەو خراپە یەکسانە وە بەندەیەکی خوا لە جیهاندا هەرچی بکات دوای مردنی دەچێتە بەهەشت، نایانەویٚ تیٚ بگەن ئەگەر مەبەستی خوا ئەمە بوایە ئەوان دەڵێن لە ئایەتەکانی قورئاندا بۆ موسڵمانان داواکاری و ئەرکی دیاری نەئەکرد.

وتم ئەی نەوەی پێغەمبەر (د.خ) ئەمەی خەوارج دەیڵێن و دەیانەوێت ئەگەر جیٚ بەجیٚ بکرێت ڕیشەی ئیسلام وشك دەبێت، حسەین وتی هیچ قەومێك ناتوانێت بەو مەزهەبەی خەوارج دایان هێناوە (بدعە) بمێننەوە، ئەم بیرو بڕوایە لە ناو هەر قەومێکدا جیٚ بە جیٚ بکرێت دەبێتە هۆی تیاچوونی.

ئینجا حسەین چووە سەر باسەکەی باوکی و وتی لە شەوی سیٚ هەم دا تاکەی باوکم بەقوەت تر بوو جار جار لیکی تێکەڵاو بە خوێن لەدەمیەوە ئەهاتە دەرەوە، هەرچەندە تاکە زۆر ئازاری ئەدا قسەی لەگەڵ خوادا دەکرد و ئەو شەوە ( ابن ملجم ) کەوتە بیری وەسیەتی کرد، بەرامبەر بە یاسایی دین لە گەڵیا بجوڵێنەوە، نەوەك ئەشکەنجەی بدەن. لە کۆتایی ئەو شەوەدا باوکم ناڵە ناڵ بەدەم ئازاری ئیش و تاوە دەیوت ئەی عەزیزانی من کە پێشتر خوا حافیزیتان لیٚ کردوم و لەم

دنیا ڕۆیشتن.. ئەی پێغەمبەری خوا ئەی زەهرا.. ماوەیەك من دوور بووم لە دیداری ئێوە ئەوەتا دێم بۆ لاتان.

پرسیم ئەی ئەوەی پێغەمبەر (د.خ) دوای ئەوەی باوكت لێی درا ئەوانەی سەردانیان دەكرد كێ بوون؟ وتی هەندێك لە شێخەكانی كوفە ڕەئیسی عەشیرەتەكانی كوفە و دەوروبەری، بەڵام ئێرانیەكان لە هەموو كەس زۆرتر دەهاتن هەمیشە و بەردەوامی هەواڵی باوكمیان لە ئێمە دەپرسی، ڕۆژی دووەم ئەو ئێرانیانەی لە (بیت المال) كاریان دەكرد باوكم داوای كردن هاتن و سەبارەت بە حساباتی (بیت المال) هەندێك فەرمانی دانێ.

وتم ئێرانی لە (بیت المال) چیان دەكرد؟ وتی ئەوانە ژمێریار و وەرگر و تەسلیم كەربوون باوكم باسی دەكرد كە ئێرانی هەتا پێش ئەوەیش موسڵمان بێن سەر ڕاست بوون و خیانەتیان لە ئامانەت نەدەكرد. هەندێك هەواڵی لێدانی باوكمیان بیستبوو لە ئێرانەوە بەڕێ كەوتن بۆ عێراق، بەڵام پێش ئەوەی بگەن باوكم لە دنیا دەرچوو نەیان بینی. لە سەعاتەكانی كۆتایی ژیانیدا باوكم چەند جار ئەم ئایەتەی قورئانی دەوتەوە ( تبارك اسم ربك ذي الجلال والاكرام ) وە تا ڕۆحی پاكی لە لەشیا دەرچوو هەر زكری خوای دەكرد.

كاتێك حسەین باسی لە دنیا دەرچوونی باوكی دەكرد دڵتەنگ و بێ دەنگ بوو منیش ڕێزم بۆ داناو بێ دەنگ بووم، تا خۆی هاتە قسە و وتی (ابن ارطاة) تۆ لە منت پرسی ئایا دایكی موسڵمانان دەستی لە كوشتنی بابم دا هەبووە یان نا؟ من وەڵامم دایتەوە كە یەكێك لە خەوارج باوكمی كوشتوە دایكی موسڵمانان دەستی لە كوشتنی نەبووە.

وتم زۆر جار ڕێك دەكەوێت كەسێك ئیشێك ئەنجام ئەدات، بەڵام بە ڕواڵەت دەستی تێدانەبووە و ڕەنگە هەندێ كەسی جێگەی بڕوایش شاهیدی بۆ بدەن كە ئەو لەو ئیشەدا دەستی نەبووە، بەڵام ئەو كەسە لەو ئیشەدا دەستی هەبووە بە نهێنی كەس نەی دیوە ئایا تۆ هەست ناكەیت دایكی موسڵمانان بە نهێنی خەوارجەكانی هاندابێ بۆ كوشتنی باوكت.

حسەین وتی نەء من ناتوانم سەبارەت بە شتێك كە ئاگادار نیم لێی ڕای خۆم دەربڕم، بەڵام دەزانم عائیشە بێ پەیوەندی نەبووە لەگەڵ خەوارج دا لەسەردەمی ژیانی باوكم دا كەسێك ئەم مەسەلەی باس كرد لەگەڵ باوكم داوای كرد مووچەكەی عائیشە ببڕێت لەبەرئەوەی پەیوەندی بە خەوارجەوە هەیە. بەڵام باوكم ئەو كارەی نەكرد و وتی خێزانەكانی پێغەمبەر (د.خ) ڕێزدارن و من موچەكەیان نابڕم، ئەگەر دوژمنیشم بن.

وتم ئەی عائیشە لە ڕووداوەكانی میسردا لەسەردەمی باوكتدا دەستی هەبووە یا نا؟ وتی عائیشە لەم بارەشەوە ڕاستەخۆ دەستی نەبووە، بەڵام ئاگاداری باوكمیان كرد دایكی موسڵمانان ئامۆژگاری مەعاویەی كردووە لەشكر بنێرێت بۆ میسر، ڕەنگە پێش داوای ئەویش مەعاویە نیەتی كردبێ لەشكر بنێرێت بەڵام داواكەی ئەو ئەوەندەی تر سوری كردبێ لەسەر ناردنی لەشكر.

وتم من دەمەوێ لەبارەی ڕووداوەكانی میسرەوە زیاتر زانیاریت لێ وەرگرم، چونكە تۆ بەردەوام لەگەڵ باوكتدا بوویت زانیاریەكانت ڕاستر و باشترن، بەڵام زانیاریەكانی من سەبارەت بە میسر شەفەهین.

وتی دوای عوسمان باوكم بوو بە خەلیفە پیاوێكی ڕاست و دروستی وەك (محەمەد كوڕی ئەبوبەكر)ی كردە حاكمی میسر. وتم مەبەستت ئەبوبەكری ناسراوو بەناوبانگە؟ وتی بەڵێ. ئینجا حسەین وتی ئەی (ابن ارطاة) تۆ پێت وتم سەبارەت بە مەعاویە هیچ باس نەكەم، من وتم باس ناكەم مەگەر خۆت لەو بارەوە پرسیارم لێ بكەیت. بەڵام ئەوەتا تۆ سەبارەت بە ڕووداوەكانی میسر پرسیارم لێ دەكەیت ناچار دەبم ناوی مەعاویە بهێنم و بڵێم دوو جەنایەتی گەورەی كرد لە میسردا یەكێكیان كوشتنی (محەمەد كوڕی ئەبوبەكر) ە. تۆ ئاگات لەسەردەمی سەرەتایی ئیسلام و باپیری من نیە كەچۆن ئەبوبەكری لەلا خۆشەویست بوو لەبەر ئەوەی زۆر خزمەتی بە ئیسلام كردبوو، باوكم تا ئەوكاتەی مابوو بە باشی ناوی ئەبوبەكری ئەبرد.

(محەمەد)ی كوڕیشی خزمەت كردنی ئیسلام و دڵسۆزی بۆ دینی لە باوكیەوە بە میرات بۆ مابوەوە، پیاوێكی سەر ڕاست و وڵاتی میسری بەباشی بەڕێوە دەبرد،و داهاتی (بیت المال) ی بۆ سەرف دەكرد و زیادەكەی دەناردەوە بۆ لای باوكم، تا لە مەركەزی (بیت المال)ی موسڵمانان‌اندا هەڵبگیرێت.

لە میسردا كەس ناڕازی و دژی ڕێبازی ئیدارەدانی حكومەت نەبوو، چونكە والیەكی دادپەروەر و بێ تەماح حوكم دار بوو خەڵكی ئەو وڵاتە بە ئاسودەیی ئەژیان، مەعاویە لەسەردەمی باوكم دا داوای خەلافەتی دەكرد و حاكمی شام بوو، ڕەنگە ویستبێتی میسر بگرێت تا بتوانێت لە ڕێگەی گرتنی میسرەوە بارودۆخی دەستەڵاتی مەحكەم بكات. ئەیزانی لە حیجاز كەس لایەنی باوكم بەرنادات تا لایەنگری لەو بكات، بۆیە بۆ بەهێزبوونی خۆی نیەتی گرتنی میسری كرد.

كاتێك هەواڵیان دا بە باوكم كە دایكی موسڵمانان مەعاویەی ڕاسپاردووە هێرش بكاتە سەر میسر ئەو هەواڵە باوكمی سەرسام كرد وتی چۆن ئەی (محەمەد) ئەبوبەكر برای دایكی موسڵمانان حاكمی میسر نیە. باوكم هەوڵی دا ئەوكەسەی كە گوێی لێبووە عائیشە ئەم ڕاسپاردەی دابێ بە مەعاویە پەیدای بكات تا بزانێت ئەم هەواڵە ڕاستە یان درۆ، بەلاْم كەس پەیدا نەبوو بڵێ بە گوێی خۆم گوێم پێوە بوە دایكی موسڵمانان مەعاویە ڕاسپێرێت بۆ هێرش كردنە سەر میسر.

وتم ئەی ئەو كاتە مەعاویە نیەتی لەشكركێشی بۆ سەر میسر كرد باوكت ئاگادار بوو یا نا؟ حسەین وتی بەڵێ باوكم ئاگادار كراو زوو لەسەرداریێكی ناسراوی خۆی بەناوی (مالك اشتر) نارد بۆ میسر، بۆ یارمەتی محەمەدی كوڕی ئەبوبەكر بۆ پشتگیری و دەركردنی لەشكری مەعاویە، بەلاْم لەشكری مەعاویە زوتر گەیشتە میسر چونكە هەندێكی لە ڕێگەی دەریاوە ڕۆشتبوو ئەوی تریشی لە ڕێگەی كەنعان و سیناوە چوو بوو.

پاشان حسەین وتی ئەی (ابن ارطاة) تۆ دەزانی وڵاتی میسر كەوتوەتە كوێوە؟ وتم بەڵێ دەكەوێتە ڕۆژئاوای دەریاری قلزم، ئینجا پرسی ئایا ئەزانی ئەگەر

لەشكر لە لە حیجازەوە بچێت بۆ میسر دەبێ بە کوێدا تێپەڕێت؟ وتم ئەی نەوەی پێغەمبەر (د.خ) بێگومان دەبێ لەسەر زەوی سیناوە تێ پەڕێت. وتی ئەو لەشکرەی باوکم بۆ یارمەتی محەمەد ئەبوبەکر ناردی لە ڕێگەی سیناوە چوو بەرەو میسر فەرماندەی ئەو سوپا (مالك اشتر) بوو ڕەنگە ناوت بیستبێ.

وتم بەڵێ ناوم بیستووە، وتی ئایا دەزانی قاتڵی ئەم پیاوە کێ بوو؟ وتم نەء، وتی پێشتر وتم مەعاویە دوو جنایەتی گەورەی کرد لە میسر، یەکەمم باس کرد.

تاوانیدووەمی مەعاویە ئەوەیە کە (مالك اشتر)ی کوشت، بەڵام نەك لە مەیدانی جەنگ دا بەڵکو بە هۆی زەهرەوە، بە دەستی حاکمی شاری قلزم. مەعاویە زانیاری لەسەر ئازایەتی و دلێری (مالك اشتر) هەبوو لە فەرماندەیی کردنی شەڕدا ئەیزانی ئەگەر ئەو پیاوە لە میسردا فەرماندەی شەڕ بکات، (عمرو عاص) فەرماندەی سوپای مەعاویە ناتوانێت بەرامبەر (مالك اشتر) خۆی ڕاگرێت، ئەوەبوو ڕەزامەندی حاکمی شاری قلزمی بەدەست هێنا تا سەردار و دلێری سوپای باوکم دەرمان خوار بکات بەو جۆرە (مالك اشتر) فەوتا. پێش کوشتی محەمەد ئەبوبەکر (مالك اشتر) دەرمان خوارد کرا، ئەگەر وا نەبوایە (مالك اشتر) بگەیشتایە میسر محەمەد ئەبوبەکر نەدەشکا و بە دەستوری مەعاویە نەدەکوژرا.

وتم بابی تۆ پیاوێکی ئازای مەیدانی شەڕ بوو، بۆچی لە میسردا شکاو میسری لەدەست دا؟ وتی لەگەڵ ئەوەشدا پیاوی مەعاویەی دانی پێدا ئەنێیت باوکی من پیاوێکی ئازا و مەردی مەیدانی جەنگ بووە. ئەوەی بووە هۆی لەدەست دانی میسر لە دەستی باوکم دا کوژرانی (مالك اشتر) و و ناردنی سوپابوو لە ڕێگەی دەریاوە لە لایەن مەعاویەوە. وڵاتەکانی شام و میسر دەکەونە سەر دەریای ڕۆم و لە ڕێگەی دەریاوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە، ماوەی نێوانیان زۆر نیە. پاشان حیجاز دەکەوێتە لێواری دەریای قلزم ئەتوانرێ لەوێوە بەهۆی کەشتییەوە بچیت بۆ میسر، بەڵام ئەو کەشتیانەی لە سوریەوە ڕاستەوخۆ دەچنە بەندەری ئەسکەندەریە لە میسر کە بەندەرێکی گەورەیە. ئینجا ئەگەر کەشتی لە حیجازەوە بڕوات ئەگەر بەرە و باکور بڕوات دەبێ لەسەر زەوی سینا

سەربازەكان دابەزێنێ، بەڵام بەرەو ڕۆژ ئاوا بڕوات دەبێ لە یەكێك لە بەندەرەكانی لێواری ڕۆژ هەڵاتی میسردا سەربازەكانی خۆیان دابەزێنن. وە ماوەیەك ڕێگا بڕن تا بگەنە باكوری میسر كە ناوەندی جەماوەری و ناوەندی بازرگانی و ئابوری میسرە، بەڵام ئەوانەی مەعاویە بەبێ كێشە زوتر لە بەندەری ئەسكەندەریەوە دائەبەزین و بێ دواكەوتن دەگەیشتنە ئەو ناوچە قەرەباڵغ و ئاوەدانەی میسر.

ئەگەر ئەو كاتەی مەعاویە هێرشی كردە سەر میسر باوكم لە حیجاز بوایە ئەیتوانی زوتر هێزی پشتیوانی بنێرێت بۆ میسر بەڵام ئەوكات باوكم لە عێراق دا بوو. وتم ئەی نەوەی پێغەمبەر شەڕی میسر كەی دەستی پێ كرد؟ وتی ساڵی سی و هەشتەمی كۆچی لە میسر لە نیوان لەشكری مەعاویە و لەشكری باوكمدا شەڕ دەستی پێ كرد و محەمەد كوڕی ئەبوبەكر شكا. وتم ئاگاداری (عمرو عاص) فەرماندەی سوپای مەعاویە چەند لەشكری لە شامەوە برد بۆ میسر؟

وتی لە ڕێگەی دەریاوە بە كەشتی (٥٠٠٠) پێنج هەزار سەربازی بردە میسر و لە ڕێگای وشكانیشەوە هەندێكی تر، بەڵام لەناوخۆی میسردا پیاوێك بەناوی (مەعاویە بن حدیج) كە ماوەیەك بە داواكاری خوێنی عوسمان ناوبانگی هەبوو، ماوەیەكیش لایەنگری لە خەوارج دەكرد هەڵگەڕایەوە و ڕاپەڕینی بەدژی (محەمەد كوڕی ئەبوبەكر) كرد.

ئەم پیاوە پێش ئەوەی (عمرو عاص) بچێتە میسر پارەی وەرگرتبوو لە مەعاویە، بەو پێیە هەواڵ گەیشتە باوكم ئاشكرا بوو كە نەخشەی هێرش بۆسەر میسر بە جۆرێك ڕێكخرا بوو، كاتێك (عمرو عاص) گەیشتە میسر (معاویە بن حدیج) ڕاپەڕین بكات بە دژی محەمەدی ئەبوبەكر، دیارە پێش گەیشنی عمرو عاص پارەی لەلایەن مەعاویەوە وەرگرتبوو بۆ كڕینی چەك و بەكرێ گرتنی خەڵك بۆ شەڕ كردن. دوای ئەوەی عمرو عاص گەیشتە میسر لە دوو لاوە محەمەد ئەبوبەكر كەوتە بەر هێرش، لە لایەكەوە سەربازانی (عمرو عاص) لەلایەكی ترەوە لەلایەن هێزی (مەعاویەی بن حدیج) كە هەموو میسر شارەزابوون و زیاتر مەترسیان هەبوو بۆ محەمەد ئەبوبەكر تا لەشكری عمرو عاص.

لەگەڵ ئەوەشدا محەمەد ئەبوبەکر بە سێ هەزار سەربازەوە کە نزیکەی هەزاریان لەگەڵ (حدیج) پەیوەندیان بە (عمروعاص) ەوە کرد، دوانزە ڕۆژ لەبەرامبەریاندا شەڕی کرد کە شەش ڕۆژ لەو دوانزە ڕۆژە هێزی محەمەد بێ بەش بوون لە ئاو خواردنەوە، ئەگەر ئەو موسڵمانە دلێرو دڵپاکانە لە تیونیەتیدا بێ هێز و لەکار نەکەوتنتایە نەدەشکان، دوای ئەوەی محەمەد کوڕی ئەبوبەکر لە تینویەتیدا لەسەر زەوی کەوتبوو، بە دیل گرتیان و بێ ئەوەی قومێك ئاوی بدەنێ بە لێوی تینوەوە سەریان بڕی. وتم (عمرو بن عاص) فەرمانی کوشتنی محەمەدی دەرکرد؟ وتی نا محەمەد کەوتە دەست سەربازانی (مەعاویە بن حدیج) و ئەو بۆ خۆی سەری بڕی بە تینویەتی.

وتم ئایا هەست دەکەیت بەبێ فەرمان (مەعاویە بن حدیج) ئەوکارەی کردبێ؟ وتی تۆ پیاوێکی عاقڵی ئەتوانی بەهێزی عەقڵ پەیی بە هەندێك ڕووداو ببەیت ئایا جێگەی باوەڕە پیاوێکی وەك (ابن حدیج) بوێرێ پیاوێکی وەك محەمەدی ئەبوبەکر کوڕی ئەسحابەیەکی خزمی باپیرم ڕەسول الله (د.خ) بکوژێت. دوایی دەرکەوت دەستوری ئەو بووە لەگەڵ دیل کردنی بیکوژن. منیش بۆم دەرکەوت بۆچوونی حسەین ڕاستە پیاوێکی وەك (مەعاویەی بن حدیج)، ناتوانێت بەبێ ڕەزامەندی خەلیفە (مەعاویە) پیاوێکی وەك کوڕی ئەبوبەکر بکوژێت.

## چۆن چۆنی کوڕی ئەبوبەکریان بە لێوی تینوەوە سەربڕی

پرسیم لە حسەین ئایا ڕاستە عەبدالله ی کوڕی عومەری کوڕی خەتاب لە میسر بەدەستی سەربازانی باوکت کوژراوە؟ وتی ئەمەت لە کێ بیستووە؟ وتم ناتوانم ناوی کەس بهێنم چونکە دەماو دەم بیستومە، وتی هەرکەس ئەمەی بۆ تۆ باس کردووە سەهوی کردووە، چونکە عبدالله لە میسردا نەبووە پێش ئەوەی شەڕی میسر دروست بێت لەشەڕی ( صفین ) دا عبدالله فەرماندەی باڵی ڕاستی سوپای مەعاویە بوو کوژرا.

وتم سوپاس چونكە لەو هەڵە ڕزگارت كردم من وام زانیوە عبدالله لە میسر بەدەستی سەربازانی عەلی باوكت كوژراوە، پاشان پرسیم دەزانی بكوژی عبدالله كێ بووە؟ وتی یەكێك بووە لە پیاوەكانی هۆزی (بنی ربیعە) وە عبدالله ی كوڕی عومەر شەو كوژراوە. وتم بۆچی لەكاتی شەودا كوشتویانە؟ وتی چونكە ئەو شەڕە پاش خۆرئاوا بوون دەستی پێ كرد و تا بەیانی خایاند وە بەو شەوە دەڵێن (لیلة الهريرة). (ڕوونكردنەوە – (هرير) هات و هاوار – ذبيح الله).

وتی كەس نازانێت ئازایەتی باوكم لە شەڕی ( صفين )دا بە چ ئەندازەیەك بووە، چونكە باوكم ڕووی دەكردە هەرلایەك سەربازانی مەعاویەی پاشەكشە پێ دەكرد كاتێك ڕۆژ هەڵهات، مەعاویە بۆی دەركەوت كە شكان دەبێت بە نسیبی هەواڵی نارد بۆ باوكم كە ئامادەیە سوڵحی لەگەڵدا بكات، بە مەرجێك حكومەتی شامی بداتێ و لە بەیعەت كردن بیبەخشێ باوكم هیچ یەك لەو مەرجانەی قبوڵ نەكرد، ئەوەبوو ( عمروعاص ) فەرمانی دا سەربازەكانیان قورئان بەرز بكەنەوە تا سەربازانی باوكم سارد ببەنەوە و دەست لەشەڕ هەڵگرن. لەو شەڕەدا بەوجۆرە مەعاویە توانی خۆیی و ئەو سەربازانەی نەكوژرابوون ڕزگار بێن و و چەندین هەزار كەس لەسەربازانی مەعاویە لە شەڕی ( صفين ) دا كوژران، بەڵام باسەكەی ئێمە لەسەر شەڕی میسرە نەك ( صفين ) مەوزوعی كوشتنی عبدالله ی كوڕێ عومەری كوڕی خەتاب بابەتی شەڕی صفینی هێنایە ناو.

وتم لەشكری محەمەد كوڕی ئەبوبەكر سێ هەزار كەس بوو هەزاریان گەڕانەوە تەنها دوو هەزاری بۆ مایەوە، لە پێشدا ویستی بەرگری لە پایتەختی میسر بكات پاش ئەوەی موسڵمانان میسریان گرت ئەو شارەیان بنیات ناو دروست كرد و كردیانە پایتەختی میسر، بەڵام والی زانی شەڕكردن لەناو پایتەختدا دەبێتە هۆی كوشتنی ژن و منداڵی موسڵمانان. بۆ شەڕكردن لەشار دەرچوو دەیزانی دەبێ (مالك اشتر) بگاتە لای لە لای ڕۆژ هەڵاتەوە، بۆیە ئەویش بەرە و ڕۆژ هەڵات كەوتە ڕێ. زۆری نەبرد سوپای ( عمرو عاص ) كە لە باكورەوە هات گەیشتە لای سوپای ( محەمەد ئەبوبەكر ) مەعاویە بن حديج لەلای ڕۆژ ئاوا و باشورەوە خۆی گەیاندە

سوپای محەمەد، بەو سەربازانەی ابن حدیجەوە سوپای عمر و عاص گەیشتە یانزە هەزار کەس واتە شەشی حدیج و پێنجی خۆی.

پێنج هەزار سەربازی تری (عمرو عاص) لە ڕێگای وشکانیەوە دەهاتن بەرەو میسر، بەلاّم لە دوو ڕۆژی کۆتایی شەڕدا گەیشتنە لای فەرماندەکەیان. کاتێك سوپای محەمەد کوڕی ئەبوبەکر و عمر و عاص و مەعاویەی بن حدیج گەیشتن بەیەك لە ناوچەیەکدا بوو بەناوی (قحولە) ئەم ناوە موسڵمانان دیاریان کردبوو بۆ ئەو ناوچە (قحولە – وشکاییەکی بێ شێ – ذبیح الله). ڕووباری نیل دەکەوێتە ڕۆژئاوای ناوچەی قحولە، بەلاّم سەربازانی (ابن حدیج) نێوان قحولە و ڕووباری نیلیان گرتبوو تا لەشکری محەمەد دەستی بە ئاو نەگات. لە نزیك نیل دا لە هەر جێیەك دا چاڵ لێ بدرێت ئاو دەست دەکەوێت، بەلاّم لە قحولەدا دەست نەدەکەوت چەند چاڵی قوڵیش لێ بدرێت. لەلای ڕۆژ ئاواو باشوورەوە لەشکری ابن حدیج و لەلای باکور و ڕۆژ هەلاّتەوە سوپای (عمرو عاص)، گەمارۆی سوپای محەمەد ئەبوبەکریان دا.

سوپای محەمەد ئەبوبەکر کاتێك لەشار دەرچوون هەندێکیان ژن و منداڵیان لەگەڵ خۆیان برد، نەوەك دیل بکرێن لەناو شاردا.

ماوەی دوو ڕۆژ ئەو ژن و منداڵانە توانیان بە ئاوی پاشەکەوت کراوی ناو سوپا ئیدارە بکەن، بەلاّم دوای ئەوە تینویەتی زاڵ بوو بەسەریاندا. بێ تاقەتی ژن و منداڵەکان لە بێ ئاویەتیدا محەمەد ئەبوبەکری زۆر سەغڵەت کردبوو بە هیچ شێوەیەك ئارام نەدەبوونەوە . لەشکرەکانی مەعاویە لە ڕۆژانیسەرەتای گەمارۆکەدا هێرشیان نەکرد، تا تینویەتی و برسیەتی لە شکری محەمەد ئەبوبەکر بێ توانا بکات و پاشان هێرش بکەن.

لە ڕۆژی سێ هەمی گەمارۆدا محەمەد ئەبوبەکر ناردی بۆلای عمروعاص وتی منداڵەکانمان تینون و لەبەر تیونیەتی بەردەوام دەگرین، ئێوە خۆتان خاوەنی منداڵن ڕێگەمان بدەن لەسەر ڕووبار ئاویان بۆ بهێنین یان لە ئاوی سوپای خۆتان

ئاومان بدەنیّ بۆ ئەو منداڵانە، وەڵامی ئەوەبوو وتی تەسلیم ببن ئینجا خۆتان و منداڵتان ئاو بخۆنەوە ئەگەر تەسلیم نەبن ئاو نیە.

هەندێك لەسەربازەكانی محەمەدی كوڕی ئەبوبەكر زانیان سەربازەكانی عمروعاص زۆرن دوو دڵ بوون، دواتر تینویەتی ئەو ترس و دوودڵیەی زیاتر كرد بۆیە دەستە دەستە بەرە و لەشكری دووژمن ملیان نا بۆ تەسلیم بوون، ئەوانەی ژن و منداڵیان بوو تەسلیم بوون، ئەوانەی سەڵت بوون مانەوە، ڕۆژی چوارەمی گەمارۆدان سەرلەبەیانیەكەی هێرش دەستی پیّ كرد بۆ سەر لەشكری محەمەدی كوڕی ئەبوبەكر، ئەویش فەرمانی دا ژن و منداڵە تینوەكان با لەناوەڕاستی سوپا دابنێن و و لە هەر چوارلاوە لەگەڵ سەربازەكانیدا بەرەنگاری هێرشی دوژمن بوەوە.

ئەو سەربازانەی عمرو عاص لە سوریەوە هێنابوونی توانایی جەنگی سەربازانی محەمەد كوڕی ئەبوبەكریان نەبوو كە عەرەب بوون، سەربازەكانی (مەعاویەی بن حدیج) بە كریّ گیرابوون لە نێوان توێژە بیّ كارەكانی میسردا كۆی كردبوونەوە بۆیە ئەو ڕۆژە تا ئێوارە سەربازەكانی محەمەد ئەبوبەكر هێرشی سوپای دووژمنیان تێك شكاند. دوای ئەوە شەو بەسەردا هات شەڕ وەستا، بەڵام شین و زاری ژن و منداڵی تینوو هەر ئەبیسترا دایكانی تینو زمانی خۆیان ئەخستە دەمی منداڵەكان، بەڵام بێدەنگ نەدەبوون. لەڕۆژی پێنجەمی گەمارۆدا بەیانیەكەی دەركەوت چەندین منداڵ لەبەر تیونیەتی مردون. دووبارە محەمەد هەواڵی ناردەوە بۆ ( عمروبن عاص ) چەندین منداڵ لەبەر تینویەتی مردوون، یان ڕێگە بدەن پیاوانی خۆمان بچن لە دەریا ئاو بهێنن یان خۆتان ئاومان بدەنیّ. لەو هەواڵەدا محەمەد وتبوی لەشەڕی خەیبەردا كە عەلی كوڕی ئەبی تالب فەرماندەی سوپای ئیسلام بوو، پێغەمبەر (د.خ) ڕازی بوو عەلی ئازووقە بنێرێت بۆ ژن و منداڵی برسی یەهودیەكان كە لەناو قەلاَی خەیبەردا بوون، كە لەلایەن سوپای ئیسلامەوە گەمارۆ درابوو تا برسی نەبن، ئێمە ئەگەر یەهودیش بوینایە دەبوو

ئێوه ڕەحم به منداڵەکانمان بکەن تا دەگات بەوەی ئێمە موسڵمانین و عائیشەی خوشکم دایکی موسڵمانان و هاوسەری پێغەمبەر بوه (د.خ).

ئەو ڕۆژە تا نیوەڕۆ وتووێژ بەردەوام بوو لە نیوەڕۆکەیدا (عمروبن عاص) ڕازی بوو ژن و منداڵی تینوو لەناو سوپای محەمەد کوڕی ئەبوبەکردا دەربچن بۆ ئاو خواردنەوە، بەڵام نابێ بگەڕێنەوە جێگەی خۆیان.

محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر و پیاوانی خێزانداری ناو سوپاکەی دەیان زانی کاتێك ئەو ژن و منداڵانە دەر ئەچن دیل دەکرێن، بەڵام وایان بە باشتر زانی دیل بن نەك لە بەرچاویاندا بە تینویەتی بمرن. کاتێك ئەو ژن و منداڵانە لە ئۆردووگادا دەرئەچوون محەمەد خەبەری دەنارد بۆ (عمرو بن عاص) تۆ عەرەب و من عەرەب عەرەبی (بادیە) دەبێ مروەتی هەبێ خەرجی ئەو مروەتەش ئەوەیە لەگەڵ ئەو ژن و منداڵانەدا بە باشی ڕەفتار بکەن. جگە لەمەش تۆ خۆت ژنت هەیە نابێ ڕازی بی بێ حورمەتی بکەن بەرامبەر بەو ژنانە و لەگەڵ منداڵەکانیدا خراپەکاری بکەن، هەرچەندە محەمەد خۆیی و سەربازەکانی تینویەتی هیلاکی کردبوون، بەڵام کاتێك گوێیان لە شین و زاری ژن و منداڵی تینو نەما ورەیان بەرز بووەوە.

خەبەریان دابوو بە باوکم ئەو ڕۆژە شەوەکەی هەندێك سەربازی سوپای (عمرو بن عاص) بە دزیەوە ئاویان گەیاندبووە سەربازانی سوپای محەمەد ئەبوبەکر، هەروەها دەنگ و باس هەبوو شەوانی پێشتریش کاتێك گوێیان لە شین و زاری ژن و منداڵی تینوو بوو بوو هەندێك ئاویان بەدزیەوە بۆ ناردبوون.

ڕۆژی شەشەمی گەمارۆی ئوردوگا سەرلەبەیانی سوپای مەعاویە دەستی بەهێرش کردەوە، سەبازەکانی محەمەد ئەبوبەکر شەوەکەی ئاویان خواردبووەوە بە ئازایەتی شەڕیان دەکرد و پێشی هێرشی دووژمنیان گرتبوو هەندێکیان کوژران، بەڵام زیانی سوپایی دووژمن زۆر زۆرتربوو لە زیان سوپای بچوکی محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر. ئێوارەی ئەو ڕۆژە سوپای مەعاویە دەستی لە هێرش کردن کێشایەوە، محەمەد ئەبوبەکر دەیویست شەو هێرشی لەناکاو بکاتە سەر دووژمن و حەڵقەی گەمارۆی دووژمن بشکێنێ، بەڵام سەربازەکانی ئەوەندە ماندوو

بوون ئەوکارەی نەکرد. لە ڕۆژی حەوتەمی جەنگ و گەمارۆوە تا ڕۆژی کۆتایی وەلەناوچوونی هەموو گەمارۆ دراوان واتە شەش ڕۆژ یەك قەترە ئاو نەگەیشتە محەمەد ئەبوبەکر و سەربازەکانی. لە ڕۆژی شەشەمی گەمارۆوە فەرماندەکانی سوپای دووژمن ئەوەندە زیانیان لێ کەوتبوو بڕیاریان دا هێرش نەکەن تا بە تەواوەتی برسیەتی و تینویەتی هێزیان لەبەر دەبڕێ، ئینجا دوای ئەوە هێرش بکەنەوە.

ڕۆژی حەوتەم تا ڕۆژی دەهەم سوپای مەعاویە هێرشی نەکرد لە ڕۆژی دەهەم دا ( ٥٠٠٠ ) پێنج هەزار سەربازی عمرو بن عاص لە ڕێگای وشکانیەوە هاتبوون گەیشتنە لای سوپای عمرو بن عاص، ئەو ڕۆژەو ڕۆژی دواتر نەیان توانی هێرش بکەن، بەڵام کە لە ڕۆژی دوانزەهەمدا هێزەکانی (عمرو عاص) و (معاویە بن حدیج) هێرشیان کردە سەر ئۆردوگای محەمەدی کوڕی ئەوبوبەکر، سەربازەکانی وایان لێ هاتبوو کەس توانای بەرزکردنەوە شمشێرەکەی نەبوو هەندێکیش لەسەر زەوی کەوتبوون بە بێ هیچ گرفتێك هەموویان دیل کردن، محەمەد کوڕی ئەبوبەکر دیلی مەعاویەی (بن حدیج) بوو کاتێك بردیان بۆلای توانای نەبوو بوەستێ بۆیە دانیشت و لەسەر لا کەوت بە دەستی بەستراو مەعاویەی (بن حدیج) لێی پرسی چۆنی؟ بەناڵەی هیواش وتی تینومە، (بن حدیج) پیێی وت من پێم وتی حکومەتی ئەسکەندەریەم بدەرێ نەت دامێ.

وتی حاکمی ئەسکەندەریە دەبوو خەلیفە دای بنێ کە عەلی ئەبو تالب بوو، بەبێ دانانی ئەو من نەم ئەتوانی کەس بکەم بە حاکمی ئەسکەندەریە. (معاویە بن حدیج) وتی ئەمڕۆ خۆشترین ڕۆژی ژیانی منە دووژمنی خۆم شکاندوە و لەمڕۆ بەدواوە لەلایەن ( عمرو بن عاص )ەوە کەوالی میسرە فەرمانی حکومەتی ئەسکەندەریەم بۆ دەر ئەکات.

ئینجا وتی ئەی کوڕی ئەبوبەکر چەند سات لە ژیانی تۆ ماوە ئارەزوت چیە بیڵێ وتی خواردنەوەی ئاو. وتی ئێستا لە ئاوی دەمی خەنجەر تێر ئاوت دەکەم، لەجێی خۆی هەستا و خۆی گەیاندە محەمەد و لەسەر لاکەوتبوو بەرزی کردەوە و

لەسەر چۆك داینیشاند بە خەنجەرەکەی ملی بڕیەوە و خوێن دەرچوو، سەرەکەی بە یەکجاری بڕیەوە و ناردی بۆلای (عمرو بن عاص)، ئەویش بە کەشتی تیژڕەو ناردی بۆ شام بۆ مەعاویە، تا بزانێت ئیتر کوڕی ئەبوبەکر نەماوە.

حسەین لە قەسەکردن وەستا و من پێم وت ئەی نەوەی پێغەمبەر (د.خ) بە قسەکانتا دەرئەکەوێ عائیشە مەعاویەی ڕاسپاردبێ تا محەمەدی برای بکوژێت؟ وتی بەڵی بەم جۆرە پڕوپاگەندەیە بلاْوە کە عائیشە مەعاویەی هاندابێت لەشکر کێشی بکات بۆسەر میسر. لەبەرئەوە وتووێژی من و حسەین زۆری خایاند، داوای مۆڵەتم کرد و خواحافیزیم لێکرد و لە ماڵەکەی دەرچوومە دەرەوە.

## ( شەڕی قسطنطنیە )

کاتێك گەڕامەوە نامەیەکم بۆ هاتبوو لە لایەن خەلیفە مەعاویەوە، من ئەمزانی خەلیفە چووە بۆلای بیزانتیوم تا پایتەختی ڕۆم داگیر بکات (بیزانتیوم – قسطنطنیە کە ئەمڕۆ بە ئەستەنبوڵ بەناوبانگە – ذبیح الله).

(ڕوون کردنەوە: لەسەرەتای (صدری) ئیسلامدا ڕۆمی پایتەختی ئەمڕۆی ئیتالیا شارەزا نەبوون و پێیان نەئەزانی و ڕۆمی بچوك کە پایتەختەکەی قسطنطنیە بوو بە ڕۆمیان دەزانی، ئەم ناوە تا ئەم دواییەش هەر هەبوو خەڵکی بە عوسمانیەکانیان دەوت ڕۆمی. – ذبیح الله). ئەگەر خەلیفە پایتەختی ڕۆمی بگرتایە دانیشتوانی دنیای مەسیحەت هیچ ڕێگا چارەیەکی تریان نەبوو جگە لە ئیسلام بوون یان لەگەڵ ئیسلامدا بێنە سەر ڕێ، نامەکەی خەلیفە بەم جۆرە دەستی پێ ئەکرد:

لەلایەن مەعاویەیی ئەمیر المؤمنین و جێگە نشینی پێغەمبەر بۆ (ثابت بن ارطاة) بەرپرسی دەزگای نهێنی، من بە خۆشحاڵیەوە هەواڵت ئەدەمێ کە ئێمە توانیمان لەم ساڵە پیرۆزەدا کە ساڵی پەنجاوشەشی کۆچیە گەمارۆی پایتەختی دنیای مەسیحیەت بدەین، ئێستا ئەو شارە لە ڕێگای وشکایی و ئاوەوە گەمارۆ دراوە. ئێمە بە هەزار و دووسەد کەشتیەوە لە شامەوە کەوتوینە ڕێ بۆ

(بیزانتیــۆم)، دیــارە ســوپایەكی وا ناشــاردرێتەوە لەبەرچــاوی دووژمــن ئــەو كەشتیانەی ڕۆم كە بەرە و بیزانتیوم بەڕێوەبوون هەواڵی چوونی ئێمەیان داوە بە دانیشتوانی شار و پادشاكەی. پادشای ئەم شارە ناوی ( قسطنطنیەی چوارەم )ە جارێكیان من لەسەر دیواری شادا بینیومە، موی سەرو ڕیشی خەنەیی بوو ( زەرد). كاتێك ئێمە نزیك بووینەوە لەشار دەروازەكان بەسترابوون و لە كەلكەكانی بەندەردا چەندین كەشتیان نقوم كردبوو، بۆ ئەوەی ئێمە نەتوانین بچینە ناو بەندەرەكانەوە.

كەشتیەكانمان لە دووری شارەوە لە ناو دەریادا و لە دەرەوەی شاریشەوە لەشكر گەمارۆی شاریان داوە، ئێستا ئەو شارە نە لە ڕێگای ئاوەوە نەلەڕێگای وشكانیەوە پەیوەندی بەدەرەوە نەماوە، شارەكە زۆر گەورەیە دیمەشق بەو گەورەییەی ئەوەندەی گەڕەكێكی نابێت. من فەرمانم دەركردووە نەخشەی شار لەگەڵ زنجیرەیەك زانیاری سەبارەت بەشار بنێرن بۆ تۆ تا شارەزاو ئاگاداربیت و كاتێك دوای گرتنی كە دێیت بۆ ئێرە شارەزابیت، ئەو زانیاریانە بۆ پیاوێكی وەك تۆ كەبەرپرسی دەزگای نهێنیت پێویستە.

نوسەرەكەی من ماوەی نیە لە بارەی جەنگەوە بە دورو درێژی بۆت بنوسێت. لەبەر ئەوە دەبێت كارە پێویستیەكانی تر ئەنجام بدات، فەرمانم دەركردووە نوسەرەكانی تری ناو سوپا نەخشە و دەنگ و باس و زانیاریت بە ووردی بۆ بنوسن و بۆت بنێرن سەبارەت بە شەڕی (بیزانتیوم). ئێستا بەكورتی دەڵێم دوای ئەوەی ئێمە ئەم شارەمان گەمارۆدا، چەندجارێك هێرشمان كرد بۆ ئەوەی لە دیوارەكانی شارەوە بچینە ناو شار، بەلاَم سەركەوتوو نەبووین، چونكە دیوارەكان قایم و بەرز و مەحكەم و بە ئاسانی وێران ناكرێن، ئێمەش بڕیارمانداوە لە ڕێی برسی كردنەوە دانیشتوانی شار بە چۆكدا بهێنین.

بەهۆی سیخوڕەوە هەواڵمان بۆ دێت ئێستا بەهۆی زۆری دانیشتوان و كەمی ئازووقەوە نرخی سەگ و پشیلە گەیشتوەتە (١٠)دە سكە زێڕ و ڕۆژانە خەڵك لەبەر برسیەتی دەمرن، من لەو باوەڕەدام پێش ئەوەی وەرزی پایز بێتە پێش

دانیشتوانی ئەم شارە تەسلیم دەبن و شار دەگیرێت ئەگەرنا دەبێ گۆشتی مردو بخۆن. ژمارەی سەربازانی پادشای شار کەم و ترسنۆکن، ئەگەر بیانەوێ هێرش بکەنە سەرمان و بێنە دەرەوە هەموویان دەکوژین.

ڕۆژانە لەناوشارەوە هەواڵمان بۆ دێت و ئەزانین (قسطنطینی چوارەم) هەموو ڕۆژێ لە کۆشکەکەی خۆی دەرئەچێت و ئەچێت بۆ جێگەیەك کەلەوێ هەندێك کاری وەك سیحرو جادوو ئەنجام ئەدات، پادشای شار ناتوانێ بە شمشێر ئێمە بشکێنێ، ئەیەوێت لە ڕێگەی جادوگەریەوە سوپای ئێمە دوور بخەنەوە لە دەوری شاردا، بەلاْم ئێمەی موسڵمانان لە جادو ناترسین و پێغەمبەری ئێمە (د.خ) وتویەتی جادوکەرەکان درۆزنن. ناتوانن کارەکان لە ڕێڕەوی ئاسایی و ڕاستی خۆیان لابدەن، ئەگەر جادوو ڕاست بوایە و بەهۆیەوە سەرکەوتن بەدەست بهاتایە پێغەمبەری ئێمە (د.خ) لەشەڕی (أحد) دا لە باتی ئەوەی دەست بۆ شمشێر ببات دوعای دەکرد و بەهۆی دوعاوە دوژمنانی ئیسلامی دەشکاند.

ئێمە جگە لەوەی ئەمانەوێت بەهۆی برسی کردنەوە تەسلیممان بن، خەریکی پاك کردن و لابردن و دەرهێنانەوەی کەشتییە نقومبووەکانین لەناو ڕێڕەوی (شاخ طلا)دا دوای دەرهێنانەوەیان ئەتوانین لەوێوە بچینە ناو شار. کەنداوی (شاخ طلا) جۆگەیەکی گەروە و پانە وەك شەقامێکی پان و دوورو درێژ چوەتە پێشەوە). لەم بەر و لەو بەری ئەو شەقامە ئاویەوە دیواری نیە، لەبەرئەوە ئەتوانین دوای چوونە ناو ئەو شەقامەوە بچینە ناوجەرگەی شارەوە ئیتر بەرگری سەربازانی (بیزان تیوم) لەسەر دیوارەکانی شارەوە بێ هودە دەبێت.

(شاخ طلا) لەشاری بیزانتیوم دا شێوەی وەك شەقامی (کوت الامارە)یە لە شاری دیمەشق دا، پادشایانی بیزانتیوم لەبیری ئەوەدا نەبوون. ڕۆژێك دەبێت دووژمن لە ڕێگەی (شاخ طلا)وە دەچێتە ناو شارەوە، ئەگینا لەم بەر و لەو بەری ئەو جۆگە گەورەوە دیواریان دروست دەکرد، هیوادارم پێش هاتنی وەرزی پایزی ئەمساڵ هەواڵی گرتنی شاری (بزانتیوم)ت بۆ بنێرم.

ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەی تا ئەمڕۆ سەبارەت بە عائیشە بۆت ناردوم زۆر باش بوون بەتایبەت ئەوبەشەی پەیوەندی بە عائیشە و صەفوانەوە هەیە زۆرتر لام گرنگ بوو، چونكە ئەتوانین لەسەر ئەوە عائیشە تاوانبار بكەین و بیانویەكی باشە تۆ بەردەوام بە لە لێكۆڵینەوەی خۆت لەو بارەوە و ڕاپۆرتەكانیش بنێرە بۆ من.

بەڵێ دوای ئەم نامە خەلیفە بەو جۆرە بەڵێنی دابوو نەخشەی شاری بیزانتیومو هەندێك ڕوونكردنەوەی لەسەر ئەو شارە بۆ ناردبووم تێگەیشتم ئەو شارە لەسەر چەندین تەپۆڵكە و داوێنەكانیادا دروست كراوە. (خلیجی شاخ طلا) شاری كردووەتە دوو بەش ئەگەر بەو شێوە خەلیفە نووسیبوی كەشتیەكانی بیان توانیایە بچنە ئەوێوە بێگومان پایتەختی ڕۆم لەلایەن موسڵمانانەوە دەگیرا و فەرمان ڕەوای پاشایەتی ڕۆم كۆتایی پێ دەهات.

ئێمەی موسڵمان تاقی كردنەوەمان هەبوو هەر وڵاتێكی دەرەكی لەلایەن ئیسلامەوە دەگیرا خەڵكەكەی موسڵمان دەبوون یان زۆربەیان دینی ئیسلامیان قبوڵ دەكرد. ئەگەر پایتەختی ڕۆم بگیرایە، شانازیەكی گەورە دەبوو بۆ خەلیفە مەعاویە و ئەوەندەی عومەری كوڕی خەتاب ناوبانگی دەرئەكرد، بێگومان هەموو سەروەت و سامانی دنیای مەسیحیەت دەبوو بە هی خەلیفەی ئێمە.

دوای ناردنی نەخشە و زانیاریە پێویستەكان، من پێش بینی ئەوەم دەكرد دوای ئەوەی خەلیفە ئەو شارەی گرت دەبێت بە مەركەزی دنیای ئیسلام، چونكە زۆر تایبەتمەندی لە دیمەشق زیاتر بوو بۆ ناوەندی دنیای ئیسلام. نفوزی مەسیحیەتیش بەتەواوی لە ناو ئەچوو، پایز هاتە پێشەوە بێ ئەوەی هەواڵی گرتنی بیزانتیومم پێ بگات. دوای ئەو نامەی خەلیفە كە ناوەرۆكەكەیم باس كرد خەلیفە نامەی تری بۆ نەنووسیم، بەڵام من لەبەرئەوەی پیشەم كۆكردنەوەی زانیاری بوو لە جەنگی بیزانتیوم ئاگادار بووم. زانیم لەشكری ئیسلام و هێزی دەریایی توانیویانە ئەو كەشتیانەی لەدەم ( شاخ طلا )دا غەرق كرابوون دەربهێننەوە. بەڵام كاتێك كەشتیەكانی خەلیفە ویستبوویان بچنە ناو (شاخ طلا)وە ڕووداوێكی سەیر ڕوویدا بوو كە بە عەقڵدا ناچێت، ئەویش ئەوەبوو

کەشتیەکانی خەلیفە ئاگریان گرتبوو، چونکە لەسەر ئاوی ناو (شاخ طلا)دا ئاگرێك هەڵگیرسابوو چەند ئاویان بەسەردا کردبوو نەکوژابوویەوە، دوای ئەوە هەندێك کەشتی سوتا بوون ئەوانی تر گەڕابوونەوە.

کاتێك هەوا تاریکی کردبوو (یزید بن شجرە) فەرماندەی هێزی دەریایی موسڵمانان و مەسئولی گەمارۆی بیزانتیوم بوو لە دەریاوە فەرمانی دابوو هەندێك کەشتی هەڵگری سەربازەکان بچنە ناو (شاخ طلا)و لە کەناری باشوریەوە خۆیان بگەیننە وشکانی، لەگەڵ گەیشتنیان بۆ ئەو شوێنە خۆیان لەناو دەریایەکی ئاگراویدا دیبوەوە، مەلەوانانی سوپا بەهەرلایەکدا سەیریان کردبوو هەر ئاگر بووبوو هەندێك کەشتی تر سوتابوون و ناچار ئەوانی تر گەڕابوونەوە.

هەر ئەو شەوە کۆبوونەوەیەك ڕێکخرا بە ئامادەبوونی خەلیفە مەعاویە. خەلیفە پرسی لە ( یزید بن شجرە ) تەکبیری ئەم ئاگرە چیە؟ وتی نازانم. خەلیفە وتی ئەم ئاگرە سیحر نیە، چونکە پێغەمبەر (د.خ) سیحری بە درۆ زانیوە هەرگیز ڕێك نەکەوتووە بەهۆی سیحرەوە سوپایەك لەناو ببات. (عیاض) فەرماندەی هێزی زەمینی وتی ئەم ئاگرە کە بەئاو ناکوژێتەوە لەبەر سیحر نیە بە هۆی هونەرەوەیە ئێمەش دەبێ بەهۆی هونەرەوە چارەسەری بکەین. خەلیفە پرسی کەستان نازانن دەبێ بەچی ئەم ئاگرە بکوژێنینەوە، ئامادەبووان بێ دەنگ بوون، کەسیان نەی زانی بەچی دەکوژێتەوە، یەکیان دوایی هاتە جواب و وتی ڕەنگە بەخاك بکوژێتەوە.

خەلیفە ڕووی کردە (یزید بن شجرە) و وتی تاقی بکەرەوە وە بزانە بەخاك دەکوژێتەوە یا نا؟ ئەگەر کوژایەوە بە خاك، ڕەنگە چارەسەری ئەو کێشەیە بکەین، ڕۆژێك دواتر بەپێی ئەو زانیاریانەی گەیشتە من ( یزید ) دوو کەشتی کە هەڵگری خاك بوو ناردبوە (شاخ طلا) لەگەڵ گەیشتنیان سەیر دەکەن ئاگر لەسەر ئاوەکەیەو یەکسەر کەشتیەکانیش دوکەڵیان لێ بەرز دەبێتەوە خاکیان بەسەرا کردبوون، بۆیان دەرکەوتووە ئاگرەکە دەکوژێتەوە.

ئەو ئاگرەی دەروی كەشتیەكانیان بەخاك كوژاندەوە بەڵام شەپۆلی ئاگری تر لە دواوە هاتبووە جێی ئاگرە كوژاوەكەی گرتبوەوە. ئەنجام بۆیان دەركەوت بەخاك ئەم ئاگرە دەكوژێتەوە، بەڵام بۆ كوژاندنەوەی ئاگر و تێپەڕاندنی كەشتیەكان پێویستیان بە خاكێكی زۆر هەبوو، بۆیە (یزید) وتی دەبێ ئێمە بۆ كەشتیەكانمان شتێك دروست بكەین لە باتی ئەوە بەرد بهاوێت خاك بپرژێنێت لە پێش خۆیەوە، ئەگینا ئەو هەموو جەواڵە خاكە بۆ ئێمە ناڕژێت بەسەر ئاگری ناو دەریاكەدا، ئەگەر مەنجەنیق دروست بكەین خاك پڕژانەكەی بەردەوام بێت تا بچێتە پێشەوە ئاگر بكوژێنێتەوە ئیتر لەدواوە بێ خەم دەبین ئاگر هەڵناگیرسێتەوە.

لەو ڕۆژەوە دارتاشەكان دەستیان كرد بە دروست كردنی مەنجەنیق و بە ستیانن بە كەشتیەكانەوە تا لەباتی بەرد هاویشتن خاك بهاوێت. مەنجەنیقی ئاسایی كەشكۆڵێكی هەیە بەردی تێ دەكرێت و بەرەو دووژمن دەهاوێژرێت، ئەو دارتاشانە مەنجەنیقە ئاساییەكانیان كردبوەوە كە لەشێوەی كەشكۆڵ دان لە جێی ئەوان شتێكی تریان بەستبوو لە شێوە كەمێكی گەورەدا (كەم: بێژنگ. د. كوردی) ئەو كەمە ئەیتوانی خاكێكی زۆر هەڵگرێت و بۆ مەسافەیەكی دوور پێشاو پێشی خۆی بپرژێنی بەسەر دەریادا.

مەسرەفی خاك ڕشتنی مەنجەنیقەكان ئەوەندە زۆر بووە یەك كەشتی توانایی هەڵگرتنی ئەو خاكەی نەبووە كەبۆخۆی سەرفی دەكات، بۆیە (یزید) فەرمان ئەدات هەر كەشتیەك كە مەنجەنیقی خاك ڕشتنی پێوەیە كەشتیەكی تری پڕ لەخاك بەدوایەوە بێت. دروست كردنی ئەم مەنجەنیقانە چەندین ڕۆژ درێژەی كێشا.

دانیشتوانی شاری بزانتیوم زانیان بەم (عەمەلیە)، چاویان لێ بوو ئاڵ و گۆڕی مەنجەنیقەكان و نزیك بوونەوەی كەشتیەكان لەوشكایی و باركردنی خاك، زانیان دەیانەوێت بەو جۆرە ئاگرەكە بكوژێننەوە و بچنە نا (شاخ طلا)و لەم بەرو لەو بەریەوە دابەزن و بەو جۆرە شار بگرن.

کاتێك (یزید) فەرمانی هێرشی دەرکردبوو چووبوونە پێشەوە و ئاگرەکەشیان کوژاندبوەوە، بەهۆی ڕشتنی ئەوخاکەی ناو مەنجەنیقەکانەوە تا گەیشتبوونە جێگەیەك سەد (ذرع)ی تریان مابوو بگەنە ئەو شوێنە کە لێواری ( شاخ طلا )یە و لەم بەرو لەو بەرەوە دیواری نەبوو، کەچی دوو بەربەستی تر هاتبوونە ڕێگەیان ئەوانیش، یەکەم کەشتی تری غەرق کراو، دووەم چەندین زنجیر کەلەم بەر و لەو بەرەوە بەسترابوونەوە.

دانیشتوانی بیزاتیوم کاتێك تەداروکاتی سوپایی مەعاویەیان بینی بوو بۆ ڕژاندنی خاك زانیبویان ئیتر ناتوانن بەرگریان لێ بکەن بڕیاریان دا تەنگەی ( شاخ طلا ) بە کەشتی غەرق کراو، ئەو زنجیرانە وا لێ بکەن لەوێش بەربەست دروست بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا کۆنەی ئاگراویان بەو ئاگرە( مرموزە ) بەهۆی مەنجەنیقەوە هاویشتبو بۆ ناو کەشتیەکانی مەعاویە و ئاگریان تێبەردابوون (یزید) ناچار بوو فەرمانی پاشەکشە دووبارە بکاتەوە دوای ئەوە گەمارۆی بیزانتیوم لەلایەن سوپای مەعاویەوە دوو هەفتەی خایاند.

خەلیفە نەیتوانی نەلەڕێی (شاخ طلا)وە نە لەڕێی دیوارەوە بچێتە ناوشار برسیەتی مردار خواردن و گەمارۆدان نەبووە هۆی تەسلیم بوونی خەڵك. ئەگەر خەلیفە لەباتی بیزانتیوم ئاسیای بچوکی بگرتایە باشتر بوو ئەشیتوانی بیگرێت بە ئاسانی، (قسطنطنیەی چوارەم) ئیمپراتۆری (ڕۆم)یش دەستی نەدەگەیشتە ئەوێ بۆ بەرگریکردن. (عیاض) ئەم پێشنیارەی کرد بۆ مەعاویە و پێی وت موەقەت دەست لە گەمارۆی بیزانتیوم هەڵگرین و ئاسیای بچوك لەژێر چنگ پادشای ڕۆم دا دەربهێنین، مەعاویە وتی گرتنی بیزانتیوم بۆ من گرنگی زۆری هەیە ئەگەر بم گرتایە دنیای مەسیحیەتم بە چۆکدا هێنابوو، پاشان ئەم توانی هەرچی وڵاتانی مەسیحی هەن بیان گرم. لەبەرئەوە گەمارۆی بیزانتیوم درێژەی کێشاو ئەنجامی نەبوو، مەعاویە ئامادەبوو لەگەڵ (قسطنطنیەی چوارەم) ڕێکەوێت. پەیمانی ئاشتیان بۆ ماوەی (٣٠) سی ساڵ مۆر کرد، مەعاویەش بە لەشکری هێزی دەریایی خۆیەوە گەڕایەوە.

سەفەری مەعاویە بۆ گرتنی بیزانتیوم چەندین كرۆر لە وەجی (بیت المال)ی بۆ سەرف كرا بە بێ ئەنجام ئەمەی من لێرەدا باسی دەكەم. دیارە زاتی ئەوەم نەبوو بە مەعاویە و دەروبەرەكەی بڵێم بێ هودە (بیت المال)ی موسڵمانان بەفیڕۆو بە بادا ئەدەن. (ڕوونكردنەوە: ئەو ئاگرەی بووەتە بەربەست لە بەردەم تێپەڕبوونی كەشتیەكانی مەعاویە، بە ئاگری یۆنانی بەناوبانگ بوو لە تەركیبی دروست كردنی زانیاری تەواو لەبەردەستدا نیە، چونكە ئەو مادانەی دروست كردنی و چۆنیەتی دروست كردنی نهێنی بوون بەلاّم لێكۆڵەرەوان باوەڕیان وایە یەكێك لە مادەكانی فسفۆڕ بووە – ذبیح الله).

## ژن هێنانەكانی تری پێغەمبەر (د.خ)

لەگەڵ یەكێكی تردا لێكۆڵینەوەم كرد، كۆن لەماڵی پێغەمبەردا (د.خ) خزمەتی كردبوو ئەویش خواجە بوو وەك (عمرو) ناوی ( سلم ) بوو. ویستم سەبارەت بە عائیشە زانیاری لێ وەرگرم پرسیم وەزعی تۆ لە ماڵی پێغەمبەر دا (د.خ) چۆن بوو؟ وتی وەزعم باش بوو هەرچەندە لەو ماڵەدا خواردنی بەتام و خۆش نەدەخورا، بەلاّم برسی نەبووم و پێغەمبەر (د.خ) و خێزانەكانی ڕێزی زۆریان لێ دەگرتم. وتم من ئاگادارم لەماڵی پێغەمبەر (د.خ)دا خواجەیەكی تر هەبووە وتی بەڵێ (عمرو)بوو لە گەڵ مندا هەردوو خواجە بووین (عمرو) زۆرتر خزمەتی عائیشەی دەكرد و من هی دوو ژنەكەی تر. پرسیم ئەو دووژنەی تر كێ بوون؟ وەلاّمی دایەوە سۆدە و زەینەب.

بەلاّم دوایی پێغەمبەری ئێمە(د.خ) ژنی تری هێنان، وتم تۆ بەردەوام لەماڵی پێغەمبەر دا(د.خ) بویت دەزانی بۆچی پێغەمبەر (د.خ) ژنی تری هێنان. وتی هەر ژن هێنانێك لەسەر خەیر و چاكەیەكی تایبەتی بووە، بۆ نمونە (ام سلمە) ی بۆ ئەوە هێنا موسڵمانان هانبدات بێوەژن و هەتیودار بهێنن، وتم ڕوونتر قسە بكەی باشترە، وتی تۆ نازانی شەڕی (احد) لە باكوری مەدینەدا ڕوویدا و

هەندێك موسڵمان كوژران ژنەكانیان بوونە بێوەژن و منداڵەكانیشیان هەتیو كەوتن. ئەوكات (بیت المال) توانای ئەوەی نەبوو وەك ساڵەكانی دوایی مووچە بدات بەو ژن و منداڵەی لەشەڕدا مێرد یان باوكیان شەهید بووە، لەشەڕی (احد) دا سەد ژن بێوەژن كەوتن هەندێكیان منداڵیان باڵق و ئەیانتوانی بژێوی بۆ خێزانەكانیان بەدەست بهێنن بەلاَم لەوانە (٢٣) بیست و سێ كەس هەتیو بوون، دەبوو سەرپەرشت و بژێوی كەریان هەبێ.

پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی ئەمڕۆ (بیت المال) ناتوانێ مووچەی ئەوانە بدات، وەزعی مادی موسڵمانان كەمی باش بوو موچە ئەدەین بە بەجێ ماوانی شەهیدان، بەلاَم ئێستا تا ئەوكات دەبێ هەریەكێك لە موسڵمانان غەمی موسڵمانێكی تر بخوات نابێ غیرەتی ئێمە قبوڵ بكات كەسێك لەڕێی خودادا شەهید بووبێ ژن و منداڵی برسی بێت. لەبەر ئەوە من پێشنیار دەكەم هەر پیاوێكی موسڵمان ژنێكی بێوە بهێنێت و ئەگەر ئەو ژنە منداڵی بچكۆلەی هەبوو ئاگاداریان بكات من خۆم (ام سلمە) كە چوار منداڵی بچوكی هەیە دەهێنم و منداڵەكانی وەك هی خۆم سەیر دەكەم و ئاگاداری دەكەم.

ئەو ڕۆژەی پێغەمبەر (د.خ) هاتەوەماڵ، عائیشە لێی پرسی بیستومە ئەتەوێ ژنێكی تر بهێنی؟ فەرمووی (حمیرا) ڕاستە، عائیشە وتی ئایا دەكرێ بزانم ئەو ژنە كێیە؟ فەرمووی ناوی (ام سلمە)یە لەشەڕی (احد)دا مێردەكەی شەهید بووە. عائیشە ئەوەندە پێ كەنی لەتاو پێكەنیندا دەستی بەسكیەوە گرتبوو فەرمووی (حمیرا) بۆچی بەو جۆرە پێ دەكەنی؟ وتی ئەو پیرە و سەرەڕای پیری منداڵی گەورە و چوار منداڵی بچوكیشی هەیە، چۆن تۆ ئارەزوو دەكەیت (ام سلمە) بهێنی لە كاتێكدا ژنی وەك منت هەیە، پاشان لە نزیكەوە دیوتە سەری سپی بووە.

پێغەمبەر (د.خ) پێشنیارەكەی كە بۆ موسڵمانانی كردبوو باس كرد و پاشان وتی، بۆ ئەوەی موسڵمانان وا هەست نەكەن من كارێك بۆ ئەوان دیاری

دەكـەم و بـەڵام خـۆم ئـەو ئەركـە ئـەنجام نـادەم، بۆیـە خـۆم دەبمـە سەرمەشـق و پیرترین ژن لەژنە شەهیدەكان بۆ خۆم دەهێنم و چوار منداڵی بچوكیشی هەیە.

عائیشە وتی ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ) مـن بـەخیلی دەبـەم بـەم ژنـە تـازەی تۆ، ئەویش سەری سوڕماو وتی بۆچی بەخیلی پیٚ دەبەیت؟ عائیشـە وتـی لەبـەر ئـەوە (ام سـلمە) ژنێكـی پـیرە و ژنـی پیریـش خـاوەنی عەقڵـە و تـۆش لەبەرئـەوە عاقڵە لە كارەكاندا مشۆرەتی پیٚ دەكەیت. لەگەڵ ئەوەشدا تۆ تـا ئـەمڕۆ پـرس و ڕات لەگەڵ مندا كردووە، چونكە خوێندەوار و بەهۆش بووم. ڕاستی پێغەمبەری ئیسـلام (د.خ) لـە كێشـە جـەنگی و سیاسیەكاندا پـرس و ڕای نـە بـە عائیشـە و نەبـە ژنـەكانی تـر دەكـرد، تـەنها لـە مەسـائیلی ژنانـەدا پـرس و ڕای بـە عائیشـە دەكرد، هۆكەشی ئەوەبوو سۆدە و زەینەب خوێنـدەوار نـەبوون. پێغەمبـەر (د.خ) فەرمووی ئەگەر پێت بڵێم پرس و ڕا بە (ام سلمە) ناكەم هەر تەنها بە تۆ پـرس و ڕا دەكەم بەخیلی پیٚ نابەی؟

عائیشە وتی نەء ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ). پێغەمبـەر (د.خ) فـەرمووی مـن دڵنیات دەكەم پرس و ڕای پیٚ ناكەم مەگەر لە شتێك دا كە پەیوەندی بە خۆیەوە هەبیٚ. چەند ڕۆژێكی خایاند و (ام سلمە) هاتە ماڵی پێغەمبـەر (د.خ) و ئەویش لێی پرسی ئەو پێشنیارەی منت پیٚ گەیشتوە یا نا؟ وتی بەڵیٚ ئەی پێغەمبـەری خوا (د.خ). لەوكاتەدا (ام سلمە) لە ژوورەكەی پێغەمبەردا (د.خ) دانیشتبوو من شـەربەتی خورمـام لەبـەردەمیا دانـا و گـوێم لـە گفتوگۆیـان بـوو، پێغەمبـەر (د.خ) لێی پرسی ئایا ڕازیت ببیتە ژنی من؟ (ام سـلمە) وتـی نـا ئـەی پێغەمبـەری خـوا. پێغەمبەر (د.خ) سەری سوڕما و لێی پرسی بۆ چی؟ وەڵامی دایـەوە لەبـەر سیٚ هۆ.

یەكەم من تەمەنم تێپەڕیوە تۆ هێشتا گەنجیت، ژنێكی وەك من ناتوانێت ژنـی پیـاوێكی وەك تـۆ بێـت. پێغەمبـەر (د.خ) فـەرمووی مـن لـە تـۆ پیرتـرم ئەگـەر جـوانتریش بوومایـە هـەر تـۆم ئـەهێنا و ژنـی یەكـەمی مـن مـەرحومی خەدیجـە پانزەساڵ لە خۆم گەورەتر بوو. (ئەم وەڵامە بەڕای من بڕێك (ام سلمە)ی ئاسودە

کرد، دووەم من چوار منداڵی بچوکم هەیە چۆن ژنێك چوار منداڵ ئەباتە ماڵی شوی تازەی کە هی پیاوێکی تر بن.

پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی خەمی منداڵت نەبێ من وەك منداڵی خۆم سەرپەرشتیان دەکەم. (ام سلمە) وتی سێهەم ئەوەیە تۆ من لەگەڵ عائیشەدا بەراورد دەکەیت، عائیشە بەو جوانیەوە کە لە مەدینەدا وێنەی نیە هەرکات من و ئەو لەپەنای یەکەوە دابنیشین کاتێك بەراوردمان دەکەیت بێگومان ڕقت لەمن دەبێ و تەلاقم ئەدەیت، واتە باشتر ئەوەیە من شوت پێ نەکەم تا لەبەرامبەر ژنێکی وەك عائیشەدا بێزراو و شەرمەزار نەبم.

پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی لەگەڵ عائیشەدا بەراوردت ناکەم، (ام سلمە) وتی عائیشە خۆی بەراوردم دەکات لەگەڵ خۆیدا و ڕقم لێ هەڵدەگرێت. محەمەد (د.خ) وتی عائیشە ژنێکی خۆش ڕوو و (طبیعت) باشە بۆ ئەوەی تۆ بۆت دەرکەوێت (طبیعت)ی باشە ئێستا بانگی دەکەم بێتە ئێرە.

فەرمووی بڕۆ عائیشە بانگ بکە با بێت بۆ ئێرە، منیش چووم دایکی موسڵمانانم بانگ کرد و پێم وت پێغەمبەر (د.خ) داوات دەکات.

عائیشە جل و بەرگێکی زەردی لەبەردا بوو کاتێك هاتە ناو ژوورەکە (ام سلمە) سەری سوڕما لەجوانی عائیشە. پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی ئەی (حمیرا) دانیشە ئەمەیە (ام سلمە) من ئەمەوێت نیکاحی بکەم، عائیشە سەیری کرد و هەردوو زەردەخەنەیان کرد و پێکەوە دەستیان بە قسەکردن کرد. پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی ئایا بۆت دەرکەوت عائیشە ژنێکی خۆش ڕوو و تۆی خۆش دەوێت؟ (ام سلمە) وتی بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ) من ئامادەم شوت پێ بکەم. عائیشە وتی بە پێغەمبەر (د.خ) مادام ژن دەهێنی ئەبێ دەستێك جلی تازە بۆ من بکەیت تا لە مەراسیمی زەماوەندا بەشداری بکەم. ئەویش بە تەمایی کرد و من و (عمرو)ش دەستمان کرد بە ئامادەکردنی کەل و پەل و نانی زەماوەند.

(ام سلمه) ئەوكاتەی دەبوو بێتە ماڵی پێغەمبەر (د.خ) (جیازی) نەبوو، چونكە كەس و كاری نێرینەی نەبوو تا بۆی ئامادە بكات. بەپێی یاسای ئیسلام هەرژنێك كەس و كاری نێرینەی نەبێت جیازی بداتێ دەبێت لە (بیت المال) وەرگرێت. (ام سلمه) لە (بیت المال) چل درهەمی وەرگرت و پێغەمبەریش (د.خ) دە درهەمی خستە سەر و منیش ئامادەبووم بەو پەنجا درهەمە شتومەكی بۆ بكڕم. ئاشكرایە پەنجا درهەم ئەوە نیە شمەكی گرانبەهای پێ بكڕدرێت، ئەوەی من كڕیم بۆ (ام سلمه) بریتی بوو لەیەك دەستهاڕ بۆ گەنم كردن بەئارد و قاپێكی دارین و سەرینێكی پڕ لە خوری وشتر و كونۆڵكەیەكی بچووك بۆ ئاو.

لەكاتێك جیازی (ام سلمه ) بەراورد بكەیت لەگەڵ جیازی ژنی مەعاویەدا و جەژنی شایی پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ مەراسیمی ژن هێنانی مەعاویەدا بەراورد دەكەم سەرم سوڕ دەمێنێ، مەعاویە چۆن زاتی ئەوە دەكات ئەو مەبلەغەی (بیت المال)ی موسڵمانان سەرف دەكات بۆ خۆشی و شادی خۆی. جیازی ژنی مەعاویە بە (٢٦) بیست و شەش گالیسكە گوازرایەوە هەر گالیسكەیەك دووگای پێوە بەسترا بوو.

ئەو شەوەی مەعاویە مەراسیمی جەژنی زەماوەندی كرد دوانزە هەزار كەس مریشكی برژاو و مەڕی بریانیان خوارد، هەركەسیش خواحافیزی دەكرد پێنج سكەی بەناونیشانی پێشكەش لە پیاوانی مەعاویە وەردەگرت و دەڕۆیشت. هەموو ژن هێنانەكانی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) سادە و كەم خەرج بوون كاتێك (حفصە)ی كچی عومەری كوڕی خەتابی هێنا جیازیەكەی باوكی بۆی ئامادەكردو پێغەمبەر (د.خ) نانی مەراسیمەكەشی دروست نەكرد، (حفصە) ژنی پیاوێك بوو لەشەڕی (احد)دا مێردەكەی شەهید بوو بوو. پێغەمبەر (د.خ) زۆری لەكەس نەدەكرد كەژنی بێوەژن مارەبكات، بەڵام دەیوت هەركەس ئەو كارە بكات پاداشتی دوا ڕۆژی دەبێت.

دووکەس داوایان لە پێغەمبەر (د.خ) کرد لەو ژن هێنانە بیان بەخشێ، یەکەم ئەبوبەکر لەبەرئەوە پیر بوو دووەم عەلی لەبەرئەوە دەیوت فاتمەم زۆر خۆش دەوێت ناتوانم ژنی تر ببەمە ماڵەوە.

عومەری کوڕی خەتاب حەزی دەکرد (حفصە) شوبکات بە عەلی بەلاّم دیارە عەلی ژنی نەدەهێنا، عوسمان وتبوی ژن دەهێنێت بۆیە عومەری کوڕی خەتاب پێشنیاری کردبوو کە (حفصە)ی بداتێ، عوسمان وەلاّمی باشەی نەدابووەوە ئەمەش بۆ عومەر ناخۆش بوو وای بیر دەکردەوە کە ئابڕوی چووە و هەستی بە نوقسانی دەکرد.

ئەگەر عوسمان خۆی داوای نەکردایە کە ژنێکی بێوە بهێنێت بێگومان عومەر ئەو پێشنیارەی بۆ نەدەکرد، چونکە کەس بەزۆر ژن نادات بە خەڵك. بێگومان جوابی مەنفی عوسمان بۆ عومەر ئەگەر عوسمان زاوای پێغەمبەر (د.خ) نەبوایە هەر لەوێدا دەیکوشت. عومەر ئەم مەوزوعەی بە پێغەمبەر (د.خ) وت پێغەمبەر (د.خ) بۆئەوەی عومەر هێمن بێتەوە و تووڕەیی نەمێنێ، ڕازی بوو خۆی (حفصە) بهێنێت. (حفصە) خوێندەوار بوو کاتێك هاتە ماڵی پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ عائیشەدا دۆستایەتیان زۆر گەرم و لە کانگای دڵەوە بوو.

ئەی (ثابت بن ارطاة) تۆ دەزانی کاتێك دەوڵەمەندەکانی مەککە ویستیان هێرش بکەنە سەر موسڵمانان بە لەشکرێکی گەورەوە، پێغەمبەر (د.خ) بڕیاریدا بەدەوری مەدینەدا خەندەق هەڵکەنن، پێغەمبەر (د.خ) بۆخۆی شەو و ڕۆژ بەشداری دەکرد لە هەڵکەندنی ئەو خەندەقەدا، هەموو ڕۆژێك عائیشەش دەهاتە سەر خەندەقەکە و موسڵمانانی تەشویق دەکرد و منیش لەگەڵ عائیشەدا دەچووم بۆ ئەوێ و نانم دەبرد بۆ پێغەمبەر (د.خ). ڕۆژێك چووین نانمان برد خواردنەکە گەنمی کولاّوبوو لەکاتی خواردنیدا لەبەردەم پێغەمبەردا (د.خ) دانرابوو، عائیشە وتی ئەمشەو خەوێکی سەیرم بینیوە، پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی خەوەکەت چی بوو؟

عائیشە وتی لەخەوما لەناكاو هەوا ساردی كرد بە جۆرێك سەرماو سۆڵە دەستی پێكرد، من دەلەرزیم و خەڵكی تریش هەموو لەرزیان لێهاتبوو، پیاوێك وتی لەساڵی (عام الفیل)دا كە ئەبرهە هێرشی كرد بۆ مەككە تا ئێستا سەرما و سۆڵەی وا لە حیجازدا نەبووە. ئینجا عائیشە پرسی تەعبیری چیە؟ وەڵامی دایەوە وتی (حمیرا) بەو جۆرەی لەسەردەمی جاهیلیەت دا تەعبیری خەو كراوە نابێت ئێستا بكرێت. لەسەردەمی جاهیلیەت دا بۆ هەموو شتێكی بێ گیان یان گیاندار كە كەسێك لەخەودا دەبینی مانایەكیان بۆ دیاریكردبوو، هەركەس ئەو مانایەیی بزانیایە ئەیتوانی ئەو خەوانە لێك بداتەوە.

بەڵام ئەو مانایە بۆ هەموو ئەو شتانەی كە لەیەك دەچن هەر یەك مانایە و خەوەكە لێك نادرێتەوە و بابەتی خەوەكە لەوە تێكەڵ و پێكەڵ ترە كە هەیە، لەبەرئەوە ناتوانرێ بەومانا شێوە یەككگرتووە تەعبیر بكرێت. عائیشە وتی ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ) تۆ ئەم خەوە چۆن لێك ئەدەیتەوە؟ پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی من خەوی تۆ لێك نادەمەوە، چونكە بەو شێوەی كە وتم بابەتی ئەو شتانەی مرۆڤ لە خەودا دەیانبینێ یان دەیانبیستێ تێكەڵ و پێكەڵن و ناتوانرێت بەگشتی ئەو خەوە لێك بدرێتەوە.

دوای ئەوە خەندەقەكە تەواو بوو سوپای مەككە گەیشتە نزیك مەدینە و گەمارۆی شاریدا، شەڕكەرەكانی مەككە ژنەكانی خۆیان هێنابوو و بەڕۆژ ژنە مەككیەكان لەوبەری خەندەقەكەوە قیژە و هات و هاوار و گۆرانیان دەوت و سەمایان دەكرد، ئێمە لەم بەری خەندەقەكەوە بووین قسەیان پێ دەوتین.

ڕۆژێك ڕەشەبایەكی بەهێز دەستی پێ كرد و هەوا تۆزو غوباراوی بوو، عەسرەكەی هەوا فێنكی كردەوە دوای ئەوەی شەو بەسەردا هات من هەستم بەسەرما كرد و جل و بەرگی قایمم كردە بەر، ڕۆژی دوایی سەرماكە زیادی كردو بۆ شەوی داهاتوو سەرماكە زیاتر بوو، ئینجا من ئەو كاتە خەوەكەی عائیشەم بە بیردا هاتەوە زانیم خەوەكەی دایكی موسڵمانان ڕۆیایی (خەیاڵ)ی ڕاست بووە.

ئەو سەرمايە ئەوەندە زۆر بوو پياوە پيرەكان دەيانوت هەرگيز لە حيجازدا ئەم سەرمايان نەديوە، ترسى ئەوە هەبوو لەباكورى حيجازدا دارخورماكان وشك بن، جگە لەسەرماكە سوپاى مەككەى بىٌ تاقەت كردبوو نەخۆشى زولسنتاريا (سك چوونى خوێناوى – ذبيح الله) لەناوياندا بلاٌو بوەوە و هەندێك بەو نەخۆشيە مردن و تەرمەكانيشيان جىٌما. ئەو سوپا هەم سەرما نارەحەتى كرد و هەم برسيەتى و نەخۆشى بۆيە، فەرماندەى ئەو سوپا فەرمانى پاشەكشەى دەركرد و گەمارۆى دەورى مەدينە كۆتايى هات.

ئەوكاتەى هێشتا سوپاى مەككە لەدەورى مەدينەدا بوو جار جارە من دەمبينى لەنێوان قارەمانانى سوپا ئيسلام و سوپاى مەككەدا شەڕى نەفەر بە نەفەر رووى ئەدا، عائيشەش تەماشاچى ئەو شەڕانە دەبوو. من لێم پرسى دايكى موسلٌمانان تۆ ژنى چۆن ئەتوانى سەيرى ديمەنى دوو شەڕكەر دەكەيت لە كاتێك دا ئەو دووانە ئەكێكيان ئەوى تر ئەكوژێت، عائيشە وتى من بە بينينى خوێن ناترسم و لە ديمەنى كوشتى كەسێك بێزار نابم.

يەكێك لەكارە باشەكانى عائيشە كە خزمەتى بە دينى ئيسلام كرد ئەوەبوو كە پێغەمبەرى (د.خ) رازى كرد تا ( ام حبيبە ) بهێنىٌ. من شەو و رۆژ لەمالٌى پێغەمبەردا (د.خ) بووم دەزانم پێغەمبەرى (د.خ) نەيدەويست (ام حبيبە) كە كچى ئەبوسوفيان بوو بهێنىٌ دەيانوت ناشيرينە، دوايى بينيم زانيم راستە ناشيرينە جگە لە ناشيرينى كچى ئەبوسوفيانيش بوو. واتە كچى يەكێك لەگەورەترين دوژمنەكانى پێغەمبەرە (د.خ)، وە دايكى (هند) بوو كە بەهەندى جگەر خۆر ناسرابوو (چونكە لەمەيدانى جەنگدا جگەرى شەهيدێكى موسلٌمانى خواردبوو).

ئەمە بۆ رق و بێزارى پێغەمبەرى ئێمە (د.خ) سەبارەت بە (ام حبيبە) بەس بوو تا دەگات بە شتەكانى تر. مێردى ( ام حبيبە ) يەكێك بوو لەو موسلٌمانانەى بە فەرمانى پێغەمبەرى ئيسلام (د.خ) كۆچى كردبوو بۆ حەبەشە لەگەلٌ

ژنەكەیدا.لەوێ مێردەكەی مرد، بەلاّم ژنەكەی لەشاری (اكسوم) پایتەختی حەبەشەدا نیشتەجێ بوو.

نەجاشی پادشای حەبەشە موسڵمانانی خۆش ئەویست، مووچەی بۆ (ام حبیبە) دیاری كردبوو تا لە بارەی ژیانەوە ئاسودەبێت . عائیشە وتی بە پێغەمبەر (د.خ) ئەگەر تۆ (ام حبیبە) مارە بكەیت دەبیتە زاوای ئەبوسوفیان و ناچار دەبێت واز بهێنێ لە دووژمنایەتی كردن و دۆستایەتیت لەگەڵ دا بكات. فەرمووی ئەبوسوفیان هەرگیز ڕازی نابێت و ئەم نیكاحە سەر ناگرێت.

عائیشە وتی (ام حبیبە) ژنێكی بێوەژنە كچ نیە تا پێویست بەڕازی بوونی ئەبوسوفیان بكات بۆ شوكردنی، لەبەرئەوە ئەم ژنە كچ نیە بە ژنێكی بێوە حساب دەكرێت لەژێر دەستەلاّتی باوكیشیدا نیە تا پێویست بەڕازامەندی ئەوبكات، ژیانی ئەو بەپارە دەگوزەرێ كە نەجاشی پادشای حەبەشە بۆی دیاری كردوە و ئەیداتێ. لەبەرئەوە تۆ ئەتوانی چەند كەسێك بنێریت بۆلای پادشای حەبەشە بەڕازامەندی ئەو داوای (ام حبیبە)ت بۆ بكەن، لەگەڵ ڕازی بوونی لەوێ نیكاحەكە بخوێنرێت ( ام حبیبە ) دەبێتەژنی تۆ و لەوسەرەوە لەگەڵ خۆیان بیهێننەوە بۆ مەدینە.ئەوكات ئەبوسوفیان ناتوانێت دژایەتی تۆ بكات چونكە زاوای ئەویت.

پێغەمبەر (د.خ) ئەوەندەی من ئاگام لێ بێت وای كرد و ئەوانە چووبوونە لای نەجاشی، لەوێوە پرسیاریان لە (ام حبیبە) كردبوو تابزانن ئایا ئامادەیە بەڕەزامەندی خۆی شوبكات بە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) یا نا؟

مەبەست لەمە ئەوە بوو نەجاشی پادشای حەبەشە وا هەست نەكات كە پێغەمبەر (د.خ) دەیەوێت بە نهێنی داوای (ام حبیبە) بكات، (ام حبیبە)ش بزانێت هەردوولا ڕازین بۆ زەماوەند بەبێ ڕازی بوونی هەردوو لا زەماوەند جائیز نیە. نوێنەرەكانی پێغەمبەر (د.خ) كاتێك گەیشتنە حەبەشە و نامەكەیان دا بە نەجاشی زۆر خۆش حاڵ بوو.

پێــی وتــن زۆرم پــێ خۆشــە کــە پێغەمبــەری ئیســلام (د.خ) ویســتویەتی بــە ڕەزامەندی من ئەم کارە بکات، من خۆم جیازی ئەم بووکە ڕێك دەخەم بە جۆرێك کە شیاوی شانی پێغەمبەر (د.خ) و (ام حبیبە) بێت دوای مارە بڕین دەینێرم بۆ مەدینە.

پاشای حەبەشە پەیمانەکەی خۆی بردە سەر و بۆ (جیازی) (ام حبیبە) چوار هەزار سکەی ئاڵتونی پێشکەش کرد لە خەزانەی خۆی، دوای نیکاح کردنی فەرمانیدا تەختی ڕەوان بۆ ( ام حبیبە ) ئامادە بکەن و چەندین فەرشی گران و پارچەی سیمینی پێشکەش کرد، چەند کەنیزەیەکی ڕەش پێستی نارد لەگەڵیا هەر بۆخۆی (ام حبیبە) لەگەڵ نێردراوانی پێغەمبەردا (د.خ)بە هەیبەتەوە کەوتنە ڕێ بۆ مەدینە. ئەو ڕۆژەی گەیشتنە مەدینە خەڵکی هەموو لە ماڵەکانەوە هاتبوونەدەر بۆ سەیری بووك، موسڵمانان دوو سێ ڕۆژ پێش گەیشتنیان دەیانزانی کچی ئەبوسوفیان دراوە بە پێغەمبەر و (د.خ) دێت بۆ مەدینە.

زۆر کەس وا هەستیان دەکرد کچی ئەبوسوفیان زۆرجوانە، چونکە باوکی پیاوێکی ناودار و دەوڵەمەند و خاوەن مەقام و کەسێکی دیاری خێزانی (بنی امییە) بوو، بەلاَم عائیشە بەژنەکان تری پێغەمبەری(د.خ) وتبوو ناشیرینە و هەیکەلی وەك هەیکەلی ئەبوسوفیان نیە. لە گەڵ ئەوەشدا کاتێك گەیشت لە ناشیرینی ئەو ژنە سەرم سوڕما.

(ام حبیبە) ژنێك بوو قەڵەو، لوتی دەرپەڕیو (وەك باوکی ئەبوسوفیان)، چاوەکانی ڕێك لەچاوی دایکی دەکرد. (هند)ی جگەرخۆر هەرکەس دەیبینی وای دەزانی (هند)ی بینیوە. بەلاَم لە ئیسلامە دڵسۆزەکان بوو حەزی دەکرد باوکی کە لە مەککەدا دەژیا لەگەڵ هەموو دانیشتوانی مەککەدا موسڵمان بن، من گومانم نیە هێنانی ئەو ژنە ناشیرینە لەلایەن پێغەمبەرەوە (د.خ) زۆر قازانجی ئیسلامی تێدا بوو، پاش وتووێژ و پەیوەندی کردنی محەمەد و(د.خ) ئەبوسوفیان پێکەوە.

ژن هێنانـەكانی تـری پێغەمبـەر (د.خ) کـەزۆر خزمـەتی ئیسـلامی کـردووە، هێنـانی (صـفیە)ی كچـی (بـن احطـب)ی خەیبـەری بـوو. ئـەی کـوڕی (ارطـاة) پێویست ناكات من باسی چۆنیەتی جەنگی خەیبـەر بكـەم و بڵێم لەوشـەڕەدا چ ڕووداوێـك ڕوویدا و (علـی بـن ابـی طالـب) چـۆن دلێـری و ئازایـەتی خـۆی سـەلماند، خەیبـەر گیراو دەسـت کـەوتێكی زۆر بـووە نەسـیبی موسـڵمانان لـەو دەست كەوتە هەندێك عەنتیكەی پیاوێك پیێی دەوترا ( كنانە ). دەڵێن لە دنیادا جەواهیری جوان و بەنرخی وەك ئەوە (كنانـە) وێنـەی نـەبووە. ئاسایییە دوای ئەوە شاری خەیبـەرگیرا لەلایـەن موسڵمانانەوە، دانیشـتوانی ئیتر سـەبارەت بـە موسڵمانان بەدبین بوون تا ئەوكاتەی كە پێغەمبەر (د.خ) (صفیە)ی مارەكرد كە ژنێكی یەهودی خەڵكی خەیبەر بوو.

لـەناو ژنـەكانی پێغەمبـەردا (د.خ) لـەباری جوانیـەوە تـەنها (صـفیە) دوای عائیشە دێت، عائیشە سەیری كرد ژنەكان هەموو جگە لە (صفیە) كەم تازۆر پیر بوون تـەنها (صـفیە) جـوان بـوو لـە جوانیـدا ئـەیتوانی ڕكابـەری عائیشـە بێـت و گەنجیش بوو. چاوەكانی زۆر جوان بوون، كاتێك پێغەمبـەر (د.خ) مارەی كـرد عائیشـە نـەیتوانی خـۆی بگرێـت و دژایـەتی نـەكات، هـەركات بـۆی برەخسـایە قسەی نابەجێی پـیێ دەوت، بەڵام زاتـی نـەبوو لـەڕووی پێغەمبـەردا (د.خ) شـتی پیێ بڵێت چونكە دەیزانی پێغەمبەر (د.خ) دڵگران دەبێت.

عائیشـە لەپشـتی پێغەمبـەرەوە (د.خ) ( صـفیە)ی بـە ژنـە یەهودیەكـە نـاو ئـەبرد، لەگـەڵ ئەوەشـدا یـەهودی نـەبوو ئیسـلام بووبـوو، زەماوەنـدی پێغەمبـەر (د.خ) لەگـــەڵ (صـــفیە)دا بـــووە هـــۆی ئـــەوەی ناخۆشـــی ودژایـــەتی نێـــوان یەهودیـــــەكانی شـــــاری خەیبـــــەر لەگـــــەڵ موســـــڵماناندا نـــــەمێنیێ و پەیوەندیان باش بێت.